## پێشكەش

ئـەم چیرۆكـە پێشـكەش بـەدایكی پێشمەرگە بێـت كـە هەمیشـە چاو بەفرمێسـك لەدڵـە خۆرپـێ دان و بــەترس و هیــواوە چــاوەڕوانی دەنـــگ و باســـی ســـەركەوتن و ســـەلامەتیی رۆڵــە خەباتكەرەكانیان.

گەلاوێژ

## روونكردنەوەیەك لەسەر ئەشكەوتى دلێران

خوێنـەرانى بەڕێز، دەمێـك بـوو حـەزم ئـەكرد چـیرۆكى (بـەرەو ئەشـكەوتى دلـێران) دووپــات چاپكەمــەوە، تــاوەكو خوێنــەرانى كوردســتانى ئــازیز بیخوێننەوە.

چاپى یەكـەم لـەكۆتایى سـاڵى ١٩٨٨دا بـڵاو كرایـەوە لـە سـویدو لـەندەنو زۆرى وڵاتـانى ئــەوروپا، بــەڵام لەبەرئــەوەى ئەوكاتــە كوردســتانى شــیرین لـەبارودۆخێكى نالـەباردا بـوو بەدەسـت داگیركەرانیـەوە، بۆیـە نەئـەكرا بگاتـە دەستى خوێنەرانى لەبەر ئەوە ئێستە زۆرم پێخۆشە كەچاپى دووەم ئەخەمە بەردەسـتتان، ئومێـد ئەكـەم كەخـەیاڵتان بەرنـە ئەوكاتـەى ئـەم چیرۆكـەى لێ پـەیدابووەو لەگـەڵى گەشـتێكى نـاو ئـەو كـەژو كێـوو ئەشـكەوتە سـەربەرزانەو جێیو شوێنى ئەو پێشمەرگە قارەمانو دلێرانە بكەن.

خوێنـەرانى بەڕێز، یەكـەم چـاپى بـەرەو ئەشـكەوتى دلـێران سـاڵى ١٩٨٦، مامۆستاى نـەمر ئیـبراهیم ئەحمـەد ( باوكى هـێرۆ) بۆى تـایپ كردم بەدەسـتى خۆى، بەتایپێكى سادەى ئەو ساڵانە، هەرچەندە دڵم نەهات كە ئەو نووسینەو تایپكردنـەى ئـەو بگـۆڕمو سـەرلەنوێ بـە كۆمپیوتـەرو كەرەسـەى پێشـكەوتووى ئێسـتە بنووسـرێت، بـەڵام كـە سـەیرم كـرد زۆر كـەموكوڕى تیایـەو لەهــەندێ شوێنو سەردێڕ وردەكارى ئەوێت، بۆیە راستم كردنەوە، واشم بەباش زانى كە سـەر لـەنوێ بنووسـرێتەوەو چاپى یەكـەمى ببـێ بـەیادگارى دەسـتو پەنجـەى

گرانبەهاو رەنگينـى‌و تـاوەكو مـاوم ئـەو نووسـينەى بخەمـە سـەر چاوەكـانم‌و خەوى پێوە ببينم.

ئـازيزان، كـاتى خۆى كەدەستم كرد بەنووسـينى بـەرەو ئەشكەوتى دلـێران زۆرم پـێ‌چوو، نزيكـى سالْ‌و نيويێك زيـاتر خـەريكى بـووم، بۆيـە، كەتـەواو بـوو بلاْوكرايـەوە بـەينێك سـەر قـالْى نامـەو تەلـەفۆنى پيرۆزبـايى خوێنـەران بـووم‌و دەزگايـەكى بلاْوكردنـەوەى ئينگلـيزى پێوەنديـيـان پێوەكـردم‌و هاتنـە لام بـۆ مالْەوەو گوتيان باسى كتێبەكەتمان لەدوكتۆر كـەمال ميراودەلييـەوە بيسـتووەو ئـەلْێن كەلەكـەژو كێـوى سروشـتى بـێ دەسـتكارى ئـەچێت، هـاتووين قسـە لـەوە بكەين كەبيكەين بە فيلمى سينەمايى، دواى پشـوودانێك سـەيرم كـرد كـەوا زۆر بێ تاقەت ئەبم بۆ پالْەوانەكانى بەرەوئەشكەوتى دليَران‌و زۆريان بيرئەكەم، هەر وەك خزم‌و كەسانى زۆر خۆشەويستم ليێم دووركەوتبنەوە بۆ شوێنێكى ناديارو خەريك بوو نارەحەت‌و دلْتەنگ ئەبووم بۆيان، بۆيە كەنامەى پيرۆزبـايى شـەهيد فـاضل مـەلا مـەحمودم پێ‌گەيشـت كـەتێيدا ئـەلْێت (چيرۆكەكـە هێشـتا، بـەلاى منەوە، تەواو نەبووەو خوێنەر بەتەماى بەشێك، يان بەشانى تريەتى).

لەبەرئـەوەى ئـەم داخوازييـەى شـەهيد فـاضلم دەستبەجێ پەسـەند كـردووە زۆريش پێى خۆشحالْ بووم كە بگەرِێنەوە ناو ئەو خەلْكە خۆشەويستانەى بيرم ئـەكردن، ئيـتر دەسـتم كـرد بەنووسـينى بـەرگى دووەم، ئەگـەرچى زۆر ماندووبووم‌و سيحەتيشم هەندێ ناجۆر بوو، بەتايبەتى چاوم، جگـە لـە ئـەركى مالْ‌ومنالْ‌و خێزان، لەگەلْ ئەوەشا وازم نـەهێناو بـەرگى دووەميش لەلـەندەن‌و

ئەوروپا بڵاوكرایەوە، كە باس لە كەوتنە دووبەرەكیی ناو پارتی ئەكاتو دەستپێكردنی شەڕی براكوژی لەبەینی هەر دووباڵیدا، باڵی مەكتەبی سیاسی، كەرۆشنبیرو پێشكەوتنخواز بوونو بەشەكەی تری باڵی عەشایری بوون، دوای ئەوەش بەرگی سێیەمیشم نووسی، كەباس لەهەرەس پێهێنانی شۆڕشی كوردستان ئەكات لە ١٩٧٥دا، ئەمیش ئامادەیە لەلەندەن بۆ چاپو بەئومێدی خوای گەورە هەردوو بەرگەكە لە كوردستانیش بڵاوئەكرێنەوە، هەرسێ بەرگەكەش پاڵەوانەكان هەر هەمان كەسو خێزانن.

خوێنەری بەڕێز، لەگەڵ هەر دێڕێكی ئەم چیرۆكەدا یادگارێكی شیرینو لەبیر نەچووی (باوكی هێرۆ)ی خۆشەویستمی تێدایەو پێوەیە، كاتێ چەند لاپەڕەیەكم لەچیرۆكەكە ئەنووسی، دوایی بۆم ئەخوێندەوە بۆ ئەوەی رای ئەوم بزانیایە لەسەری، هەندێ جار كەزۆر رەزامەندیی خۆی دەرئەبڕیو دەستخۆشی لێئەكردم.. سوێندم ئەداو ئەمگوت، بەخوا ئەوە لەبەر خاتری من وا ئەڵێیت، توخوا راستیەكەم پێ بڵێو( مەترسە)، بەدڵ پێ ئەكەنیو ئەیگوت.. نووسینی چیرۆكی وا خاتری تیانییە چونكە ئەچێتە بەردەستی خەڵكی خوێندەوارو خەڵكی هوشیارو رۆشنبیر، چۆن لەخۆڕایی ئەڵێم باشە!.. ئیتر كەوای ئەگوت منیش دڵنیا ئەبووم.

لێرەدا حەز ئەكەم زۆر زۆر سوپاسی گەرمی برای بەڕێزو خۆشەویستم كاكە حەمە رەسوڵ هاوار بكەم، چونكە ئەویش ئەزیەتی لەگەڵ من كیشاوەو چیرۆكەكەی خویندووەتەوەو بەسەریا چۆتەوەو كوردییەكەی بۆ راست

کردوومەتــەوە، چونکــە نووســینە کوردییەکــەم زۆر تــەواو نــەبوو، زۆرتــر عەرەبییەکەم باشتر بوو، لەبەرئەوەی لەخوارووی عیراق گەورە بووم، بـەڵام لام وایە ئێستەو لەدوای نووسینی دە کتێبی چیرۆك وابزانم نووسینەکەم خراپ نییە.

ئیتر زۆر سوپاستان ئەکەم لەبەر ئەوەی تووشی ئـەم روونکردنـەوە دوورو درێژەم کردن.

گەلاوێژ

سلێمانی

٢٠٠٠/٩/٨

## کتێب بەزمانی کوردی

نووسینی گەلاوێژ- بەرەو ئەشکەوتی دلێران

لەچاپخانەی جەمال تایەر چاپکراوە بەپیتی عەرەبی، ٤٠٤ لاپەڕەیە.

تێبینی: لەسوید چاپکراوە، سەیری وشەی دوای بکە:

بەرەو ئەشکەوتی دلێران کەباسی ئەو رووداوانەی سەرەتاکانی ١٩٦٠ ئەکات کەلە کوردستانی عیراق روویداوە.

ساڵی ١٩٥٨ حوکمی هاشمی کەوتو عیراق بوو بەجمهوری، کوردەکان چالاکانە لەو ئاڵوگۆڕەدا بەشدارییان کرد.. هیوایەکی زۆریان هەبوو بەگەشەپێدانی دیموکراسییەت لەعیراقداو بەدەستهێنانی مافەکانیانو حوکمی تازە.

پاش ٢-٣ ساڵ کۆماری تازەی عیراق لەهەموو ئەو بەڵێنانەی بەگەلی کوردی دابوو پاشگەز بووەوە، بۆیە کوردەکان دەستیان کرد بە رێکخستنی جووڵانەوەیەکی بەرگرییانەی بەهێز، کتێبەکە باسی چۆنێتی لەدایکبوونی ئەو جووڵانەوەیە دەکات، نووسەر بەشێوەیەکی بلیمەتانە دەچێتە ناو رووداوەکانەوەو بیرو هەستی کۆمەڵانی خەڵکو جەماوەرەوە، ئەمەش لەرێگەی باسکردنی ژیانی خێزانێکی کوردەوە کەلەناوجەرگەی ساڵی یەکەمی ئەو جووڵانەوە بەرگرییەدا ژیاوە.

ئەوەش روون دەكاتەوە كەهەستی نەتەوایەتی و شوناسنامەی مرۆڤی كورد چ رۆڵێك (دەورێك) دەبینیّ، لەگەڵ ئەوەی كە هێشتا پیاو دەوری سەرەكی ئەبینیّ لەكۆمەڵدا لەهەمان كاتیشدا ژنە گەنجە رۆشنبیرەكان چالاكانە بەشداری ئەكەن، لەبزووتنەوەی نەتەوایەتیدا..

بەرەو ئەشكەوتی دلێران رۆمانێكی ئێجگار سەرنج راكیشەو مەزنە، پڕە لە رووداوو بەسەرهات، كەسەرنجی خوێنەر بەشێوەیەكی وا رائەكێشیّ كەهەرگیز دەستبەرداری رۆمانەكە نەبێت، تا نەگاتە ئەنجام. (واتە واز ناهێنیّ لەخوێندنەوەی) لەڕووی زمانەوانیشەوە زۆر دەوڵەمەندەو پاراوە.. سەبارەت بەبیّ هاوتای رۆمانەكە لەڕووی ناوەڕۆك و چۆنایەتیی و وەزنی ئەدەبییەوە كتێبەكە دائەنریّ بە یەكێك لە كتێبە بەنرخەكان و هونەرێكی مەزن و كتێبخانەی كوردی و زمانی كوردی دەوڵەمەندتر كردووە.

محەمەدی موهتەدی

تەرجەمەی نووسینی سویدی

لەبارەی بەرەو ئەشكەوتی دلێرانەوە

١٩٨٦

ستۆكهۆڵم



EQUAL MEDIA Ltd.
Riverside Studios
Crisp Road
London W6 9RL
Tel: 01-748 9380
Telex: 8951182 GECOMS G

17 January 1989

Galawez Ahmad
30 Machmont road
Wallington
Surrey

Ref: PTR/R&D/Kurd

Dear Galawez Ahmad


Dr. Kamal Rasul, of the Kurdish Cultural Centre, spoke to me about you and your writing, I would be very interested to meet you, and to learn more about your book. We have very good connections with Virago, who have already expressed interest in such a book.

We are also interested in the possibility of a film for television, either documentary or drama. We are a programming and production company that specialises in working with people and stories from Asia, Africa, Latin America and the Middle East. Please find enclosed information about our activities.

I understand that your book has not yet been translated, but I am writing to ask whether you have a synopsis or sample chapter in English yet? In any case, if you are interested, please get in touch so that we might meet.

With best wishes

Sarah Hobson



# پێشەکی

خوێنەرانی خۆشەویست، ئەمەوێت لێرەدا کورتەی ناوەرۆکی بەشی یەکەمی (بەرەو ئەشکەوتی دلێران)تان بۆ بگێڕمەوە بۆ ئەوەی بتوانن زنجیرەی هەردوو بەشەکەی پێکەوە ببەستن.

بەشی یەکەمی (بەرەو ئەشکەوتی دلێران) باسی ئەو کاتە ئەکات کەسوپای عیراق لە ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨دا شۆڕشێکی سەرکەوتووانەی کرد بەسەرۆکایەتی زەعیم عەبدولکەریم قاسم و رژێمی مەلەکی سەرنگووم کردو چۆن گەلی عێراق بەکوردو عەرەبیەوە دڵیان بەوشۆڕشە خۆش بووو هەموویان بە توندیو بەسەرو ماڵ پشتیان گرت و هەر لەیەکەم رۆژەوە تەنیا حیزبی کوردی ئەو ساکە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. بەناوی هەموو کوردەوە بروسکەیان لێدا بۆ دەربڕینی دڵسۆزیو پشتگیریی لەم شۆڕشە پیرۆزەو هەر دەس بەجێ سەرکردەکانی پارتی کەوتنە (وەفد) پێکهێنان لەهەموو شارو شارۆچکەو دێهاتی کوردستانەوە کەوتنە رێ بەرەو بەغدا بۆ پیشاندانی دڵسۆزیو پشتگیری بۆ ئەو شۆڕشەو سەرکردەکانی بەتایبەتی بۆ زەعیم عەبدولکەریم قاسم.

ئەو شۆڕشەی کەهەموو گەلیعیراق بەکوردو عەرەب و کەمایەتییەکانییەوە سەریان پێی بەرز بوو هیوایان پێی زیندوو بووەوە و لەدەوری ئالاَن و هەر یەکەیان چاوێکیان کرد بەسەد بۆ چاودێری کردنی خەڵکی خراپ کارو ئەوانەی کەهەستانی شۆڕشەکەیان پێ ناخۆشبوو.

بەتایبەتی ئەوانەی سەر بەرژێمی پێشووی (مەلەكی)و دەستو پێوەندو بەكرێ گرتەی دەوڵەتە بێگانەكان. هەر دەست بەجێ شۆڕشی ١٤ی تەمووز هەموو بەندە سیاسییەكانی بەرداو بەڵێنی ئازادیو دیموكراسی تەواویشیدا بە میللەت، ئیجازەی حزبە سیاسییەكان درا كەبەئاشكرا ئیش بكەن كەیەكێ لەو حزبە سیاسییانەش پارتی دیموكراتی كوردستان بوو كەئیجازەی درا بە ئاشكرا بكەوێتە خەباتو چالاكی سیاسی خۆی.

هەروەها لەدەستووری عیراقیشدا بۆ یەكەمجار لەمێژووی دەوڵەتی عێراقدا، دان بەحقوقو مافی كورددا نراو لەمادەی سێهەم گوترا كە (كوردو عەرەب شەریكن لەم وڵاتەداو لەگەڵ عەرەب مافو هەقیان وەك یەك وایە).

كورد كردیان بەشاییو خۆشیو ئەوەندەی تر دڵسۆزیو پەرۆشی خۆیان دەربڕی بۆ سەركەوتنو پەرەسەندنی شۆڕشەكە، پارتی بارەگای خۆی لەبەغدا داناو رۆژنامەكەی خۆی دەركرد بەناوی (خەبات)وە كەزەعیم عەبدولكەریم قاسم ئیمتیازەكەی دا بە مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) كە ئەو كاتە سكرتێری گشتی پارتی دیموكراتی كوردستان بوو.

رۆژنامەی (خەبات) كەوتە گەڕ بەزمانی عەرەبیو بوو بەیەكێ لەرۆژنامە رۆژانە هەرە بەناوبانگەكانی عیراق كەگەلێ جار لەپێشی هەموو رۆژنامەكانی تر نەئەما لەبازاڕو گورج هەمووی ئەفرۆشرا. وە لەپێشی كورددا عەرەب پەلاماریان دەداو ئەیانكڕی چونكە ئەوەندە سەر وتارو ناوەڕۆكی گرنگو بەقیمەتی تێدا دەنووسرا كەهەر راستەوخۆ هەستو ئارەزووی دەروونی وڵاتو

میللــەت پەرســتانی خــەڵکی کوردســتان و عــیراقی دەرئــەبڕی بەشــێوەیەکی پێشکەوتووانەی پڕ فەخرو سەربەرزیو ئینسانیو دۆستیو ئاشتیخوازانە.

بەڵام ئەوەندەی پێنەچوو عەرەبە شـۆڤێنییەکانو ئەوانـەی ئـەو وەزعـەیان پێناخۆشبوو کەوتنە خۆیانو لەماوەیەکی کەمدا سوپاو گەلی عیراق بەکوردو عەرەبیـەوە توانییـان چـەند جووڵانەوەیـەکی خراپکارانـەو چـەند کودەتاییـەك بکوژێننـەوەو پێشــێل کــەنو لەهــەموو ئــەو کودەتایانــە گــەورەتر کودەتــای (شـەواف)بوو لەموسڵ کەبەیارمـەتی هـێزو بـازووی کـورد کوژێنرایـەوە. ماوەی ساڵونیوێك بەسەر شۆڕشی ١٤ی تەمووزدا تێپەڕی.

شۆڕشگێڕەکان لـەناو خۆشیاندا کەوتنـە سـەروپووتەڵاکی یـەکتریو کەوتنـە لابردنـی ئـەمو سـووککردنی ئـەوو دەرکردنـی ئـەویترو هـەر کەسـەیان کەوتـە ئـەوەی خـەڵکی سـەربەخۆی پـەیا بکـاتو خـزمو عەشـیرەتی لـەدەوری خـۆی کۆکاتەوە.

عەبدولکـەریم قاسـمو دەوروبەریشــی وردەوردە لــەهێزی یــەکێتیی کــوردو پەرەســەندنی تــەنیا حزبەکـەی (پـارتی دیموکراتــی کوردســتان) کەوتنــە دوو دڵییـەوە، بـە تایبـەتی کـە گێرەشـێونو هەڵمەتـە کاسـەوخۆ لـەپێش بـەری زۆر پەیابوونو ئەوان زیاتر دڵی عەبدولکەریم قاسمیان کرمێ کرد لەکورد، یا راست بڵێین ئـەویش هـەندێ لـەخۆی بـایی بووبـوو دوای ئـەوەی خـۆی جێگـیرکردو ناحـەزەکانی لـەناوبردو رەگەزپەرستییەکەشـی تیـا زینـدوو بووەوە و لای وابـوو ئیتر باکی بەکەس نییەو پێویستی بەپشتگیری کورد نەما. بۆیە کەوتە لێدانیان، جارێ لەســەرکردەکانییەوە دەسـتی پێکـردو فـەرمانی گرتنـی بـۆ هـەندێکیان

دەركرد، بەتوهمەتو گووناهی بێجێو پڕ لەدرۆو دەلەسە. وەك پێش هەموو كەس فەرمانی گرتنی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی دەركرد كەسكرتێری گشتی پارتی بووو گوایە زۆریشی خۆشدەویستو لەپێش بوو لەلای، بە توهمەتی ئەوەی لەرێگای شەقلاوە سەرەك عەشیرەتێكی سەر بەحكومەتی كوشتووە. سەركردەكانی تریشی هەركەسە شتێكی بۆ هەڵبەستن وەكو لەناو مەجلیسو كۆمەلانی خەڵكدا قسەی بەحكومەت گوتووەو لە زابتوكاربەدەستی حكومەت تووڕەبووەو لێیداوە. پتر لەم جۆرە درۆو دەلەسە بێ سەرو وبنانە، لەوەوە كەوتە داخستنی بارەگای پارتیو دەستیان بەسەر هەموو كەلوپەلو چاپخانەو كەرەسەی دەركردنی رۆژنامەی (خەبات) داگرتو رۆژنامەی خەباتیشی داخست ئەمە لەبەغدا، ئینجا كەوتە شارەكانی كوردستانو قەزاو ناحیەو دێهاتەكانیش كەئەگەر دەستیان بگەیشتایە، دوای ئەوە كەوتنە شەڕ فرۆشتن بەخەڵكی كوردستان بەناوبازاڕ بەتەلەبە بە مەئمووری كورد، لەبەرئەوە كوردیش كەوتنە خۆیانو ئەوانەی زۆردیارو لەبەر چاوبوون خۆیان شاردەوەو خۆیان ون كرد.

پارتی دیسان كەوتەوە بەنهێنی ئیشكردنو كۆبوونەوەو بەیان دەركردنو ئامۆژگاری بلاوكردن بەسەر ئەندامو لایەنگرو هەموو میللەتدا.

حكومەتیش دەستی كرد بەهێنانی سوپاو سەربازی زۆربۆ ناو شارەكانی كوردستان، عەشایری كورد رێگایان پێگرتنو بەرەنگاریان بووو شەڕ دەستی پێكرد، ئەگەر چی سەركردە پێشكەوتووەكانی (پارتی) حەزیان نەكرد كەوا زوو شەڕی چەكدارانە دەست پێبكەن، چونكە وەختی نەبووو كورد زۆر

بێكەس و بێ پشتیوان بوو تاوەكو چەكیشی نەبوو جگە لە چەند تفەنگ و برنەوێ كەهەندێ كەس لەملاولەولا بۆ خۆیان شاردبوویانەوەو هی تایبەتی خۆیان بوو. بەڵام ئەو سەركردانەی ئەو شەڕەیان وا زوو بەدڵ نەبوو لەترسی ئەوەی نەوەكو پارتی دووبەرەكی تێكەوێت و ببێت بەدووبەشەوە ، بۆیە بێ ئەوەی هەر هیچ لەشەڕی چەكدارانە بزانن و بەبێ هیچ دەرامەتێك كەوتنە شاخ و چوون بەرەو ئەشكەوتە دڵگیرەكانی كوردستانی شیرین و لەوێ هێزی چەكداریان پێكهێنا لە سەركردەو ئەندام و لایەنگرەكانی پارتی، كەهی وایان هەبوو لەگرتنی قەڵەم زیاتر هیچی كەی نەدەزانیچ جای تفەنگ و ئەوشتانەو ئەوهێزە چەكدارەی كەپێكهات ناوی نرا (پێشمەرگەی كوردستان).

بەشی یەكەمی (بەرەو ئەشكەوتی دلێران) لەو رووداوانە پێكدێت، بەباسكردنی ژیانی چەد خێزانێك كەچالاكی حزبایەتییان هەبووو ئەوانیش لەگەڵ ئەو خەڵكەی ترخۆیان ئەگەیننە شاخ و لەدەست گرتن و برینی حكومەت هەڵدێن. دوو خێزانەكەی پاڵەوانی رۆمانەكە بریتییە لە ماڵی حەپسەخان و حاجی مەجیدی مێردی و دوو كوڕی خەباتكەری كەناویان حسێن و عەلیەو دوو كچیان كەیەكەمیان موعەلیمەیەو خەباتكەرە بەناوی سەبرییەوەو ئەوی كەیان منداڵكارێكی پانزە شانزەساڵە ناوی روناكە. خێزانەكەی تریش بەناوی ئامەخان كەخوشكی حەپسەخانەو كاكە حاجی مێردی ئامەخانیش برای حاجی مەجیدە یەعنی دووخوشك شوویان كردووە بە دوو برا.

ئامەخان و كاكە حاجیش دووكوڕی خەباتكەریان ئەبێت بەناوی نەورۆزو بەختیارەوەو تاقە كچێكیش كەناوی نەسرینە هاوتەمەنی سەبری ئامۆزاو

پوورزای ئەبێت ئەویش موعەلیمەیە دوایی شوو ئەکات بەحوسێنی پوورزای کە کوڕی حەپسەخانە، سەبریش شوو ئەکات بەشێروان کەئەویش خەباتکەرێکی سەرسەختی چالاکیو هاوڕێو هاوخەباتی براکانییەتی. روناکی منداڵکارو ئێسك سوکیش دوای بەینێكو دوای دڵدارییەکی پاکی بێگەردی بێ دەنگ لەگەڵ بێستوونی هاوڕێو هاوخەباتی خوشكو براکانی شوودەکات بە بێستون کەوا خەڵکی ماوەت ئەبێت بەڵام خەریکی خوێندنو خەبات ئەبێت لە سلێمانی.

(تۆفە) کەوەك برای حەپسەخانو ئامەخان وایەو لەمناڵییەوە لەگەڵ ئەو دووخوشکە گەورەبووە لەبەرئەوەی دایكو باوکی هەر زوو ئەمری خوا ئەکەنو تۆفە بەمناڵی بەجێ ئەهێڵنو دایكو باوکی حەپسەخانو ئامە خان بەخێوی دەکەن.

(تۆفە) گەرمیو خۆشییەك دەدات بەم رۆمانە چونکە زۆر دەم هەراشو قسە لەرووەو کەهات بەسەریا قسە بەهەموو ئەهلی خێزانەکە دەڵێتو هەردوو خێزانەکە حیساب بۆ دەمی تۆفە ئەکەنو هەموو شتێکی لێ قبوڵ دەکەنو نازی ئەکیشن چونکە زۆریان خۆش دەوێتو ئەویش زۆری خۆش ئەوێن، تۆفە ژیانی خۆی تەرخان دەکات بۆ خزمەتو پاراستنی ئەو دووخێزانەو مناڵیان. بۆیە پشت ئەستوورە لەهەموو کردەوەو جووڵانەوەیەکی. هەروەها زۆر خۆ هەڵکێشو فیشاڵ کەریشە. ئینجا خوێنەری خۆشەویست بەرگی یەکەمی (بەرەو ئەشکەوتی دلێران) لەم رووداوانە پێکدێتو ئەوەبوو کورتەی بەرگی یەکەمی بەرەو ئەشکەوتی دلێران. هیوام هەیە بەدڵت بێتو سەرەنجت

ڕاکێشیێتەوە بۆ ئەوکاتە لەگەڵ ئەمەدا، ئەمەوێ ئەوەش بڵێمەوە کەئەو دوو خێزانەی پاڵەوانی هەرسێ بەرگەکەی (بەرەو ئەشکەوتی دلێران) کەبەرگی سێهەمیش خەریکی ئامادەبونەو بەم زووانە ئەخرێتە ژێر چاپ.

ئەڵێم ئەو دوو خێزانە پاڵەوانە خەڵکی خەیاڵین و خەڵکی ڕاست نین و کەس وانەزانێت کەئەگەر ناوی یەکێکیان لەهەندێ کەس بچێت ئەمە ئەو کەسەیەو ئەگەر ناوێك لەیەکێك چوو تەنیا ڕێککەوتەو هیچی ترو تەنیا ئەوەیە کەڕووداوەکان لە زرووفی ئەوکاتەداو تێکڕا لەو ماوە وەزعە هەڵقوولاّوون کە بەشێکی زۆری خۆمی تێدا بەشداربووم و لەناویا بووم، بەڵام بەهیچ جۆرێك ئەو ڕۆمانە هەقی بەسەر من وەیا کەسێك لەخێزانەکەشمەوە نییەو هەموو ئەو کەسانە خەڵکی خەیاڵین. خوێنەری بەڕێز، لەگەڵ داوای لێبووردنا بۆ ئەم پێشەکییە درێژە بەپێویستی ئەزانم ئەوەشتان بۆ ڕوونبکەمەوە کە من لەم بەشی دوومی داستانەکەما کەباسی شەڕی برا کوژی کۆنم کردووە کەخراپ و ماڵکاولکەر بووە، نیازم لە کای کۆن بەباکردن و برینی کۆن کولانەوە نەبوو. بەپێچەوانەوە نیازم ئەوەبوو کە بۆ خوێندەوارانی بەڕێزی دەربخەم کە چۆن بە سەدان قارەمانی پێشمەرگەی کورد لەهەردوولا بەفیڕۆکوژران و بناغەی شۆڕش هەڵتەکاو چۆن حکومەتیش لەخۆشیانا نینۆکی لەیەك ئەخست و کردبووی بەشایی کەئەی بینی ئەوە کوردە خەباتکەرانەی کە گوایە بۆ ڕزگارکردنی نەتەوەیەکەیان لە زوڵم و زۆری بێگانەو دەست خستنەوەی مافە ڕەواکانی شۆڕشیان هەڵگیرساندبوو، بەربوونەتە گیانی یەك و بەدەستی خۆیان نەك هەر ئاواتی ئەو ئاواتی هەموو حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بەجێ ئەگەیەنن.

ویستوومە بەم جۆرە دەری‌برِم كە لـەمێژووی خـەباتی نەتەوەكـەمانا هیـچ كارەساتێك ئەوەندەی شەرِی برا كوژی دڵتـەزێنۆ كەمەرشكێن نییـەو ئەوەنـەی ئەو ورە بەجـەماوەر بەرناداو دوژمـن دڵخـۆش ناكـاتو نابـێ هـەرگیز ئەمـەمان بیربچێتـەوە، كـەچی داخـم نـاچێت هێشـتا كتێبەكـەم نـەخرابووە ژێـر چاپـەوە كـەمێژوومان دووپـاتكردەوەو دیسـان شـەرِ بـرا كـوژی دەسـتی پێكـردەوە لـە كوردستانو كورد كەوتە قەلاچۆكردنی یەكتر.

ئینجا ئەمە كەیو لـەچ كـاتو هەلومەرجێكیشـا دەسـت پێدەكاتـەوە؟ كـە بەشـێكی ئـازادكراوی خـاوەن حوكمـی فیدراڵـی ژێـر دەسـتی پەرلـەمانو حخكومەتی كوردستانا ئەو بەشـەی كەدەوڵـەتی ئـەمریكاو بـەریتانیاو فەرەنسا بەڵێنیان داوە كەبیپارێزن لەدەستدرێژی حكومەتی رژێمی بەغدا.

لـەكاتێكا كـە ئـەو كارەسـاتە دڵتەزێنانـەی كەبەسـەر میللەتـە نەبەزەكـەمان هاتبوو وەك كارەساتی هەڵەبجەی شەهیدو ئەنفالو راپەرینەكەی دوای شـەرِی عیراقو كوێت، لەسایەی میدیـای جیهانییـەوە مەسـەلەی كـوردی كـرد بەیـەكێ لەمەسـەلە گرنگـەگانی نێودەوڵـەتانو لەهـەموو لایەكـەوە كۆمـەڵو رێكخـراوە خێرخوازەكان بەئەندازەیـەك كەوتبونـە یارمـەتیدانمان لەخواردەمـەنیو جلو بـەرگو ولات ئاواكردنـەوەو لەسـەر كردنـەوەدا، كـەزۆری خـەڵكی دونیـا بەخیلی‌یان پێ ئەبردین، جا تواخوا خەڵیكەنە، لەهیچ كاتو شـوێنێكاو لـەناو هیچ كۆمەڵە خەباتكەرێكا رووداوی لەمـەی ئێسـتای كوردستان نـەك پـر زەرەرو زیانئترو ماڵكاولكەتر بەڵكو پـرِ شـوورەیی ترتـان بیسـتووە؟ تـا ئێسـتا دیمـەنی مناڵی كەسكو سـۆرو كچۆلـەو كـورِی نەونـەمامو نوبووكـی شۆخوشـەنگو پیرو

لاوی بەگازی زەهراوی خنکاوی هەڵەبجەی شەهید لەبیر دونیا نەچووەتەوە کەچی هەر وا زوو لەبیرخۆمان چووەوەو خەریکن ئەم دەستکەوتە مێژووییەی کەبەخەوی شەوانیش بەبیرمانا نەئەهات لەدەست خۆمانی ئەدەین و ئابڕووی خۆمان ئەبەین و لای ئەوانەی دەستمان ئەگرن و ئەمانپارێزن.

بۆیە یەکەم ئەرکی سەرشان و فەرمانی ئەستۆی هەموو کوردێکی دڵسۆزە کەهەوڵ بدەن و خەبات بکەن کەنەك هەر ئاو بەئاگری ئەم شەڕی برا کوژییەدا بکەن و هۆیەکانی لەڕەگ و ریشە دەربهێنن، بەڵکو دەبێ نەشهێڵن لەهیچ زروف و هەل و مەرجێکا و بەهیچ بەهانەو بیانوێك و بەهیچ نرخی کارەساتی وا دووپاتبکرێتەوە دەبا هەموو پەندو دەرس لەمێژوو وەرگرین نەك یارمەتی دووبارە بوونەوەی بدەین.

گەلاوێژ

لەندەن-١٩٩٤

ساڵێكو چەند مانگێك تێپەڕی بوو بەسەر هاتنی ماڵی حەپسەخانو ئامە خانی خوشكیو خێزانیان بۆجاری دووهەم بۆ (ماوەت) پاش ئەوەی (گفتوگۆ) لەبەینی كوردو حكومەت نەما، وەزع تێكچووەو دەركەوت كە حكومەت هەموو بەڵێنەكانی درۆنو وا دیسانەوە خەریكن پیلانو بلۆفو دەست بڕینەوە، لەجیاتی جێبەجێكردنی مادەكانی بەیانەكەی خەریكی هاندانی جاشو پیاوەكانیەتی كەتاوەكو پێیان بكرێت دەست بوەشێنن لەو پێشمەرگانەی كەبەئازاییو دلێری ناویان دەركردووەو كەوا بەبۆنەی گوایە (خۆشی وەزع)و دەرچوونی بەیانەكەوە هاتوچۆی شارەكانیان دەكرد.

هەروەها حكومەتی بەغدا هەوڵێكی زۆریشی ئەدا بۆ گیرەشێوێنیو تێكدانی ریزی خەباتكەران، لەبەرئەمانە سەركردەكانی شۆڕش هەرزوو كەوتنە خۆیانو پیلانەكانی حكومەتیان پوچەڵكردو خەریكی خۆقایمكردنو ئامادەكردنی هێزەكانیان بوون بۆهەموو جۆرە رووداوێكو ئەوانەی مەترسی زۆریان لەسەربوو لەناو شارەكاندا كەوتنە رێ بەرەو شاخوداخو ئەشكەوتە دڵگیرەكانی كوردستان. كاریشیان بەوە باش بوو كەلەماوەی ئەو ساڵو چەند مانگەدا یەك دوو ئینقلابی سیاسیو عەسكەری لەبەغدا رووی دابوو و كاربەدەستانی حكومەت لەسەر كورسی حوكمو دەسكەوتی تایبەتی خۆیان بەربوونە گیانی یەك.

ئەم جارە لەناو خێزانەكەی ماڵی حەپسەخانو خوشكیدا چەند سەرو كەلەییێكی بچكۆلەی ئێسك سوكیان تیا پەیدا بوو، وەكو كوڕێكی جوانكەلەی

سەبری کەهەروا هەشت نۆ مانگێك دەبوو، وەکچەکەی نەسرین کەهەر ئەتگوت خۆیەتی بەتەمەنی پێنج شەش مانگیەوە سەری قاڵ قاڵ کردبوو لەگەڵ حوسێنی مێردی کەئەوانیش نزیك و دراوسێی ماڵی دایکی بوون لە ماوەت.

روناك گوێزرابووەووە بۆ بێستونی دەستگیرانیو چووبوونە ماڵی باوکی بێستون و لەگەڵیان ئەژیان و رۆژو شەوی بێستوون بەجارێك بوبوو بەهەنگوین و شەکرو خۆشی لەخۆشی روناکی خۆشەویستی.

حەپسەخان خۆیو حاجی مەجیدی مێردیو نەوبەهاری بوکی بەناو عەلی کوڕی کەشەوە ناشەوێك لەماڵەوە ئەنووست ئەوانیش هەموو لەخانووێکا بوون، کوردۆی کوڕەزایان پێیگرتبوو کەوتبووە قسەی خۆش هەموو ناخۆش و ژیانی لادێی لەبیر بردبوونەوە ئەوەندە دڵیان پێخۆشبوو.

سەبریو شیروانیش هەر لەدێیەکەی پێشووی خۆیان مابوونەوە، ئەم جارە پوورە ئامە خانی و کاکە حاجیو مامیشی هاتبوونە ئەو دێیەو دراوسێیان بوون، نەورۆزو بەختیاری کوڕیشیان پێشمەرگەبوون لەبنکەی (مەکتەبی سیاسی) کەنزیك بەودێیە بوو بۆیە ئەوانیش شەوان بەنۆرە لای دایك و باوکیان ئەنووستن، کاکە تۆفەش دەمانچەیەکی چواردەخۆری لەپشت بەستبوو کەبێستون بۆی کڕیبوو لەخۆشیو بەبۆنەی ژن هێنانەکەی خۆیەوە، لەبەرئەوە تۆفە ئەوەندە خۆی پێوەگیڤ کردبوو کەهەر هیچ عەلە شیشێکی ئەو ناوەی نەئەگەیشتێ، ئیش وکاریشی بووبوو بەتەتەریو هاتوچۆکردن لەبەینی ماوەت و دێیەکەی سەبریو ئامەخانا، پێشمەرگە واهۆگری ببوون و فیشاڵەکانیان

ئەوەندە لا خۆش بووو هەر پێیان رائەبواردو بەهەر بنکەیەکدا تێپەڕیبایە بەهەلەداوان پێشمەرگە ئەچوون بەپیریەوەو ئەیانبردە بنکەکەو یا شوێنێکی تر چایان بۆ لێئەناو پرسیاریان لێئەکردو ئەیاندواندو هانیان ئەدا کەقسەیان بۆ بکاتو فیشاڵیان بۆ هەڵڕێژێت.

قۆناغو جێی تایبەتی پشوودانی تۆفە لەبەینی ماوەتو دێیەکەی سەبریو ئامە خانا. دێیەکی بچکۆلەبوو کەشوێنی بەرگ درووی پێشمەرگەی لێبوو، ژوورێکی درێژ لەگەڵ هەیوانێك کە لەقوڕو خشتی کاڵ دروست کرابوو کە لەوێ جلی خاکی پێشمەرگەیان ئەدروو، خەیاتەکان بەرلەوەش لەشاریش هەر بەرگدروو بوون ئیتر کەهاتبوونو بوونە پێشمەرگەو ئەوکارەیان بۆ شۆڕشو پێشمەرگەکانی بەشانازییەوە ئەکردو هەموویان زۆر کوڕی چاكو دڵسۆزبوون، لەبەر ئەوەی خەڵکەکە کەئەیانزانی ئەوێ جێی پشوودانو ئیسراحەتی تۆفەیە بەپەرۆشەوە چاوەڕییان دەکرد کەکەی بەوێدا تێ ئەپەڕێت بەتایبەتی کەپێشمەرگە بەرگدرروەکان ئەیانتوانی ئیشی خۆشیان بکەنو گوێش لەرادیۆ بێ وەستانەکەی تۆفەش بگرن.

ئەو زستانە بەفرێکی یەکجار زۆر باریبوو، دونیا ئەوەندە ساردبوو کەلە ژووریشەوە شوشەی پەنجەرەکان بەستبوویان چلورەی سەهۆڵ وەك تێلای بلوور بەقەراغی ئەشکەوتو گوێسوانەو ئەملاوئەولادا هاتبووە خواریێ، زستانەکەی ئەوەندە سەخت بوو کە چەندەها رێبوار لەرێگاوباندا رەقبووبوونەوەو لەسەرمانا مردبوون.

گورگ‌و حەیوانی كێوی وایان لێهاتبوو لەبرسانا بەشەو بەبێ‌ترس ئەهاتنە ناودێیەكان‌و هەر شتێكیان توش بهاتایە پەلاماریان ئەداو ئەیانخوارد.

ئەگەر كەسێك بەهەزار حاڵ‌و فەلاكەت بیتوانیبایە هەندێ جل بشوات ئەو جلە جارێكی‌تر چڵكن ئەبوونەوە بەر لەوەی وشك بوونایەوە چونكە ئەوەندە ئەمبەروئەوبەریان پێدەكردن پیس ئەبوونەوەو ئەبوو جارێكی‌تر بشووراناییەوە.

خۆكە جاروبار هەتاویش بكەوتایە خاوەن جلەكان رایان ئەكرد گوایا بۆ ئەوەی جلەكانیان لەبەر هەتاوەكە هەڵبخەن كەچی دوای چاوتروكاندنێك ئەو جلانە ئەیان بەست‌و رەق ئەبوون بەتایبەتی كراسی كوردی ژنانە دیمەنی زۆر پێكەنینی ئەوبوو چونكە وەك تەیارەو فرۆكەی لێئەهات بەسەر ئەو تەنافانەوەو هەر قۆڵ‌و فەقیانەیەكی بەجیا رووی ئەكردە لایەك.

خەڵك كەهاتوچۆیان ئەكرد تاوەكو ناو قەدیان ئەچەقینە ناوبەفر، پێشمەرگەی قارەمان‌و دلێری كوردستانیش بەو زستانە سەخت‌و توفە بەوبێ تفاقییە وەك پیلاوو جل‌وبەرگی بەكەڵك بێبارانی بەو حاڵەش، بەبێ وچان‌و بێ كۆڵ دان خەریكی هێرش‌و بەگژاچوونی تۆپ‌و تانكی حكومەتی رەگەز پەرست‌و عەسكەرو جاشە خوێڕییەكانی بوون، تاكو وای لێهاتبوو كەحكومەت لەترسانا شەمەنەفەری بەینی كەركوك‌و بەغداش بەسڵەمینەوە هاتوچۆی پێئەكرد چونكە چەند جارێك پێشمەرگە پەلاماریان دابوو كەپڕبوو لەعەسكەر لە دەوری (توزخورماتوو)و (جەبەل حەمرین)و بەینی كەركوك‌و بەغدادا، هەروەها بە ئۆتۆمبیلیش بەقافلە نەبوایە نەیدەتوانی هاتوچۆ بكات لەبەینی

شـارەكاندا كەمەعاشـی ئـەنارده شـارەكان بـۆ مـەئموورەكانی بەقـەد لەشـكری پەلاماردانێك هێزی لەگەڵ ئەنارد.

ئێستگەی شۆڕش كەوتبووە گەڕو زرمەی ئەهات، هەموو خەڵكی كوردستان سـەر بـەرزو پڕ هیـواو ئـاوات بووبـوون و ئـەو نارەحەتییـەی لەشـارەكان نۆشـیان ئـەبوو بەدەسـت حكومەتـەوه لەبیریشـیان نەئـەما، داڵـەو شـوێنی ئـەمین و بـێ ترسـیان دەسـت ئەكـەوت بەئاسـانی هـەر ئـەوەنده بچوونایەتە ئـەو دیـو شـاخە بـەرزه شـیرینەكانی كوردسـتان ئەگــەر زۆریــان بــۆ بهاتایــەو بیانزانیایــە كــە مەترسیان لەسەره، ئینجا ئەمە نەك هەر لەناوچەی سلێمانی و كەركوك و كۆیەو هەولێر بگره لەهەموو ناوچەكانی كوردستان، لەبادینان جاری وا هەبوو شاریان ئەگرت یەكێ لەوانە شاری زاخۆ بوو كە بۆ چەد رۆژێك پارتی لـەوێ حوكمـی كــردو قائمقــامو ئەوانــەی ســەر بەحكومــەتیان هــەموو بــەدیلگرت و ســەراو دائیرەكـانی حكومـەتییان بـەكارهێنا. هـەروەها لەشـەقلاوەو گـەڵی و ناوچـەی بارزان و هەموو شوێنێكی كوردستان بووبـوو بـەئاگرو دوژمنـەكانی كـوردی تیـا ئەسووتا.

عەسـكەرو سـوپای حكومـەت هـەر بـەهاتنی نـاوی پێشـمەرگەو دەنگـی دەستڕێژی هەرەسیان ئـەهێناو پاشـەوپاش ئەكشـانەوە دواوه، لەوكاتـەدا یـەك دوو سەركردەی پارتی چووبوونە ئەورووپا بەرێگای ئێراندا، چونكە شای ئێران كـەبینی كـورد سـەركەوتووەو بوونەتـە هـێزێكی گـەورە ئیـتر ئـەویش كەوتـە (پشی.. پشی)و جەوابی بۆ ئەناردن كەئەتوانن بێرەدا بێن و بڕۆن و زەخیرەو

كەل‌وپەل بۆخۆتـان بكـرن، دياربوو ئەمـەش لەبـەر خـاترى چاوى رەشـى كـورد نەبووو لەبەرئەوەبوو كەئەويش لەگەڵ حكومـەتى عيراق نـارێكى و نـاكۆكى يـان لـەناو خۆيـان هـەبوو، ئـەگينا ئـەگـەر شـاه راسـتى ئـەكردو بـۆ كـورد بـاش بووبـا جـارێ لەگـەڵ كوردەكـەى خـۆى بـاش بوايـە كەهـەموويان لـەژێر زوڵـم و غـەدرو ئەشـكەنجەو كوشـتن و برينـى دابـوون و تەنانـەت نـەى ئەهێشـت بەزمانەكـەى خۆشيان بخوێنـن كەهـەر هيچ نـەبێت كوردى عـيراق مناڵيـان بـەزمانى خۆيـان ئەيانخوێند لەمەكتەب.

لەگەڵ ئەوەشا كەئەمـە بـوو بـەرەئيى سـەركردەكانى كـورد بەرامبـەر بەشـاو حكومەتەكەى بەڵام لەبەرئەوەى كەلەهەموو روويەك و لايەكـەوە لـەدنياى دەرەوە دابڕابوون، بەناچارى خۆيان لەوە گێلكرد كـەئێران ئەيـەوێت ئـەوان بەكاربهێنـێ بـۆ دەسـكەوتى خـۆىو بەخۆشـييەوە چـوون بـەپير سياسـەتە سـاختەكەيەوە بەتايبـەتى كەئـەمان خـەباتيان بـۆ ميللـەتى خۆيـان دەسـت پێكردبـووو نەئـەبوو تـەنيا لەبەرئـەوەى كەرەنگـە شـاه لـەم خەباتـەى ئـەمان قـازانج بكـات دەسـت لـە خەباتى خۆيان هەڵگرن. بۆيە هەر زوو كەڵكيان لەو رێگا بۆ كردنەوەيـە كـردەوە وەك دووان لەسـەركردەكانيان نـارد بـۆ ئـەوروپا كـەدەنگى شـۆڕش بگەيەننـە خەڵكى دەرەوەو پەيوەندى بەهەندێ لايەنى ئينسانييەو بكەن بەهيواى ئەوەكە يارمەتييەكيان لێوەرگرن بۆ گەلەكەيان، جل‌وبەرگ، چەك‌و فيشەك، يان پارە يا هەرشتێكى تر..

ئەو زستانو بەفرو تۆفانە کەسی بەقەد ئامەخان سەغڵەت نەکردبوو، چونکە وەك حەپسی لێهاتبووو نەیەتوانی سەری خوشکی بدات لەماوەت یاخود ئەوان بێن بۆ لای ئەم، هەروەها کوڕەکانیشی بەشی هەرە زۆری کات لەبنکەکانو مەکتەبی سیاسی بوون بۆیە ئامەخان لەگەڵ حاجی بەرامبەریەك دانیشتبوون، جاری وا هەبوو لەسەرشتێکی بچوك بەیەکا ئەهاتن ئەگەرچی سەبری نزیکیان بوو زوو زوو خۆی هەڵئەکردو ئەهاتە لایانو ئەگەر کوڕەکانو یا تۆفە بهاتنایەوە قۆڵی ئامەخانیان ئەگرتو ئەیانبرد بۆماڵی سەبری بۆ دوو سێ شەو لەوێ ئەمانەوە سەبریش هەروەها کەشیروانی مێردی لەماڵ نەبوایە کوڕەکەی هەڵئەگرتو ئەچووە لای ئامەخانی پووریو کاکە حاجی مامی.

زۆرجار ئامەخان تاقەتی ئەچووو ئەگەر هەر خۆیو حاجی لەماڵ بوونایە، دووربینەکەی نەورۆزی کوڕی ئەگرت بەدەستەوەو دائەنیشت لەبەر پەنجەرەکەی ژووری خۆیانو بەسەعات سەیری دەرەوەی ئەکرد، کاکە حاجی پێی ئەگوت:

- ماڵت بەقوڕ نەگیرێ ئەوە دەستت شل نەبوو؟ دونیا هەمووی هەر سپی ئەچێتەوە چی ئەبینی لەبەفر زیاتر ئەوە تاقەتت نەچوو؟

ئامە خانیش وەرامی ئەدایەوەو ئەیگوت:

- چی بکەم، سەیری ڕێگاکە ئەکەم بەشکەم ئەمە خوایە کەسێك بێت بۆ لامان، ئەیەڕۆ چۆن لەدونیا دابڕاوین، خۆزگە ئێمەش هەر لەماوەت بووینایە، خۆ شەقمان برد لێرە.

هەندێ جاریش لەپڕ بەخۆشییەوە ئەیگوت:

- ئۆخەی ئەرێ وەڵڵا وا زەلامێك هات بەرەو لای ئێمە لارو لەنجەی هەر لەتۆفە دەچێت.

حاجی پێی ئەگوت:

- ئەگەر تۆفە بێت یاهەر كەسێك بێت شان و ناوقەدی دیارە لەبەربەفر ئیتر لارو لەنجەی چی دیار بێت.

دوای بەینێك ئامەخان بەنائومێدیەوە دووربینەكەی دائەناو بەكزییكەوە ئەیگوت:

- بەخوا تۆفەی چاك بوو! تمەز چاوم رەشكەو پێشكەی ئەكرد گوێ درێژو ولاخم لێ ببوون بەزەلام.

بەیانییەكیان شێروان هاتە لای ئامەخان و كاكە حاجی و گوتی:

- سەبری چاوەڕێتان ئەكات، خۆتان كۆكەنەوە با بتان بەم.

ئامەخان دڵی خۆش بوو گوتی:

- دەباشە عومرت درێژ بێت، بەخوا خەریك بوو دڵم شەقی ئەبرد.

هەستا خۆی كۆكردەوەو چەند سەرپۆش و لەچك و كۆڵوانەی لەخۆی پێچا، لەگەڵ ئەوەشا كەماڵی سەبری بەهەمووی پێنج دەقیقە دووربوون لەوانەوە.

خۆی لێهەڵكردو لەگەڵ حاجی و شێروان كەوتنە ڕێ، شیروان قۆڵی گرتبووو حاجیش گۆچانێكی گرتبوو بەدەستەوە.

ئامە خان لەدوای یەك دوو هەڵخلیسكان بەدەم بۆڵە بۆڵەوە گەیشتە لای سەبری، شێروانیش بەپەلە گەڕایەوە (بنكەی سیاسی).

سەبری بەگەرمی بەخێرهاتنی کردن‌و بەهەموویان بۆڵە بۆڵیان بوو بەرامبەر بەم بەفرو تۆف‌و هەلأیەی ئەم زستانە سەختەو کەچۆن لەحەپسەخان ئەوانیش دابڕابوون‌و لەم جۆرە قسانە، سەبری هەندێ ناڕەحەت‌و دڵگیر ئەهاتە بەرچاو پووری دوو سێ جار لێی پرسی ئەوە بۆ ناڕەحەت دیاری؟ سەبری گوتی:

- هیچ نییە.

دوای پشوودان‌و خواردنەوەی دوو سێ چای گەرم‌و خەست‌و خوڵ، ئامەخان رووی کردە سەبری‌و گوتی:

- بەخوا شتێك هەر هەیە واناڕەحەتی کردووی، توخوا ئەگەر پێم نەڵێیت، راستت ئەوێت ئارامم لێ هەڵگیرا ئەترسم حەپسەی خوشکم یا یەکێ لەمناڵەکان نەخۆش بن.

حاجی سەری باداو سەیرێکی سەبری کردو گوتی:

- کچم هەرچی بووە بۆی بگێڕەوە تازە رابوورد، بەخوا تا وەکو دووسبەی هەر دەڵێت ئەوە بۆ وا ماتی..؟ ئەوەبۆ وا ماتی؟

سەبری کەبیری کەوتەوە دنیا کەخۆی ساردو تاریك‌و دڵتەنگەربووو خۆشیان لەژوورەوە وەك حەپس‌و دیل وابوون، پووری‌و مامی لەکن خۆیان هاتوون بۆ لای ئەو کەهەندێ هەوا بگۆڕن‌و دڵیان بکرێتەوە کەچی ئەویش لەجیاتی ئەوە خۆشی بخاتە دڵیانەوە خستنیە مەراقەوە، بۆیە بە پێکەنینێکی دەستکردەوە دەستی برد بۆ لەچك‌و سەرپۆشەکەی توند لەملی خۆی ئالأندەوەو گوتی:

- وەڵڵا هیچی وانییە تۆزێ لەگەڵ شیروان دەمە قاڵێمان بوو لەسەر ئەوەی گوتی :

حكومەت دیسان ناردوویەتی‌و ئەڵێن باكوردەكان بێن‌و قسە بكەین‌و دەست بكەینەوە بەگفتوگۆو بزانین چییان ئەوێت.

ئینجا بەزەردەخەنەییێكی تەوساوییەوە گوتی:

- منیش تووڕەبووم‌و گوتم هەر ئەمجارە (گفتوگۆ)و (مفاوەزات) دەستی پێنەكرد، لەجاری پێشوو تێرمان خوارد، شیروانیش كەخۆشی تووڕە بوو لە دڵا ئیتر چوون بەگژیەكا.

كاكە حاجیی مامی دەستی‌دا بەیەكاو بەحەپەساویەوە گوتی:

- ئەشهەدو بیلا شتێكی خۆشە، هەر ئەمەمان كەم بوو.

گفتوگۆی چی؟ دەی دیسان (عینی تاس‌و عەینی حەمام) حكومەت گفتوگۆ ئەكات لەگەڵ كوردەكان. خەڵك هەموو دیسان دەكەونە هەلەكە سەما. پێشمەرگە دەستی ئیتر چەك ناگرێت‌و هەموو دێنەڕوو ئاشكرا ئەبن. حكومەتیش لەپیلانی خۆی ناكەوێت هەر خۆی كۆ دەكاتەوە تاوەكو لە ناویان بەرێت، وەڵڵا ئەگەر حكومەت راستی بكردایە ئێمە مەمنوونیش ئەبوین، چ سەگبابێ هەیە حەز بەئاشتی‌و تەبایی نەكات، حاجی جنێوێكی داو گوتی:

– هەیە حەز لەشەڕو كوشت‌و كوشتار بكات ئەگەر ناچاری نەبێت.

دەستی برد بۆ پاكەتە جگەرەكەی‌و بەتووڕەبوونەوە كردیەوەو جگەرەیەكی لێ دەرهێناو هێشتا هەر بەدەستییەوە بوو گوتی:

- ئەوە ئەزانم حکومەت ئەم قسەیە بۆیە ئەکات چونکە ئەزانێت کەچەند بێ دەسەلات بووەو هێزی پێشمەرگەش چەند پێشکەوتووە وابڕوات رەنگە بەغداش بگرن ئەوەنییە پێشمەرگە شەمەندەفەری بەینی بەغداو کەرکوکیشیان گرت.

ئامە خان تاوەکو ئەوسا بەبێ قسەو هەر سەیری دەمی ئەکردن‌و وادیار بوو کە لە دلا ئەم باسەی (مفاوەزاتەی) پێ خۆش بوو، بەلام بەرامبەر بەتووڕەبوون‌و ناڕەزایی سەبری‌و حاجی مێردی نەی ئەوێرا دڵخۆشی خۆی دەربڕێت بۆیە کە حاجی خەریکی داگیرساندنی جگەرەکەی بوو، ئەو بەفرسەت‌و هەلی زانی‌و رووی کردە هەردووکیان‌و دەستێکی بەسەر سنگ‌و دەسماڵەکەیا هێناو گوتی:

- ئەها خەریکن بەغدا ئەگرن! نەء خەریکن بەسرەش بگرن؛ روحم دەرچێت کوردی فەقیر چی هەیە بەغدای پێ بگرێ؟ چۆن دەرەقەتی تۆپ‌و تەیارەی حکومەت دێت؟ وەڵلا من ئەڵێم هەر گفتوگۆیەکە باشە، بەشکەم ئینشائەڵلا ئەم جارە راست بکەن.

حاجی چاوی چووە پشتی سەری‌و سەیرێکی ژنەکەی کردو گوتی:

- ئەی تاوکو ئێستا کورد چۆن دەرەقەت هاتن کەبەتفەنگە شڕەی خەڵکەکەی خۆی شەڕیان ئەکرد، ئینجا نەخوازەلا ئێستا کەوا بەوهێزە گەورەیە کەزۆربەی زۆری پێشمەرگە بەکلاشینکۆفی عەسکەرەکان خۆیان شەڕیان لەگەڵ ئەکەن‌و بەو چەکانەی کەلەوان گرتوونی، حاجی بەهەڵچوون‌و تووڕەییەوە سەیرێکی ئامەخانی کردو گوتی:

- ئـەم قسـانە چـین؟ کـەتۆ لـەهیچ نـازانی قسـەکەش مەکـە، ئینجـا سـەری راوەشاندو گوتی:

- ئەزانم بۆ وا دەڵێیـت چونکـە تاقـەتت چووەو ئەتـەوێت بڕۆیتـەوە بـۆ شـارو سەیران و گەڕان. ئامەخانیش بەتووڕەییەوە گوتی:

- ئەی بڵێم چی، ئەڵێم بەشکم ئینشائەڵڵا ئەم جارە راست بکەن لەگەڵ کوردو رزگارمان بێت.

سەبری ترسا لەوەی پووریو مامی بیکەن بەشەڕ بۆیە قسەی بەسەرا هێنـاو گوتی:

- جاری ئەمـە هـەر قسـەیەو دڵـی خۆتـان سـەغڵەت مەکـەن ئـاخۆ کـێ بـڵاوی کردۆتەوە خۆ بەتەواوی شتی وانەبووە.

سـەبری ئـەم جـارە بەگـەرمی و هـەروەك بیـەوێت قسـەکەیان لـەبیر بەرێتـەوە گوتی:

- دەی بابزانین خوا چیمان لێ ئەکات، جاری ئێوە بڵێن حەز لەچی دەکـەن بـۆ نیوەڕۆ.

پووری گوتی:

– هەرچی یەك هەبێت، دوایی گورج گوتی:

- وەڵڵا بۆ ئەم سەرمایە ترخێنە خۆشە.

سەبری گوتی:

- وەی بەسەرچاو.

سەبری گورج هەستایە سەرپێو هەڵگوردی كوڕی خستە باوەش ئامەخانەوەو خۆی چوو بەلای ئیشەكانییەوە.

*   *   *

ئەو شەوە ئامەخانو كاكە حاجی لای سەبری مانەوە بەتایبەتی چونكە شێروانو كوڕەكانیشی نەگەڕانەوە ماڵێ، هەتا درەنگە شەو ئەمانیش هەرباس باسی گفتوگۆی حكومەت بوو كەئایا راستە یا درۆ؟

ئەو باسی خراپەكانی ئەكردو ئەوی كە باسی گفتوگۆو مفاوەزاتەكەی پێشووی ئەگێڕایەوەو فرتو فێڵو پیلانەكای حكومەتی ئەژمارد كەجاری پێشوو چییان كرد لەكێو چ فیتێكیان نایەوەو بۆكێ؟ هەروا ئەو سیانە بەیەكا ئەهاتنو جار وەكو شەڕی لێئەهاتو جار خاو ئەبوونەوە، دونیاش تا ئەهات سەرماكەی زیاتر ئەبوو بەتایبەتی كە لەئێوارەوە رەشە باش هەڵی كردبوو دارو بەردی بەیەكەوە بەستبوو.

بۆ رۆژی دوایی پاش نیوەڕۆ لەدوورەوە سەرو كەلەی تۆفە دەركەوت، ئامەخان ئەوەندەی نەمابوو (صلاوات) لێ بدات لەخۆشیاناو خۆشی پێنەگیرا بەو سەرمایە چووە بەردەمی ماڵەكەو راوەستاو بەدەم دەست راوەشاندنو خۆشی دەربڕین بەرامبەر بەهاتنی كاكە تۆفە، تۆفەش لەدوورەوە ئیشارەتی بۆ ئەكرد كە بڕۆرەوە ژوورێ با سەرمات نەبێتو ئەوە بۆ لەوێ راوەستاوی؟

تۆفە گەیشتە جێو لەبەردەمی هەیوانەكە هەندێ خۆی تەكاندو گۆچانەكەی بە سنگەكەوە هەڵواسیو یەك دوو جامانەو ملپێچی لەسەری كردەوەو پێڵاوەكانی داكەندو كردی بەژوورا.

هەموو بەخۆشی چوون بەپیریەوە، ئەویش هەناسەیێکی هەڵکێشاو دووسێ قسەی بەم بەفرو زریانو هەڵلایەی گوت.

لووتی سوور هەڵگەڕابووو دەستو پەنجەی تەزیبوون، قاچی سڕبووبوو لەسەرمان. دووای پشوودانو خۆگەرم کردنەوە، دەستیکرد بەباسی حەپسەخانو ئەوانەی لەماوەتن کەچەندیان بیر ئەکەنو چەند دڵیان لەلایانە.

ئامەخان قوڕگی پڕبوو لەگریانو چاوی خۆی سڕیەوەو گوتی:

- وەڵڵا ئێمەش زۆریان بیر ئەکەین، لەبەختی ئێمە دونیا بەقووڕ گیرا.

ئەڵێن چەند ساڵە سەرمای وا رووی نەداوەو نەبووە، تۆفە دەستەکانی پان کردەوە لەبەرتینی سۆپاکەو لووتی هەڵلووشیو گوتی:

- نە وەڵڵا ئەڵێن دەمێ ساڵە سەرمای وانەبووە، کوێخا مەولود کە عومری هەشتا نەوەد ساڵە ئەڵێ لەساڵی بەفرە هەرە گەورەکە تاوەکو ئێستا شتی وای نەدیوە.

تۆفە دەستی پێکردو چەند کەسێکی بەعومری کەشی ژمارد کەوایانگوتووە، ئینجا هەندێ کۆکیو بەدەم کۆکەوە گوتی:

- باپیری بێستوونیش بۆی گێڕامەوە کەسەرمایەکی تریشی دیوەو بەمناڵی ئەیگوت کەوا ئەم چەمەی بەردەممان وابەستبووی کەوا ئەسپو زەلام بەسەریا هاتوچۆیان ئەکرد.

دووای ئەم قسانە تۆفە ئاخێکی قووڵی هەڵڕشتو گوتی:

- کوڕە ئێوە ئەڵێن چی ئاگاتان لەوەزع نییە کاشکی هەر سەرما بوایە.

ئامەخان بەپەرۆشێكەوە كێشای بەسنگی خۆیاو گوتی:

- ئەیەڕۆ بەقوربان، خوا نەكا بۆچی چی بووە؟ خۆ ئێمە لەم دێیە لە دونیا دابڕاویین بەناشوكری نالێم.

تۆفە مژێكی گەورەی لەجگەرەكەی داو دەسڕەكەی دەرهێناو بەگرمووڵەیی بەدەمو لووتو سمێڵیا هێناو نەرمە كۆكەیەكی بۆ كرد گوتی:

- چۆن ئاگاتان لەهیچ نییە، ئەی شێروانو كوڕەكان هیچیان بۆ باس نەكردوون؟

سەبری هەڵی دایی و گوتی:

باسی گفتوگۆیەكەی حكومەت نەبێت؟

تۆفە سەری بۆ لەقاندو گوتی:

- با ئەوە ئەڵێم

حاجی گوتی:

– چییە بۆچی ئەمە راستە؟

تۆفە كەئەیویست خۆی بەلێزانو شارەزای هەموو شتێك پیشان بدات دەستی راوەشاندو گوتی:

- تازە هەموو شتێك بڕایەوەو ئەڵێن وا گفتوگۆ دەست پێدەكاتەوە.

سەبری گوتی:

- باشە ئەی تۆ لەرێگاوە سەرێكی بنكەی مەكتەبی سیاسیت نەدا بزانی شێروانو كوڕەكان ئەیانگوت چی؟ ئە بۆچی یەكێكیان نەهاتنەوە لەدوێنێوە؟

تۆفە دەستی دایە پیاڵە چایەكەی‌و لەسەبری وەرگرت‌و گوتی:

- ئەی من ئێمشەو لەكوێ بوومو لەكوێ نووستبووم؟ ئەزانی دووررۆژە من بەڕێوەم لەماوەتەوە كە هەمووی سێ سەعاتە، فایدەی چییە خۆ ئێوە نازانن كە دەرەوە چووزنە، ئیمشەو من لای ئەوان بووم. تۆفە دەستی‌دایە بەیەكاو گوتی:

- خوا رەحم كات بەخوا زۆر ترساووم.

یەكەمجار بوو تۆفە بەڕاستی‌و دڵپێوە بوونەوە باسی كارێك بكات وەكو ئەمجارە لەبەر ئەوە زۆر بەمەلوولی‌و ناڕەحەتییەوە گوتی:

- بەخوا پێشمەرگە هەموو مقۆمقۆیان تێكەوتووە هەندێك ئەڵێن ئەم گفتوگۆیەمان پێ‌خۆشەو قەی چی ئەكات، بائیتر ببرێتەوەو هی كەش ئەڵێن وەڵڵا عاسمانیش بڵێت دەست لەچەكەكەكان هەڵناگرین، لەسەركەوتنداین‌و هێزێكی گەورەین‌و سەدان شەهیدمان داوە، گوایە لەرێی چی وازبێنین‌و شوێن درۆی حكومەت بكەوین وەكو نەزانین حكومەت كێیەو نیازی چییە.

تۆفە جگەرەیەكی تری داگیرساندو گوتی:

- كورە كاكە هەر لەبەر چاوی خۆمو بەوشەوە پێشمەرگەبوون بەدوو بەشەوەو دەستیان دایە تفەنگ‌و دەمانچە لەیەك‌و سەدهەزار جنێوی پیسیان بەیەكترداو ئەڵێن لەدوو سێ بنكەی تریش شتی وا روویداوە.

گوێگرەكان ناڕەحەتی‌و داماوی لەچارەیان ئەباریێ‌وەختی گوێیان لەم قسانە بوو، بۆیە كاكە حاجی بەمەلوولییەكەوە گوتی:

- ئەی هاوار بەخوا ئەوەنیشانەیەكی خراپە.

(هەردوو دەستى پان كردەوەو لەپەنجەرەكەوە سەيريٌكى ئاسمانى كردو گوتى:

خوايە رەحم بەم كوردە هەژارە بكەى‌و ناكۆكى‌و دوودڵييان نەخەيتە ناو، بەخوا بەرگەى هەموو شتيٌك ئەگرين هەر ئەوە نەبيٌت ئەو رۆژە ئەو ناكۆكييە رووبدات، ئەو رۆژە ئەبيٌتە سەرەتاى نەگبەتى‌و فەوتانى كورد، يارب العالمين قەت قەت كورد تووشى ئەم نەگبەتى‌يە نەكەيت)

سەبرى بەسەر سوڕمانيٌكەوە رووى كردە تۆفەو گوتى:

- ئەيەڕۆ ئينجا بۆچى هيچ ليٌپرسراوو سەركردە لەو شويٌنانە نين كەدوو قسە بۆ پيٌشمەرگەكانمان بكەن‌و تيٌيان بگەيەنن‌و نەيەڵن وابكەن.

بەماتييەوە كيٌشاى بەسنگى خۆياو بەماتەمينيٌكەوە گوتى:

- ئەوە بۆ شيٌروان واشپرزەو تيٌكچوو بوو هەرچييەكم لیٚ ئەپرسى ئەبوو بەفيشەكە شيٌتەو ئەچوو بەئاسمانا.

تۆفە سەرى راوەشاندو گوتى ئەوە هەفتەييٌكە ئەم قسەيە بڵاوبۆتەوە، نەختیٚ دەنگى نزم كردەوە وەك لەگەڵ خۆى قسە بكات‌و حەز نەكات ئەوەندەى تر بەو قسەيە دڵيان نارەحەت كات لەسەر خۆ گوتى:

- ليٌپرسراوو سەركردەى چى؟ ئەوان خۆشيان بوون بەدووبەشەوە.

ئامەخان بەدڵيٌكى داخورپاوەوە دەم‌و ليٌوى بەلكى سەرپۆشەكەى داپۆشى‌و سەيريٌكى تۆفەى كردو لەدڵى خۆيا گوتى:

- ئـۆ خـوا نەتهێنێتـەوە بـۆ خـۆت و دەنـگ و باسـت خـۆ بـەجارێك دونيـاى بەقوڕگرت.

كاكە حاجى هەناسەيەكى هەڵكێشاو گوتى:

- ئەى نەئەبوو يەكێ لەكوڕەكان بێتەوە؟ ئەى شێروان چى ئەكرد؟

تۆفە بەدەم جگەرە داگيرساندنەوە گوتى:

- شێروانى فەقير بڵێ چى. هەر بەوەدا ئەگات قسەيان بۆ بكات و پێيان بڵێت وامەكـەن و دان بـەخۆتانا بگـرن تـا وەزعەكـە روون دەبێتـەوەو ئەوبرادەرانـە ئەگەڕێنەوە لەسەفەر.

ئامەخان كەهەر لەبەر پەنجەرەكە دانيشتبوو بەگەرمييەوە هەڵبەزىو گوتى:

- ئۆخەى وەڵڵا ئەوە نەورۆز گيان هاتەوە.

هەموو راپەڕين و گوتيان:

- ئەو چاكتر با بێت بەشكەم تێمان بگەيەنێت بزانين ئەمە چييە؟

تۆفە ئەم قسەيەى پێناخۆشبووو رووىكردە جەماعەت و گوتى:

- ئەويش هەر ئەم قسانەتان بۆ ئەكات، قسـەى ئـەو شـاخ و بـاڵى نييـە، وەڵـڵا ئەڵێى ئيتر قەت باسى هيچتان بۆ نەكەم.

نـەورۆز كـردى بـەژوورا. ئـەويش ئـەوەندە خـۆى پێچـابووەوە مەگـەر هـەر ئامەخانى دايكى بيناسيايەوە، سەلامى لەجەماعەت كردو هەواڵى پرسين و هەر بە پێوە يەك دوو قسەى گاڵتەى لەگەڵ تۆفە كردو هاوارى سەبرى كرد كەزۆرى برسييە و يەك دوو ماچى هەڵگورديشى كرد ئينجا دانيشت.

باوکی بەپەرۆشەوە رووی تێکردو گوتی:

کوڕم بەخێربێیتەوە، پێش هەموو شتێك جارێ باسی وەزعمان بۆ بکە لە دوێنێوە زۆر ناڕەحەتین و ئارامان لێبڕاوە.

نەورۆز بەروویەکی خۆشەوە سەیری باوکی کردو گوتی:

- وەزعی چی؟ وەڵلا شکور وەزع خۆشەو هەر ئەم سەرماو بەفرە نەبێت دونیای ناخۆش کردووە،خەڵك خواخوایەتی هەر نەییتە دەرەوەو لەبەر سۆپا هەڵنەستێت، لەدوێنیوە هەر ئەم گوت ئێستا نەڕۆم و تۆزێکی‌تر ئەڕۆم کەچی هەر چەندم ئەکرد تاقەتم نەبوو بەتایبەتی کەبیرم لەم سەرو هەورازەی ئێرە ئەکردەوە.

باوکی بەزەردەخەنەیەکی کاڵی مەلوولەوە سەیرێکی کردو گوتی:

- دیارە دەنگو باسی (گفتوگۆ)و (مفاوەزات) کاری تێکردووی و تەمەڵی کردووی، ئەگینا خۆ ماشائەڵلا تۆ ئەوەتی زستانە ئەڵێی ئاسکی بەسەر ئەم گردو شاخ و داخ و هەورازانەوە، مانگێك لە (گردە رەش) بووی ئەتگوت بەفرمان ئەکولاند تاوەکو ئاو بخۆینەوە، ئەمە بۆ لەپڕ وات لێهات.

حاجی لەسەر قسەکەی رۆیشت و گوتی:

- تۆ جارێ باسی ئەم دەنگو باسەمان بۆ بکە، ئەمە راستە یا درۆیە؟

نەورۆز کەهەر دەستی گەرم ئەکردەوەو دەستی هەلەگلۆفت و دەستی لەوە ئەچوو کەزۆر تەزیی بووبن، رووی کردە باوکی‌و گوتی:

- وەزع شکور باشەو گفتوگۆگۆیەکەش هێشتا هەر قسەیەو جارێ مەعلووم نییە.

ئامەخان سەیرێکی تۆفەی کردو دوای رووی کردە نەورۆزو بەسەر سورمانێکەوە گوتی:

- ئەی تۆفە ئەڵێت تازە تەواو بڕاوەتەوە وا دەستی پێ ئەکەن و پێشمەرگە بوونەتە دووبەش و دەستیان داوەتە تفەنگ و دەمانچە لەیەك، ئینجا دەستیدا بەسنگی خۆیاو گوتی:

- ئێمە واخەریکە زیرەدەکەین لەداخانا. ئەی ئەمە چییە؟

نەورۆز دەستێکی هێنا بەسەرو ملی خۆیاو گوتی:

- نەبابە دووبەشی چی و حاڵی چی، ئەوە کاکە تۆفە بەسەهووچووەو وانییە وەکو ئەو بیستوویەتی.

تۆفە مژێکی لەجگەرەکەیدا کەزۆری کات لەپەنجەکانی جیا نەئەبووەوەو هەندێ سەنگی دەرپەڕاندو گوتی:

- ئەڵێیت ئیمشەو لەبنکە نەبووی یاخۆت خەوت لێکەوتبوو؟ کوڕە چۆن هیچ نەبووە. ئەی ئەو دەست لەیاخە گیرکردن و شەڕە جنێوە چی بوو؟ خۆ عەریف رەسوڵ و قالەی ئامە سوور خەریك بوون یەکتر بکوژن لەسەر ئەوە من نەبوومایە دەستم باداو دەمانچەکەم لێ سەندو خوا ئەیزانی ئێستا چی قەوما بوو ئامەخان بەژێر لێوەوە گوتی:

- دیسانەوە خۆی تێخست، خۆزگە جارێك باسی رووداوێك بکرایە بێ ئەوەی ئەم فشەکەرە خۆی تێخستایە، دایکم سەر لەشکر ئەوە، دختۆر ئەوە ، حەکیم و ئەرستۆو ئەقڵداری دونیا هەر ئەوەو کەسی کەنییە.

نەورۆز کەخەریك بوو بداتە پڕمەی پێکەنین گوتی:

- کوڕە کاکە گیان من چۆن لەوێ نەبووم، ئەی هەر ئەوکاتە نەبوو کە جگەرەکەت لەکاك شێروان سەندو من بۆم داگیرساندی؟ کاکە پێشمەرگەش بەشەرن، ئەوانیش رەنگە هەزار نارەحەتی و تەگەرەی تایبەتی و گشتییان هەیە، ئەوانیش وەکو خەڵکی تر تووڕە ئەبن و ئەچن بەگژ یەکاو پەلاماری یەك ئەدەن، هەموو کەس هەر وەهایە، لەناو خێزانێکدا رۆژی بزانە چەند دەمەقاڵێ و شەڕ ئەقەومێت، نەخوازەلا لەناو ئەوانە کەبەم سەرماو سۆڵەیە هەمیشە ئامادەو حازرن و روحیان لەسەر لەپی دەستیانە.

کاکی من ئەوە ئەو دوانەش لەسەر شتێکی تر ناکۆکییان هەبوو ئیتر ئەم باسی گفتوگۆیەیان کرد بەبیانوو.

تۆفە سەری راوەشاندو گوتی:

- چاك ئەفەرمووی، باوابێت، بزانە دوایی قسەی کاممان راست دەرئەچێ

سەبری بەسینیە نان و چێشتەوە گەیشتە ژووری و نانەکەی لەبەردەم نەورۆزدا دانا و بەپێکەنینەوە گوتی:

- یاخوا هەردووکتان بەخێربێنەوە، خۆ ئێستاش نەمانزانی مەسەلە چییە؟ و ئاخری چیبوو؟

مامی بەدەم تەسبیحاتەوە گوتی:

- ئیتر خوا رەحم کات، من هەر ئەوەندە ئەڵێم خوا نارێکی و ناکۆکی نەخاتە ناو ئەم برادەرانەوەو هیچ کات کورد توشی ئەو نەگبەتییە نەکات، قەدیمی بە

درۆیان نەگوتووە (برا لەپشت برا بێت مەگەر قەزا لە لای خوا بێت) دوژمن بە هیچ شتێك زەفەرمان پێ نابات‌و ناتوانێ کورد لەناو بەرێت بەوە نەبێت کەدوو دڵییان بخاتە ناوو بیان کا بەگژ یەکا، بەڵام کەلەپشت یەك بن‌و هەموو پشتی یەك بگرن‌و قسەیان یەك بێت هەمیشە سەر ئەکەون‌و خەڵکیش حورمەتیان ئەگرێت‌و دوژمنیشیان لێك ئەبێتەوە.

نەورۆز بەدەم نیسکێنە هەڵقوراندنەوە گوتی:

– بەڕاستی بابە گیان وایەو زۆر ڕاستە بەڵام ئەوەشت بیرنەچێت ئەوانەی قازانج لەشێواندن‌و تێکدانی ریزی برایەتی ئەکەن هەمیشە لەپیلانی خۆیان ناکەون‌و ژەهری خۆیان هەر ئەڕێژن‌و قسە ئەبەن‌و قسە ئەهێنن لەبەینی دوو برادا.

خوا ئەوانە بگرێت‌و هەقە سەری ئەوانە پانکرێتەوە، ئەگینا ئەوەتی پارتی هەیەو شۆڕش دەستی پێکردووەو هەموو لایەك یەك دەستن یەك گیان‌و سوێند بەسەری یەکتر ئەخۆن.

نەورۆز بەزەردەخەنەیێکی خۆشەوە ڕوی‌کردە تۆفەو ئەویش پێش پێی ئەو لەنان خواردن بووبووەو خەریکی چا خواردنەوە بوو کە هەر ناوی چا بوو ئەگینا لە لەمەرەکەب ئەچوو ئەوەندە خەست‌و کوڵاو بوو چونکە تۆفە وای حەز لێ ئەکرد.

نەورۆز رووی قسەکەی کردە ئەو و گوتی:

- توخوا کاکە (تەوفیق) گیان قسەکانم ڕاست نین؟

تۆفە قومێکی چاکی لەچایەکەی داو نەختێ لەدەمیا هێشتییەو بەلەزەتیش قووتی‌داو رووی کردە نەورۆزو بەتەوسەوە گوتی:

- بەڵێ قوربان قسەت وەك نەخشی بەرد وایە.

بەگەرمییەوە قسەکەی تەواو کردو گوتی:

- کوڕە تۆ چووزانی قسە بکەیت، قسە کردنیش خاوەنی خۆی هەیە.

سەبری دایە پرمەی پێکەنین‌و گوتی:

– نەورۆز ئەشهەدو بیلا، کاکە تۆفە گیان راست ئەکات تۆ چووزانی قسە بکەیت، قسە کردنیش خاوەنی خۆی هەیە.

ئیتر بەجارێك هەموویان دەستیان کرد بەپێکەنین تۆفە نەبێت.

* * *

حەپسەخان بەدیار ئاگردانەکەوە دانیشتبوو خەریکی چێشت لێنان بوو، لەبەرخۆشییەوە بۆڵە بۆڵی ئەکردو تووڕە بووبوو بەدەست داری تەڕو دوکەڵییەوە دەستێکی بەئاگرخۆشکردنەوە بوو دەستێکی بەچاوودەم‌و لووتی خۆیەوە بوو.

قسەی بەم سەرمایە ئەگوت، دڵیشی زۆر لەمەراقا بوو، چونکە تائەهات قسەو قسەرۆك‌و باسی ناکۆکی زیاتر ئەبیست، هەر کەسەش شتێکی ئەگێڕایەوە، دڵی لای کوڕەکانی بوو زاواو خوشکە زاکانی بوو دڵی لای کوڕی خەڵکی تر ئەبوو کەهەموویان لەلای وەك کوڕی وابوون‌و هەموویانی وەك ئەوان خۆش دەویست، ئەترسا کەباسی ئەم ناکۆکی‌و دووبەرەکییە راست بێت، ئەوێ کەشەوێ عەلی‌و حوسێن خەریك بوون دەست بدەنە یەخەی یەك بۆیەکەمجار

لەبەرچاوی باوکیان هەر بەتەواوی بڕستی بڕیو تێیگەیاند کەبەڕاستی ئەمە چ خەمێکی کەمەر شکێنە، پێش ئەم قسانە وادڵنیاو ئارامو دڵخۆش بوو، وای ئەزانی دونیا هەمووی هی ئەوە، کەیەکێ لەکوڕەکان ئەهاتنەوەو باسی شەڕێکی پێشمەرگەیان بۆ ئەکرد کە لەکوێ چییان کردووەو لەفلان شوێن چەند سەرکەوتوونو ڕێگایان بە چ قافڵەیەکی عەسکەری گرتووە،. گەز گەز باڵای ئەکرد لەخۆشیاناو دەستی ئەکرد بەقوربانو لەدەور گەڕانیانو کەباسی ئەوەشیان ئەکرد کەلەشەڕێکا پێشمەرگەیەك شەهید بووە دەستی ئەکرد بە گریانو دڵی ئەگووشرا وای ئەزانی کەیەکێکی زۆر خۆشەویستو نزیکی شەهید بووە، بێ ئەوەی هەر چاویشی بەو شەهیدە کەوتبێ.

ئەم ژیانەی لادێیو قوڕو چڵیاوو بێ حەمامیو پڕ لەهەزار کەمو کوڕییەی لەلا سەیران بوو، چونکە هیواو ئومێدێکی هەبوو.

زۆرجار مەسەلەکەی ئەگوتەوە کە ئەڵێت (ماسی بگری ئەبێ قولە پێشت تەڕ ببێت) ئەی خوا نەکردە ئەگەر ئێستا وەزع وانەماو ئەو برایانە بوون بەدوو بەشەوەو چوون بەگژیەکا ئیتر ژیان بەلای ئەو و هەزارانی وەکو ئەو چ خۆشییەکی تیا ئەمێنێتو چ نرخێکی ئەبێتو پاداشی ئەم ڕەنجو تێکۆشانو خەباتی سەختی چەند ساڵەی کوردچی لێ دێت؟

حەپسەخان بەدڵێکی گووشراوەوەو چاوێکی پڕ فرمێسکەوە بەمەلوولی لە خوا ئەپاڕایەوە کە (خوایە قەت ڕووداوی واپیشانی کورد نەدەیتو ئاوێك بکەیت بەم ئاگرەداو ئەم برایانە لەیەك نەکەیت.

لەم بیروقسانەدا بو کەلەسەردەنگی نەوبەهاری بووکی هاتەوەسەرخۆ، کەلە هەیوانەکەوە دەنگی هاتو گوتی:

- ئەرێ وەڵڵا ئەوە كاكە تۆفە هاتەوە، یاخوا بەخێر بێتەوە ئەوە بۆ وا دواكەوتی.

حەپسەخان بڕێ داری كەی خستە ئاگرەكەی ژێر چێشتەكەیو هەستایە سەر پێیانو رووی كردە لای نەوبەهار كەلەهەیوانەكە راوەستابوو قسەی لەگەڵ تۆفە ئەكرد.

تۆفەش خۆی ئەتەكاندو پێلاوو پۆتینەكانی دائەماڵیو هەر كۆفو لۆفی بوو لەتاو سەرما، حەپسەخان بەخێرهاتنی كردو هەواڵی خوشكیو سەبری كچیو ئەوانی تری پرسیو دوایی گوتی:

- ئەوە بۆ دواكەوتی؟ هەفتەیەكە رۆیشتووی؟

تۆفە ئاورێكی لێدایەوەو بەخێسەیەكەوە گوتی:

- هەفتەێیكە رۆیشتووی؟ قسەی بەر ئاگردان ئەكەیت، بۆچی تۆ ئەزانی چەند بەڕێوەبوومو چۆن ئەو رێگایەم بڕیوە؟ لەم سەر شەوێكو لەو سەریش شەوێك لە بنكەی مەكتەبی سیاسی ماومەتەوەو لەدووسێ هەورازا خەریك بوو هەر بخنكێم كەئەو رەشە بایە بەبەفرەوە ئەیدا لەدەمو چاوم هەر هەناسەی لەبەر ئەبریم.

حەپسەخان بەمەلوولێیەكەوە گوتی:

- دڵم خۆشبووو وام ئەزانی ئامەی خوشكیشم لەگەڵ خۆت ئەهێنی بۆیە ئەوەندە دواكەوتی.

تۆفە كەهەر خەریكی خۆی بوو و بێ ئەوەی سەیری حەپسەخان بكات گوتی:

- بەچی بم هێنایە، بەتەیارە یا بەپەڕەشووت؟

حەپسەخان گوتی:

- باشە باشە ئەمان ویست حەواڵە بەخوابی. قسە وەرام دانەوەت چەند حازرە دائیم ئەڵێیت دەمانچەی‌و لەسەر پێی، بەبۆنەی گەڕانەوەی تۆفە بۆ ماوەت شەوێ روناک‌و بێستون‌و نەسرین‌و حسێن هەموو کۆمەڵ بوون لەماڵی حەپسەخان‌و حاجی مەجید، ئەوانیش وا ناڕەحەت‌و بێ تاقەت بوبوون لەتاو ئەو قسەو باسانەی ئەیانبیست کەسیان جێیان بەخۆیان نەئەگرت هەزار ئەوەندە بەفرو تۆف بوایە خۆیان هەڵئەکردو ئەچوونە لای یەك. ئەو شەوە هاتنی تۆفە یانکرد بە بیانووو هاتن‌و لەدەوری یەك کۆبوونەوەو سەری قسەو بنی قسەش ئەو دەنگ‌و باسە بوو، تۆفە سنگی دەرپەڕاند بوو هەژدە هەژدە قسەی ئەکردو باسی ماڵی ئامەخان‌و کاکە حاجی‌و سەبری‌و ئەوانی بۆ ئەگێڕانەوە، کەچییان گوتووەو چۆن ئەوانیش نارەحەتن‌و لەمەراقن، بەڵام وەکو شتێك بیری نەبوو یان نەی ئەویست کەباسی شەڕی پێشمەرگەکان بکات کەچۆن پەلاماری یەکیان داوەو چۆن دەمانچەیان لەیەك کێشاوە.

هەروەها باسی پاڵەوانی خۆشی بۆ ئەکردن، کە ئەگەر وەکو ئەو ئەڵێت ئەو نەبوایە دەستی بادانایەو دەمانچەی لێنەسندنایە یەکتریان کوشتبوو.

حەپسەخان سەیرێکی نەسرینی کردو بەپەرۆشەوە گوتی:

- توخوا نەسرین سەرباقی دەردان، دراوسێ عەرەبەکەتان لەچییان، لەو رۆژەوە باست کردوون نارەحەتم بۆیان، نەسرین دەمی خۆی داپۆشی بە لکی سەرپۆشەکەی‌و پێکەنی‌و گوتی:

- وەڵڵا بڵێم چی خەڵك بەزەییشی پێیانا دێتــەوەو پێکەنینیشــی پێیــان دێت. بەتایبەتی بەکراس و کەوای ژنەکە.

نەسرین قسەکەی تەواو کردو گوتی:

- ژنەکە زۆر بەسەزمانە هەر ئەگریو هەر شەڕ ئەکات لەگەڵ دوو کوڕەکەی، پیاوەکەش زۆری کات لە(بنکەیە) هەندێ جار حسێن لەگەڵ خۆی ئەیهێنێتەوە بۆلامان، منیش ژنەکەی بانگ ئەکەم.

تۆفە هەڵی دایەوەو گوتی:

- گوایە بۆچی ئەگری؟

نەسرین گوتی:

- ئەڵێت ئێمە فێری شوێنی وا ساردو بەفر نین و فێری ئەم ژیانە نەبووین.

تۆفە گوتی:

- تۆش پێی بڵێ شوکری خوا بکە کەخۆت و مێردو منالّت گەیشتوونە ئێرەو شۆڕش دالّدەی داون ئەگینا ئێستا مردبوون.

مژێکی لەجگەرەکەی داو گوتی:

- بەڵێ فێری ئێرەنین، فێری قەسرو خانووی خۆشن، دەبا بیخۆن و بزانن کە خەڵك هەیە وا ئەژی، لەژێرەوە جنێوێکی دا بەخۆیان و گەورەیان.

پیاوە عەرەبەکە کار بەدەستێکی گەورەی سوپا بوو لەبەغدا لەیەکێ لەو ئینقلابانە توانیبووی رابکات لەگەڵ ژن و منالّی و خۆی بگەیەنێتە شاخ.

حسێن بۆیە هەڵی دایی و گوتی:

– وەڵڵا پیاوەکە زۆر نەجیبەو ژنو ماڵەکەشی هەروەهاو هەمیشە ئەڵێت نازانم بە چ زمانێك من مەمنوونی یەت بەرامبەر ئەم شۆڕشو پێشمەرگانە دەربڕم کەوا خۆمو ماڵو منداڵیان رزگارکردو زۆر مەتحی کورد ئەکاتو ئەڵێت قەت نەم ئەزانی ئەوەندە پیاون، بێستوون گوتی:

- دیارە پیاوەکە بەحورمەتە، بەو هەموو پلە بەرزەی عەسکەریەوە کەهەی بووە کەچی خۆی ئەخاتە ریزی پێشمەرگەیەکی بچوك ئەوەندە بێ دەعیەیە.

تۆفە دیسان هەڵی دایی و گوتی:

ئەوە لێی قەوماوە بۆیە وایە، بەخوا ئەگەر دەستی ببێت ئەویش لەوان خراپتر ئەبێت ئەوە ئێوە ئەمانە چۆن ئەناسن، حاجی مەجید کەلەسەرووی ژوورەکە دانیشتبووو کوردۆی کوڕەزای لەباوەشا بوو یاری لەگەڵ ئەکرد ماچی ئەکردو تەسبیحەکەی ئەکردە مل، وەرامی تۆفەی دایەوەو گوتی:

- کاك تۆفە وا مەڵێ. هەر چاکە چاکە، چاکە بکەو بیدە بەدەم ئاوەوە.

ئێستا ئەم پیاوە مادام پەنای هێناوەتە بەر شۆڕش ئەبێ بەچاوێکی بەزەییەوە سەیر بکرێتو بەهەموو تواناوەو بپارێزرێتو حورمەتی بگیرێت.

* * *

ئەو زستانە سەختە ئاخری برایەوە، کەلەلای حەپسەخانو خوشکیو گەلێ خەڵکی تریش هەر لەبرانەوە نەئەهاتو لەلایان وابوو کەهەرگیز جارێکیتر گەرمیان نابێتەوەو ئەم بارە جلەی لەبەریانە جارێکیتر سووك نابێو لە کۆڵیان نابێتەوە، کەچی نەك هەر بەفرو سەرما نەما بەهاریش بەگوڵو گوڵزاریەوە

بەبۆنی گژوگیای دڵفرێنەوە ئەویش هات و کۆن بووو وا هاوینیش دەستی پێکرد. دارو درەختی ئەو ناوانە لق و پۆپی بڵاوکردبووەوە. بەگەڵای سەوزو جوان و میوەی جۆراوجۆر رازابوونەوە.

نزیک کانیاو پلوسک و هەورازو نشێوو دۆڵ و بناری کوردستانی شیرین هەموو ببوونە هاوینەهەوارو پەنا و جێی پشووودانی رێبوارو شوان و مەڕو ماڵات. ئێواران خەڵك دڵی ئەکرایەوە کەبەقەد شاخەکانەوە دوکەڵ و تروسکە ئاگری نان کردن و چێشت لێنانی دێهاتەکانیان ئەبینی، کەبەزۆری خانووەکانیان بەجێهشتبووو چووبوون بەدیار رەزو تووتن و زەراعەت و دەغڵ و دانیانەوە دانیشتبوون، لەو کاتەدا دەنگوباسی دووبەرەکی و شەڕی برا کوژی و پەلاماردانی یەکتری گەیشتبووە ئەوپەڕی، ماتەمینی خەڵکی داگرتبوو، پیاوی ناسراوو پیر، پیاوی ماقووڵ و کەسی کورد پەروەر کەوتبوونە ناوبژی، بەڵام سوودی نەبوو، چونکە گێرە شێوێن و ئەوانەی قازانجیان لەو ناکۆکییە ئەکرد، هەمیشە لەگەڕدابوون و بەخۆشییەوە نینۆکیان لەیەك ئەخست، لەچەندەها شوێن برا برای ئەدایە بەردەست رێژو گوولە، حکومەتیش شایی و هەڵپەرکێی بوو، ئەی بۆ نەء؟، چ باشتر و خۆشتر هەبوو بۆ ئەو لەوەی کەکورد کورد بکوژێت و یەکتر قڕ کەن و بێ هێزو لاواز بکەونەوە بەردەستی و ئەویش بەکەیفی خۆی تۆڵەی بەرەو دووایان لێبکاتەوە، ئاخری وای لێهات کە زۆر ماڵی منداڵدارو خەڵکی پیرو نەخۆش، لەناودەست و پێی لاچن و بکەونە رێ و لەچەمەکە بدەن و بڕۆن بەرەو ئێران.

ئەو مالأنەش دیسان مالّی حەپسەخانو خوشکیو خێزانیان بوون چونکە منالّی ساواو کۆرپەو سەروبنیان هەبوو، هەروەها حاجی مەجیدیش کەنەخۆشی دلّی هەبو، چەند شەرەکە گەرمتر ئەبوو ئەو زیاتر پەرێشان ئەبووو رۆژی چەند جارێك لەهۆش خۆی ئەچوو.

* * *

بەختیار بەیانییەکیان بەهەلّەداوان گەیشتە مالّیو بەئەسپایی بەدایکیو سەبریو ئەانی گوت:

- هەستن هەروا ئەو شتانەی زۆر پێویستن کۆی کەنەوە بابرۆین دەربازتان کەین، شەرەکە گەیشتە نزیك ماوەت وا مالّی مامیشم بەرێوەن.

ئامەخان چاوی زەق بووو دەمو لێوی وشك بووو خۆی گرمۆلّەکردو دانیشتو گوتی:

- ئەیەرۆ قوور بەسەرم دوور لەسەری ئێوە، خۆ ئەوە بوو بەراست؟

بەهەردوو چەپۆك کێشای بەسەری خۆیاو گوتی:

- ئەی کورەکانی تر کوان؟

دوایی وەك شتێکی بیر کەوێتەوە، هەندێ هاتەوە سەرخۆیو گوتی:

— بۆچی برۆین؟ دوێنێ ئێوارە عەبەی کاك فەتاحو پێشمەرگەکانی بێرەدا تێپەرین، هاتن بۆ لامانو چایەکیان خواردوە، کاکە عەبە بەمنو سەبریو حاجی گوت:

- دلّتان هیچ نەکات، ئەوەتە هێزەکەم لەسەروو گردەکەی نزیکتانەوەیە، ئاگام لێتان ئەبێت هیچ ترستان نەبیٚو مەشلّەژێن.

بەختیار بەزەردە خەنەیەکی تەوساویەوە دەستی دابەیەکاو گوتی:

- عەبەی کاکە فەتاحت ئەوەتە پێش ئێوەش گەیشتۆتە ئێران بەماڵو مناڵەوە بەختیار پەلەی لێکردن‌و گوتی:

- زووکەن دەی وەختی ئەم قسانە نییە، هەروا چەند شتێکی سوك‌و پێویست بێنن لەگەڵ خۆتان‌و حازر بن تاوەکو بتان بەین، بەختیار کەبینی نائومێدی‌و سەر لێشێواوی خەریکە هەرەس بەدایکی‌و ئەوان ئەهێنێت‌و دەستە پاچەبوون‌و نازانن چی بکەن، بۆیە بەزەردەخەنەیەکی دەسکردەوەو سەیری کردن‌و گوتی:

- خۆ ناڕۆین بەیەکجاری، هەروا بۆ چەند رۆژێك ، ئینشائەڵلا زوو ئاوئەکرێ بەم ئاگرەداو ئەگەرێنەوە خەڵك زۆر کەوتوونەتە بەین‌و ناوبژی‌و بەگەرمی خەریکن.

باوکی بەمەلولێکەوە سەری راوەشاند‌و گوتی:

- پەنا بەخوا، خوا ئاوێکی رەحمەت بکا بەدڵی هەردوو لادا،

ئەوەندەی پێ نەچوو شێروانیش هاتەوە، سەبری بانگ کردە ژوورێ‌و چووە نزیکی‌و زۆر لەسەرخۆ وەکو هیچ نەقەومابێت، پەلاماری سەبری داو دوو سێ ماچی کرد. سەبری خۆی لەدەست راپسکاند‌و بەتووڕەییەوە گوتی:

- ئەیەرۆ ئێستا وەختی ئەوەیە؟ ئەرێ ئەوەبۆ تۆ ئەوەندە خۆ پەرست‌و کەمتەرخەمی؟

شێروان گوتی:

- ئەمە چەند مانگێکە نان‌و ئاوم لەخۆم حەرام کردبوو، قورگم هاتبووە یەك تازە ئەوەی لێی ئەترسام قەوما ئیتر منیش گوێ نادەمە هیچ، خوا ئەیکرد هەر ئێستا ئەکوژرام.

جارێكی تریش چوو بەلای سەبرییەوەو دوو سێ ماچی كەی كردەوەو كوڕەكەی گرتە باوەش‌و كەوتە ماچكردن‌و یاری كردن لەگەڵی. تاوەكو سەبری پەڕوو پیتاڵ‌و هەندێ خواردن‌و كەل‌وپەلی حازركرد بۆ ڕۆیشتن.

* * *

ئێوارە بوو ڕۆژ خەریك بوو ئاوا ئەبوو. تیشكی زەردو بێ تینی بەسەر لووتكەو هەندێ لێوارو كەناری شاخەكانەوە مابوو، ئەتگوت لە تەریقی‌دا ئەیەوێت خۆی بشارێتەوەو ئەویش زۆر دڵگیرو ناڕەحەت‌و بێ دەسەڵاتە بەرامبەر بەو كردەوە ناشیرینەی كەڕووی داوەو بەشەرمەوە لەو بەرزیەوە، چاوی لێیە كەچۆن برا پەلاماری برای خۆی ئەدات‌و چەند بە دڵێكی پڕ قین‌و دوژمنانەوە یەكتری ئەدەنە بەر گوللەو دەست ڕێژ، وەك حەیوانی كێوی‌و دڕندەیان لێهاتووەو هیچ هەست‌و هۆشیان نەماوەو ناڵێن كەئەمە بۆ و لەبەرچی؟ لەسەرچی وا لەیەك ئەكەن؟ خۆمان لەناو ئەبەین‌و خۆمان بەقڕ ئەدەین؟ ئەو هەمو گەنج‌و قارەمان‌و خەباتكەری چەند ساڵە لەیەك ئەكوژین، كەتاوەكو دوێنێ برا بووین لەسەنگەرێكاو خۆشی‌و ناخۆشی‌و گریان‌و پێكەنینمان باوەشی ئەكرد بەیەكاو تێكەڵاو ئەبوون‌و ئەچوونە ناویەك گیانەوە، بۆچی وا بێ ڕەحمانە خوێنی گەشی یەكتری ئەڕێژن ئێمەی بێ كەس‌و تاك‌و تەنیا، لەم دونیا فراوان‌و بەرینەداو لەناو ئەو دوژمن‌و ناحەزە زۆرەماندا. كەخوا خوایانە لەناومان بەرن‌و بێ هێزو بێ دەسەڵات‌و بێ ناونیشانمان كەن، كەچی ئەوەتە خۆمان ئاواتی دوژمنی گەلە هەژارەكەمان هێناوەتە دی‌و واخۆمان، خۆمان لەباتی ئەوان یەكتری لەناو ئەبەین.

ئەو ئێوارەیە زۆربەی هەڵهاتووەکانی شەڕی برا کوژی بەرەو چەمەکە ئەهاتن بۆ ئەوەی بپەڕنەوە بۆ دیوی ئێران. ئەم بەری چەمەکە کوردستانی عیراق بوو و ئەوبەری کوردستانی ئێران بوو چەند خێزانێك بەمناڵو گەورەیانەوە دانیشتبوون چاوەڕێی پەڕینەوەیان ئەکرد.

هەندێ پێشمەرگەو خەڵکی دێهاتەکانی ئەو دەوروبەرەش خەریکی لقو پۆپی دارو درەختو گوریسو تەناف بوون، کە (کەڵەك) دروست کەنو ئەو خێزانو خەڵکەی پێ دەرباز کەن. چونکە چەمەکە زۆر بەگوڕو خوڕ بوو و زەلامو ولاخیشی ئەبردو رائەماڵی لەگەڵ خۆی.

ماڵی حەپسەخانو ئەوان هەموو گەیشتبوونە ئەوێو بەکەساسیو مەلولیو سەر لێشێواوی، بەچاوی پڕ فرمێسکەوە دانیشتبوون، تەنیا تۆفەو بەختیار بەدیاریانەوە بوون، عەلی لەگەڵ هێزەکەی مابووەوە، حسێن چووبوو بۆ لایەکی تر، شێروانو سەبریو ئامە خانو حاجی رەوانە کردبووو خۆی نەئەزانرا چوو بووبۆچ لایەك.

تائەشهات خەڵکی ئەو دەوروبەرە ئەهاتن بەدەنگو باسی ناخۆشو دڵ تەزێنەوە، خواردنو تێشوویان بۆ خۆیانو ئەوخەڵکەی سەر چەمەکە ئەهێنا.

هەندێ مەنجەڵە چێشتی بۆ ئاشناو خزمی ئەهێناو کەخەریکن برۆن.

چەند کەسێکیش پەڕیبوونەوە ئەوبەر بۆ ئەوەی (رەزامەندی) دەوڵەتی ئێران وەرگرن تا خەڵکەکە بچنە ناو دیوی ئەوانەوە، هی وا هەبوو لەگەڵ ئاشناو خزمی ئەچوونە پەنایەكو ئەبووە چرپەچرپیان کە ئەم چەکە چاکەی نەباتە دیوی ئێرانو بیدا بەشکەم چارەیەك بدۆزنەوە کەلێرە بۆی هەڵگیرێت.

ئیتر دیمەنێکی یەکجار دڵ ناخۆشکەر، ماڵکاولکەرو پڕ شەرمەزاری بوو بۆ هەر دوولای پەلاماردەرو شەڕکەرو براکوژ.

ئینجا ئەمە نەك هەر لەوناوچەیە وابو، بگرە بەدرێژایی هەموو وڵاتەکە وای لێ هاتبوو، لەشارەکان ئەوانەی سەر بەهەردوولا لەسەر جادەو کوڵانو بازاڕ یەکتریان ئەدایە بەرشەقو تێلاو دارو بەرد، منداڵو گەورەو لاوو گەنجی هەر دوو لا ئەگەڕانەوە ماڵەکانیان هەموو بەسەری شکاوو دەمو لوتی خوێناویەوە.

دیاربوو کە ئۆباڵی ئەم کوشتو کوشتارو خوێن رشتنە، ئەو رووداوە نالەبارەش هەمووی ئەچووە ملو ئەستۆی سەرکردەکانی هەر دوولا، چونکە ئەبوو ئەوان واز لەهەندێ کەلە رەقیو خۆپەرستنی خۆیان بهێننو بگەنە ئەنجامێكو نەهێڵن کەرۆژگاری ئەو میللەتە بێ کەسە بگاتە ئەم رۆژە رەشەو ئەبوو لەوە زۆر دووربین ترو لەخۆ بوردوتر بن کەبوون.

هەندێ سەرکردە هەبوو کەسەرەتای ناکۆکییەکە دەستی پێکرد بوو، ئەیقیژاندو ئەیشیڕاندو خۆی سوورو شین ئەکردەوە، لەکۆبوونەوەکانا ئەیگوت ئەبێ وا بێو نابێ وابێو هەر کەسە بەقسەی لایەکەی تر بکاتو ئەم رێکەوتنەی لەگەڵ حکومەت دان پیابنێت وایەو وایەو خائینە، من وا ئەکەمو وا ئەکەم، سندوقی فیشەك ئەبەمو ئەچم لەسەر ئەو گردە دائەنیشمو تا ئەتوانم شەڕیان لەگەڵ ئەکەمو لەدواییشا کە دەرەقەت نەهاتم فیشەکێك ئەنێم بەتەپڵی سەری خۆمەوە. کەچی کەشەڕی براکوژیەکە دەستی پێکرد، ئەو پێش هەموو کەس

خۆی گەیاندە شارو کەس و کاریشی بەپەلە لەبەغدا خەریکی پاسپۆرتی بوون تا زوە بۆی دەرچێت بەرەو دەرەوەی وڵات.

شەو داهاتبوو، خێزانەکانی حاجی مەجیدو برای پەڕیبوونەوە دیوی ئێران و لە نزیك چەمەکە لەشوێنێکی تەختی دەوروبەر تاشە بەردی زل زل یەکی بەقەد چارەکە شاخێك دانیشتبوون، کەل وپەل و شتەکانیان لەو ناوەدا بڵاوکردبووەوە. کەزۆریان تەڕ بوو بوون لەوەختی پەڕینەوەدا.

منداڵدارەکانیش بەتاریکی و کوێرە کوێرە خەریکی گۆڕین و نواندنی منداڵەکانیان بوون.

ئامەخان سەری توند جەڕاند بوو و پشتێنی ناوك کەوتنەکەی بەپشتیەوە بەستبوو و هەرئاخ و ئۆف و بۆڵە بۆڵی بوو بەدەست جلەکانییەوە کەچۆن وشکیان کاتەوە، و وا کوڵنجی کردو سکیشی هاتە ئیش.

حەپسەی خوشکی هەندێ ئارام بوبوەوە دوای ئەوەی چاوی بەکوڕو زاواو خوشکەزاکانی کەوت کەهەموو بەسەلامەتی پەڕیبوونەوە دیوی ئێران.

حاجی مەجید جێگایەکی بچکۆلانەیان بۆ داخستبوو، ئەویش پاڵ کەوتبوو براکەشی لەتەنیشتیەوە، دانیشتبوو ورتە ورت و قسەیان ئەکرد بەکەساسی و بەدڵێکی تەنگەوە.

زۆری خەڵکەکەش بڵاوبوونەوەو هەندێ هەر یەکسەر سەر شاخەکان کەوتبوون و کەوتبوونە ڕێ بەرەو دێهاتەکانی ئێران.

ماڵی حەپسەخان و ئەوان ئەو شەوە لەو شوێنەمانەوە تاكو بەیانی، كەرۆژ بووەوە ئەوانیش كەوتنە رێ بەرەو ئەوشاخە بەرزانە، دوو سێ وڵاخیان پەیدا كرد بوو بۆ حاجی مەجید كەنەخۆش بوو، هەروەها منالٚ دارەكانیش كە بەنۆرە سوار بىن، لای ئێوارە گەیشتنە شوێنێكی قوڵی بەرین، كانیاوێكی خۆش لە دامەن شیوەكەوە هەڵئەقوڵا كە وەك ئەشكەوتێكی بچوك وا بوو و لەدەوروبەری بەردو چەوو زیخێكی پاك و تەمیز بوو.

(جەماعەت) بێ هێزو ماندوو لەبەر هەتاو هەڵقرچاو و سوتاو بەدڵێكی پڕ داخەوە گەیشتنە شیوەكە، بەهەڵەداوان یەك لەدوای یەك خۆیان گەیاندە سەر كانییەكە، منالٚدارەكان كە لەخەڵكی تر ماندوو بوون و بەخۆیان و منداڵەكانیانەوە دانیشتن و كەوتنە خۆفێنك كردنەوەو شایەتمنمان هێنا . هەموویان خەمی حاجی نەخۆشیان بوو، تۆفە زەوقی قسەكردن و فیشاڵكردنی نەمابوو و تورەو ناڕەحەت ئەهاتە بەرچاو.

لەرێگا كەهێشتا نەگەیشتبوونە شیوەكە ئامەخان هاواری لێهەستابوو و قسەی بەهەموو كەس ئەگوت لەتاوا، تۆفە لێی راپەڕی و پێی گوتبوو.

- بۆچی پێت ناخۆشە؟ ئەمە شوێنەكەیە كەبەسەعات دائەنیشتین و بەدووربین سەیرت ئەكردو ئەتگوت (وەی دایە شاخ و دێهاتی دیوی ئێران چەند خۆشە. ئەوانەی ئێمە چەند ناخۆشن دەئیتر لەجیاتی دوور بین خۆت سەیریان بكەو، وا ئاواتت هاتە دی. ئەمە شوێنە خۆشەكەتە).

ئامە خانیش فرمێسكی خۆی سریبووەوە دوعایەكی لێكرد بوو گوتبووی:

- سەیری ئەم هەڵەوەرە ناکەن، ناهێڵی داخێکی دڵی خۆمان دەرکەین، وەی باوکەڕۆ من لە کوێم ئەزانی کەئێرە وایە، لەدوورەوە ئەو شاخ و دێهاتانە ئەوەندە جوان دیاربوون هەر ئەتگوت بەهەشتن کەچی ئەم ڕێگاو بانە سەخت و گەرم و پڕ دڕک و داڵ و دووپشک و مارە دەرچوو.

شیوەکە ناوی (شیوی شەو کوێران)بوو، کەشەو داهات حەپسەخان گوتی:

– ڕەحمەت لەباوکی ئەو کەسەی ئەم ناوەی لەم شیوە ناوە، ئەشهەدوبیللا هەقی خۆیەتی پەنا بەخوا ئینجا ئەوە ئێمە چۆن ئیمشەو لێرە بنوین، خۆ هەر مارو دووپشک و دڕندە ئەمانخۆن بەتایبەتی کەچاوچاو نابینێ.

حاجی مێردی کەهەندێ ئارام بوو بوو بەناچاری هاتبووە سەر خۆ بەمەلولییەکەوە گوتی:

- دەی ڕەزامان بەرەزای خوا، چار نییە هەر چۆنێک بێت ئەمیش تێ ئەپەڕێت و ئەبڕێتەوە.

دڵی خۆتان ناڕەحەت مەکەن، کار نییە خوا چاکی نەکات.

سەبری هەڵێ دایەو گوتی:

بابە گیان تۆ خۆت ناڕەحەت مەکەن، ئێستا بەمەش رادێین، ئێرە ئەوەی باشە تاشە بەردەکانی زۆر گەورەو ساف و پاکن و وەك سەکۆ وان و بۆ خۆمان لەسەریان ئەنوین.

روناك هەر زوو چووبووە تەنیشت دایکییەوە سەری نابوو بەسنگییەوەو لەترسانا خۆی گرمۆڵە کردبوو؟

بـەختیاری بەسـەزمانیش سـەرەڕای دڵتـەنگی خـۆیو مـەراقی خـۆی هـەر خـەریکی دڵ دانـەوەی دایـكو بـاوكو پـوورو مـامو پـوورزاو ئامۆزاكـانی بـوو، بەتایبەتی كەتیشووو خواردنەكانیشیان ئەوەندەی نەمابوو.

لەپڕ حەپسەخان گوتی:

– ئۆوە خـوا نـازانم چیـم لێ بكـات، دەبڵـی ژنەكـە حەواڵـە بـەخوابی ئـەوە ئـەو تورەكـە كولیچـە خورمایـەت بـۆ لـەبیر چـووەوە ئـا ئێسـتا مناڵـەكان بـۆ خۆیـان ئەیانخوارد.

دوایی دەستێكی برد بۆ سەرو سەرپۆشی لەبەر خۆیەوە گوتی:

- كولیچەو گاڵگاڵیچی، بۆچی چیمان لەبیر مابوو!

سەبری هەڵدایەو بەپەرۆشەوە گوتی:

- ئـەی بـەمن ئـەڵێی چـی؟ بـەملی شـكاوم تورەكـە كولـێرە بەرۆنەكـەم لەسـەر سنووقەكە دانا كەبیدەمە دەست بەختیار، ئەوەندە بانگیان كردم كەچووم بزانم چییە، ئیتر بیرم چوو هەر لەشوێنی خۆی مایـەوە، شـەوێ لەسـەر چەمەكـە بیرم كەوتەوە. چەندم خەفەت خوارد.

ئامەخانیش دەستێكی دالەسەری خۆیو گوتی:

- ئـەی ئـەو هـەموو مریشـكە قەڵـەوە هێلكـە كـەرەمان هـەبوو، نـەمانگوت هـەر دوانیـان سـەربڕین، یـاخود هـەروا بەسـاغی بیانهێنین، ئێسـتا بـۆ خۆمـان ئـەمان كولاندن.

تۆفەكـە هـەردوو قـاچی درێژكردبـوو، خـەریكی سـەرو پوتـەلاكو جامانەكـەی بوو، وەرامی دایەوەو گوتی:

- مریشكت لەچیا ئەكولاند، كاسەو كەوچكت لەكوێ بوو؟

سەرێکی باداو گوتی:

– ئاخر ئەڵێن زۆر قسە ئەکاتو وەرامەکانی حازرەو زۆر هەڵەوەرە!

بەختیار لەنزیکیەوە دانیشتبوو بەئەسپایی سیخورمەیێکی لێداو بە چرپە گوتی:

– قەی ناکا بەقوربان. دڵیان پڕە با بۆ خۆیان دوو قسە بکەن، ئەوەندە مەحکەمەیان لەگەڵ مەکە.

کاکە حاجی لەو لایەوە هاتە قسەو گوتی:

- دیارە زۆرتان برسی‌یە بۆیە ئەوەندە باسی خواردن ئەکەن.

لەسەر قسەکەی رۆیشتو گوتی:

- لەشەڕی دووهەمی جیهانی‌دا چەند عەسکەرێك لێیان ئەقەومێتو لەهاوڕێ یەکانیان بەجێ ئەمێننو رێگا گوم ئەکەن.ماوەیەك بەو حاڵە بەجێ ئەمێنن.

ئیتر زۆر زۆریان برسی ئەبێت، یەکێکیان بەوی تر ئەڵێت:

- توخوا ئەگەر باسی دەعوەتی ماڵی باوکی دەزگیرانەکەتمان بۆ نەکەیتەوە کەچیو چییان بۆ لێنابووی.

حاجی بەزەردەخەنەیەکی مەلومەلەوەو بەتاریکی کە لەتەنیشت براکەیەوە دانیشتبو گوتی:

- ئێوەش وەکو ئەو عەسکەرانەتان لێهاتووە، ئەو باسی کولێرە بەڕون ئەکات، ئەوانی کەتان باسی کولیچەو گاڵگاڵیو مریشکە کوڵ ئەکات.

لەوکاتەدا خشپە خشپ و دەنگە دەنگێك پەیا بوو لەبەرزاییەکەی کە ئەیڕوانیە سەر شیوەکە، تۆفەو بەختیار راپەڕین و قیراندیان زەلام کێی؟

ژنەکانیش دڵیان داخورپا کە ئاخۆ ئەوانە کێ بن.

بێستوون لەو سەرەوە قیراندنی و گوتی:

- خۆمانین.. خۆمانین.

کەگەیشتنە لایان بێستون و حسێن بوون، هەواڵی جەماعەتیان پرسی و هەندێ دڵیاندانەوەو گوتیان:

- وا ئیتر ئەوەندەتان نەماوە ئێستا ئەگەنە ئەو دێیە و لەوێ مشووری شوێنمان بۆ خواردون، ماڵی کابرایێکی حاجی‌یە خانوویەکی زۆر گەورەی هەیە، تەنیا یەك کچ و ژنێکی پیری هەیە گوتویانە کەبێن و بەخێربێن و بەسەرچاو بێستوون قسەکەی تەواو کردو گوتی:

- کابرای خاوەن ماڵ ئاشنای خاڵمە، زۆرجار ئەهاتە دیوی ئێمەو ئەهاتە ماڵی خاڵم، یەك دووجار دیومە لەوێ.

بێستون بەپەلە خۆی گەیاندە روناك و چوو لەلایەوە دانیشت.

حسێن گوتی:

- خەمتان نەبێت ئەوەندەتان نەماوە ئێستا پشووی تەواو ئەدەن ئینشائەڵڵا.

باوکی پرسی:

- ئەی کورەکانی تر چییان لێهات؟

حسێن وەرامی دایەوەو گوتی:

- كاكە عەلى لەگەلَ دوو سىَبرادەر چوون بۆ سەردەشت كەقسە بكەن لەگەلَ ئێرانييەكان، چونكە ناهێڵن كەس بەچەكەوە بێتو ئەوەی چەكی پیَ بێت ئەڵێن ئەبیَ چەكەكان دانێنو كەی ويستتان ئەتاندەينەوە وەختى كە گەڕانەوە.

مامی دەستی دا بەيەكاو گوتى:

– لاحول ولا قوە الا باللە

تۆفە راپەڕیو بەناڕەحەتیو شپرزەييەوە گوتى:

– كەواتە چەكيش ئەكرين؟

حسێن ويستی لەبەر دڵی باوكیو مامی هەنديَ قسەی دڵنياكەر بكات بۆيە گوتى:

- خۆ شاری بیَ ساحێب نييە، چۆن ئەبیَ ئەو هەموو هێزە بەچەكەوە بچێتە خاكی دەوڵەتێكی ترەوە.

بێستوون خۆی گورج كردو گوتى:

- بەتايبەتی شاە، كەئەڵێن ناهێڵن چەك بەدەست پياوی خۆيانەوە بێت چ جای هێز هی پێشمەرگە بێت.

بێستوون لەسەر قسەكەی رۆيشتو گوتى:

- ئەڵێن شاە بڕوای بەكەس نييە، هەميشە تفەنگەكانی لەشگرەكەی خۆشی لە شوێنێكنو گوللەكانی لەشوێنێكی ترن، تۆپەكانی لەشارێكنو گوللە تۆپەكانی لەشارێكی ترن.

حسێن وەك ويستی ئەم قسانە لەبير بەرێتەوە گوتى:

- ئێوە ئەزانن ماڵی زۆر هاتوونو گەیشتووشنو شوێنی خۆشیان خۆش کردووەو دانیشتوون.

حەپسەخان بەکزییەکەوە گوتی:

- کێو کێ هاتوون؟

حسێن گوتی:

- ماڵی کاکە عەبە فەتاح کەخۆی هەڵکێشابوو ئاگای لێتان ئەبێت، ئەوەتە خۆی و ماڵو مناڵی لەوێن خانووشیان پەیداکردووە، لەسەر ڕێگاوە سەرێکم دان ئەتگوت مانگێکە لەوێن، نانو چێشتیان لێنابووو مناڵەکانیان بۆ خۆیان لەو بەردەمە یاریان ئەکرد ئەتگوت نەبایان دیوەەو نەباران.

نەسرین سەری راوەشاند و گوتی:

- پەنا بەخوا هەندێ کەس چەند هاوەنتەچینو هەر لەخۆشی خۆیان ئەگەڕێن، ئەو ماڵە قەت پەکیان ناکەوێت لەسەر بەردی رەقیش هەر جێی خۆیان ئەکەنەوەو بەلای دیواریشا تێپەڕن بەدەستیان بێت لایەکی لێ ئەکەنەوە.

سەبری لێوێکی هەڵقورتاندو گوتی:

- ئێوەجارێ راوەستن، بەخوا دوو رۆژی پێناچێت هەموو ئەهلی دێ یەکە ئەکەن بەئاشنای خۆیان بەزمانی لووس وایان لێئەکەن کەهەرچی شیرو ماستیان هەیە بۆ ئەوانی بێنن.

حەپسەخان بانگێکی حسێنی کردو کەلەنزیك باوکییەوە هەڵتروشکابووو گوتی:

- ئەریَ رۆڵە نانیَ شتێکتان نەهێناوە خۆ مناڵەکان مردن لەبرسانا حسێن گوتی:

- ئەی چۆن؟

بێستوونیش راپەڕی کەدەستی روناکی لەناو دەستابوو و لەخوای ئەخواست کە دونیا لەوەش تاریکتر بێت، بۆ ئەوەی تا پێی بکرێت زیاتر روناك بگوشیت بەخۆیەوەو تێر ماچی کات بیَ ئەوەی کەس پیَ بزانێت. بێستون بەگەرمییەوە گوتی:

- ئای ئای خۆ لەکن خۆمان خواردنمان بۆ هێناون، کەچی هەر لەبیرشمان نەما.

حسێن و بێستون گورج هەستان و دەستیان دایە کۆڵەکەیان و خستیانە بەردەمی حەپسەخان و ئەوان.

ئەوانیش لێی کۆمەڵ بوون لەبەر شەوقی لایت و تیشکی ئاگری چا لیَ نانەکەی تۆفە، دانشتن لەدەوری دەستە وارە نان و سەتڵە ماستەوە.

بۆ رۆژی دوایی پاش نیوەڕۆ (جەماعەت) گەیشتنە دێیەکە، خاوەن ماڵ هاتن بەپیریانەوە، پیرێژنەکە لەگەڵ کچەکەی دەستیان کردە ملی ژنەکان و رێگایان پیشاندان کەلە کوێوە بچنە ماڵی.

ژنە خاوەن ماڵەکە دوو سیَجار بەدەم چاو سرینەوە لەفرمێسك گوتی:

- یاخوا بەخێربێن، رووحم دەرچیَ بۆتان، بەخوا لەو رۆژەوە گوێمان لەو قسەو باسە ناخۆشانەتان بووە هەر ئاگامان لەخۆمان نەماوە، بەڕاستی ئەم رووداوەی ئێوە بیَ ئومێدی کردین، دڵمان بەئێوە زۆر خۆش بوو.

مێردەكەشی پیاوەكانی بردە لایەكی تر ئەویش هەر ئەم چەشنە قسانەی ئەكرد.

دەرودراوسێیان كۆمەڵ بووبووو لەدوورەوە سەیریان ئەكردن، ئەوانیش هەریەكە قسەیەكی ئەكرد.

منالە وردكەی ئەو دەوروبەرە هاواری یەكتریان ئەكردو بەیەكتریان ئەگوت:

– كوڕینە وەرن وەرن وا هەندێكی كەش هاتن.

(فاتمە خان) كەكچی خاوەن ماڵەكە بووو تەمەنی نزیكی (٤٠) ساڵ بوو هێشتا شووی نەكردبوو، هەموو شتێكی ماڵەكەو دایكو باوكی هەر ئەو بوو.

كچەكە رووی لەمناڵەكان كردو تووڕەبوو و دەری كردن، لەوە ئەچوو كە مناڵەكان لێی بترسن، چونكە هر قیراندی بەسەریانا كەس لەوناوە نەما.

(فاتمە خان) كەڵەگەتێكی ناوەندی بوو، نەقەڵەو بوو نەلاواز ئەسمەرێكی خوێن شیرینو گورج و گۆڵ دیار بوو.

دەست بەجێ پەلاماری كەلو پەلیدانو ژوورو جێی پیشاندانو ئاوو مەسینەو لەگەنی خستە بەردەستیان.

خانووەكە كەلەسەر پەڕی دێیەكە بوو، بەقەد شاخێكی بەرزەوە بوو، كەڕاستو یەكسەر سەربانو هەیوانو پەنجەرەی چەند ژوورێكی ئەیڕوانییە دێهاتەكانی دیوی عیراق بەتایبەتی دێیەكەی ئامەخانو سەبری.

دوو ئاخوڕو كادانی زۆر گەورەو درێژی تیا بوو لەوێوەو بەدوو سێ پێپلكەی بچووك خەڵك سەرئەكەوت، ئینجا هەیوانێكی درێژو بەرین بوو، ژوورەكانی بەریز لەسەر بوو هەمووشیان گەورەو خۆش بوون.

خوارووی هەیوانەکە جێی ئـاگردانو چێشـتلێنان بـوو، نیمچـە دیوارێکـی لەبەر دەما دروستکرابوو لەبەرهەواو رەشەبا.

دەوروپشـتی خانووەکـە هـەمووی‌دارو درەختـی جۆراوجـۆر بـوو هـەر لـە هەنارەوە تاوەکو توو و شۆرەبیو مازوو بەلاڵوك.

توویەکی بەکجار گەورەش لقو پۆپی گەیشتبووە سەر سەربانەکەیان، وەکو کەپر لایـەکی تـەواوی سـەربانەکەی کردبوو بەسـێبەر، لەبـەر ئـەوە ئێـواران هـەر زوو خاوەن ماڵەکە ئەچووە بن ئەو سێبەرە خۆشە دائەنیشتو خزمو ئاشنای لێ کۆمەڵ ئەبوون، لەدوای ئەوەی فاتمەی کچی بەرەو لاکێشو سـەرینو حەسـیری بۆ ئەبردنە ئەوێ لەگەڵ سەماوەرو قۆریو پیاڵـەکانیو یـەك کاسـە دۆی ساردو خۆشیش. دەوروپشتی ماڵەکەو تێکڕای دێیەکە هـەموو هـەر شـینایيو تووتـن بوو لەگەڵ گوڵە بەرۆژەو گەنمە شامی هەروەها تەماتەو ترۆزیو خـەیارو شـتی تریشیان هەبوو.

* * *

تۆفـە هـەر زوو کەوتـە جووڵـەو فـەرمان دەرکـردن بەسـەر ژنـەکانا هـەروەك ئەیویسـت خـۆی دەرخـات لەبـەرچاوی ماڵەکە بەتایبـەتی (فاتمـە خـانم) کەئـەو شتێکە لەناویاناو دەسەلاتدارە.

هـەمووی دوو سـەعات بـوو گەیشتبوونە جـێ کەتۆفـە خـۆی قیـت کردبـووو هەندێ بووژابووەوەو کەوتبووە هەڵرشتنی قسەی نستەقو زۆریشی پێ نەچوو فاتمە خانمی بردە ئەو لاوەو کەوتە چرپە چرپ لەگەڵی.

روناكو دایکی چاویان لێبوو، روناك دەمی خۆی گرتو دایە پرمەی پێکەنینو سەری خستە پشت دایکی.

دایکی بەئەسپایی کێشای بەخۆیاو لەژێر لێوەوە گوتی:

- ئەی قور بەسەرمان نەبێت، بەخوا تازە تیا چووین ئێستا حەیامان ئەچێت لەلای ماڵەکە لەوانەیە هەر دەریشمان کەن.

حەپسە خان هەستاو خۆی گەیاندە ئامە خانو نەوبەهارو ئەوانی تر بەچرپەو ناڕەحەتییەوە گوتی:

- ئەیەڕۆ، چاوتان لەو تۆفە خوا گرتووەیە چۆن خۆی قیت کردۆتەوەوا کچەکەشی بانگ کردە ئەو لایەوە نازانم چی پێ ئەڵێت، بەخوا ئەترسم ئابڕوومان بەرێتو بکەوێتە چاو بڕکێ لەگەڵی.

نەسرین کچەکەیدا بەشانی خۆیاو گوتی:

هیچ شتێك لە تۆفە دەم چیکەنە دوورنییە.

سەبری بەئەسپایی گوتی:

- راوەستن ئێستا بانگی ئەکەمو قسەی لەگەڵ ئەکەم.

ئەو وای گوت، تۆفە بەزەردەخەنەی سەر لێوانو روویەکی گەشەوەهاتە لایان.

سەبری سەیرێکی‌کرد بەچرپەو لەسەرخۆ گوتی:

ئەوە چیت بەکچەکە ئەگوت؟ هێشتا بسم الله هەمووی دووسەعاتە گەیشتووین.

نەسرین هەڵی دایەو گوتی:

– بەوحاڵە جوانەش کەتیا بووین.

ئامەخان دەستی خستەسەر ڕوومەتی خۆیو بەکەساسییەکەوە گوتی:

- ئەی نابێ هەر زووماڵەکە شارەزای عیلمو مەعریفەتی خۆی بکات.

تۆفە هەروا سەیری دەمی ئەکردنو ئەتگوت خەیاڵی لای ئەوان نییەو دڵو هۆشی لەشوێنێکی ترە.

دوای ناچار بەرامبەر بەو هەموو هێرشەیان هاتە قسەو بەهەندێ تووڕەییەوە گوتی:

- ئەوە چیتانە، ئەوە چیتانە، (فاتمەم) بانگ کردو پێم گوت کەئەگەر بتوانیت دەمانچەکەم بۆ بشاریتەوە خۆ بەخوا ئەگەر دونیاش هەستێت دەمانچەکەم تەسلیمی دەوڵەت ناکەم.

سەبری بەتەوسەوە گوتی:

- ئۆخەی شکور ناوی کچەکەش بوو بەفاتمە، باشە ئەی (فاتمە) گوتیچی؟

تۆفە بەبزەیەکی خۆشەوە گوتی:

- پێی گوتم وەی بەسەرچاو هەر ئێستا ئەچم وا بۆت ئەشارمەوە کەباپیری دەوڵەتیش نەی دۆزیتەوە.

حەپسە خان گوتی:

- باشە ئەی بۆ باوکەکەییت نەگوت:

ئامە خان دیسان بە مەلولێکەوە گوتی:

– ئەی چۆن تاوەكو كچەكەی راوەستا بێت بۆچی بەباوكی ئەڵێت.

تۆفە دەستیدا بەیەكاو گوتی:

- ئێوە هەروا بن، هەروا دانیشن‌و بگرین‌و بكێشن بەخۆتاناو هەر خەریكی ئاخۆ ئۆف بن، ماڵتان نەشێوێ دونیاتان لەبەر چاو خستین.

چی كە ئیتر لەسەری نەڕۆیشت‌و لێیداو چووە ناو پیاوەكان.

* * *

مانگێك بوو كەماڵی حەپسەخان‌و خوشكی‌و خێزانیان‌و ئەو خەڵكەی تریش كەدەرباز بووبوونە دیوی ئێران لەدێیەكەی باوكی فاتمە دانیشتبوون‌و چاوەڕێی رووداو دوا رۆژی خۆیان ئەكرد كەئاخری بۆ كوێ یان ئەبەن‌و چییان لێ دێت.

لەو ماوەیەدا چەند خزمێكی حاجی مەجیدو حەپسەخانیش گەیشتنە لایان‌و تێكەڵی خێزانەكەیان بوون، لەناو ئەو كەسانەدا دوو كوڕی خوشكەزای هەردوو حاجی بوون.

یەكێكیان هەندێ مناڵكار بوو و هەروا دەوری ٢٠ ساڵ ئەبوو ئەوی كەشیان خاوەن ژن‌و ماڵبوو.

ئەو كەسانەی هاتبوونە دیوی ئێران، دەوڵەت بەپەنا بەری قبووڵی كردبوون‌و خەریكی مشور خواردنی شوێن‌و رێیان بوون كەبەرەبەرە لەسەر سنوور نەیان هێڵن.

هەروەها دەوڵەت دەستی کرد بەناردنی خواردەمەنی و ئازووقە بۆ هێزی پێشمەرگەو خێزانەکانیان، تا ئاورت ئەدایەوە قافلەی ئێسترو بارگیر بە خرنگ و هۆڕی زەنگوڵەی پێشەنگەوە ئەگەیشتە لایان، بەفەردە برنجی سەدری نایاب و ئاردو شەکرو تەنەکە رۆنی شاه پەسەندو کارتۆن و سندووقی تایدو سابوونەوە.

ئەوەندە زەخیرەی زۆریان بۆ هات کەهەموو ئەهلی دێیەکەش بەتایبەتی فاتمە خانم نانیان کەوتبووە رۆنەوە.

ئەوەی لەهەمووکەس زیاتر ئەو لێشاوەی زەخیرەو رۆن و برنجەی پێخۆش بوو (سمایلی) خوشکە زا هەرزەکارەکەی هەردوو حاجی بوو، چونکە تا بڵێی نەوسن و حەزی لەخواردن ئەکرد.

هەموو جارێك بەبیانووی ئاگرکردنەوەو دارشکاندن و یارمەتی دانی حەپسە خانی خاڵۆژنیەوە لەوەختی چێشت لێنانا خۆی ئەخزاندە چێشتخانەو بەینی مەنجەڵ و کاسەو کەوچکەوە، هەمیشە سەر ئەژنۆو ئەملاو ئەولای شەرواڵەکەی (سمە)چەورو رۆناوی بوو چونکە ئەوەندە خۆی لەمەنجەڵی قبووڵی و پلاوەوە هەڵەسو لەوەختی بن کڕ لێکردنەوەدا.

تۆفە توانجی زۆری تێئەگرت و ناوی نابوو (گورپە) بەلام ئەو هەر گوێشی لێ نەبوو و ئاوڕیشی لەتوانجەکانی تۆفەی نەئەدایەوە.

تۆفە زۆرجار پێی ئەگوت:

– ئەم شەڕی برا کوژی و دەربەدەرییە لەلایەك و ورگی تۆ لەلایەك.

هــەر چــەندە لــەدوورەوە دەنگــی زەنگوڵــەی پیشــەنگ بهاتایــەو کەســێك بیگوتایە:

– ئەریٚ وەڵڵا وا دیسان شتومەکیان بۆ هێناین

سمە رائەپەڕیو دڵی خۆش ئەبووو لەدوورەوە بەشەوقەوە سەیری ئەکردو ئـەچوو بەپیریانـەوەو ئـاوڕی لـەماڵو خـێزانی خاڵـەکانی ئەدایـەوەو پەنجـەی هەڵەبڕیو ئەیگوت:

- کوڕە بەخوا هەر لەخۆی دێت، هەتا ٧ پشتی باوکیشی هەر شاهنشا بوون خانـەدانو دونیـا دیـدە وائـەبێت، ئـەوەکیٚ ئـەڵێت دوو جزیرەکـەی خـوار بەسـرە هی ئەوان نییە؟ وەڵڵا باوکم ئەشهەدو بیللا تا سەروو مزگەوتی حاجی حانیش هەر هی ئەوانە ئیتر چییە.

(جەماعــەت)یــش بــەو دڵتــەنگیو ســەر لێشــێواوییەوە ئەیاندایــە قاقــای پێکەنینو ئەکەوتن بەگازی پشتاو فرمێسك لەچاویان دەرئەپەڕی.

تۆفە بێجگە لە فاتمە خانم سیٚچوار کچی تریشی پەیدا کردبوو.

بەیانیان دوای چا خواردن ئەچووە ناو دێیەکەو لەوێشەوە سەری زەراعەتو نـاو تووتنـی ئـەداو لـەویٚ ئـەوکچو ژنانـەی ئیشـیان ئـەکرد خـەریکی ئـاودانو بژارکردن بوون، بۆ خۆیان تیر بەتۆفەیان رائەبواردو پیٚ ئەکەنین، ئەوانیش هەر زوو شـارەزای قسـەو فیشـاڵەکانی بووبـوون، بـەڵام یـەك دوو بێوەژنیـان تیـا بـوو بەراســتی مــەراییان ئــەکردو هەریەکــەیان حــەزی ئــەکرد کەبەشــکەم تۆفــە بیانـهێنێتو ئێوارانیـش کـاتی گەڕانـەوەی مـەڕو مـاڵات بـەرەو ئـاواییو حـەیوان دۆشین، تۆفە خۆی ئەگەیاندە ئەوێشو دوو سیٚ کچو ژنـی کردبوو بەئاشـنای

خۆی کە بەقسەی پێ ئەکەنین و روویان خۆشبوو لەگەڵی کەئێوارانیش ئەگەڕایەوە ماڵی ئەکەوتە مەرایی و خۆ نزیك کردنەوە لەفاتمە خانم.

ئامە خان و خوشکی و کچەکان لەبەینی خۆیان باسیان ئەکردو لەم جۆرە جووڵانەوانەی تۆفە ناڕەحەت ئەبوون و زۆرجاریش ئەچوون بەگژیاو هەریەکەیان شتێکی پێ ئەگوت:

- ئەوانە ئێستا لێ قەوماوو پەنابەرن و ئەبێ حورمەتی خۆیان و خانە خوێ یەکەشیان راگرن.

تۆفەش دەمی ئەکرایەوەو تێیان بەر ئەبوو و ئەیگوت:

- من چی بکەم بۆ هەر کوێ یەك ئەچم دەورم ئەدەن و حەزم لێ ئەکەن.

ئامە خانیش ئەی گوت:

- ئەی دایکم بوە بەسووری حەفتا گرەو لەژێر لێویشەوە ئەیگوت:

- ئەی حەزت لێ ئەکەن؟ ئەوە حەز لەکوێت ئەکەن؟ ئاخۆ چ فیشاڵ و درۆیان بۆ هەڵ ئەڕێژی ئەوانیش پێت پێ ئەکەنن.

حەپسەخانیش رووی ئەکردە خوشکی و بەچرپە ئەیگوت:

- کچی خوشکم رەنگە بەخەڵکی دێیەکەی گوتبێ ئاخۆ چ سەر لەشکرو ئامر هێزێکە.

* * *

دووبەرەکی و شەڕی برا کوژی، ئاژاوەو بەرەڵاییەکی یەکجار خراپی خستە ناو هێزی پێشمەرگەی هەردوولاو ئەوانەی چووبوونە دیوی ئێران، هەموو بێ ئێش و بێکارو بێ تاقەت بەبێزاری دانیشتبوون و بەشێکیشیان بێ ورەو سەر لێ شێواو بوبوون، بەتایبەتی کەگوێزرانەوە بۆ ناو شارەکان، ئیتر هەندێکیان بە

تەواوی بەرەڵلا بوونو كەوتنە قوماركردنو دەست بڕینو ئارەق خواردنەوەو چونە شوێنی خراپو خەیاڵیان دایە ئەوپەڕی بەدخویی.

ئینسان ئەحەپەساو سەری سوڕما ئەما كەچۆن ئەم كەسەی ئەڵێن وای لێهاتووەو واباسی ئەكەن، ئەمە ئەو كەسەیە كەچەند مانگ لەمەو پێش قارەمانێك بوو و سنگی خۆی ئەنا بەگوللەوەو خۆی ئەخستە ئاگرەوەو بەرۆژی روناك ئەچوو معاونو مدیری ئەمنی حكومەتی لەناو جێگاو نوێنی خۆیان دەرئەهێنانو ئەیگرتن بەدیل. یا ئەوە چون ئەو كەسەیە كەبەسكی برسیو بەتفەنگە شرێكی كۆنی چەند ساڵەوە بەرەنگاری لەشگری حكومەت ئەبوو كە بەتازەترینو سامناكترین تانكو تۆپو دەبابەو فرۆكەوە هێرشی ئەهێنایە سەریان.

یاخود لەپڕ سەیریان ئەكرد پێشمەرگەكان هەندێكیان دیار نەماون، دوایی بۆیان دەرئەكەوت كەپەریونەتە دیوی عیراقو خۆیان تەسلیمی حكومەت یا لایەكی تر كردووە.

یەك دوانێكیش لەو ورە نەماوانە كەخۆیان بێ ئومێدو سەر لێشێواو بینی خۆیان كوشت.

بەلاّم بەشێكی هەرە زۆرشیان هەر لەسەر ورەو بڕوای خۆیان مابوونەوە بێ ئەوەی هیچ گۆڕینو یا روداوێك كاریان تێبكات.

* * *

هەرچی بەرەكەی دیوی عیراقیش بوون، ئەوانیش هەندێكیان لەدوای بەینێك ساردبوونەوەو هۆشیان هاتەوە بەرخۆیانو تووڕەو ناڕەحەت بوون لەم رووداوی برا كوژییە.

هـی وا هـەبوو سـەری خـۆی دائەخسـتو چاوی پڕ ئەبوو لەفرمێسـكو سـەر زەنشـتی خـۆی ئەكردكە (وەيش) ئەوە چۆن دەسـتی گرتـی پـەلاماری هـاوڕێی چەند ساڵەی خۆی بداتو وا بيداتە بەردەست ڕێژ.

بەجارێ ڕۆژانی رابووردو پێكەوە خـەباتكردنی نهێنيـانی بير ئەكەوتـەوە كـە فلان ساڵ چييـان كردبوو پێكەوەو فـلان ڕۆژ چـوون خـەريك بـوون لەنوقتـەی تەفتيشێك بگيرين كـەوەختی كەل‌وپـەلی نهێنی پارتيـان پـێ بـووو ئەيانويسـت دەربازی كەنو كە ئەو جارە لەكەركوك پێكەوە گيران، بەو حاڵەش چـەند قسـەی پێكەنينو گاڵتـەيان ئـەكردو كـەدايكی يـەكێكيان ئـەهات بـۆ سـەردانيان چـۆن فـەرقو جيـای نەئەكردنـەوەو هـەر ئـەتگوت هـاتووە بـۆ سـەردانی دوو كـوڕی كـەگيراونو چـۆن ئـەگريا بۆيـانو بـەو نـەبوونیو حـاڵی خۆشـيەوە چـی بـۆ كوڕەكەی بهێنايە بۆ ئەميش هەروەكو ئەوی ئەو هێنا.

لەبەرئەوە ئەو كەسە لەپڕ هەڵە ستايە سەر پێو بۆ ئەوەی بتوانێت نـەختێ بيانوو بـەدڵو مێشكو دەروونـی خـۆی ببڕێت، ئـەچوو بـۆ لای كەسـوكاری ئـەو هاوڕێ يا خزمەيەوەو پەشيمانی خۆیبۆ دەرئەبڕينو دەستی ئەدا بەيـەكا كـە بەداخـەوە ئـەو لـەو كاتـە لـەوێ نـەبوو لەشـوێنێكی دوور بـوو ئـەگينا قـەت نەيەهێشت شتی وا بقەومێتو توخوا چيتان پێوستەو سەری پێوە نييە لە ڕێی ئەواندا.

بەشێكی تريش لەوانە لەبيانوو ئەگەڕاو هەر كەسێك پێی بگوتايە پێت خوار داناوە، تووڕە ئەبووو پـەلاماری چەكەكـەی ئـەداو بەدزیيـەوە ئەپەڕيـەوە بـۆ

دیوی ئێران و ئەچوو تەسلیمی ئەوانەی ئەوێ ئەبوو لەگەڵ سەدان حەکایەت و قسەو قسەلۆك و دەنگ و باسی راست و درۆ، بەشێکی تریشیان دوونیایان بۆ تەخت بووبووو کەوتبوونە (لرف لێدان) و راو رووتی خەڵك و دەست بڕین و بلۆف و ساختە بۆ خۆ دەوڵەمەند کردن و خانوو و ئۆتۆمبیل و زەوی کڕین و ئەوانەی لەوەزیفەی گەورەی حکومەتی بەغداشا دامەزران، بەشی زۆریان بەفشەفش و سنگ دەرپەڕاندن چوون لەخانوو قەسری خۆش خۆشی حکومەتدا دانیشتن و کەوتنە سەفەری ئەوروپا و ئەمریکا و ئەم لاوئەولاو کەوش و کڵاشی باوك و باپیریان لەبیر چووەوەو بووژانەوەو لەخۆ گۆڕان.

* * *

ئێوارە بوو حەپسەخان و خوشکی ئەگەڕانەوە بەرەو ماڵی فاتمە خانم، تۆفەو سەبری و نەوبەهار پێشیان کەوتبوون.

حەپسەخان بەهنکە هنك ئەڕۆیشت و بەناڕەحەتییەوە بەخوشکی ئەگوت:

– بەخوا ئەگەر ئەم وەزع و رووداوانەم بەخەوی شەوانیش بهاتایە پێش چاو هەر زوو دڵم ئەپچڕاو نەئەگەیشتمە ئەم رۆژە، ئەیەڕۆ چۆن دەربەدەرو سەر گەردان بووین و لەماڵ و لەحاڵی خۆمان بێ بەش بووین؟

وەرە لەبەر دوژمنیش وات لێنەهاتبێ، براو ئامۆزاو هاوولات و هاورەگەزو هاو خەباتت وایان لێ کردبێ.

راستە ماوەتیش هەر لادێ بوو، بەڵام لەوێ سەربەست و پڕ هیواو سەر بەرزبووین و بەهەزار شاری دونیام نەئەگۆڕییەوە.

ئەوەتا ئێستا لێرە ئەگەر چی ئـەوەندە نزیکـن بـەچاو دێـیو ماڵـەکانمان ئەبینمو خەڵکی ئێرەش هـەموو هـەر کوردنو ماڵیـان ئاوابێ خـەڵکی باشیشـن، کەچی هەر غەریبو داماوو سەرکزین.

ئامە خان کەهەر خۆی بەکێش ئەکردو دڵیشی پڕ بووبوو؟

بەقسەکانی خوشکی دەستی برد بۆ چاوی خۆیو بەکەساسییەکەوە گوتی:

لەهەمووش ناخۆشتر ئەم هەموو رێگا برینـەو چوونـە نـاو شـیوو پـەنا بـەردو ناو دارو بێشەیەوە بۆ چوونەسەر ئاوێك.

حەپسە خان لکی کەواکەی هەڵکردەوەو رووی کردە خوشکیو گوتی:

- ئەوەیان هەرسەرباقی هەموو دەردانە.

حەپسە خان ئاخێکی زۆر بەکوڵو دڵی هەڵڕشتو گوتی:

- ئەیئەوەی کەنازانین چیمـان لێ دێـتو رەوانـەی کوێمـان دەکـەن، ئـەڵێن گوایە هەفتەی داهاتوو دەست ئەکەن بەگواستنەوەی ئێمەو ماڵەکانی تر.

خوشکی وەرامی دایەوەو گوتی:

- نازانم کوڕەکانیش بۆ وا کەم کەم سەرمان ئەدەن؟

حەپسـەخان وەك بیـەوێت نهێنیـیەك بەخوشـکی بڵێت دەنگی نـزم کـردەوەو گوتی:

- کچێ خوشکم هاتوچووی ئەواینش بەحسابە خۆ وەکو وڵاتـی خۆمـان نـین کەبەسەربەسـتیو بەکـەیفی خۆیـان بێـنو بـڕۆن. لـێرە ئـەبێ هـەموو جوڵانەوەیەکیان بەئیجازە وەرگرتن بێت.

لێرەدا تۆفە لەدوورەوە ئاوڕی لەجووتە خوشکدایەوەو هاوارێکی لێکردن و گوتی:

- ئەوە بۆ پێهەڵناگرن؟ لەبەر ئێوە نەبوایە ئێستا دەمێک بوو لەماڵەوە ئەبووین، خێراکەن درەنگە.

****

شەوێکی فێنک و خۆش بوو، مانگ لەپەنا لووتکەشاخەکەی پشت سەربانەکەی ماڵی فاتمە خانم هاتبووە دەریّ و شەوقێکی زێڕی دڵفڕێنی بەوناوو دەورو بەرەدا بڵاو کردبووەوە، مەنگی و هێمنی و خۆشیەکی دابوو بەو گردو شیوو پەناو پاسارە.

خەڵکی دێیەکە بێ دەنگ و کپ بوبوون وە وەکو رۆژو شەوی هەمیشەییان کفت و ماندوو و هەر کەسە لەسەر نیمچە سەربان و دەرو هەیوانەکانیان وەك نیوە بێ هۆش کەوتبوون و لێی نووستبوون، خێزانەکانی حەپسەخان و خوشکی ئەوانیش لەسەربانە پان و بەرینەکەی ماڵی خانە خوێیەکان لەسەر ئەرز بەڕیز جێگایان لێداخستبوو و هەر لەزووەوە هاتبوونە ئەویّ و بەکۆمەڵ دوو دوو خەریکی ورتە ورت و قسەکردن بوون لەگەڵ یەك، بەشێکیان خەویان لیّ کەوتبوو لەگەڵ منداڵەکانیان.

روناکیش کەوا بەدڵێکی پڕ ئارەزووەوە بەدرێژی رۆژ چاوەڕوانی بێستونی کردبوو کە ئەبوایە ئەو رۆژە بێت سەری لیّ بدات کەچی بۆی نەکرابوو بێت ئەویش بەو داخەوە خەوی لێکەوتبوو.

تۆفەش وەك شتێك بەزەیی بەئامەخانا هاتبووەوەو هاتبوو لەلای ئەو و کاکە حاجی دانیشتبووو قسەی بۆ ئەکردن زۆریش ئەیویست دڵی ئامە خان بداتەوە چونکە نیوەڕۆ هەندێ دەمە قاڵیان بووبوو لەسەر ئەوەی کە ئامە خان بەپێی ساویلکەیی و دڵ پاکی خۆی قسەی کردبوو پێی گوتبوو:

- تۆفە گیان، خۆ ئێستا دونیا تۆزێ هێمن بۆتەوە، ئەوە نا توانی لەگەڵ کەسێکا بڕۆیت سەرێکی ماڵی ئێمەو سەبری بدەیتو ئەو جانتا کەوانەشم بۆ بێنی ئەمە دوو سێ شەوە سەرمام ئەبێتو بزانە ئەو مریشکە چاکانەشم چییان بەسەر هات.

تۆفەش بووبوو بەفیشەکە شێتەو تووڕە بوو بوو پێی گوتبوو:

- کەوا و کراسی چاکت بۆ ئەهێنم! قسەی خۆش ئەکەیت بۆچی هەر بەقەد سەر هەویرێکیش ئەرزمان بەدەستەوە ماوە تاوەکو بتوانم بچم شتت بۆ بێنمەوە؟

ئینشائەڵڵا بۆ نامانکەی بەشەهیدی کەواو کۆڵوانە.

لەبەرئەوە تۆفە هاتبوو بۆ لای کەدڵی بداتەوەو قسەو باسی ماڵە پەریوەکانی بۆ ئەگێڕایەوە کەئەوانیش چەند نارەحەتنو دایکی کامیان نەخۆش کەوتووەو بووراوەتەوە مناڵی کێ لەسەر دارتووەکە بەربۆتە خوارەوەو سەری شکاوەو کام بووكو خەسوو شەڕیان بووەو خەسووەکە تۆراوەو پەڕیوەتەو دیوی عیراق.

ئیــتر تۆفــە لــەو جــۆرە قســانەی بــۆ ئــەکردن بــەدەم مــژ لەجگەرەدانــەوە هــەندێ لــەو لای ئامــە خان‌و کاکــە حاجی‌یــەوە حەپســەخان لەتەنیشــت رونــاکی کچییەوە راکشابوو خەیاڵی ئەکردەوە.

حاجی مەجیدی مێردیشی بێ هـێزو بێ تاقـەت دەسـتی نـابووە ژێـر سـەری خـۆی‌و بـەپاڵ کــەوتوویی‌و بــەدلێکی گووشــراوی تەنگــەوە چــاوی بڕیبــووە ترووسکە چراو لۆکسی دێهاتی ئەوبەری سنوور کەدیوی عیراق بوو.

بەدەستی بووایە باڵی ئەگرت‌و خۆی ئەگەیاندە ئەوێ، وا چاوی تـێ بڕیبـوو ئەتگوت مناڵەو لەباوەشی گەرمی پڕ ئارام‌و سـۆزی دایکـی بـەزۆر دەرهێـنراوە‌و دەمێ ساڵە لەو باوەشە دوور خراوەتەوەو ئارەزووی ئەوەیە کەبەپەلـەو هـەرچی زووتر بچێتەوە لای تاوەکو تێر دەست بکاتەوە ملی.

لـەپڕ ژنەکـەی لەســەرخۆ وەك چرپــە رووی قســەی تێکــردو لەخــەیاڵی‌داو پرسی:

– ئەرێ ئەوە راستە کەئەڵێن گوایە سبەی رەوانەمان ئەکەن بۆ تاران.

حاجی هاتەوە سەرخۆو گوتی:

– سبەینێ کوڕەکان دێن بۆ لامان‌و هەموو شتێکمان پێ ئەڵێن.

ئـەڵێن ماڵــەکان دابــەش کــراون بەســەر شــارەکانداو زۆریــان چوونەتــە ئــەو شارەی پێشمەرگەکانیان لێداناوە.

حەپسە خان گوڕی دایە خۆی‌و دانیشت‌و بەچرپەوە گوتی:

- ئەی بۆچی ئێمە ئەچینە شارێکی‌تر؟.

حاجى وەرامى دايەوەو گوتى:

- وەڵڵا من ئەوە نازانم هەر چۆنێك بێت سبەينێ كە عەلىو ئەوان هاتن هەموو شتێكمان لێ روون دەبێتەوە.

ژنەكەى بەمەلولێكەوە گوتى:

- ئەڵێن ديسان ئەبێ بەپێو بەولاٌخ برۆين، بەخوا هێزمان تيا نەماوەو دڵمان بەبەريەوە نەماوە، ئۆ خوايە بەقوربانى بەشت بم.

حاجى بەزەيى پيا هاتەوەو هەندێ خۆى گورج كردەوەو گوتى:

- ناشـوكر مەبـە خـوا خراپـترى لەلايـە، بـەس نـەبوو شـكور كورەكـانت بەسـەلامەتى دەرچوون ئەوەتا بزانە چەندەها كـەس لـە هـەردوو لا كـوژراونو بەخوتو خۆرايى لەكيس دايكو باوكو ماڵو مناڵيان چوون لەكيس ئەم كوردە قوربەسەرە بێ كەسە چوون، تو بزانە بەچەندساڵى تر كورى وا پێ ئەگەنو وا گەورە ئەبنو ئەكەونە خەباتكردنو وەك ئەمانەيان لێ دێ ئێسـتاش وا بـەفيرۆ لەدەسـت چـوونو بەدەسـتى بـراى يـەكترى، كاشـكى لەشـەرەكەدا بووايـەو بەدەستى دوژمنو حكومەت بوايە، ئەوسا ئەمانگوت شەرەو شۆرشە چوونە جەبهەيەو خەبات هەروا ئەبێت، ئەكوژرێنو ئەشكوژن لەرێگاى رزگارىو ئازادى گـەلو نيشـتمانەكەيانا شـەهيدكران، بـەلاٌم وەرە بزانـە ئەوەيـە نەگبـەتىو ماڵوێرانى كە برا براى ئەداتە بەر گوللەو دەسترێژو دوژمنيش سەيريان كاتو دڵى خۆش ببێتو ئاواتى بێتەدى.

حاجی راست بووەو دانیشتو داوای چۆڕێ ئاوی کرد لەحەپسە خان، ئەویش دەستی برد بۆ شەربەکەی نزیکیانو هەندێ ئاوی بۆ تێکردو چی کەش قسەی نەکرد، زۆریش لەبەر ئەوەی بیری کەوتەوە کەمێردەکەی نەخۆشەو نابێ ئەوەندە سەر بکاتە سەریو ئەوەندەش خۆی نارەحەت پیشان بدات لەبەرچاوی.

ئاوەکەی خواردەوەو جامەکەی دایە دەستو لەسەرخۆ گوتی:

- ئەمیش ئەبڕێتەوە، دونیا هەر وا نامێنێ، ئێستا هەردوو لا پەشیمان ئەبنەوە کەبۆیان روون بووەوەو زانییان چەند بێ کەسنو ئەوکەسانەی جار بەجار دەست بۆ لایەکیان درێژ ئەکات، ئێستا زۆر چاك بۆیان دەرئەکەوێت کەئەوە لەبەر خاتری چاوی رەشی ئەوان نییەو لەبەر مەسڵەحەتو دەستکەوتی خۆیانەو بۆیەش پێیان ئەڵێن خاڵە تاوەکو چۆلەکەیان پێ بگرنو ئەو رۆژەی دەست کەوتو قازانجیان لەوە دانەما ئەبینن چۆن دەستیان لێ بەردەدەنو خوا خوایان ئەبێت کەلەناویان بەرن.

***

رۆژی دوایی لای نیوەڕۆ عەلیو کوڕەکانی کردیان بەمالا، دوای سەلامو چاكو چۆنیو هەواڵ پرسینو قسەو باس، نانیش پێ گەیشت، سفرەیەکی دوور درێژ راخرا، پلاوی سەدری بۆن خۆشو شلەی سێو تێکرا.

(سمە گوربەش) لەوسەری هەیوانەکەوە لەناو مەنجەڵو کاسەو کەوچکدا خۆی سەر قاڵکردبووو کەوتبووە بنکڕ کراندن، گوایە هەندێ لەکوڕەکانیش

حەزیان لێئەکردو چاوەڕێی (سمە)بوون کەبۆخۆی و بۆ ئەوانیش بنکڕ بێنیو تاکو پێکەوە بیخۆن.

سمەش هەرچی لێ ئەکردەوە جارێ خۆی ئەیخواردو بەچنگ کەوتبووە ناوی، کوڕەکان هاوارێکیان لێکرد کەخێراکە وەرە نانەکەت بخۆ ئەی کوا بن کڕ؟

سمە بەگوپی پڕەوە جوابی دانەوەو گوتی:

- ئێوە نانەکەتان بخۆن عافییەتتان بێت منیش وا هاتم. بن کڕەکە زۆر رەق بووە پێوەی بەزەحمەت بۆم لێ ئەکرێتەوە.

ژنەکانیش لەژوورێکی تر دەوری سفرەی خۆیان دابوو مناڵدارەکان خەریکی خۆیانو مناڵیان بوون.

روناك لەخۆشی هاتنی بێستون نەیەزانی چی ئەخوات، نەوبەهار یەك دووجار لەسەر سفرەکە هەستا بەبیانووی کوردۆی کوڕیەوە کەنەیەویست نان بخواتو لە باوەشی رایەکردە هەیوان، ئەمیش شوێنی ئەکەوتو دەنگیشی بەرز ئەکردەوە.

- کوڕە رۆڵە وامەکە، دەوەرە نانەکەت بخۆ لەبەیانییەوە دەمت بۆ هیچ نەبردووە.

نەوبەهار ئەم قسانەی ئەکردو چاوێکیشی لەو ژوورە بوو کەعەلی مێردی لەگەڵ پیاوەکان نانیان ئەخوارد کەبەشکەم ئەمە خوایە عەلی گوێی لەدەنگو قسەکانی بێتو بێت بەدەنگیانەوە.

سـەبریش بـەدەم نانخواردنـەوە لـەدڵی خۆیاهـاتنو بینینـەکانی شـێروانی ئەژمارد کەلەکەیەوە پێکەوە دانەنیشتوونو ئەوەتی پەڕیونەتەوە بۆ ئێرە، بەم جارەوە چوار جارە کەهەروا بەسەر پێوە سەری دابن.

ئەگەر چـی سـەبری زۆر بـەورەو دڵ قـایم بـوو بـەڵام دیـاربوو بەرامبـەر بـە خۆشەویستی شێروانو دوور کەوتنـەوەیان لەیـەك زۆر بـێ ورەو دەسـتە پاچـە ئەبوو.

نەسرین لەهەموویان خەیاڵ پرش بوو بڵاوتربووو سەری دونیای لێهاتبووە یەك، کە نەکا حسێن بنێردرێتـە شوێنێنكو ئـەمیش بۆ شارو شوێنێکیتر، لـە دڵی خۆیا ئەیگوت:

– ئینجا ئەگەر وابوو من چی بکەم؟ لەبەر باوكو مامیشم رووم نییە بڵێم ئەو لەکوێ بێت منیش ئەچم بۆ ئەوێ، پەرۆشیو مەراقی دوورکەوتنەوە لە حسێنو سەردانو هاتنی بەئیجازە بۆ لای مێشکی شێواند بوو بێ ئەوەی دەری ببڕێت یان بەکەس بڵێت.

حەپسـە خـانیش کـەوا هیـلاك و مـاندوو لەسـەر سـفرەی نـان خـواردن لەتەنیشت خوشکییەوە دانیشتبوو.

خوشکی ئاورێکی لێدایەوەو گوتی:

- ئەرێ بەشی ماڵی فاتمە خانمت نارد؟

حەپسە خان دەستی دایە نانە تیرییەکەو پارچەیەکی لێکردەوەو لەجیاتی کەوچك هەر بەو پارچە نانە بۆ خۆی هەندێ برنجی کردە قاپەکەیەوەو سەیری ئەم لاو ئەو لای کردورووی کردە خوشکی و گوتی:

- ئەی بێ قەزا بی، بەخوا تابرنجەکەم دەمی کێشاوە چوار جار تۆفە هاتۆتە سەرمو گوتویەتی:

- درەنگە بەشی ماڵێ فاتمە خانم تێکە با بۆیان بەرم، گوناحن ئێستا بەسەزمانانە بووراونەتەوە لەبرسانا پەنا بەخوا خەریك بوو چوار چاوم کات.

ئاخری وا بزانم پڵاوەکە دەمی تەواوی نەکێشا بوو پێی تێکردمو بردی بۆیان، یارەبی نۆشی گیانیان بێت، خۆ خۆم حەز ئەکەمو هەموو رۆژێك بۆم ناردوون، بەڵام تۆفە حەواڵە بەخوا بێ تووڕەم ئەکات ئەوەندە دێتە سەرمو ئەڵێت دەی زوو بۆیان تێکە، دوێنێ هاتە سەرمو گوتی:

- ماڵی فاتمە دوو میوانیان هاتووە، تۆزێ زیادیان بۆ تێکە، چاوت لێیە بۆبەر چایی بەیانیان چۆن هەموو ماستەکەیان ئەخەنە بەر دەستتانو بەردەمتان بێجگە لەو هەموو هێلکەو تەماتەو ترۆزیەشیان کە بۆتانی ئەهێنن.

وادیاربوو ئامەخان داخی ئەو ماستەی لەدڵابوو، بۆیە گورج هەڵی دایەو گوتی:

- ئۆه لەو ماستە جوانە، خۆ ئەڵێی چڵکاوە، ترش ترش هەروەك بە لیمۆندۆزی هەوێن، کرابێ، وایە.

سەبری بەدەم نان خواردنەوە، رووی کردە دایكو پووریو گوتی:

- دەبڵێن چی هەر ئەوەیان هەیە، دەوەرە هەقی چاکە، هەموو رۆژێك لەدەمی خۆیان ئەگێرنــەوەو بـۆ ئێـوەی ئـەهێنن کـەچی سـەیری قسەشـیان کـە، ئـەوە لەجیاتی سوپاسیان بکەن، ماستی شیرینو سەری توێـژی قاڵبیـان لـەکوێ بـۆ بێنن بەسەزمانانە هەرئەوەیان هەیە

حەپسەخان گوتی:

- ئەیـەڕۆ خـۆ لەبەر شتێك وا نـاڵێین، یـاخواماڵیـان ئاوابـێ وەڵـڵا قـەت لـە چاکەیان دەرناچینو زۆریش مەمنونیانین بەڵام ئامەی خوشکم راست ئـەکات ماستەکەیان زۆر ترشو ناخۆشە.

لەوکاتەدا تۆفە گەیشتە لایانو گوتی:

- ماستی چی ئەوە باسی چی ئەکەن؟

سەبری بەگورجی جەوابی دایەوەو گوتی:

- هیچ نییە، ئەڵێن ماستو دۆکە زۆر مزرو خۆشە.

(جەماعەت) تێگەیشتن کەسەبری لەترسی دەمی تۆفە وای گوتو لەژێرەوە هەموو بەزەردەخەنەوە سەیری یەکتریان کرد.

پاش سفرە هەڵگرتن کوڕەکان چوونە لای حەپسەخانو ئەوان.

عـەلی کـوردۆی کـوڕی گرتـە بـاوەشو چـوو لەبـەینی دایکـیو نەوبـەهارا دانیشت.

بێستونو روناك بەبیانووی ئێشێکەوە چوونە ژوورەکەی ئەولاو ئەوەندەی پـێ نـەچوو گەڕانـەوە لای ( جەماعـەت)و دیسـانەوە چوونـە هەیوانەکـە، لـەوە

ئەچوو کەبۆ پەنایەکی چۆڵ ئەگەڕان کەتۆزێ بەسەربەستی قسە بکەن‌و بەدزی ئەم خەڵکەشەوە دووسێ ماچی یەکتری بکەن.

نەسرین بەماتی دانیشتبوو گوێی هەڵخستبوو.

سەبری تووڕەو ناڕەحەت دەهاتە بەرچاو.

ئامە خان لەتەنیشت نەورۆزی کوڕییەوە بوو چەند جارێك لەسەر یەك دەستی بەشان‌و پشتی کوڕەکەیا هێناو گوتی:

- داکت بمرێ ئەوە بۆ ئەوەندە بێ رەنگ دیاری، خۆ نەخۆش نیت؟

نەورۆز بەدڵ پێوە بوونێکەوە سەیرێکی دایکی کردو گوتی:

- نەوەڵڵا نەخۆش نیم، بەڵام دیارە هیلاك بووم بۆیە وادێمە بەرچاوت، شوێنەکەمان هەندێ دوورە لەئێوەوە.

دەستی خستە سەرشانی دایکی‌و سەری خۆی نوساند بەسنگییەوەو گوتی:

- تۆ چۆنی چۆن خۆ ناڕەحەت نیت؟ قەی ناکا ئێستا ئەتان بەنە شوێنێکی باش.

ئامەخان وەرامی نەدایەوە چونکە قوڕگی پڕبوو لەپیش‌و گریان.

حەپسەخان رووی کردە عەلی کوڕێ‌و کوڕەکانی ترو گوتی:

- ئێستا چیمان لێ ئەکەن؟ راستە دوو سبەی ئەبێ بڕۆین؟

عەلی گوتی:

ئاخر، بۆیە هاتووین تاوەکو تێتان بەگەیەنین.

دووسبەی دوای نیوەڕۆ ئەکەونە رێ بەرەو (بانە)و لەوێشەوە ئەتان بەن بۆ تاران.

حەپسە خان بەمەلولێکەوە گوتی:

- ئێوەش دێن لەگەڵمان یا چی ئەکەن؟

عەلی گوتی:

- نەئێمە لەدواییدا بەنۆرە دێین بۆ لاتان.

چونکە ئێمە ئەبێ لەگەڵ پێشمەرگەکان بین و هەر کەسە لەگەڵ دەستەو هاوڕێی خۆی بڕوات تاوەکو دائەمەزرێین و بزانین چۆن ئەبێت.

نەسرین بەماتییەکەوە گوتی:

- ئینجا بەخێری ئەمە تاوەکو کەی وائەبین؟

حسێن بەزەردەخەنەو گەرمییەوە دەستی خستە سەرشانی و گوتی:

- جارێ تۆ خەمت نەبێ پیەش هەموویان من دێم بۆ لاتان و سەری بردە نزیکی و چرپەیەکی کرد بەگوێیدا، هەردووکیان پێکەوە دەستیان کرد بەپێکەنین.

حەپسەخان گوتی:

- ڕێگاکە زۆر دوورە تاوەکو (بانە)؟

ئاخۆ دیسان چیمان بەسەر بێت بەو ڕێگە سەخت و شاخ و داخەوە، ناشێ دیسان هەر تۆفەو بەختیاری بەسەزمانمان لەگەڵ بنێرن.

حەپسەخان چاوی پڕبوو لەفرمێسك و بەقورگێکی گیراوەوە گوتی:

- وەڵڵا من خەمی ئەوپیرە مێردە فەقیرەمە خۆمان قیروسیا.

شێروان بەپەرۆشەوە هەڵی دایەو گوتی:

- خەسوو گیان، دڵی خۆت نارەحەت مەکە، خۆ هەروا نارۆن خەڵکی شارەزای دەوڵەتتان لەگەڵ دێن، ئاخر ئێمە میوانی ئەوانین، بۆ مامیشم ئینشائەڵڵا هیچ نابێت رێگاکە هەمووی (پادگاهی) عەسکەرە، دکتۆرو موکتۆریان هەیە خوا پێویستیتان پێ نەکات، هەر ئەوەندەش گەیشتنە (بانە) ئیتر لەوێوە بە ئۆتۆمبیل ئەتان بەن بۆ تاران.

سەبری بەتوورەییەوە گوتی:

- ئەم بەزمی تارانە چ بوو، بۆ ئێمەش لەگەڵ ئێوە نەبەن بۆ ئەوشوێنەی ئەچن؟

شێروان دەستی دا بەیەکاو گوتی:

- دەوەرە چاکە بکە؟ چەند رۆژە هەوڵی دونیامان داوە لەگەڵ ئەوان تاوەکو قبوڵیان کردووە کەچی ئەمانیش نارازین.

دەتوخوا کەس هەیە وابڵێت؟ تاران دەست کێ ئەکەوێت خەڵکی مننەت ئەبات هەر بۆ چەند رۆژێك بچێت بیبینێت ئەلێی ئەوروپایە ئەوەندە خۆشە.

سەبری دیسانەوە بەتوورەییەوە گوتی:

- ئەو ئەوروپاو بەهەشتەمان ناوێت، ئەمانەوێت لەگەڵ ئێوە بین، بەتەنیا بەرەڵڵای کوێمان ئەکەن غەریب بێ زمان.

عەلی سەیرێکی جەماعەتی کردو گوتی:

- ئەشهەدو بیلا ئەمە هەمووی خەتای حسێن بوو، ئەو لەسەر ئەم چوونی تارانە سوور بووو هەوڵی بۆ دا.

هەموو بەجارێك روویان کردە حسێن کەبۆچی وای کردووە.

حسێن منگە منگێکی کردو گوتی:

- وەڵڵا لەبەر باوکم هەوڵمداو حەزم کرد کەبچن بۆ ئەوێ. خەستەخانەی چاکی لێیە، ئەڵێن دکتۆرەکانیشیان زۆر باشن.

عەلی برای هاتە جوابو گوتی:

- دیارە لەوێ خەستەخانەی باشی لێیە، بەڵام لەشارەکانی تریش لێیەتی، ئامەخان چاوی خۆی بەپشتی دەستی سڕیەوە لەفرمێسكو گوتی:

- وەڵڵا حسێن راست ئەکات لەبەر کاکە حاجیم هەر ئەوێ باشترە کوڕەکانیش هەر دێنو ئەڕۆنو سەرمان ئەدەن.

دیار بوو ئامەخان لەدڵی خۆیەوە ئەو قسەیەی ئەکرد، ئەو لەکوێ ئاگای لە دڵی سەبریو نەسرین بوو کەچەنیان پێ ناخۆش بوو دڵیان لەسەر چەند لێئەداو لەداخی ئەم قسەیەی کەئەو کردیو لەکوێ ئاگای لەهەستو هۆشی روناکەکە هەر نزیك بێت لەبێستون بەردی رەقیشی لەلا ئەبێت بەخۆشترین شوێنی دونیا.

هەروەها کەی ئاگای لەفرمێسەکەکانی نەوبەهار بوو کەتۆزێ لەمەوپێش لە ژوورەکەی ئەو لا لەگەڵ عەلی باوەشیان کردبوو بەیەکا و چۆن بەدەم هەنسکەوە چرپانی بەگوێیداو گوتی:

- ئەوە کەی ئەم حاڵە دوایی دێت؟ وەچۆن عەلیش گوشی بەخۆیەوەو دەمی نابووە سەر روومەتو گەردنیو بەدەم ماچەوە پێی ئەگوت:

- نازانی چەندت بیر ئەكەم، هەر دامەزراین یەكسەر دێم بۆ لاتان و یەك دوو هەفتە ئەمێنمەوە.

***

خێڵی حەپسەخان و حاجی مەجیدو براكەی سێ رۆژ بوو بەڕێوە بوون بەرەو (بانە) هیلاك و ماندوو شوێن یەك كەوتبوون، هەندێ جار بەشێكیان ئەكەوتنە دوواوە، نەیان ئەتوانی ئەوشاخ و داخە سەختە ببڕن، بەشەكەی تریش كەوا پێش كەوتبوون كەئەیان بینی ئەوانەی تر دواكەوتن، دائەنیشتن چاوەڕێیان ئەكردن و ئەگەر لەدوورەوە دیار نەبوونایە دڵیشان ئەكەوتە مەراقەوە بۆیان و هەریەكەیان قسەیەكی ئەكرد بەدەم بۆڵە بۆڵەوە.

مناڵە وردەكان ئەگریان و سوور هەڵگەڕابوون، لەبەر تینی ئەو هەتاوە گەرم و تیژە، هەر چەندە دایكەكانیان مناڵەكانیان داپۆشی بوو زۆریان هەوڵ ئەدا كە بیان پارێزن و هەر ئاگایان لەشان و قۆڵی سرو ماندووی خۆیان نەمابوو لەبەر ئەوان، یەكی سەر دۆشەكێكی گەورەیان دابوو بەسەر سەری خۆیان و مناڵەكانیان خستبووە ژێری و وەكو چادریان لێ كردبوو، لەگەڵ ئەوەشا هەر فایدەی نەبوو.

ئامەخان و خوشكی لەبەر سێبەری دار بەڕوویێكا دانیشتبوون پشوویەكیان ئەدا، جامی ئاویان بەدەستەوە بوو، ئەو ئەیگوت بەخوا تێرم خواردەوە ئیتر با بۆتۆ بێت، ئەوی تریشیان وەرامی ئەدایەوەو ئەیگوت:

- دەقومێكی كەشی لێ بخۆرەوەو هەندێكێشی بكە بەدەم و چاوتا. تەرمۆزەكە هی كەشی تیا ماوە.

هەردووکیان تووڕەو ناڕەحەتو دڵ پڕ بوون زۆریشی لەبەر منداڵە وردەکانو حاجی مەجیدی نەخۆش سەبریو نەسرینیش لەو لاترەوە خەریکی تیرو توانج گرتن بوون لەکابرای ڕێبەریان کەگوایە بۆیە دەوڵەت لەگەڵی ناردبوون کەرێگاو بانیان پیشان بداتو ئاگای لێیان بێت.

سەبری پێی ئەگوت:

- ئەرێ برام تۆ لەدوێنی ئێوارەوە ئەڵێیت ها.. ها ئەوەتە گەیشتین ئەوەندەمان نەماوە، تەنیا ئەم دوو گردە ببڕینو هەڵگەڕێنەوە ئەو دیو ئیتر تەواو گەیشتین لەدوێنیوە حەوت گردو سی شاخمان بڕیو هەر نەگەیشتین.

بەختیارو تۆفەش چرپەچرپیان بوو کەوا چاوت لێیە سەبری چۆن ئەچێ بەگژ ئەو پیاوەدا، عەیبو شوورەیی وا ئەزانێت ئەویش ئێمەیە، بەختیار ئەیگوت:

- ئێستا خۆمی ئەگەیەنمێو بێ دەنگی ئەکەم.

هەردوو حاجیش لەگەڵ سمەی خوشکەزایانو قەتار چییەکە گەیشتبوونە تەختای یەکی خۆشی پڕ دارو درەختی گەورە گەورەی چڕ کە سەریان نابوو بەیەکەوەو سێبەرێکی یەکجار خۆشیان لێ دروست بووبوو، بەتایبەتی کەئاوێکی تەنکی روونیش بەژێریانا تێدەپەڕێو ئەوەی خۆشتریشی کردبوو ئەو بۆنە خۆشە نمە دارەی کەلەو ناوە بڵاوبووبوونەوەو کەتێکەڵاو بوو لەگەڵ بۆنی گەڵای دار گوێزو گوڵە ژاڵەو گەڵا مێوو پوونگەو گژو گیای قەراغ ئاوەکە.

هەردوو حاجی بەپەرۆشەوە چاویان لەرێگا بوو کەکەی منداڵو ژنەکان بگەنە ئەم شوێنە خۆشەو بەشکەم پشوویەك بدەنو ئیسراحەتێك بکەن سمە چەند جارێك لەخاڵەکانی چووە پێشەوەو گوتی:

- ئەرێ حاڵە گیان، رەنگە ئێستا زۆرتان برسی بێت، ئەڵێن چی دەست بکەم بە سفرە دانان.

کاکە حاجی گوتی:

- ئەوەندە خەمی مناڵەکانمە هەر هیچ شتێکی کەم بیر نەماوە.

حاجی مەجیدیش گوتی:

- جارێ خەمی نان خواردنت نەبێ، با ئەوانیش بگەن دوایی، حاجی زەردەخەنەکەی شاردەوە چونکە زانی کە سمە نیازی خۆیەتی و ئەمان ئەکات بەبیانوو، سمەش لەدڵی خۆیا ، جارێك ئەیگوت:

– ئەڵێی چی بچم بزانم چییان لێهات، جارێکیش ئەیگوت:

- بەهەزار حاڵ گەیشتوومەتە ئێرە تاقەتم لەکوێ بوو بگەڕێمەوە بزانم ئەوان بۆ نەگەیشتن ئێستا خۆیان هەر دەردەکەون.

سەبری و نەوبەهار و مناڵەکانیان گەیشتن و لەولاخ دابەزین و بەپەلە چوونەسەر ئاوەکەو کەوتنە دەست و دەم و چاو شتنی خۆیان و مناڵەکانیان، ئەوانی کەش لەدوورەوە دەرکەوتن کەبەرەو لای ئەوان ئەهاتن.

ئەوەندەی پێ نەچوو تۆفەش گەیشت، سەرو جامانەکەی داگرت و قاچی رووت کردو چووە ناو ئاوەکەو بەمست کەوتە شڵپە شڵپ و سەرودەم چاوشتن و رووی کردە سمەو قەتارچییەکان و دەستی درێژکرد بۆلای ئەوانەی بەرێوە ئەهاتن و گوتی:

- دەی باوکەکەمن بگەنە ئەوانەو یارمەتییەکیان بدەن.

دووای ئەوەی سمەو زەلامەکان ڕۆیشتن بۆلای حەپسەخان و ئەوان، حاجی مەجید بەسەر سوورمانەوە بە تۆفەی گوت:

- ئەوەتا ئەوان وا هاتن، ئەم قوڕ بەسەرانەش هیلاك و ماندوون بۆ کوێت ناردن.

تۆفە هاتە پێشەوە لێیان سەریرێکی ئەم لاو ئەو لای خۆی کردو دەنگی نزم کردەوەو گوتی:

– بەئەنقەست وام گوت. قسەم هەیە پێتان بڵێم با کەس گوێی لێ نەبێت، دارو دیوار گوێی هەیە، ئینجا لەئاوەکە هاتە دەرەوەو رووی کردە سەبری و گوتی:

- حەزم نەکرد چویت بەگژ ئاغای حەسەن دا، ئەوفەقیرە چی بکات ئەو بۆ دڵخۆشی ئێوە وائەڵێت.

تۆفە پەنجەی هەڵبڕی و گوتی:

- ئەمە کوردەو کوردی زۆر خۆش ئەوێت و زۆر کورد پەروەرە.

سەبری کەهەندێ حەسابووەوە وفێنکی بووەوەو هێشتا ئاو بەدەمەو و چاو ئەگریجەیەوە مابووو وەرامی تۆفەی دایەوەو گوتی:

- ئەمە کوردەو کوردی زۆر خۆش ئەوێت؟ وەڵڵا ئەمە دەستب ڕو فێڵ بازێکە نەبێتەوەو هەموو و کوردیش ئەفرۆشێت بۆ دەسکەوتی خۆی و بۆ جاسوسیش هاتووە لەگەڵمان و ساختە چییەکیشە بێ وێنە، ئەوە لەدوێنێوە ئاگام لێیەتی هەر چاوی بڕیوەتە ئەو سندووقە چایەو هەموو جارێك ئەچێت دەستێکی لێ ئەدات و ئەڵێت بابزانم باش بەستراوە، چای عیراق زۆر خۆشە.

تمەز ئەم تەماعی تێکردووە، ئاخریش وازیناھێنا سندوقەکەی پێ داگرتین و بەو ئێوارەیە کەوتە تەقەتەق و بزمار هەڵکەندن و بەزمانە لووسەکەی وای لە دایکم کرد من نەبوومایە هەر هەمووی ئەدایە بۆ خۆی، من نەمهێشت و گوتم، ئێمە ئەم هەموو خێزانە فێری ئەو چایەین دوایی لەوێ چی بکەین.

سەبری دەستی هەڵبڕی و گوتی:

– بۆچی هەر ئەوە؟ ئەو هەموو قاپە وەرشاو وسینییەشی لەدایکم سەند بێجگە لەو سەرین و ئەو دوولێفە چاکە جوانە.

تۆفە بەسەر سوڕمانەوە گوتی:

- ئەو قاپانەی لەدێیەکەی فاتمە خانمان کڕی؟

نەوبەهار گوتی:

- بێ قەزا بیت ئامۆژنیشم چەندخۆش باوەڕو دەست بڵاوە، دەبڵێ توخوا خەڵك چۆن نوێن ئەبەخشێت، لەم حاڵەشا کەئێمەی تیاین!؟

سەبری بەتووڕەییەوە گوتی:

- هەرچەندە شەڕێکی چاکیشم لەگەڵ دایکم کرد، بەڵام فایدەی چی تازە قسەکەی کردبوو، خۆ ئینشائەڵڵا ناچین لێی بسەنینەوە، بەبیانووی ئەوەی لێی سەندبوو کەگوایە ئێستا ئەچنە تاران و ئەتان بەنە خانووی خۆشی پڕ ناوماڵی دەوڵەتەوە ئیتر ئەم شتە زیادانەتان بۆچییە.

سەبری وەکو تێگەیشتوو و زانا رووی کردە تۆفەو گوتی:

- ئاگاتان لەدەمتان بێت، قسەو مسەتان لەژێر دەرنەهێنێت ها، ئەوە پیاوی (ساواکە).

تۆفە سەری سوڕماو گوتی:

- (ساواك) چییە؟

سەبری بەچرپە گوتی:

- یەعنی پیاوی (ئەمن) وەکو زۆڵە ئەمنی لای خۆمان.

تۆفە سەری داخستو قسەی نەکردو بێ دەنگ بوو چونکە لەرێگاو بەدەم ڕۆیشتنەوە هەموو هەمانەکەی بۆ کابرا خاڵی کردبووو هەرچی ئاغای حەسەنی لێی پرسیبوو ئەمیش بەپوختو جوانی وەرامی دابووەوەو بۆی باس کردبوو.

نەوبەهار بەپەرۆشو ترسەوە سەیرێکی تۆفەی کردو گوتی:

بەقوربانە کەواتە، زۆر وریابن باسی هیچی لا مەکەن لەرێی خوادا.

تۆفە بەبڕوایی یەکی دەست کردەوەو دەستی هەڵبڕیو سەری باداو گوتی:

- من؟ بۆچی من ئەم نەوعە کەسانە ناناسم؟ قوڕ بەسەریان ئەو خورمایەی ئەوان ئەیخۆن ناوکەکەی ئەمەتا لەگیرفانی منایە.

سەبری لەدڵی خۆیا گوتی:

- دیسان دەستی پێکردو کەوتە قسەی زل هەڵڕشتن.

ئینجا رووی کردە تۆفەو گوتی:

- باشە باشە لەشت ساغ بێت، ئینجا کێ حەددی هەیە فێڵ لەتۆ بکات.

تۆفە لەدڵێ خۆیا گوتی:

- ئای هاوار خۆ من هەموو شتێکم بۆ ئەم کابرا حەرام زادەیە گێڕایەوە. هەمووشی بەخۆ هەڵکێشانەوە ، تاوەکو باسی ئێستگەکەشم بۆ کرد، بەڵام باش بوو ئۆخەیش شکور کەفریا نەکەوتم پێی بڵێم لەکوێ هەڵگیراوەو چۆن شاراوەتەوە.

تۆفە یەکەمجار بوو قیڕەو شاتەی سەبری پێخۆش بوو بێت، چونکە لەو کاتەدا کەئەم باسی بۆ کابرا ئەکرد سەبری هیلاکو تووڕە بوو بووو هاواری تۆفەی کردبوو کەبچێت بەلایەوە چونکە کوڕەکەی رقی گرتبووو داوای لە تۆفە کرد کەبێت بەلایەوەو هەندێ ئاوی بۆ بهێنێ.

تۆفە کەوتە گێژاوو ترسەوە بیری لەقسەکانی خۆی دەکردەوەو کەچی گوتوەو چی نەگوتوە، بۆچی ئەوەندە گەوجو خۆش باوەڕ بوو، چۆن ئەوکابرا جاسوسە بەزمانی لوس خۆی کرد بەبرای باوکو دڵسۆزی کوردو کوردستانو ئەمیش وا کوێرانە سنکی خۆی بۆ کردەوە.

تۆفە شڵەژاو کەبیری کەوتەوە کەوا چەند جارێك لەکاتی پشووردانو نان خواردنا، ئەم کابرایەی ئەبینی ئەچووە پەنا بەردو شوێنی تەنیاو شتی ئەنووسی، تاوەکو جارێك ئەم لێی پرسی:

- ئاغای حەسەنی ئەوەچی ئەنووسیت؟

ئەویش پێکەنیو گوتی:

- وەڵڵا هەندێ حساباتم هەیە با لەبیرم نەچێ.

تۆفە مێشکی وروژاو کەوتە مەراقەوەو هەموو کردەوەکانی ئاغای حەسەنی بیر کەوتەوە کەچۆن دوێنێ ئێوارە کەگەیشتنە نزیك ئەو دێیەو ئەوو بەختیار ویستیان بچنە ناو دێیەکە بەشکم نەختێ ماستو نانو هەندێ شت بۆ منالەکان بکڕن، کەچی نەیهێشتو گوتی:

– نەء، ئێوە نابێ بچن، چیتان ئەوێ من ئەچم بۆتان ئەکڕم.

ئاشکرایە ئەوە نەیویستووەبچن قسە لەگەڵ خەڵکی دێیەکە بکەن.

تۆفە ئەوەشی بیر کەوتەوە شەوێ کەبەناو دێیەکا تێپەڕینو خەڵکی دێ یەکەکە چاویان بەمان کەوت بەپەرۆش بوون بۆیانو دووسێ کەس بەخێرایی چوونو ئاوو دۆیان بۆ هێنانو چەند ژنێکیش بۆیان گریانو ئەم کابرایە ئەوەندەی پێناخۆش بوو و لەیەك دوانێکیان تووڕە بوو گوتی:

- بەردەممان چۆڵ کەنو بڕۆن لاچن.

ئەوەشی هاتەوە بیر کە لەکاتی کەوتنە ڕێو خواحافیزی لەگەڵ ماڵیفاتمە خانمو دەرودراسێیەکان خەڵکەکە بەسڵەمینەوە سەیری ئەم کابرایەیان ئەکردو گوێشی لێبوو کەیەك دوانێکیان بەچرپەوە بەیەکتریان گوت:

- ئەمە ئەم باوك سەگە کەی پەیا بووە.

- ئیتر تۆفە بەجارێك دڵی کرمێ بوو لەکابراو هەرچی قسەو کردەوەیەك کرابوو و نەشکرابوو ئەهات بەمێشکیا و لەدەوری ئاغای حەسەنی کۆ ئەکردەوە.

تۆفە بەزوویی خۆی گەیاندە بەختیارو سمەو دوو کوڕەکەی خزمیان لەبابەت ئاغای حەسەنییەوە بەدرێژی قسەی بۆ کردن.

(جەماعەت) هەموو گەیشتنە ژێر درەخت و سێبەر خۆشەکەی لای حاجی و ئەوان و خۆیان هەڵڕشت و کەوتنە سەرو پووتەڵاک و دەم چاوشتن.

شوێنەکەیان زۆر بەدڵ بوو، زۆریان کەوتنە گیان گیان و دەربڕینی خۆشی و هەندێکی تریشیان گوتیان وەڵڵا با ئێمشەو لێرە تێر ئیسراحەت بکەین.

ئاغای حەسەنی لەوێوە هەڵی دایەو گوتی:

ناء: ئێرە باش نییە ئەم ژێردرەخت و دارانە پڕە لەمارو جانەوەرو لەبەر ئاوەکەش هەر باش نییەو هەمیشە لەم ناوە چەتە هەیەو خەڵك رووت ئەکەنەوە.

تۆفە خۆی پێنەگیرا، چونکە داخیشی لەدڵا بوو، هاتە قسەو هەندێ دەنگی بەرزکردەوەو رووی کردە کابراو گوتی:

- ئەمە چ بوو ئاغای حەسەنی بەهەر شوێنێکا تێپەڕین تۆ گوتت پێ هەڵگرن ئەم ناوچەیە باش نییە چەتەی هەیە خەڵك رووت ئەکەنەوە. ئەوەتی بە رێوەین ئەمە چەند بنکەی عەسکەری ئێوەمان تووش بووەو هەر خەریکی راکردن و (تەدریب)و تاقیکردنەوەنو هەر جاوید شاه جاوید شاهیانە، ئیتر چەتەو رێگری چیو، ئێستا کەی زەمانی خەڵك روتکردنەوە ماوە.

ئاغای حەسەنی بەشەیتانییەکەوە پێکەنی و گوتی:

- پیاو خراپ هەموو کاتێك و لەهەموو شوێنێك هەیە.

من لەبەر ئێوەمە نەوەكا تووشی شتێك ببن دوایی دەوڵەت ملی من ئەگرێت‌و ئەڵێت:

– بۆ بەرێگای باش‌و سەلامەتا نەت هێنان.

قسەكەی درێژە پێداو گوتی:

– ئەگەر هەندێ پەلە بكەن‌و پێ هەڵگرن ئیمشەو ئینشائەڵڵا لەبانە ئەنون‌و لەوێ ئیتر پشووی باش ئەدەن.

تۆفە سەری داخست‌و چووە ئەو لایەوەو بەتووڕەبوونەوە چەند قسەیەكی بە ژێر لێوەوەو كردو لەدڵێ خۆیا گوتی:

- وەڵڵا سەگباب چەتەو رێگرو دەستبڕ لەتۆ زیاتر نییە.

حەپسەخان‌و ئەوان دوای پشوودان‌و نان خواردن هەستان‌وپێشی هەموویان. كەوتن تاوەكو بچنە پەنایێك‌و دەست بەئاو بگەیەنن، لەڕێگا روناك قۆڵی هەڵ ماڵی بۆ دایكی‌و گوتی:

- سەیركە دایكە ئیمشەو ئەبێ شتێك پێوەی دابم ئەها قۆڵم چی لێهاتووە؟

دایكی‌و پووری كێشایان بەخۆیاناو ناڕەحەت بوون چونكە قۆڵە ناسكە سپییە خرپنەكەی روناك هەموو سووربوو بوو خەریك بوو ئەئاوساو وا دیاربوو كەشتێ گازی لێگرتبوو.

دایكی بەپەرۆشەوە گوتی:

- ئۆهـ دایكت بمرێ، بۆچی ئەزانی ئیمشەو ئێمە لەكوێ نووستبووین؟

بەخوا كە بەيانى راست بوومەوەو راپەڕیم و كێلە قەبرەكەم دی لەژوور سەرم هەر سڕبووم، ئیمشەو ئێمە لەناو قەبرستانا نووستبووین.

حەپسەخان كێشای بەسنگی خۆیاو گوتی:

- پەنا بەخوا قەبرەكەش دەلاقەیەكی زۆر گەورەی تیا بوو لایەكێشی روخابووو هەر مێرولەی رەشی گەورە گەورەی لێ ئەهاتە دەرێ، ئەچوونەوە ناوی یەكی بەقەد قالۆنچەیەك ئەبوون، هەر نازانم چۆن شەو تێمان بەرنەبوون.

ئۆ روحم دەرچێ بۆ ئەو منالە وردو ناسكانە.

ئامەخان راپەڕیو بەترسەوە گوتی:

- ئای قوڕ بەسەرم نەبێت، بەخوا كەواتە ئەمە ئەو مێروولانە بوون كەگازیان لێ گرتووم، چونكە نیوە شەو بەومردووی و هیلاكییە لەسەر شیشێكی ئاگر خەبەرم بووەوەو كەكرا بەلولاقی قاچما ئەوەندە خەوالوو ماندوو بووم، دەستێكم بۆ بردو گورج نوستمەوە.

ئامەخان گوتی:

ئەیەڕۆ باسەیرێكی بكەم.

دەستی دەرەلنگی ئاول كراسەكەی بەرزكردەوەوكەسەیری كرد جێی گازی پێوە دیار بوو بەلام وەكو هی روناك نەئاوسابوو و زۆر سوور نەبووبووەوە.

تاریكە شەو بوو نزیك سەعات دە بوو ( خێل) هەموو لەسەر تەپۆلكە یەك لەقەراغ جادەیەكی خۆلاوی دانیشتبوون هەندێ حەسابوونەوە بەتایبەتی كە شەوەكەشی فێنكو خۆش بوو، بارەكانیان لەولای خۆیانەوە خستبوو و كۆمەل كردبوو.

ئاغای حەسەنیش بەشە کەل‌وپەلەکەی خۆی لەشوێنێکی تەنیا کۆمەڵ کردبوو، زوو زوو ئەچوو بەلایانەوەو ئەیخستنە سەریەك، قەتارچی‌ییەکان پارەی خۆیان وەرگرتبووو رۆیشتبوون.

ئاغای حەسەنی وەکو فەرمان دەرو خاوەن دەسەڵات بەسەر سەریانەوە ئەگەڕاو ئەهات‌و ئەچوو.

ئەمانیش کزۆڵە دانیشتبوون چاوەڕێی فەرمان‌و قسەیان ئەکرد، دوای ئەوەی سەعات بوو بەنزیکەی یانزە لەدوورەوە لایتی دوو ئۆتۆمبیل دەرکەوت.

ئاغای حەسەنی بەشەوقەوە گوتی:

- ئەوا (ماشێنەکان) هاتن تاکو بتان بەن ئیتر خۆتان ئامادەکەن.

رووی کردە (جەماعەت) کە وەك عەسکەری شکستە بەسەرو پوتەڵاکی شێواوو بەقاچ‌و پشتی کووڕو سڕەوە.

خۆڵاوی تۆزاوی  لەبەرهەتاو، رەش داگەڕاوو پێست سووتاو دانیشتبوون رووی تێکردن‌و گوتی:

- کەسواری (ماشێنەکان) بوون ئەبێ سەرتان رووت کەن تاوەکو لەناوشار کەس وا نەتانبینێت، تۆفە بەشپرزەییەکەوە دەستی برد بۆ سەرو جامانەی خۆی‌و دەستی پیاهێناو توند تری کردو هەستایە سەر پێو بەپەرۆشەوە گوتی:

- بۆ ؟؟ بۆچی  لەو شارە سەروجامانەو سەری بەستراو عاجباتی‌یە، مەگەر ئەواینش کوردنین، ئاغای حەسەنی گوتی:

- كاكە ئـەوە ئیشـی ئێمەیـە، ئێمـە وا بەباشـی ئـەزانین، تۆفـە خـەریك بـوو هەڵچێت و بچێـت بـەگژیا كـەحاجی مـەجید هـەڵی داییـو دەسـتی دایـە كـڵاوو جامانەكەی خۆیو دایگرت هەروەك تۆفە خاو كاتەوەو گوتی:

- دەقـەی چـی ئـەكات، ئـەوە قسـەكردنی بۆچییـە، ئێمـە میوانـین خـاوەن مـاڵ چۆنــی ویســت ئــەبێ میــوان وا بكــات، تۆفــە دەســتی خســتە ســەر ســەرو جامانەكەیو هەندێ دوور كەوتەوە لێیانو لەژێر لێوەوە چەند جنێوێكی دا بە ئاغای حەسەنیو گەورەیو چەند دوعایەكێش كرد لەو كەسانەی بوون بەهۆی ئەوەی ئەم خەڵكە ماڵو حاڵو وڵاتی خۆی بەجێ بهێڵێت و وا بكەوێتـە ژێـر دەست و رەحمەتی یەكێكی وەكو ئەم دەست بڕو دزو هیچ و پووچە.

ئامە خان لەژێر لێوەوە بۆڵەیەكی لێوەهات و گوتی:

- رەزامان بەرەزای خوا، بەم ئاخری عومرە با ببین بە (عالمۆدە)

كچەكانی بەئەسپایی پێی پێئەكەنین، حەپسەخان بەبێ دەنگی ئەكوڵا لەبەر پێكەنینی بەقسەكانی كابراو بەجوابی تۆفەو سەری رووتی مێردەكەیو قسەی خوشكی .

***

ئۆتۆمبیـل گەیشـتن دوو لاندرۆڤـەری درێژبـوون ئۆتۆمبیلچییـەكان دابـەزین ئاغای حەسەنی كەوتە ورتە ورت لەگەڵیان بەفارسی، شتەكانیان باركرد لەسـەر ئۆتۆمبیلەكان و جەماعەتیش هەستان سوار بوون بەسەری رووتەوە، هەندێكیان هەستی خۆشیەكیان كرد بەوەی كەخۆ ئەوە ئۆتۆمبیلە سواری ئەبن و وائەچن

بۆ شار، ئیتر رزگاریان بوو لەكەرو ولاخ و رێگای سەخت و مێش و مەگەزو مارو دووپشك و پەین و تەپ و تۆزی لادێ، هەندێكیشیان وا سەیری ئۆتۆمبیل و ئەو دووكابرا لێخوڕە جل ئەفەندیەیان ئەكرد ئەتگوت كەقەت و هیچ نەشاریان دیبووو نەسواری ئۆتۆمبیل و قەمەرەی جوان بووبوون و نە ئەلەكتریكیان چاو پێكەوتبوو.

***

ئۆتۆمبیلەكان كەوتنە شوێنی یەك جادە خۆڵەكەیان بڕی و چوونە سەر جادەی قیرتاو، شەو درەنگ بوو كەسی وا بەسەر جادەو شەقامەكانەوە نەمابوو (جەماعەت) هەندێ بووژانەوە كەچاویان بەشارو (فلكە) و ئەلەكتریك و خانوو كەوت.

ئەوەندەی پێ نەچوو ئۆتۆمبیلەكان لەخێراییان كەم كردەوەو لەبەردەمیماڵێكا راوەستان و ژن و پیاوەكان دابەزین و بردیاننە ژوورێ لەگەڵ كوڵ و بارەكانیان، دووژووری گەورەو خۆشیان پیشاندان و لەوێ دابەشكران ژن لەژوورێك و پیاو لەژوورێك.

ئاغای حەسەنیش ونبووو نەماو لەگەڵ ئۆتۆمبیلچییەكانی رۆیشت، ئەمانیش تێگەشتن كەئیتر ئەو ئیشی نەماو ئەوەتە ئەمانی دایە دەست دوو زەلامی تر.

هەروەها سەیریشیان كرد كەئەم خانووە ئەگەر چی لەماڵی خێزان و ژن و منالدار ئەچێت بەلام هیچ ژنێك دیار نەبوو، هەندێكیان لەدڵی خۆیانا گوتیان

شـەو درەنگـە رەنگـە ئـەوان نووسـتبن و ئـەم دوو پیـاوەش کـەهاتن بەپیرمانـەوەو ژووریان پیشاندان لەکوڕو باوك ئەچوون یەکێکیان هەر بیست ساڵ ئەبوو ئەوی کەشیان خۆی دابوو لەشەست.

خێزانەکان دوای چوونە سەر ئاوو چوونە حەمامو دەستو پلو دەمو چاوو قاچو قۆڵ شتن هەموویان بەنۆرەو یەك لەدوای یەك بەپەلە لەخۆشی ئاو دەستی پاك و خۆش و سـەرگیراو بـەدەرگا و لەخۆشـی حـەمامو سـەر شـۆرك، هـی وایـان هەبوو بەو شەوە درەنگە دوو سێ جار چوو ئەتگوت هەنگی لەدارا دۆزیبووەوە.

ئەوەندەی پێنەچوو کوڕە منالّ کارەکەی ساحێب ماڵ بەسینییەچاوە لەگەڵ بەختیار هاتە لای ژنەکان و خستیە بەر دەستیان، هـەر زوو ئامـەخان دەسـتێکی لەخوشکیەوە وەرژەندو بەچرپەوە گوتی:

- ئەیەڕۆ چایەکان چەند زەردن، ئەڵێی ئاوی دڵۆپەن.

بەختیارو کوڕەکە چوونە دەرێ، لەهەیوانەکە کوڕەکـە رووی کـردە بـەختیارو بە فارسی چەند قسەیەکی لەگەڵ کرد.

ئەگەرچی بەختیار سەری بۆ لـەقاندو بـەزەردە خەنـەوە سوپاسـێکی بـۆ کـرد بەڵام هیچ لەقسەی کوڕەکە نەگەیشت لەناوی شام زیاتر.

بەختیار چوو دانشتەوە لای باوکی و مامی و ئەوان، بەڵام لەدڵا هـەر بیری لـە قسەکەی کابرا دەکردەوەو لەدڵی خۆیا ئەیگوت:

- خوايە ئەمە  باسى چى لەگەڵ كردم، وا بەپەلەو خێرا قسەى كرد رەنگە وەى زانيبێ كەبلبلم لەفارسيدا، خوايە گيان شـامى چـى؟ كـێ باسـى شـامى كردووە، تۆ بڵێى وا بزانێ خەڵكى شامين يا لەوێوە هاتووين؟

هەر چۆنێك بوو ناوى شام لەبەختيار بوو بەمەراق بێ ئەوەى قسە بكات.

زۆرى پـێ نـەچوو كوڕەكـە هاتـەوە بـەختيارى بـانگ كـرد مشـەماو قـاپى بەدەستەوە بوو گوتى:

- بەخانمەكان بڵێ رێى بكەن تاوەكو شامەكەيان بۆ دانێم.

بەختيار خەريك بوو بداتە پڕمەى پێكـەنين و تيگەيشـت كەكوڕەكـە باسـى (شيوى) كردووەو كەئێستا بۆيان دێنێت.

بەخيتار پێكەنينى بەخۆى هات و لەدڵى خۆيا گوتى:

- ئەوەيە كە زۆر جار دايكم و  پوورم دوعا دەكەن ئەلێن (ياشامى غەريبان) ئەبوو بزانم، منيش لەوە ساوە دانيشتووم بير لە (شام) ئەكەمـەوە وامـەزانى كوڕەكە ئەڵێت:

- ئێوە خەڵكى شامن يا ڕەوانەى ئەوێتان ئەكەن، چۆن ليّم بووبوو بەمەراق.

بەختتار سەرێكى باداو گوتى:

ئيتر بەرووييەكى كراوەو دەمێكى بەزەردەخەنەوە هاتە لاى دايكـى و ئـەوان لەگەڵ كوڕەكە و گوتى:

- هەندێ خۆتان لادەن (ئاغاى موعينى) نانتان بۆ دائەنێت، ئەوانيش كەوتنە خۆيان و هەڵكشان  بەرەو ژوور، هـەندێكيان خـەواڵوو بوون و خـەريكى نووسـتن بون، حەپسەخان بانگى كردن، ئەوانيش هەستان.

نەوبەهار بەچرپەوە گوتی وەڵلا زۆرم برسیبوو خەریك بووم بڵێم ئەری شتێکمان پێنەماوە بیخۆین.

روناك دەمی خۆی گرتو پێکەنیو گوتی:

- خێریان بنووسێت پارشێومان ئەدەنێ.

سەبری گوتی:

- دیسان زۆر قسە مەکەن، بەبێ دەنگی نانەکەتان بەخۆن، ئەوەندە لەسەری مەڕۆن.

تۆفە لەدیوی پیاوەکان ماتو بێ دەنگ دانیشتبوو، چونکە وەزعو حاڵەکەی پێخۆش نەبوو، بۆیە هیچ کەیفی نەبوو.

سمە دوو سێ جار هەستایە سەرپێو گوتی:

تۆبڵێی ئەو کوڕە پێویستی بەیارمەتی نەبێت، نەچم یارمەتییەکی بدەم؟

بەختیار بەپەلە گوتی:

- یارمەتی کەسیان ناوێت ئەوان بەفارسی قسە ئەکەن تۆ چوزانی چی ئەڵێن. سمە بەزەردەخەنەوە سەیرێکی بەختیاری کردو گوتی:

- کوڕە ئاسانە، پیاو خەیاڵی بداتێ تێئەگات، هەندێ قسەیان لەکوردی ئەچێت.

تۆفە دڵی پڕبوو داخی لەدڵابوو، بەگەرمییەوە هەڵی دایو بەدەم مژ لە جگەرە دانەوەو بەدەمی گیراوەوە گوتی:

- كوڕە لای بە زمانو قسەی چی، كوردیو عەرەبی تێكەڵاو كەئیتر ئەبێتە زمانی ئەوان.

بەختیار دایە پڕمەی پێكەنینو گوتی:

– باشە كە كوڕەكە هاتو گوتی بەژنەكان بڵێ ڕێگا بكەن سفرە دائەنێین، تێگەیشتی چی گوت:

تۆفە سەری راوەشاندو گوتی:

- ئەی چۆن تێنەگەیشتم.

بەختیار لەدڵی خۆیا گوتی:

حەرام بێ ئەگەر هەر زانیبێتت كەچی ئەڵێت، كەقسەی كرد وا واقت ورما ئەتگوت كوڕەكە فرەنسی قسەی ئەكرد.

* * *

دوو رۆژ بوو حەپسەخانو خوشكیو خێزانیان لەو ماڵەبوون لەشاری (بانە) پاكو تەمیز بووبوونەوە، جلیان گۆڕی بوو دەستو قاچو قۆڵو سەر چەندجار شورابوو، سەرپۆشو لەچك سپی هەڵگەرابوون.

مناڵە وردەكان حەسابوونەوەو لەسەر فەرشی كرمانی كەوتبوونە گاگۆڵكی كوردۆی نەوبەهار كەلەوان گەورەتر بوو ئەوبۆ خۆی بەملاو بەولادا رای دەكرد جار ئەچووە لای باپیریو ئەوانو جار ئەهاتەوە لای ژنەكان.

(ئاغای موعینی)و زەلامەكەی تریش قەت نەئەبینران تەنیا كاتی نان خواردن نەبووایە، لەچێشتخانەكەوە دەرگای بچوك هەبوو لەوێوە ئەچوونە بازاڕ

و ئەهاتنەوە ژووریٚ، دەرگای حەوشەش بەکلیل داخرابووو کلیلیش لەگیرفانی خۆیانا بوو.

ئەو رۆژە تۆفە تاقەتی چوو بێزار بوو دووسیٚ جار چووە حەوشەو گەڕایەوە ژووریٚ، تۆفە رووی کردە بەختیارو گوتی:

– ئەوە بۆ لەو کوڕە ناپرسێت، ئەمەوێت هەندیٚ جگەرە بکڕم، ئەمەوێت بچمە ناو بازاڕ.

بەختیار زەردەخەنەکەی شاردەوەو گوتی.

- کاکە تۆفە گیان منیش بەقەد تۆ فارسی ئەزانم ئیتر بۆچی خۆت پێی ناڵێیت؟

تۆفە سەری باداو گوتی:

- بڵێم چی ئەوەتی هاتووین هەر تۆ بانگ ئەکات‌و قسە لەگەڵ تۆ ئەکات.

بەختیار پێکەنی‌و گوتی:

- ئەوە حەزی لەناوەکەم کردووە، ناوەکەم ئاسانە بۆیە هەر من بانگ دەکات.

کاکە حاجی گوتی:

- وەڵڵا بەقسەی من ئەکەن پێیان مەڵێن، رەنگە رازی نەبن کەئێوە بچنە بازاڕ.

تۆفە بەناڕەحەتی‌و بێزارییەوە گوتی:

- کەواتە بڵێن ئێمە لێرە حەپسین.

کاکە حاجی سەری داخست‌و بەکەساسییەکەوە گوتی:

- ئەریٚ وەڵڵا حەپسین ئەی چین، لێرە ئێمە ناتوانین لەقسەیان دەربچین.

تۆفە بەتوورەبوونەوە و بەتوندی گوتی:

- دەیارەبی خوا ئەم حاڵە ببڕیٚ، خۆزگەمان بەژێر دەوەن و درِك و داڵی لای خۆمان.

بەختیار هاتە قسەو گوتی:

- ئینجا کاکە تۆفە گیان کامە سەگ باب دوور لەباوك و مامم واناڵێت، ئەریٚ وەڵلا نەك ژێر درِك و داڵ من ئەڵێم کاشکی هەر لەماوەت بکوژرامایەو نەگەیشتمایە ئەم حاڵە بەلاّم ئەڵێی چی، براکانمان بەلۆری حکومەت هاتنە سەرمان ئیتر دەسەلاّتمان نەما.

تۆفە گوڕی دایە خۆیو لەدڵی خۆیا گوتی:

- ئێستا ئەچم پێیان ئەڵێم کەئەمەوێت بچمە دەرەوە جگەرە بکڕم خوام لەو خوایەیە بڵێن حاڵی حسێبیٚ.

دوای بەینێك بەدزییەوە هەستاو چووە بەردەرکی ژووری دوو زەلامەکەو بەئەسپایی لەدەرگاکەی داو یەکێکیان بۆی کردەوە، تۆفە سەلامێکی کردو پاکەتە جگەرە بەتاڵەکەی نیشان داو گوتی:

- (ئاغا جگەرە ماکو)و بەکوردی تەواوی کردو گوتی:

- ئەمەوێت بچم بۆ بازاڕ بیکڕم.

یەکێکیان ئیشارەی کردو بەفارسی گوتی:

- باشە وەرە لەگەڵم ئەتبەم بۆ ئەو دوکانە.

تۆفە بەشەوق‌و خوشییەوە سەلامێکی تری بۆ کردو گوتی:

- باشە ئاغا راوەستە بابچم پارە بێنم‌و رایکـردە لای حـاجی‌و ئـەوانی تـر هەموو لەشی پێئەکەنی‌و بەگەرمییەوە گوتی:

– کوڕە چوومو پێم گوتن، گوتیـان وەی بەسـەرچاو ئـەوە بـۆ زووتـر قسـەت نەکرد وەرە بابڕۆین (قەیدی نیس.. قەیدی نیس).

بەختیار بەپێکەنینەوە گوتی:

- باشە چۆنت پیٚ گوت؟و چۆن تێگەیشتی لێیان؟

تۆفە سەرکەوتووانە گوتی:

- پاکەتەکەم پیشانداو گوتم ئاغا ماکو جگەرە.

هەموو کەوتن بەگازی پشتا لەبەر پێکەنین، حاجی مەجید گوتی:

- کوڕە باوکم (ماکو) عەرەبییە، حاجی براشی بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

- ئاخر ئەوەنالێت زمانەکەیان کوردی‌و عەرەبی تێکەڵاوە ئیتر چیتـان ئـەوێت خۆ ئەو توانیتێیان بگەیەنێت حەز ئەکەن با بەتورکی گوتبێتی.

تۆفەش پێکەنی لەگەڵیان‌و بەپەلە پارەی بردو رۆیشت لەگەڵ کوڕەکە.

ژنـەکان پاڵکـەوتبوون‌و تـێر نووسـتبوون‌و حەسـابوونەوەو لەبـەر ئـەوەی بێئیش‌و کاریش بوون ئیتر خەیاڵیان دابووە دارو دیوارو کەل‌و پەلی ماڵەکە.

لەژوورەکەشیان رەسمێکی گەورەی شاهنشاەو شاە ژن هەڵواسـرابوو، زوو زوو سەیری ئەو رەسمەیان ئەکردو هەریەکەیان شتێکی ئەگوت.

ئەمیان ئەیگوت:

– کچەکە، ژنی شاه چەند جوانو چاوو برۆ مەستە.

ئەوی کەیان ئەیگوت:

– ئـەڵێن کچـی زابـتو ئەفسـەرێکی بچـووك بـووە خـوا لـەو هـەموو کچـە خانەدانو جوانانە ئەم بەختەی داوەتێ کە شاه ئەوی بەدڵ بووە.

ئامە خان سەری رائەوەشاندو ئەیگوت:

- پەنا بەخوا لەبەختی ئەم شاهە، هەرسێ ژنەکەی یەك لەیەك جوانتر بوون،

حەپسەخان هەڵی ئەدایی و ئەیگوت:

- ئۆ ئۆە هەر کەسیان نەئەگەیشتە ژنی یەکەمی.

خوشکەکەی مەلیك (فاروق)ی میسر، ئەو زۆر جوان بوو ناوی فەوزیە بوو.

سەبری زانانەو خوێندەوارانە ئەیگوت:

- ئـەم ژنـەی خوێن گەرمـە، بـەڵام وەکـو دووانەکـەی تـر جـوان نییـە، لووتـی ئەڵێی ژاپۆنییە.

ئامە خان دیسان سەری بۆ رائەوەشاندو ئەیگوت:

- ئەمیان بەختی جوانە، ناوچەوانی جوانە، جوانی بۆچییە.

لەوکاتەدا کوڕە ئیشکەرە خاوەن ماڵەکە دای لەدەرگاو سەلامی کردو دیسان مشـەممای سـپی هێنایـە پێشـەوە کـەنان بخۆن دای خسـتو چـووە دەرەوە کـە خواردن بێنێت.

حەپسەخان دایە قاقای پێکەنینو گوتی:

- ئەیەڕۆ خۆ وەکو دابەستەمان لێهاتووە ئەمە چوار رۆژە هەر ئەخۆین و ئەنووین، کەس نییە بێت بەلامانەوەو پێمان بڵێت چی ئەکەین و بۆ کوێ ئەچین و کەی ئەڕۆین.

ئامە خان بەماتییەکەوە گوتی:

– کەممان بەسەر نەهاتووە دەبا دوو رۆژیش وابین.

***

بۆ سبەینی پاش نیوەڕۆ خەبەریان بۆ هات کەئامادەبن سبەینی بەیانی زوو ئەکەونە رێ بەرەو تاران.

بەیانی زوو دوو لاندرۆڤەر هاتنەوە دیسان (جەماعەت) بەکۆڵ و باریانەوە سوار کران و بەرەو تاران کەوتنە رێ، بۆ شەوی لەیەکێ لەشارەکانی سەر رێگا نووستن بۆ رۆژی دوایی ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتنە دەوروبەری تاران.

تاران لەدوورەوە لەبەرزاییەوە ئەوەندە جوان بوو، هەر ئەتگوت دەریای ئەستێرەو لالەو چراخانە رێگاو شەقامەکان کەبۆی ئەچوو هەمووی پان و بەرین و ئەم بەرو ئەوبەریان بەدارو درەخت رازابووەوە، تابلۆو رەسمی (پروپاگەندە)و ئیعلان بەرەبەرە دەرکەوتن و قەڵەباڵغی وریچکەی ئۆتۆمبیلی جۆراو جۆریش دەستی پێکرد، ئۆتۆمبیلەکانی (خێڵیش) کەوتنە ناویان و گەیشتنە ناو شار، شارێکی پێشکەوتووو ئاوەدان، لەمبەروئەوبەری جادەو شەقامەکانی هەموو بینای بەرزی چەند چینی و ئوتێل و فرۆشگاهی گەورە گەورەو لەهەموو شتێك زیاتر کەسەرنجی سەبری راکێشا، دوکانی گوڵ فرۆش بوو، لەدڵێ خۆیا گوتی:

– بەڕاستی دیارە میللەتێکی بەزەوقن، ئەوەی لای ئێمە باسی نەبێت دوکانی گوڵفرۆشییە، لەهەموو ئەو بەغدا گەورەیەدا وابزانم یەك دوکانی گوڵ فرۆشی تێدایە یا دووان، ئەویش ئەگەر یەکێ بیەوێت چەپکێ گوڵ بەرێت بۆ خەستەخانە بۆ سەردانی ئاشنایەکی ئەبێت دوو سێ سەعات ڕێگا بڕوات تاوەکو ئەگاتە (مەیدانی سەعدون) چەپکێ گوڵ بکڕێت.

لچی هەڵقورتاندو لەدڵی خۆیا گوتی:

- ئەویش کوا، مەگەر ئەوانەی زۆر مەدەنیو پارەدارن، ئەگینا لایئێمە کێ گوڵ ئەبات بۆ کێ، بەڵام تۆ سەیری ئەم هەموو دوکانی گوڵ فرۆشییەکە لێرە، هەندێ (جەماعەت) لەناو ئۆتۆمبیلەکان چاویان زەق بووبوو هەر سەیری ئەمبەروئەوبەریان ئەکرد.

منداڵدارەکان تاقەتیان چووبوو، چونکە شەقامو ڕێگای ئۆتۆمبیل زۆر قەڵەباڵغ بوو لە زۆر شوێنا ئۆتۆمبیلەکان هەر ئەچەقینو بەینێك ڕائەوەستانو منداڵیش ئەگریان.

ماوەیەکی باش بەناو شارا ڕۆیشتن چەند شەقامو (فلکەی) گەورەو بچووکیان بڕی، ئینجا ئۆتۆمبیلەکان لایانداو شوێن یەك کەوتنو چوونە ناو شەقامێکی تری ئەمبەروئەوبەر بیناو خانووی بەرزی سپی چوارچینیو لەبەردەم خانوویەکی دەرگا ئاسنی گەورەدا ڕاوەستانو بە (جەماعەت) گوترا کەئیتر دابەزن، هەموو دابەزینو کۆڵو بار داگیرا.

حەپسە خان لەدڵی خۆیا گوتی:

– دەی خوایە لەسەر تۆ بزانین چی کە لەچارەمان نووسراوە.

ئامەخان بەدەم بۆڵەی ژێر لێوەوە گوتی:

– هەر ئەم جارە کۆڵو بارو پریاسکەمان دانەگرت، قوربەسەرمان نەبێت، وەڵڵا هەر عەینی قەرەجمان لێهاتووە، کۆڵ بەکۆڵەوەو هەر رۆژە لە شوێنێك.

(خێڵ) چوونە ژووری دوای ئەوەی کورێکی ئەفەندی کەلەکورەکانی خانووەکەی بانە ئەچوو، گورج هاتو دەرگای بۆ کردنەوەو ئەلەکترێکی بۆ داگیرساندن، ئۆتۆمبیلچییەکان لەگەڵی کەوتنە قسەو باسو چرپە چرپو ئەمانیان دایە دەست کورەکەو خۆیان بەپەلە سوار بوونەوەو رۆیشتن.

خانووەکە گەورەو خۆش بوو سێ چینیبوو، حەوشێکی چوار گۆشەی هەبوو لەناوەراستیا حەوزێکی شینی جوانی هەندێ گەورەی تیابوو، سێ دەورەی حەوشەکە هەمووی دارودرەختو گوڵو ئینجانە بوو، هەروەها لەحەوشەکە پێپلیکانەیەك هەبوو ئەچووە چینی یەکەم بەدریژی قەراغی پیپپیلکەکەش ئینجانە گوڵ دانرابوو.

حەپسەخانو ئەوان سەرکەوتنە سەری بەدەم سەیر کردنو چاو لەیەك برینەوە هەروەك بەیەکتری بڵێن:

- چەند خانوویەکی خۆشە،تۆ بڵێی هەر لێرە بمێنێنەوە یاخود هەر ئیمشەو لێرە ئەبینو سبەینێ ئەمان بەنە شوێنێکی تر، خانووەکە ئەگەر چی هەندێ کۆن بوو، بەڵام بۆ ئەو خێزانە زۆر باش بوو، دوو سێ حەمامی تیا بوو ژوورەکان گەورە گەورە بوون ئەتگوت مەکتەبە، کەلوپەلیشی تیابوو وەکو

نوێـن و کورسـی و قەنەفـە، ژوورەکـان هـەموو داخرابـوون بەفـەرش و قـاڵی، ئەگەرچی هەندێ کۆن بوو، بەڵام جوان و رێك و پێك بوون.

چێشـتخانەیەکی گـەورەو باشیشـی تیـا بـوو لەگـەڵ قـاپ و مەنجـەڵێ زۆر، (خێڵ) کەوتنە مقۆمقۆو چرپە چرپ، ئەم ئەیگوت:

- وای تاران چەند خۆشە، ئەوی تریان ئەیگوت:

- تۆبڵێی لەم خانووەدا بمێنین؟ ئەمەی کەیان ئەیگوت:

- ئەم خانووە چەند گەورەو باشە ئەڵێی بۆ ئەم خێزانە زۆرەی ئێمە کراوە.

یەکێکی تر سەری ئەبردە نزیك ئەوەی ترەوەو ئەیگوت:

- چییە ئەم کورە لەم خانووەدا ئەژیو لەخاوەن ماڵ ئەچێت؟

هەفتەیەك بوو کە (جەماعەت) گەیشتبوونە تاران، پێشیان گوترابوو کەئێوە ئیتر لەم خانووەدا ئەژین تاوەکو لـێرەن و ئـەم کـوڕەش کـەلێرە یـە لەگـەڵتان ئەبێت، مشووری بازاڕو خواردن و هەموو ئیش و کارێکتان ئەخوات، ئـەوەش ئاشکرا بوو کەئە بـوو (خێڵ) بکەونـە ژێـر چـاودێری ئـەو کـوڕەوە، کەبـەناوی پاسەوانی ماڵەکەو چێشتکەرەوە لەلایان ئەمێنێتەوە، بۆ ئەوەی ئاگای لەهەموو جووڵـەو هەسـتان و دانیشـتنیان بـێ و ئاگـاداری ئـەوەبێ کـە کـێ هاتوچۆیـان ئەکات و کێ پـەیوەندییان پێوە ئەکات بەتایبـەتی کـەتاران پـڕ بـوو لـەکوردی ئێرانی کەبەشی زۆریان لەژێر چاودێری (ساواك)دابوون و جووڵانەوەیان هەموو ئەژمێرراو ئەشیان زانی کە ئەگەر بزانن ئەمان هاتوون بۆ ئێرە، رەنگە هەر زوو بێن بۆ لایان و پەیوەندییان پێوە بکەن، کەئێرانیش ئەوەی پێ خۆش نەبوو.

(ساواك) يا دەسگاى ئەمن ئەوسا لەئيَران خۆيان حساب بوونو تيَكرِا دەسەلاَتى تەواويان بەسەر هەموو دەسگاكانى ترى دەولَەتدا هەبوو، تەنيا دوژمنايەتييان لەگەلْ هيَزى سوپادا هەبوو هەر دوولا زۆر رقەبەرايەتى يەكتريان ئەكرد بەپيَى قسەى ئەو كەسانەى شارەزاى حالْ بوون.

ئەگەرچى خيَزانەكانى حەپسەخانو ئەوان لەسەرەتاوە بوونى ئەو كورِەيان لەو خانووەدا زۆر پيَناخۆش بوو، بەتايبەتى ژنەكان.

ئامە خان ئەيگوت:

- ئەيەرِۆ دايكم، ئەمە نامەحرەمە چۆن لەگەلْمان بژى، چوونە حەماميَكە، سەر رووتييەكە، بەنى ئادەم لەمالَى خۆيا هەزار شت ئەكات ئينجا ئەمە لەپرِ بۆ ئيشيَك بيَتو بەسەرى رووت وەيا بەنەوعيَكى تر بمان بينيَت ئەمە چۆن ئەبيَت كاكە حاجيش پيَى ئەگوت:

- ئينجا تۆ هەر رازى مەبە، كچێ ئەوە قسەى چى ئەكەيت، مالَىچىو خۆتى چى، ئيَستا ئيَمە وەك دەسبەسەر واينە.

خۆيان چۆنيان حەز كرد وا ئەكەن، ئيَمە ناتوانين هيچ بلَيَين.

هەروەها كچەكانيشى پيَيان ناخۆشبوو و ئەيان بۆلاَند بەلاَم وردە وردە لەگەلَى راهاتن، بەتايبەتى كەكورِەكە لەشى سووكو پاكو تەميزو ئازاو زيرەك بوو، سێ ژەمەنانو چيَشتيَكى پاكو پوختى بۆ ئامادە ئەكردن، وەختى نان خواردن بانگى ئەكردن.

– خانم سفرە هازرە.

(ئاغای رەزائی) كەناوی كوڕەكە بوو، ئەگەرچی چێشتی بۆ لێ ئەنان و بازاڕی بۆ ئەكردن و گۆشت و زەخیرەی بۆ ئەكڕین، بەلام ئەبوو یەكێ قاپەكانی بۆ بشوات و چێشتخانەكەی بۆ پاك كاتەوە، هەروەها خێزان ئەبوو خۆیان ماڵەكە پاك كەنەوەو ئیشەكانی تریان بكەن.

تۆفەو سمایل و دووكوڕەكەی تری خزمیان (كاوەوكامەران) لەژوورێكی چینی خوارەوەی ماڵەكەو لەبەرامبەر بەژووری ( ئاغای رەزائی) دابوون، چێشتخانەكەش هەر بەتەنیشتیانەوە بووو لەگەڵ حەمام و تەوالێت و ئەو شوێنە پێویستیانەو هەموو ئەوانە لەسەر هۆڵێكی گەورەبوون كەلەوێشەوە پێپلیكەیەك ئەچووە سەرەوە بۆ هەرسێ چینەكەی تر، هەروەها ژوورێكی گەورەی بەشووشە كراویش ئەیڕوانیە سەر حەوشەكە بۆ پاراستنی گوڵ و گوڵزار لەبەر سەرمای زستان كرابوو.

تۆفە هەر دوای هەفتەیەك گوتی:

- بەتەواوی فێری فارسی بووم

ئەچووە دوكانی دەوروپشتی خۆیان كەزۆر جار (ئاغای رەزائی) خۆی نەیەپەرژا تۆفە یایەكێ لەكوڕەكانی تری ئەنارد كەبچن شتێكی بۆ بكڕن، شتی بچووك وەك شقارتە شخاتە یادەسكی كەرەوز، یا كولێرەو نان، چونكە شتەگەورەكان خۆی هەر زوو ئەیكڕین.

رەزائی زۆرتر تۆفەی بانگ ئەكرد، وەكو شتێك ئەویش لێی تێگەیشتبوو و ئەیویست گێچەڵی پێبكات و پێی رابوێرێت، تۆفەش زۆر داخ لەدڵ و ناحەزانە لەگەڵی ئەجووڵایەوەو رەفتاری ئەكرد، هەمیشە لەژێر لێوەوە جنێوی پێئەدا.

جارێكیش چوو بەگژیاو قیراندنیو هەروا بەكوردیەكی پاراو لێی راپەڕیو گوتی:

- بۆچی ئێمە قاپت بۆ بشوێنو چێشتخانەت بۆ پاككەینەوە، كەچێشتخانە هی تۆ بێت قاپەكانیش خۆت بیشۆ

حەپسەخانو ئەوان بەدزییەوە تۆفەیان بانگكردو چوون بەگژیاو پێیان گوت:

- لەڕێی خوادا دەمی خۆت بگرەو حەیامان مەبە، ئێمە ئەم هەموو كەسە لەم ماڵەداین دەبا قاپی خۆمان خۆمان بیشۆین!

تۆفە هەڵچوو گوتی:

- قەی ناكا ئەگەر خۆمان هەقمان هەبوایە بەسەر چێشتخانەو هەقو حسابەوە ئەوسا بەخۆشییەوە هەمووی هەر خۆمان ئەمانكرد، بەڵام تۆ سەیری كە ئەو وا تەماشامان ئەكات ئەڵێی ئێمە خزمەتكاری باوكیینو هەر ئەمرمان بەسەردا ئەكات.

حاجی مەجید هەڵی دایەو گوتی:

- كاكەگیان بەس نییە،ئەو خواردنەكەتان بۆ حازر ئەكاتو ئەیخاتە بەر دەستتان، ئەی ئەگەر ئەوەشی نەكردایەو هەر وەكو ئاغای تەواو بەسەرتانەوە بگەرایەو ناچاربوونایە ئێوە سینیتان بخستایەتە بەردەمی ئەوسا ئەتگوت چی؟

حەپسەخان هاتە قسەو گوتی:

– كوڕی باوكم دان بەخۆتا بگرە، بزانین خواچیمان لێئەكات، ئینسان قسەیەكیش بۆ دز بكات، وەڵڵا كوڕەكە خراپ نییەو زۆر لەش سووكەو زۆریش بەخزمەتە.

تۆفە خیسەیەكی لەحەپسەخان كردو گوتی:

- ئەرێ وەڵڵا لەش سووكە، بۆچی لەش سووك نابێت ئەوە قازانجی خۆی تیایە.

تۆفە دەنگی نزم كردەوەو لێیان هاتە پێشەوەو بەچرپە گوتی:

- ئێوە چوو زانن (كاك عەبدوڵڵا) بۆی گێڕامەوە كە ئەمانە چی ئەكەن.

بەختیار بەحەپەساوییەوە گوتی:

- كاك عەبدوڵڵا كێیە؟

تۆفە دیسان بەچرپەوە گوتی:

- پیاوی ئەو ماڵە مهابادیەیە، بەڵام توخوا ناوی مەبەن لای كەس، ئەوەتا ماڵەكەیان لەسەرووی كۆڵانەكەی ئێمەوەیە، هەموو جارێك لەنانەواخانەكە پێم ئەگات و ئەڵێت:

- بەخوا سەید محەمەدو ماڵەكەیان وەختە دڵیان دەربێت بۆتان، بەڵام ناوێرن بێن بەلاتانەوە لەبەر (دەوڵەت)و ئەم پیاوی (ساواكە)ی لەلاتانە.

ئینجا ئەو هەموو شتێكی بۆ گێڕامەوەو گوتی:

- ئێستا ئەم كابرایەی لای ئێوە چەندتان بۆ سەرف ئەكات سێ ئەوەندە ئەنووسێت و لەدەوڵەتی وەرئەگرێت و نیوەی بۆ خۆی نیوەكەی كەسی بۆ ئەوی لەخۆی گەورەترە.

ئەمانــە هــەموویان گــەورەو بچووكیــان هــەروا شــەریكە دزنو ئەمــە ئیــشو كاریانە.

سەری راوەشاندو گوتی:

- ئــەی چــۆن خــۆ لەبــەر خــاتری چــاوی كاڵــێ ئێمــەیان نییــە، بــۆ قــازانجی خۆیەتی.

ئەم جارە كاكە حاجی هاتە قسەو گوتی:

- كــورە ئێمــەی دەربــەدەرو هەڵــهاتوو هــەقمان چییــە بەســەرەوە، ئــەوەماڵی خۆیانەو ئیشوكاری خۆیانە ئێمە بۆ حەیای خۆمان بەرین، خۆمان پیاو خراپ كەین، بە ئێمە ئەگۆڕێن، ئێمە هەر ئەبێ دەس بەكڵاوی خۆمانەوە بگرین با نەی بات تاوەكو بزانین خوا چی ئەكات.

هەر چۆنێك ئەبوو بەهەموویان تۆفەیان بێ دەنگ ئەكردو خاویان ئەكردەوەو بەینێك ئەویش سەری خۆی كز ئەكردو سەیری دەمی (ئاغای رەزائی) ئەكرد.

تـا پـاش چـەند رۆژێكـی تـر، دیسـان شـتێك رووی ئـەداو یـا ئەهاتـە پێشــەوە كەلـە توانایـا نەئەما قووتـی بـدات لەبــەر ئــەوە دیســانەوە بــەزمێكی تــری هــەڵ ئەگیرساندەوە قڕەیەكی تری دروست ئەكرد.

رۆژێك كەدیسـانەوە تۆفـە بـەزمێكی نـابووەوە، حەپسـەخان بەناڕەحەتییــەوە گوتی:

بـەخوا دایكـم كەعـەلو كوڕەكـان سـەریان دایـن پێیـان ئـەڵێم ئـەم هەڵـەوەڕە بەرنەوە لای خۆیان، با بچێتەوە ناو پێشمەرگە ئەمە سەرمان بەفەتارەت ئەدات.

خوشکی وەرامی دایەوەو گوتی:

- ئەریٚ وەڵلا، دەستم لەسەر دڵمە، چونکە هەڵەستێت و دائەنیشێت ئەڵێت لە گۆڕی باوکی گەورەی ئاغای رەزائی بەم، ئەم قسەیە بۆتە وێردی سەر زمانی، ئەو رۆژە پێم گوت:

- ئەریٚ رۆڵە تۆ ئەزانی گەورەی کێیەو تۆ باسی کیٚ ئەکەیت؟

ئێستا گوێی لیٚ ئەبێت خوا ئەزانێت چیمان بەسەر ئەهێنن.

کەچی زەق سەیری کردم و گوتی:

- ئەی چۆن نازانم باسی کیٚ ئەکەم، ئاخر منیش بۆ ئەوی رەوانە ئەکەم.

سەبری لەولاوە بەتووڕەبوونەوە هەڵی دایەو گوتی:

- ئەم خوا گرتووە سەری لیٚ تێکچووە، وا ئەزانێت جەنابی کەبە هەڵهاتوویی هاتووە بۆ ئێرە ئیتر ئەبیٚ ئەمان بیخەنە سەر سەریان ئاخر بە چیتەوە نەگبەت؟

نازانی ئێستا رەنگە لەدڵی خۆیانا چەند بەسووکی سەیرمان بکەن چونکە بووین بەدووبەشەوەو یەکتریمان قەلاچۆکردووەو لەبەر حکومەت و یا دوژمن رامان نەکردووەولەگەڵ براو ئامۆزاو هاوولاتی خۆمان وەکو دڕەندەو حەیوانی کێوی بەربووینەوە گیانی یەک و خۆمان کرد بەگاڵتە چی عالەم و ئیستا هەموو کەسیش بەسووک و بیٚ قەدرمان سەیر ئەکەن، هەروەها ئەوانەی تریش لەولات وەك پیاوو دەسەنە خۆری حکومەت سەیریان ئەکەن، بیٚ قەدرو سوك و جاری ئیشیان پێیانە بۆیە پشی پشیمان بۆ ئەکەن هەروەك ئەمان کەبۆ ئێمەی ئەکەن و رەنگە ئیشێکیان بەئێمە بێت و رەنگە رامان کێشن کەهەر بەتەواوی ببین بەپیاویان بەزیاد نەبیٚ یاخوا بمان کوژیٚ و تووشی ئەوەمان نەکات.

حاجی مەجیدی باوکی ئاخێکی زۆر بەکوڵی هەڵرشت وگوتی:

- وەڵڵا کچم راست ئەکەیت ئینجا ئەگەر کورد حاڵی وانەبوایەو قەومێکی خۆخۆرو بێگانە پەرست نەبوونایە، بۆچی تاوەکو ئێستا هەر وا ئەمانەوە؟ ئەوەتا سەیرکە ئەوانەی پەڕە مریشك و قازو گەڵا ئەگرن بەبەرخۆیانەوە لەجیاتی جل و دەم وچاوو سنگ پشتیان رەسمی ئەژدیهاو مارو دووپشکی لەسەر ئەکێشن بوون بەخاوەن دەوڵەت و کورد هەر وا ماوەتەوە.

هەمووشی لەبەر ئەوەیە کەئاوها هەمیشە دوو بەرەکییان تێکەوتووەو هەر خەریکی یەکتر کوشتن و لەناو بردن بوون.

خۆ لەسەرەتای شۆڕشداو تاوەکو ئەم دووبەرەکی یە دوا بڕاوە شوومەمان کەوتە ناو، لەحکومەت زیاتر جاشەکان ئەهاتن بەگژ شۆڕشدا، ئەزانی چەند جاشی خۆ فرۆش هەیە، ئەی ئەمانە کورد نین چین.

دەبا هەموو یەك بووینایە، بزانە هێز هەبوو دەرەقەتی کورد بێت.

حاجی بەکەساسییەکەوە دەستی دا بەیەکاو گوتی:

- بەڵام ئەڵێی چی قەومێکی خۆ خۆرین هیچ کەسێکمان حەز ناکات ئەوی کەمان نینۆکی هەبێت خۆی پێ بخورێنێت، بەڵام با بێگانە هەموو هێزو خۆشی دونیایان هەبێت هەی ناکا پێمان خۆشەو ئەیانخەینە سەر سەرمان.

سەیرێکی دانیشتوانی کردو گوتی:

- هەروا شتێکی بچووکتان بۆ بگێڕمەوە، چەند ساڵ لەمەو پێش کورێکی خەڵکی سلێمانی لەکولییەی پۆلیسی دەرچووو یەکسەر لەسلێمانی کردیان بەمعاونی پۆلیس.

سەیرێکی حەپسەخانی کردو گوتی:

- تۆش ئەیان ناسی کوڕەکەی کاك غەفوور.

حەپسەخان بەمەلولێکەوە گوتی:

- ئەیەڕۆ چۆن نایان ناسم سەردەمێ دراوسێی ماڵی ئامەی خوشکم بوون.

ئامەخانیش سەری لەقاندو گوتی:

- زۆر ماڵێکی باش بوون هەر ئەتگوت یەك ماڵین، خۆزگە بەوسا.

حاجی کەوتەوە قسەو گوتی:

- ئینجا رۆژێك حەسەنی (موزەمید) هات بۆلام‌و گوتی:

- خاڵە حاجی، مستەفا بەگ ناردوومییە خزمەتت، کەبەشکەم بەمعاون عەلیەکە بڵێیت کەئەو ئیشەی مستەفا بەگ زوو راپەڕێنێت چونکە لەسەر ئەو ماوتەوە.

حاجی بەزەردە خەنەیەکی تەوساویەوە گوتی:

منیش بەسەر سوڕمانەوە سەیرم کردو گوتم:

ئەوە تۆ باسی چی ئەکەیت، مستەفا بەگ کێیەو معاون عەلی کێیە؟ و ئیشی چی؟

کەچی پێم ئەڵێت

- وەڵلا خاڵە گیان مستەفا بەگ لەگەڵ من لەخانووێکاین نائیب عەریفە خەڵکی حیللەیە ئینجا کاغەزی تەرفیعەکەی لەبەر دەستی معاون عەلییەکەی کوڕی غەفووری سەر چوخمەکە دایە.

منیش ئەوەندە توورە بووم هەر خەریك بووم هەستمو بیدەمە بەر شەق، پێم گوت:

- هەی نانەجیب، ئەمە معاون عەلی چونکە خەڵکی سلێمانییەو خەڵکی لای خۆمانەو ئەیناسین بوو بەمعاون عەلییەکەو ناو ناتۆریشت لەباوکی نا، بەلاّم کابرای تر (مستەفا بەگە) چونکە خەڵکی حیللەیەو بێگانەیەو خواش ئەزانێت چ تیرەییکیشە.

وەڵلا هەر بەدەرکردن دەرمکردو گوتم:

- وەڵلا تۆشو مستەفا بەگەکەشت شەق بەرن پێی ناڵێم دەبڕۆ دەی ناپیاو.

حەپسەخان نارەحەت بوو لەبەر مێردەکەی چونکە زۆر وروژاو تێکچوو کە ئەم قسانەی ئەکرد، بۆیە بەپەرۆشەوە رووی تێکردو گوتی:

- دەتوخوا خۆت وا نارەحەت مەکە یاخوا خوا تۆفە بگرێ.

سەبریش لەبەر باوکی شڵەژاو گوتی:

- بابە گیان تۆ خۆت نارەحەت مەکە، وەڵلا خەتای ئێمەیە کەئەم قسەو باسە ناخۆشانە لەبەردەمی تۆدا ئەکەینو لەبیرمان ئەچێت کەنابێ ئەوەندە سەغڵەتت کەین.

***

نەوبەهار لەژوورەکەی خۆیدانیشتبوو هەندێ جلو کەلوپەلی کوردۆی کوڕی قەد ئەکرد، دوای ئەوەی نواندبووی، هەروا دەستی ئەدایە پارچە جلێكو خەیاڵی ئەڕۆیشت بۆ لای عەلی مێردی:

- خۆ گوتی هەر دامەزراین ئیتر دێم بۆ لاتان، کەچی وا بۆ سێ مانگ ئەچێت هەر دیار نەبوو.

خۆزگە ئێستا لەپڕ ئەیکرد بەمالاّ، وای چەند خۆش بوو، کەئێواران لەلای خۆمان سەری دەرئەکەوت و یەکێ لەبەر دەرگاوە ئەیگوت:

- وا کاکە عەلی هاتەوە، چەند دڵم لەخۆشیانا رائەچەنی و ئەگەشایەوە، ئەگەر چی نزیکیشم بووو رۆژی جارێك دووجار سەری لێ ئەداین، کەچی من هەر وام ئەزانی کە لەشارێکی دوورەوە دێت کەئەیان گوت، وا کاکە عەلی هاتەوە ئەوەندەم پێخۆش بوو.

نەسرینیش تاقەتی چووبوو بۆ حسێن و لەدڵی خۆیا گلەیی لێئەکردو ئەیگوت:

- ماشەڵلاّ، چاك هات بەلامانەوە، بەخوا ئیستا لەوێ ئەچەقێت و ئەچێتە ناو رووداوەکانی خۆیانەوەو هەر ئێمەشی بیر نامێنێ، ئەو هەموو جارێك وابووە لای خۆشمان کەئەهات سەرمان بدات ئیتر پێی نەئەبوو بڕواتەوە (بنکە)و کە ئەشچووە ئەوێ بیری نەئەکەوتەوە بێتەوە ماڵێ بەڕاستی کوڕێکی کەمتەرخەمە، بەلاّم سەبری ئەوەندە مات و دڵتەنگبوو، کەلەسەر بچووکترین شت هەڵ ئەچووو ئەچوو بەگژ هەموویانا، لەگەڵ ئەوەشا هەوڵێکی زۆری ئەدا کەلەبەر باوکی و مامی قسەی خۆش بکات و دڵیان بداتەوە، زۆرجاریش سەرزەنشی خۆی ئەکرد.

کـەبۆچی ئـەوەندە رەق و وشـك و تووڕەیـە، لـەکن خـۆی خوێنـدەوارو پێشکەوتوو خەباتکەرەو ئەبێ ئەو ئەم رووداوە کارەساتانەیان لائاسان کات، ورەیـان بەرزبکاتـەوەو نەسـیحەتێکی ئـەو کـوڕو لاوە بەسـەزمانانەی پـوورزاو خزمی بکات. کە وەك دیل و حەپس دەست لەسەر دەست و ئەژنۆ لـەم خانووەدا دانیشتوون بێ پارەو بێگیرفانی خاڵی، یەکێکی وەکو سمایلی پوورزای کە لـەماڵی خۆیـا و لای دایـك و بـاوکی تـاوەکو بـەیانیان لەخـەو هەڵەسـتا ئـەبوو دووشـیش گۆشتەکەی بەبرژاوی و لەگەڵ تەماتـە و سـەوزەو پیـازو نـانی تـیری فـەریك لەسـەر سـینی چـاوەڕێی کردایـە، وا ئێسـتا لـێرە لات و مـل و کـەچ بەدیاریانەوە دانیشتووە، خوا خوایەتی ئاغای رەزائی قسەیەکی لەگەڵ بکات و ئیشێکی پێ راسپێرێت و کە بانگی ئەکات (گاگا) (سمایل) وائـەزانێت خـەڵاتی ئەکات.

خۆ بـەختیاری بەسـەزمان ئـەوە هـەر هیـچ، لەپێشـمەرگەیەکی ئـازاو دلـێرو کلاشـینکۆف لەشـان و خەباتکـەری سـەر سـەختەوە ئێسـتا دەسـت و ئـەژنۆ دانیشتووە بێ ئیش و بێکار هەر باوێشك ئەدات و خەو ئەیباتەوە.

سـەبری کەئەم بیرانـەی ئـەکردەوە ئەهاتـەوە سـەرخۆی و قـەوڵی لەگـەڵ خـۆی ئـەکرد کـەئیتر رەوشـتی خـۆی بگۆڕێـت و داخـی ئـەو وەزعـە ناڵـەبارە دووری شێروان بەم فەقیرانە نەرێژێت.

روناکیش زۆری کات لەژوورەکەی خۆی پاڵ ئەکەوت و رادیۆ بچووکەکەی ئەخستە سەر دڵی و گوێی لەگۆرانی فارسی خۆش خۆش ئەگرت و لەگەڵ هەر

کەلیمەو شیعرێکی ئەو گۆرانییەداو بێ ئەوەی تیشی بگات، چونکە گۆرانی بێژەکان ئەوەندە دەنگ خۆش و ئاواز خۆش بوون و هەروەها بەسۆزیش ئەیانگوت:

ئیتر ئەویش چاوی ئەنوقاندو بەخەیاڵ باڵی ئەگرت و ئەفڕی و دەورو خولی بێستونی خۆشەویستی ئەدا، زۆرجاریش ئەگریا، بەدزی دایکی و ئەوانەوەو گیانێکی بەو گۆرانی و مۆسیقا دڵفڕێنەوە بوو بۆیە هەمیشە رادیۆکەی بە دەستەوە بوو.

***

دونیا بەتەواوی ساردی کردبوو، پێشڕەوی زستان بەتووڕەیی و لەناکاو پەلاماری دارو درەخت و زەلامی ئەدا لەرێگاو بان، زۆری ئێواران و بەو سەرمایە حەپسەخان و ئامە خان بەجووتە ئەچوونە هەیوانەکەی چینی سەری سەرەوە، بۆ خۆیان دوو بەدوو قسەیان ئەکردو سەیری ئەو دەوروبەرەیان ئەکرد، جار ئەگریان بۆ حاڵی خۆیان، جاریش بەخۆیان پێ ئەکەنین.

رۆژی (جومعان) لەرۆژەکانی تر زیاتر دڵیان تەنگ ئەبوو، کەئەیانبینی وا دراوسێییەکانیان خزم و کەسیان هاتنە لایان و لەبەردەرگای حەوشە دەستیان کردۆتە ملی یەك دایك و باوك و خاڵۆو خوشکەزا، مام و برازا، خوشك و برا، پیرو گەنج بەدرێژایی ئەو رۆژە لەماڵێ یەکتر ئەمانەوە و ئێواران دیسان بەعەینی هەراو قریشکەو پێکەنین و ماچ و موچ و خۆشی لەیەك جیائەبوونەوە.

حەپسەخان چاوی خۆی ئەسرییەوە لەفرمێسك و ئەیگوت:

- خۆزگەم بەخۆیان، بزانە ئێمە غەریبو تەنیا كەساسین كەسێكمان نییە دەرگاكەمان لێ بقڵیشینێتەوە ئۆ ڕۆحم دەرچێ بۆ وڵاتو شارو كەسی خۆمان.

حەپسەخانو خوشكی چونكە هەموو ئێوارەیەك ئەچوونە ئەو گەشتو سەیرانەی هەیوانەكەی سەرێ، خەریك بوون شارەزاییان لەدەرو دراوسێ پەیائەكرد، كە ئەمماڵەی دەستە ڕاستیان چەند كەسی تێدایەو ئەوەكەی تریان خاوەن ماڵەكەی چەند ژنێكی چرپنو قیرە قیركەرە، هەمیشە شاتەی دێت بەسەر مێردەكەیاو بەسەر ئەو پیریژنە نەگبەتەی لەلایانەو چۆن هەموو ئەو ماڵەی خستۆتە سەر شانیو ئەو فەقیرە ئەو دوومناڵەی ئەبات بۆ مەكتەبو نیوەڕوان ئەچێت ئەیانهێنێتەوە.

مناڵەكۆڕپەكەش بەخێودەكاتو ئەو چرپنەی دایكیشیان هەمیشە یا لەبەر ئاوێنەیە یا سەری لەخەنە گرتووەو یالوولەی پرچ ڕێكخەری بەسەرەوەیەو تێكڕا كراسێكی كورتو بێ قۆڵی لەبەر دایەو یاخود بەرۆبی حەمامەوە دێتو ئەڕوات بەماڵەكەدا، مووكێشو ئاوێنەی بچووكیشی لەدەست ناكەوێتە خوارێو هەر هەڵەشاخێ بەسەر ئەو ژنە فەقیرەداو كەمناڵەكانو باوكیان دێنەوە ماڵێ ئینجا نۆرەی ئەوان دەست پێئەكاتو پیرێ ژن هەندێ ئەحەسێتەوە لەدەست قیرەو شاتەی خانم.

حەپسەخانو خوشكی هەر ئاخو ئۆفیان بوو و ئەیانكێشا بەخۆیانا كەچۆن ژنو دایكی واهەیە لەدونیادا.

بەهەر دوو خوشك ناوو ناتوورەیان لەو ژنە نابوو، ئەو ئەیگوت:

- دیسان شاتەی بەیتەشەکەیە.

ئەمیان ئەیگوت:

- ها سەیرکە- تیاترۆ سەماکەرەکە دیسان بەم سەرمایە چۆن خۆی رووت کردۆتەوە ئەو کراسە رووتەی لەبەرکردووە.

چاوت لێیە ئەوەتە هەر بەئاشکرا نیوەی هەردوو مەمکی بەدەرەوەیە.

ئەمیان ئەیگوت:

- ئوە بەپەنگ بی

ئەوی کەیان ئەیگوت:

- بەدەستم بوایە، سەرم ئەتاشیو سواری کەرێکم ئەکرد، چۆن ئەبێ وا گوێ نەداتە منالەکانیو هەر بەسەریانا هەلەشاخێ.

ئەویتریان ئەیگوت:

- بەخوا دایکم ئەم ئەلێ دایکیان نییە، ئەمە لەباوە ژنیش ناچێت.

ئەوی کەیان ئەیگوت:

- کچی خوشکم منالی خۆین، ئەو رۆژە چاوم لێ بوو مەمکی ئەدا بە کۆرپەکەیان..

هەروەها لەباسی ئەو ژنە ئەبوونەوە، ئینجا باسی مالەکەی دیوەکەی تریان ئەکرد کەچۆن ژنی خاوەن مالەکە هەر بەیانی لێدێت ئەکەوێتە فەرش تەکاندنو پەنجەرەو دارو دیوار سرینو یەك دەقیقە سرەوتی نییە، وای ماشالڵا چەند گورجو گۆلەو چەند شیرینەو چەند جلی بەحورمەت لەبەر ئەکاتو هەر

کەمناڵەکانی لەمەکتەب هاتنەوە ئیتر ئەمە هەر خەریکیانە، نانیان ئەداتێو سەریان ئەشواو جلەکانیان ئەشواتو هەڵئەخاتو هەر بەقوربانو بە حەیرانیان ئەبێت.

ئیتر ئەم خوشك ئەکەوتە مەتحیو ئەمی کەیان بەسەریان هەڵئەدا، حەپسەخان ئەیگوت:

دایکم راستیان گوتوە ( ژنیش هەیە، ژانیش هەیە) ئەوە ئەو ژنە بەیتەشەیە هەر بەتەواوی ژانەنەك ژن، ئامە خانیش هەڵێ ئەدایی و ئەیگوت:

- دەبزانە ئەم ژنە باشە گورجو گۆڵە چ چاکەیەکی بۆ ئێمە هەیە، هەر ناشی ناسینو ناشمان ناسێت لەو رۆژە زیاتر کەهات جل هەڵخات لەهەیوانەکەیانو ئێمەی دیو گوتی:

- خانم سەلام ئەحواڵی شما.

حەپسەخان دایە قاقای پێکەنینو گوتی:

- وەڵڵا فارسی یەکەت زۆر باش بووە، ئەویش پێکەنیو گوتی:

- وەڵڵا ماشائەڵڵا زۆر چاك فێر بووم، ئەوە نییە کە گوتی (شما) وەم زانی باسی شەمشەمە کوێرە ئەکات،دوایی کەبە بەختیارم گوت:

- ژنەکەی دراوسێمان سەلامی لێکردینو باسی شەمشەمە کوێرەیەکی کرد، بەختیار پێکەنی و گوتی:

- ئەوە گوتوویەتی ئەحواڵی (شما) یەعنی هەواڵی ئێوە چۆنە؟

***

یەكێ لەو ئێوارانەی كەحەپسەخان و خوشكی لەچینی سەری سەرەوەی ماڵەكەیان راوەستابوون و دیسان خەریكی مشت و مڕو چرپە چرپی خۆیان بوون، لەپڕ حەپسەخان راپەڕی و بەشەوق و خۆشییەوە گوتی:

- ئۆخەی خوایە، وەڵڵا ئەڵێی ئەو ئۆتۆمبیلەی لەبەردەركی ئێمە راوەستا، هەر ئەڵێێت ئەو ئۆتۆمبیلەشە كەئێمەی پێهاتین بۆ ئێرە، تا هەردوو خوشك بە پەلە پرۆزیو بەهەناسە بڕكێ ئەوسێ چین پێپلیكەیەیان تەواو كردو گەیشتنە حەوشە، عەلی و بێستون و نەورۆز لەدەست لەملان و ماچ و موچا بوون لەگەڵ خەڵكی ماڵەكە. ئیتر ئەمانیش بەپەرۆش و خێرایی خۆیان گەیاندنی.

شەوێ هەموویان لەژووره فراوانە خۆشەكە دانیشتن دەوری كوڕەكانیان دا، ئەمیان باسی تاران و خانووەكەیان بۆ ئەكردن، ئەوی كەباسی ئاغای رەزائی و كەین و بەینی بۆ ئەگێڕانەوە.

تۆفەش ماوەی كەسی نەئەداو ئەیویست هەر خۆی قسە بكات، دەستی پێكردبوو، ئاشناكانی بۆ ئەژماردن، كەلەم دەورو بەرە پەیای كردووەو كەچۆنیش وەك بلبل فێری فارسی بووە. هەروەها باسی ژنێكی لوبنانی بۆ كردن، كەهەموو رۆژێك لەنانەواخانە پێی ئەگات و هەموو جارێك سكاڵای ئەوەی بۆ ئەكات كەچەند تاقەتی چووەو ناچاریشە لیرە بێت چونكە میردەكەی لە سەفارەتی لوبنانی مامووریكیبچووكەو چۆن ئەڵێت ئەوەتی ئەمی دیوەو بەعەرەبی قسەی لەگەڵ ئەكات.دڵی روون بۆتەوە ئەو رۆژەش قاپێ پاقلاوەی لوبنانیشی بۆ هێناوە.

حەپسەخان‌و ئامەخان كەوتنە دەست لەیەكەوە وەژاندن كە پەنا بەخوا ئەمە ئەم تۆفەیە ئەم هەموو قسەیەی لەكوێ هێنا و ئەو هەموو خەڵكەی لەكویوە پەیدا كرد.

ئامەخان دەستی خستە پەنا دەمی‌و بەچرپە بەخوشكی ئەگوت:

- دایكم بۆ هەر كوێیەك ئەچێت ئەبێتە ( گوڵی مەجلیس‌و گەورەی گەرەك) نەوبەهار گەشابووەوە لەخۆشی هاتنی عەلی مێردی‌و لەدڵی خۆیا ئەیگوت:

- خوا بەقوربانی بم، بەدڵی منی كرد كە ئەورۆژە گوتم، خۆزگە ئێستا لەپڕ یەكێ ئەیگوت: (كاكە عەلی هات) وەی چەند خۆش بوو كە گوێم لەم قسەیە بوو، عەیب نەبوایە مژدانەم ئەدا بەبەختیار كەبانگی كردو گوتی:

– منالێینە راكەن كاكە عەلی‌و ئەوان هاتن.

روناكیش لەخۆشی هاتنی بێستونی خۆشەویستی. ئەو ئێوارەیە هەر گاڵتەی بە چێشتی ناو قاپەكەی ئەكردو هیچی پێ نەئەخورا، بێستونیش ئەگەرچی لەبەرخەڵكی ماڵەكەوبەتایبەتی هەردوو حاجی هەندێ خۆی قورس‌و قەمەر كردبوو، بەڵام هەر چاوی لەسەعات بووو خوا خوای بوو كەدانیشتەكەیان دوایی بێت بۆ ئەوەی هەر كەسە بچێتە ژووری خۆی‌و ئەوو روناكیش بچنە ژووری خۆیان‌و بەپەلە دەست بكاتە ملی‌و تێرتێر ئەو دەم‌و لێوە كوڵە جوانە ماچ كات‌و ئەو لەشە نەرم‌و نۆڵە ناسكەی بگرێتە باوەشی، سەبریش وا دەرئەكەوت كەبەهاتنی عەلی برای‌وئەوان دڵێ خۆش بوو بۆیە زور ئاقڵانەو (كتێبی)و خوێندەوارانە باسی وەزع‌و رووداوەكان‌و سیاسەتی ئەكردو لە دڵی

خۆشیا بیانووی بۆ شێروان ئەهێنایەوە، کەچاکی کردووە جارێ بێستونی ناردووە، چونکە روناك بوکی سالەو هەقە ئەوان پێش خەلکیتر چاویان بەیەك بکەوێت، ئەگەرچی کەئێوارە بەهەلەداوان چوو بەپیریانەوەو شێروانی نەدی خورپەیەك کەوتە دلییەوەو هەندێ پەشۆکا.

نەسرین لەدلی خۆیا تووڕە بوو لەحسێن و سەرزەنشتی کردو گوتی:

– ئەوە کوڕەکە بوو کەلەپیش هەموویان ئەو ئەهات، بەلام ئەوەیش تووڕە بوونەکەی لەدلی ئەشاردەوەو خۆی زۆر شادو بەکەیف پیشان ئەدا.

حاجی مەجید دوای ئەوەی باسی حالی و سیحەت و نەخۆشی و چوونە سەر دکتۆری خۆی بۆ کردن، رووی کردە کوڕەکان و گوتی:

– ئێوە چۆنن لەچییان؟ پێشمەرگە دامەزراون و خەریکی چین؟

عەلی بەماتییەکەوە گوتی:

– باشین خراپ نین، هەروا ئەبێ خەریکین رادێین.

کاکە حاجی پرسی:

– لەکوێ دانراون؟ هەموو پێکەوەن یا جیا جیان؟

– نەخێر هەموو پێکەوەین لەشوێنێکی زۆر گەورەین، وەك ئۆردوگاهی عەسکەری وایە، ژن و مالەکانیش هەر لەدەوروبەری خۆمانن، خانوویان بۆ گیراوە هەر دوو سێ مال پێکەوەن.

بەلام تێکڕا پێشمەرگەکان تاقەت ناگرن هەر دوای چا خواردنەوە را ئەکەن و دێن بۆ لامان.

لێرەدا بێستون پێكەنیو گوتی:

– دوای چـا خواردنـی چـی، وەڵـڵا هـەندێكیان دێنـە لای ئێمـە دەمو چاوئەشۆنو نان ئەخۆن.

حەپسەخان بەچاوێكی پڕ خۆشەویستی دایكانە، سەیرێكی عەلی كوری كردو گوتی:

– ئەی بەساقەت بم بۆچی ئەوەندە دواكەوتن؟ دەمێكە چاوەڕێتان ئەكەین بێستون دەستێكی لەسەرو ملی خۆیداو پیشی عەلی كەوتو گوتی:

وەڵڵا خەسوو گیان، ئەگەر بەدەست ئێمە ئەبوو هەر دووهەم رۆژ ئەهاتین بەڵام بڵێم چی تاوەكو دامەزراینو تاوەكو ئێزنیان داین وای لێهات، خۆ بە كەیفی ئێمە نییەكەی ویستمان بێینو بڕۆین.

ئامەخان بەكەساسییەكەوە گوتی:

ئۆە روحم دەرچێت بۆتان، رەنگە وەك حەپس وابن.

نەورۆز كەلەنزیك دایكییەوە دانیشتبوو، دەستی خستە سەرشانیو بە زەردەخەنەیەكەوە گوتی:

– نانا دایە گیان حەپس نین بەڵام ئەبێ ئاگاداری هاتوچۆو جوڵانەوەمان بن، ئەوەش لەبەر ئێمەیانە كەتووشی هیچ نەبین.

دیار بوو نەورۆز لەبەردڵی دایكی وای گوت، ئەگینا هەموویان وەك دەسبەسەر وابوون.

عەلی وەك بیەوێت تۆزێ لەم باسە دووریان خاتەوە، بۆیە رووی تێکردن و گوتی:

– ئێ ئێوە چی ئەکەن، چی ناکەن، تائێستا چەندجار چوون بۆ ناو شارو بازاڕ.

بەزەردەخەنەوە رووی کردە دایکی و پووری و گوتی:

– فێری فارسی بوون؟

ئامە خانی پووری دەموودانی خۆی بەلکی سەر پۆشەکەی داپۆشی و پێکەنی و گوتی:

– ئەوە لەکاکە تۆفە بپرسە، ئەو لەهەمووومان ئازاو زیرەکترەو بووە بە بلبلی فارسی.

تۆفە دەستی بەسنگ و بەرۆکی خۆیا هێناو کۆکەیەکی بۆکردو گوتی :

– ئەی بۆ نەء.. بۆ نەبم؟ فارسی هەر زۆر ئاسانەو زۆری لەکوردی ئەچێت.

ئامەخان بەدەم پێکەنینێکی بێ دەنگەوە گوتی:

– ئەی نالێم شکور تۆ لەهەمووومان زیرەك تری.

ئەمەی گوت و دایە پرمەی پێکەنین و خۆی پێڕانەگیراو گوتی:

– بەخوا باوکم من ئەلێی گوێزم بۆ ئەژمێرن و لەسەلام و خانم زیاتر هیچی کە فێر نەبووم.

تۆفە بەزەردەخەنەوە مژێکی لەجگەرەکەی داو گوتی:

– یاخوا ئەوەش فێر نەبی.

ئیتر هەموویان بەجارێك دەستیان كرد بەپێكەنین لەگەڵ ئامەخان خۆشی.

بێستون گوتی:

- وا هاتووین چەند رۆژێك لەلاتان ئەبین، ئەتان بەینە ناو بازارو چ پێویستیتان هەبوو بۆتانی جێبەجێ ئەكەین‌و ئەڕۆینەوە، ئینجا كاك شێروان‌و حسێن دێن بۆ لاتان.

لەپڕ عەلی وەكو شتێكی بیر كەوێتەوە رووی كردە جەماعەت‌و گوتی:

- ئێوە ئەزانن ماڵی كێ لەتارانن؟

ئامەخانی پووری كەلەهەموویان زیاتر حەزی لەگەڕان‌و چوونە دەرەوە ئەكردو زۆر لەوێ دڵتەنگ‌و بێ تاقەت بوو، بۆیە بەخۆشییەوە گوتی:

- نە وەڵڵا نازانین ماڵی كێ ئەڵێی؟ ناسیاومانن وەی یا رسول الله(ص) بەشكەم ئەمە خوایە لێرە ناسیاوێك بدۆزینەوە، بەناشوكری ناڵێم خۆ كەسێك نییە دەرگاكەمان لێ بقلیشێنێتەوە.

حەپسەخانیش رووی كردە كوڕەكەی‌و بەگەرمییەوە گوتی:

- ماڵی كێیە خەڵكی لای خۆمانن؟

عەلی سەری بۆ لەقاندو گوتی:

- ئەرێ وەڵڵا خەڵكی لای خۆمانن.

نەورۆز هەڵی دایەو بەزەردەخەنەیەكی تەوساوییەوە گوتی:

- ئینجا وا كاكە پێی گوتن كەماڵی كێن بۆچی كەدیتانن ئەیانناسنەوە؟

عەلیش پێكەنی‌و گوتی:

– ناسینەوەی چی، بەتایبەتی ژنەکان، بەخوا ئەگەر کابرا خۆی نەی گوتایە ئەمە دایکی چرایەو ئەویش دایکی هۆشەنگە، هەر نەمەزانی خەڵکی کوێن، نەك هەر نەم ناسینەوە؟

سەبری لەو پێچو پەنایە تاقەتی چوو و حەزی کرد کە زوو بزانێت کەباسی کێ ئەکەن، بۆیە بەبێزارییەکەوە گوتی:

– بۆ خاتری خوا، دەپێمان بڵێن باسی کێ ئەکەن، ئەوە چییە بی قەزا بن هەموو قسەکانتان قەتاح فالێکی ئەوێت.

عەلی گوتی:

– باسی شەوکەت ئاغای باپیر ئاغا ئەکەین.

حاجی مەجیدی باوکی پرسی:

– چۆن بۆچی لێرەن؟ لەکوێ دیتان؟

عەلی رووی کردە باوکیو مامیو گوتی:

– ئەرێ وەڵڵا لێرەن،ماڵیان لەتارانە، ئەو رۆژە لەئۆردوگاکەمان یەکێك هات بەدوواماو گوتی:

– شەوکەت ناوێك لەبەر دەرگا داوات دەکاتو دەڵێت ئەمەوێت بیبینم، منیش سەرم سوڕماو گوتم شەوکەت ئاغا کێیە بانگم ئەکاتو هەر هیچ نەهاتە خەیاڵم کەکێ بێت.

تۆفە بەپەرۆشەوە گوتی:

– ئێ توخوا، وەڵڵا ئەمە سەیرە!؟

نەورۆز بەزەردەخەنەوە گوتی:

– جارێ ئێوە راوەستن با کاکە عەلی بۆتانی بگێڕێتەوە.

لەپڕ تۆفە راپەڕیو گوتی:

– ئەو شەوکەت ئاغایە نەبێت کە ئەو ساڵە لە سلێمانی لەگەڵ براکەی زەلامەکەیان کوشت کەقەرزاری بوون‌و بەبیانووی سەیرانەوە دەعوەتیان کردبوو بۆ ئەزمەر ئینجا کوشتبوویان‌و خستبوویانە چاڵێکەوەو دوایی لاشەکەیان دۆزییەوە، ئەمانیش هەر شەوەکەی‌و پێش ئەوەی پۆلیس بگاتە سەریان بەماڵ‌و مناڵەوە رایانکردبوو؟

عەلی گوتی:

– ئەرێ وەڵڵا خۆیەتی

عەلی وەك پاڕانەوە سەیرێکی هەمووانی کرد بەتایبەتی تۆفە گوتی:

– بەڵام باکەس ئەم قسەیەتان لێ نەبیستێت ئێمە هەقمان چییە بەسەرەوە.

ئینجا کەوتە گێڕانەوەی باسەکەیان‌و گوتی:

– کەهاتن بانگیان کردم، بەشپرزەییەکەوە چووم‌و گوتم خوایە خێر بێت، تۆ بڵێی شتێك نەقەومابێت.

عەلی لەسەر قسەکەی رۆیشت‌و گوتی:

– بەڕاستی شڵەژام‌و هەزار خەیاڵی خراپم کردەوەو گوتم خوا نەکردە باوکم یا یەکێکیان شتێکیان لێ نەهاتبێ، بەجارێك مێشکم داخراو بیرم نەکردەوە کەئەگەر خوا نەکردە شتێکی وا بوایە، خۆبە تەلەفۆن لەرێگای دەوڵەتەوە پێیان

ئەگوتین، ئاخری گەیشتمە بەردەركی ئۆردوگاه، برا كەسەیر ئەكەم یەك دوو قەمەرەی تازەی وەك رەخش راوەستاون و چەند پیاوێك بەجلی ئەفەندییانەوە لەو ناوە راوەستاون، كە گەیشتمە نزیك ئەبینم شەوكەت ئاغایە، خوا هەڵناگرێ باوەشی بۆ كردمەوەو دەستی كردە ملم و بەگەرمی چاك وچۆنی لەگەڵ كردم و هەواڵی یەكەیەكەتانی پرسیء و لەوەش زیاتر نەی هێشت سەرم سوڕ بمێنێ و بۆی گێرامەوە گوتی:

– ئەوە هاتووم بۆ كرمنشاه، كۆبوونەوەو زەماوەندێكی گەورە هەبوو نوێنەری ئالا حەزرەت شاه هاتبوو ئێمەش دەعوەت كرابووین، وا ئەگەڕێینەوە بۆ تاران چونكە ماڵمان لەوێیە، لەبەر ئەوە كە بە (هەمەدان)دا تێپەڕیم، گوتم نەكراوە كە نەیەم سەرێكتان نەدەم، دووایش بردمی بۆ لای قەمەرەكەی كە دووژنی عالمۆدەی تیا دانیشتبوون لەگەڵ دوو سێ مناڵ گوتی:

– ئەمەش خێزانەكانمن، دایكی چرۆو دایكی هۆشەنگ.

عەلی بەسەر سووڕمانەوە گوتی:

– بەخوا لەپیشا وەمزانی نمایشگەری سینەمان، ئەوەندە جلی جوان و رازاوەیان لەبەرابوو، هەزار جار بەلاما تێپەڕبیانە قەت نەم ئەزانی كە ئەوانە ئاسكۆڵ و قەدرین وایان لێهاتووە.

جەماعەت بەدڵ گوێیان لە عەلی ئەگرت كەحەپسەخان خۆی پێ رانەگیراو گوتی:

– ئەیەڕۆ پەنا بەخوا گوایە ئەمە بەچی وایان لێهاتووە؟

خۆ لەسلێمانی بەهەندێ گوزەرا نەیـەتوانی بـڕوات لەترسـی قـەرزار نـان‌و ئاوی ئەو خێزانە هەمووی بەقەرز بوو.

(جەماعـەت) تێکـەڵی قسـە بـوون‌و هـەر کەسـەیان شـتێکی رابـردووی لێ گێڕانەوە.

ئەو ئەیگوت:

– ئەوە لەسەداسەد پارەی کابرای داماویان دەرهێناوەو لێرە لرفی لێئەدەن، چونکە گوتیان سەرباقی قەرزی کابرا بەفێڵ پارەیەکی زۆریشیان لێ سەند بوو، بەناوی شەراکەت‌و قۆنتەراتی ئاسن‌و کەل‌وپەلی خانوو دروستکردن.

ئەمی کەیان ئەیگوت:

– نەبابـە باوەڕناکـەم ئـەوە ئـەبێت پەیوەندییـەکی هـەبێت بـە (سـاواك)و دەوڵەتەوە، کەوا بانگ کراوە بۆ شایی‌و زەماوەندی سەر بەدەوڵەت‌و هەروەها کە ویراویەتی بێ‌ترس بێت بۆ ئۆردوگاەو چاوی پێتان بکەوێت.

ئامە خان کەوتە باسی ئەوسایان کەدراوسێی ماڵی پوورە فاتمەی بوون‌و کە ئەوسا ئاسکۆڵ‌و قەدری چەند داماو بوون.

هەموو رۆژێك شەڕو هەڵایان ئەگەیشتە بنی گەڕەك (جەماعەت) تێکڕا زۆری دانیشتنەکەی ئەوشەوەیان بەباسی شەوکەت ئاغاوە بردەسەرو بە ژمـاردنی کـەتن‌و بلـۆف‌و دەسـت بڕینـەکانی رایـان بـوارد، زۆریشـیان حـەزکرد کـە بـەم گۆڕین‌و دیمەنەتازەیان وە بیان بینن.

***

بۆ رۆژی دوایی عەلی و کوڕەکان تەگبیری خۆیانکردو خەبەری ئاغای رەزائی یان دا کە ئەم چەند رۆژەی هاتوون، ئەیانەوێت دایك و باوك و خێزانیان بەرنە دەرەوەو ناو بازاڕ.

ئاغای رەزائیش کەوتە تەلەفۆن و چرپە چرپ لەگەڵ دائیرەکەی، پاش چەند سەعاتێك، لاندرۆڤەرێکیان بۆ ناردن لەگەڵ لێخورەکەی کە ئەوچەند رۆژەی کوڕەکان لەوێن ئەم ئۆتۆمبیلەیان لەگەڵ بێت و کوێیان ویست بیان بەن.

ئەوەش ئاشکرا بوو کە (ساواك) ئەیانویست بزانن بۆ کوێ ئەچن و چی ئەکەن، بۆ ئەوەی ئاگاداری هەموو جوڵانەوەیەکیان بن.

(خێڵ) بوون بەدووسێ بەشەوە، بەشێك ئیمڕۆ ئەچوون بۆ گەڕان و ئەملاو ئەولا و بەشێك سبەینێ ئەچوون، چونکە لاندرۆڤەرەکە بەشی نەئەکردن.

بەڵام تۆفە هەقی ئەوەی نەبوو کە ئەو بەیانی چووبوو یا دوێنێ چووبوو لەپێش لاندرۆڤەرەکە خۆی قیت کردبوو، بێ ئەوەی کەس دڵی بهاتایە یاڕاستییەکەی بێوێرایە پێی بڵێت ئاخر باوکەکەم ئەمە سێ رۆژە لەسەر یەك تۆ ئەڕۆی دەبا نۆرەی کەسێکی تر بێت.

کەسیان زاتی نەئەکرد، چونکە ئەیانزانی کەلەوانە بوو ئەو کەسەی بکردایە سینەمای گەڕەکەکە.

تۆفە لەپێش ئۆتۆمبیلەکەوە سنگی دەرپەڕاندبوو خۆی قیت ئەکردەوەو، بە درێژایی رێگاکان دەمی وەك رادیۆ ئەکرایەوەو ئەکەوتە کار بەهەر شەقامێکا

تێپەڕینایـە وەك چـاو سـاغیان بـێ دەسـتێکی درێـژ ئـەکردو باسـێکی ئـەو شەقامەی بۆ ئەکردن، یا لەپڕ ئەیگوت:

– ئـەو رۆژە لـێرەو لـەم دوکانـە پاکـەتی جگـەرەم کـڕی کـەچی نـازانم چـۆن لەڕێگا لێم کەوتبوو، ئا ئەمەتا لەبەر دەمی ئەم دوکانی گوڵ فرۆشـەدا، ئـەورۆژە دوو کەس شەڕیان ئەکردو خەریك بوون یـەکتر بکـوژن، مـن فریایـان کـەوتم و لـە یەکم کردنەوە، لەپاش بەینێك تۆفە ئەهاتەوە قسەو ئەیگوت:

– خـۆ ئـەم شـەقامە گـەورە خۆشـە هـەر باسـی مەکـەن، تۆفـە لەپەنجـەرەی ئۆتۆمبیلەکەوە سـەیرێکی ئەمبەروئەوبەری ئـەکردو ئـاوڕی ئەدایـە ئەوانـەی لـە پشت و ناوەڕاستی جێبەکە دانیشتبوون و ئەیگوت:

– لێرە لەم شەقامە، ئێواران وەختی چراو گڵۆپ داگیرساندن ژنـی بـەدخوو خۆیـان ئەڕازێننـەوە بەمبـەرو ئەوبـەری شاقامەکە رائەوەستن، تەشبیهات نـەبێ وەکو مـەیدانی ماسـت فرۆشـەکانی لای خۆمـان کەهـەر کەسـە دێـت بـۆ خـۆی مەنجەڵێك یا جامێ ماست هەڵەبژێرێت، لێرەش پیاوی بـەدخووو دەوڵەمـەند بـە قەمـەرەی درێـژی دڵفڕێنـەوە دێن بـۆ خۆیـان هـەر کەسە ژنێـك هەڵـەبژێرێت و لـە دوای سەواو مامەڵە سواریان ئەکەن و ئـەڕۆن، جارێکیـان کەتۆفـە دیسـان باسـی ئەو ژنە بەدخوانەی ئەکرد، ئامە خانیان لەگەڵا بوو، بۆیە کەگوێی لەو باسە بوو بەحەپەساوییەوە کێشای بە خۆیاو گوتی:

– ئەیـەڕۆ!! یـارەبی تۆبـە، ئەمـە چ قسـەیەکە، چـۆن شـتی وا هەیـە؟ ئەیـەڕۆ ئەستەغفروڵلا توخوا تۆفە گیان قسـەی وا مەکـە، نـەورۆزیش کەلەبـەینی تۆفـەو

لێخورەکە سوار بووبوو، سیخورمەیەکی لەتۆفە ئەدا کەدەمی خۆی بگرێت و ئەو قسانە نەکات لەبەر لێخوری ئۆتۆمبیلەکە چونکە پیاوی (ساواك) بوو، هەر چەندە وای لەخۆی کردبوو کەکەلیمەیەك کوردی نازانێت، بەلام ئەگەر راستیشی بکردایە کە کوردی نەئەزانی خۆ لەهەندێ ئەو قسانەی تۆفە ئەگەیشت بەتایبەتی باسی ژنی بەدخوو کەبەفارسیش هەر وائەلێن.

***

هەرچەندە ئەگەڕانەوە ماڵەوە، کوڕەکان نەسیحەتی تۆفەیان ئەکرد کەدەمی خۆی بگرێت و ئەو جۆرە قسانە نەکات، بەلام دوای بەینێك بێ دەنگی، تۆفە نەسیحەتەکانی لەبیر ئەچووەوەو ئەکەوتەوە باسی خراپەو دەست بڕین و فرت و فێڵی ناوبازاڕو ئەکەوتە باسی لەتەشووتی رەنگکراو، مریشکی بەشەرنقە ئاوتێکراو تاوەکو قورس دیار بێت و کەڵەك و ساختەکانی ئەژماردن و ئەتگوت کەدەمێ ساڵبوو لەناویا ژیابوو، ئەوەندە وك لێزان و شارەزا باسی ئەکردن، کەچی لەراستیشا زۆری ئەو باسانە کاك عەبدوڵڵا پیاوی ماڵی مهابادییەکە بۆی گێڕابووەوە، کەچی ئەویشی ئەیکرد بەرووداوو بیسەرهات و شارەزایی خۆی.

عەلی و کوڕەکان ئەو بەینەی لەتاران بوون ماڵەکەیان گەرم و گوڕو خۆش کردبوو، هەروەها ماڵ و منالیشیان بەدڵی خۆیان گێڕابووو بردبوویانە شوێنی وەکو (ئاب عەلی) کەشوێنێکی شاخاوی خۆش و زۆر بەناوبانگ بووو هەر کەسێ بهاتایە بۆتاران و بۆی بکرایە بەبێ سەردانی (ئاب عەلی) نەئەگەڕایەوە شوێنی خۆی، ئەگەرچی دونیا ساردبوو، بەلام بەزستان و بەفر هاتووچۆکەری

زۆرتـر بـوو، ئـەويش لەبـەر ئـەوەی شـاخ و گردەكـانی كـە وەختـیّ بەبـەفر دائەپۆشـران سـەيران كـەر ئەچوونـە ئـەویّ بـۆ رابـواردن و يـاری خليسـكينەی لەسـەر بـەفر (ئاسـكی) هـەروەها بـەدريْژايی ريْگـای تـاران و (ئـاب عـەلی) جيْـی پشـوودان و ئوتيْلـی خـۆش خۆشـی لیّ بـوو، كەهـەندیّ ئۆتيْليـان ئـەوەندە پيْشكەوتووو لەئوتيْلە گرانەكان بوو كە نەئەبوو عەبا بەسەر يا چادر بەسەر بچيْتە ژووریّ.

***

ئەوەندەی نەمابوو كەعەلی و ئەوان بگەريْنەوە شويْنی خۆيان بۆناو پشمەرگە كەبەيانی يەك تەلەفۆنيان بۆكرا كەوا ئيْوارە مالّی (شەوكەت ئاغا) نيازيان هەيە بيْن بۆ لايان.

ژنـەكان مقومقۆيـان تيْكـەوت، پيْـش هـەموويان ئامـەخان دلّـی خـۆش بـوو بەوەی كەخەريك بوو بیّ ئوميْد ئەبوو لەوەی كەمالّەكەديْن بۆ لايان، چونكە لەو رۆژەوە كە عەلی باسی بۆ كردبوون ئيتر دەنگيـان نـەمابوو، بۆيـە بـەئارەزووەوە چاوەريّی هاتنيـان بـوو، بەتايبـەتی كەباسـی دەولّەمـەندی و لـەخۆ گۆرانيـان بـۆ كردبوون، حەزيان ئەكرد بەپەلە چاويان پيْيان بكەوتايە بزانن خواكاری چۆنـی لەلايە!!

بۆ پاش نيوەرۆ حەپسەخان و خوشكی و كچەكان هەموويان بەپيْی ئەو جل و وردە ئالّتوون و گويْزو گولّينگانەی پيْيان دەرباز كرابوو كەوتنە خۆرازاندنەوە،

هەندێكیان چەند جارێك ئەچووە بەر ئاوێنەو سەیرێكی خۆی ئەكردو دەستێكی بەسنگو بەرۆكی خۆیا ئەهێنا.

حەپسەخان دایە قاقای پێكەنین و گوتی:

– ئەیەڕۆ پەنا بەخوا، ئەڵێیت قەت جلی جوانمان لەبەر نەكردووەو قەت خۆمان نەڕازاندۆتەوە، سەیركە ئەڵێی نەدیتكەین ئەوە چەندجار هەر خۆم چوومە بەر ئاوێنەكە.

ئامەخانی خوشكی پێكەنینەكەی شاردەوەو گوتی:

– بڵێین چی بەناشوكری نالێم، ئەم دەربەدەری و پەنا بەرییەو كەوتنە شاران و كولانانی خەڵكییە، ناوی خۆشمانی لەبیر بردووینەوە، چ جای جل و بەرگ و خۆڕازاندنەوە.

سەبری لەو لایەوە هەڵی دایەو بەبێ باكانە گوتی:

– ئێوە چەند شت گەورە ئەكەن، لەبەیانییەوە سەری خۆتان قاڵ كردووە، ئەو ئەڵێت سەر بەستەكەم رووی مەجلیسی نییە، ئەو ئەڵێت كەواكەم تۆزێ سەر قۆڵی چۆتەوە، ئەمی كەتان ئەڵێت ئەم كراسە لەگەڵ سوخمەكەم رێ ناكەوێت.

واخۆتان شڵەژاندووە ئەڵێیت ماڵی سەدری ئەعزەم دێن بۆ لاتان، كچێ دە گوێشی مەدنێ، خۆ خەڵك بەجلەوە ناناسرێت، ئێمە ئەمە چەند ساڵە لەخەبات و شۆڕشداین و سەروماڵمان لەسەر داناوە پەشیمانیش نین، ئەگینا ئێمەش ئەگەر گوێمان نەدایەتێ و سەرمان حیز كردایەو چاومان شۆڕكردایە، ئێستا هەی هوو هەی هوو، هەر بەڕاست و چەپا شەقمان لەدینار هەڵ ئەدا.

ئینجا نەسرین بەگەرمییەوە گوتی:

– ئەریٚ وەڵلاٚ، ئێستا یەك دوو خانووی کەمان کریبووو یەکی چەند پارچە ئاڵتونێکی قورس تریشمان کردبوو بەسەر شۆڕی بەنامەردی ئێمەش وەکو ئەوانە سواری قەمەرەی دڵفڕێن ئەبووین‌و هەمیشە فرکان فرکانمان ئەبوو لە بەینی سلێمانی‌و بەغداو شارەکانی تراو هەرفەرش‌و قاڵی‌و شتی گرانی ترمان ئەخستە سەریەك.

سەبری هاتە قسەو گوتی:

– بەخوا، بەخوا ئەو کراسە کۆنە بێکەڵکەی خۆم ناگۆڕمەو بەهەموو سەروەت‌و سامان‌و قەسری ئەوانە.

هەر کەسێك ویژدان‌و زەرڕەییٚ مەردایەتی هەبیٚ بۆ کەیف‌و رابواردن‌و دەستکەوتی تایبەتی خۆی، چۆن چاو لەمیللەت پەروەری خۆی ئەپۆشیٚ‌و بەسەر شۆڕی بژی‌و رۆژگاری بەرێتەسەرو لەئاخریشا بەنامەردی بمریٚ.

***

نزیك سەعات پێنجی ئێوارە لە زەنگی دەرگا درا، زانیان کەئەمە میوانەکانیانن هاتن، ئەوانیش کەوتنە خۆیان‌و هەر یەکەیان لەژوورێك‌و کونێکەوە دەرپەڕین، لەچینی خوارەوە ئاغای رەزائی‌و تۆفە چوون دەرگایان کردەوە، ژنەکانیش یەك دوانێکیان گەیشتنە تارمەو هەیوانەکەی کە ئەیڕوانی بەسەر حەوشەکە، پێش میوانەکان یەکیٚ کردی بەحەوشەدا بەسەبەتە گوڵێکی یەگجار گەورەو جوانەوە، کەکابرا بەحاڵ‌و بەهنگەهنگ هەڵی گرتبوو هەروەها

یەکێکی تریشی بەدواوە هاتبوو بەدووسێ بەستەو قووتووە شیرینیو نوقڵو هەلاوە، کابراکان کوڵو بارەکانیان داناو چوونە دەرێو لەوە ئەچوون کەئۆتۆمبیلچیو ئیشکەریان بن، ئینجا میوانەکان کردیان بەژوورا، حەپسەخانو عەلیو بێستونیش گەیشتبونە بەردەرکی حەوشەکە.

شەوکەت ئاغا هاتە ژوورەوە، دەستی کوڕێکی حەوت ساڵەی گرتبوو، جلێکی یەکجار گرانی رەشی لەبەردابوو، پیلاوەکانی وەك ئاوێنە بریقەیان ئەهات، بۆینباغەکەی رەنگ بوو پارەی دەستێ جلی پیاوانەی پێدرابێ، لاجانەکانیشی کورت کورت تاشی بووو تاپێی کرابوو مووی سپی پێوە نەهێشتبوو.

لەدوای ئەویش دوو ژنەکەی لەگەڵ منالێکی تر کردیان بەمالا، لەپێشا ژنە گەورەکەی کەناوی ئاسکۆڵ خان بوو هاتە پێشەوەو سەلامی کردو چاكو چۆنییەکی گەرمی کرد، ئەگەر چی دونیا ئەو رۆژە ئەوەندە سارد نەبوو، کەئەو قاپووتە کورکە زلە لەبەرکا کەلەهەرە گرانەکان بوو، تاخوار ئەژنۆی هاتبووو پرچی زەرد کردبوو، لەوەش ئەچوو کەتۆزێك لەوە پێش لەلای دەلاكو سەرو پرچ رێکخەر هاتبێتەوە، پرچی لەسەر شانی بەرەڵا کردبوو روومەتو لێوو چەناگەو ملو چاوو برژانگ هەموو قەڵەم درا بوونو رەنگ کرابوون.

ئاسکۆڵخان بەپێکەنیکی قورسو لەسەر خۆ لەحەپسەخان هاتە پێشەوەو بەدەستێکی پڕ لەئەنگوستیلەی ئەڵماسو بریقو تریقەوە پەلاماری دەستی

حەپسەخانى داو دەستى گووشىو بەعەلمۆدانەو بەناسكى روومەتى نا بەڕوومەتییەوە.

گوایە ماچى ئەكات، هەروەها دەستى كوڕەكانیشى گوشى.

لەدواى ئەو ئینجا قەدرى خانى هەوێى هاتە پێشەوە، چونكە ئەو منداڵترو گەنجتر بوو لەهەوێكەىو هەروەكو ئارەزووش خۆى وا پیشان بدات، كە ئەو گەنجەو ئەوەندە سەرماى نییە.

بۆیە كراسێكى جەلسەى سوورى تەسكى لەبەر كردبوو كەهەمووى بەلەشییەوە نووسابو، سنگى هەمووى بەپولەكەى سوورو پەمەیىو سپى نەقش كرابوو، ئەوەندەش رووت بوو، كەنیوەى هەردوو مەمكى بەدەرەوە بوو.

گەردانەیەكى مروارىو یاقووتى زۆر جوانى لەملا بوو لەگەڵ گوارەو بازنى عەینى بابەتو پارچە كوڕكێكى بچوكى گران بەهاشى بەسەرشانەوە بوو، جانتاو پێڵاوى خۆىو ئاسكۆڵى هەوێى هەر باس نەئەكران كەچەند جوانو تازەترین مۆدە بوون، میوانەكان بەبریقو باقو بۆنو عەترو دەستو پێوەندو منالى رازاوەوە سەركەوتنە سەرێو چوونە ژوورى میوانو دەستیان كرد بەخۆشىو چۆنىو هەواڵ پرسین لەگەڵ هەردوو حاجىو خەڵكى كەى ماڵەكە.

حەوشەكە كەسى لێنەما لەتۆفە زیاتر چونكە هەر ئەو سەرنەكەوتە سەرێ لەگەڵیان، تۆفە سەرى سوڕماو شڵەژاو كەوتە گێژاوەوە، بەحەپەساوى دەستى دایە پاكەتە جگەرەكەىو جگەرەیەكى دەرهێناو خستییە بەینى لێوییەوەو

سەرێکی باداو دەستی برد بۆ گیرفانەکانیو بۆ شخاتە گەڕا و هەر دەستی بەم گیرفانو لەو گیرفاندا ئەگێڕا ئەتگوت کاس بووە.

بەدەمی بەجگەرە گیراوەوە لەبەر خۆیەوە گوتی:

– هەی لەعاسەو هەی لەقەدە،و هەی لەعاسەو هەی لەقەدەو چەند جارێك لەسەر یەك بەژێر لێوەوە وای گوتو چەند منگەمنگێکی کرد، ئینجا جگەرەکەی داگیرساند چووە نزیك پێپلکەیەكو بەو سەرمایە خۆی بەردایە سەریو دانیشت، بەڵام هەر گورج هەستایەوەو بەدەم جگەرە کێشانەوە کەوتە پیاسە، دوایی لەپڕ جگەرەکەی فڕێدایە سەر ئەرزو پێیەکی پیاناو دەستێکی هێنا بەسەرو جامانەکەیاو یەك دوو نەرمە کۆکەی بۆ کردو بە گورجی سەر پێپلکەکە کەوتو رووی کردە ژووری میوان، سەبری لەژووریٚ چاوی لێبوو، بۆیە گورج هەستایە سەر پێو دەرپەڕییە دەرەوە بەرۆکی گرتو گوتی:

– تۆفە گیان وەرە ئیشێکم پێتە.

سەبری ترسا لەوەی تۆفە بێتە ژووریٚ، قسەو توانجو یا شتێکی خۆیانە بگرێتە میوانەکان، لەبەر ئەوە گورج پێشی خۆیداو بردییە ژوورێکی تر بەبیانووی ئیشەوە.

ئینجا بەزەردەخەیەکی خۆشەوە سەیرێکی کردو گوتی:

کاکە تۆفە گیان، ئامان قسەو مسە نەکەی، عەیبە میوانن بۆ خاتری خوا ئاگات لەدەمی خۆت بێت دوایی ئابروومان ئەچێت.

تۆفە دیسانەوە دستی راوەشاندو گوتی:

– هەی لەعاسەو هەی لەقەدە.

سەیرێکی سەبری کردو بەسەر سوڕمانەوە گوتی:

– باوکم ، کوڕەکە گوتی ئەگەر بیان بینن نایان ناسنەوە، گوتمان ئاخۆ بۆچی وا ئەڵێت.

سەبری دەنگی نزم کردەوەو گوتی:

– ئەیەڕۆ لەڕێی خوا تۆفە گیان، هیچ قسە مەکە تاوەکو ئەڕۆنەوە، بەخوا قسەیەکت لەدەم بێتە دەرەوە باوکم زۆری پێناخۆش ئەبێت، خۆشت ئەزانی کە نەخۆشەو گوناحە بانارەحەت نەبێت، دوایی کەڕۆیشتن حەز ئەکەی بەکەیفی خۆمان گاڵتەیان پێ ئەکەین.

ئەزانم سەرت سووڕماوە لێیان، بەخوا من لەتۆ خراپترم بەڵام هەرچییەك بن میوانن‌و ئەبێ خەڵك لەبەر حورمەتی خۆی حورمەتی میوان بگرێت.

دوای ئەوەی سەبری دڵنیابوو لەوەی تۆفە بێدەنگ ئەبێت، ئینجا بەجێی‌هێشت‌و گەڕایەوە لای میوانەکان، تۆفەش چووە خوارەوە بۆ لای بەختیارو سمەو کاوەو کامەران لەوێ دەستی کرد بەقسەکردن‌و سەر سوڕمانی خۆی دەربڕی‌و کەوتە تیرو توانج گرتنە میوانەکان‌و باسی رابردووی بۆ کوڕەکان ئەگێڕایەوە، کوڕەکانیش دەستیان ئەدا بەیەکاو ئەکەوتن بەگازی پشتا بە قسەکانی. بەختیاریش هەر بەوەدا ئەگەیشت کەبڵێت:

– کاکە تۆفە گیان لەسەرخۆ، ئەوەتا ئۆتۆمبیلچی‌و ئیشکەرەکانیان لەژووری ئاغای رەزائین گوێیان لە دەنگمانە، عەیبە.

***

میوانەكان تاوەكو درەنگ دانیشتن، بەڵام هەرچاو شیرینیو میوەیان خوارد، هــەردوو حــاجی هــەر دوای بــەینێك بــەبیانووی نوێــژەوە هەســتانو چوونــە ژوورێكیتر ، حاجی مـەجید دوو سـێ جـار ئەسـتەغفروڵڵای كـردو بـە چرپـە بەبراكەی گوت:

– ئەرێ برا ئەوە ئەو ئافرەتە بۆچی وای لەخۆی كردووە، خۆ كە دانەوییەوە بۆ كوڕەكەی هەموو لەشی بەدەرەوە بوو، براكەی بەچرپەوە گوتی:

– بەزاتی خوا كە كردیان بەژوورا، بەهیچ جۆرێك شـەوكەتم نەناسییەوە، چ جـای ژنـەكانی كەئـەوەندەم نـەدیبوون، هـەردوو بـرا بەورتـە ورت بـۆ خۆیـان دەستیان كرد بەقسەو وتووێژو سەریان سوڕما بـوو لـەوەی كەئـەم كابرا لاتو لەواتو ساختەچیو بلۆف چییە، چۆن، لێرە وای لێهاتووە.

***

ئاخری میوانەكان هەستانە سەرپێ كە بڕۆنـەوە، دوای ئـەوەی قـەدری خـان چەند جارێك سـەیری سـەعاتە ئاڵتوونـە چـەند هـەزار تمـەنی یەكـەی دەسـتی كردو گوتی:

– ئیتر ئـەبێ هەستین، ئێستا مناڵـەكان لەسـینەما گەڕاونەتـەوە، ئەگـەرچی نـەنكیانو خـەڵكمان زۆرە لەماڵـەوە بـەڵام ئێمـە لـەوێ نـەبین ئەیكـەن بـەرۆژی خۆیان.

چەند جارێك حەپسەخانو خوشكیو ئەوانی تر گوتیان:

– جارێ زووە، هەندێکی تر دانیشن، بەڵام فایدەی نەبوو ئەوان هەر هەستان کە بڕۆن، ئاسکۆڵ خان سەری گەورەو دەم راستی مێردو هەوێی بوو، رووی کردە حەپسەخانو ئەوان گوتی:

– لەبەر ئەوەی کاکە عەلیو کوڕەکان ئەبێ دووسبەی بگەڕێنەوە، کەواتە هەر ئەبێ سبەینێ لەخزمەتتانا بینو ئەبێ تشریف بهێننە ماڵی ئێمە ئێوارە خۆمان ئۆتۆمبیل ئەنێرین بەدوواتاناو ئەبێ هەمووتان بەخاو خێزانەوە بێن.

عەلی جوابی دایەوەو گوتی:

– وەڵڵا خۆ زۆر حەز ئەکەین، بەڵام هەر سبەینێمان ماوە لێرە، ئەبێ خۆمان کۆکەینەوە، با بۆ جارێکیتر بێتو ئەو ئەزیەتەی ناوێت.

ئەم جارە قەدری خان راپەڕیو دەستێکیدا بەسنگە روتەکەیاو چاوی خومار کردو بەنازەوە گوتی:

– چۆن؟ بەخوا ئەمە قەت نەکراوەو ناکرێت، بەوەندە سوێندو بەوەندە قورئان هەر ئەبێ بێن بۆ سەعاتێکیش بێت.

ئەمانیش ناچار گوتیان باشە، دێینو زۆر سوپاستان ئەکەین.

هەندێ لەخەڵکی ماڵەکە تاوەکو بەر دەرکی حەوشە بەرێیان کردنو هەندێکی تریشیان وەکو روناکو نەوبەهارو نەسرین هێشتا میوانەکان لەحەوشەکە بوون ئەوان کەوتنە لاسایی کردنەوەیانو دایانە تریقەی پێکەنین پێیان، ئەو شەوە هەتاوەکو درەنگ خێڵی حەپسەخانو خوشکی بەکچو کوڕەوە بەباسی ماڵی شەوکەت ئاغا بردیانە سەر.

ئامەخان ئەیگوت:

– سەدەق لەكاری خوا، ئەمە هەمووی قەی ناكا، بەڵام ئێوە بڵێن ئەو دەستو پلەی ئاسكۆڵ بەچی وا سپیو ناسكو جوان بووە، كەلەسلێمانی بوون، دەستو پلی ئەتگوت لفكەیە.

ئامەخان ئەیدایە پرمەی پێكەنینو ئەیگوت:

– نینۆكەكانی یەكی بەقەد شاخی شەیتانێك درێژبوو، وەی چەند دڵم تێكەڵ دێت لەو جۆرە نینۆكە درێژانە، حەپسەخان دەمو لێوی خۆی ئەهێنایەوە یەكو شارەزایانە وەرامی خوشكی ئەدایەوەو ئەیگوت:

– ئەوە دیارە لەماڵەوە، دەست ناداتە هیچ ئیشێكو خواش ئەزانی چەند ئیشكەری هەیە، چونكە هیچ شتێك دەستو پلی ژنی بەسەزمان نافەوتێنێ جل شتنۆ حاجەت شتن نەبێت، بەتایبەتی ئەو كەسانەی ئاوی خۆڵەمێش تێكەڵی سابووناوەكە ئەكەن، حەپسەخان دەمو لێوی بەلكی سەرپۆشەكەی داپۆشیو دایە پرمەی پێكەنینو گوتی:

– وەڵڵا دەستو پل قەی ناكا، ئەڵێن دەست نادات بۆ هیچو ئیش ناكات، بەڵام ئێوە پێم بڵێن، ئەو پرچەی بەچی وا پڕو درێژو جوان بووە، خۆ هەر شەوقی ئەدایەوە؟

سەبری زۆر لێزانانە لچێكی هەڵقورتاندو گوتی:

– ئەوە خوا ئەزانێت چەند پارەی داوە بەسەر رێكخەرو چەند لەژێر دەستی دانیشتووە تاوەكو وای لێكردووە بۆی.

ئەوانە هەموو فێڵن، لەوشوێنانە بۆیان رێك ئەخەن‌و بۆیان پڕ ئەکەن‌و چەند جۆر دەرمانیان بۆ پێوە ئەکەن تاوەکو وا دیار بێت، ئەگینا تۆ برۆ سەیریان کەلەحەمام دێنە دەرەوە، ئینجا ئەزانی سەرو پرچ‌و حاڵ‌و ئەحواڵیان چۆنە. چاوو برۆشیان چەندەها شتی لێدەدەن، چین لەسەر چین چەن خەریك ئەبن ئەگینا خۆ لەراستیا وانین هەمووی قەڵەم‌و دەسکردە.

سەبری سەرێکی باداو گوتی:

– بەڵای منەوە، ئەم ماڵەو ئەو کابرایە ئەبێ خەریکی شتێك بن ئەم کارەیان لە کاسبی‌و توجارەت ناچێ، ئەمە چ کاسبی‌و ئیشێکە، بەماوەی سێ ساڵ والە خەڵك ئەکات.

ئەم هەویرە زۆری ئاو ئەوێت.

ئیتر دەستیان پێکردەوە هەر کەسەیان شتێکی ئەگوت‌و شتێکی لێ ئەگێڕانەوە.

تۆفە بەگەرمی‌و شەوقەوە باسی خولە قەسابی بۆ ئەکردن، کەچۆن رۆژێك دەستیان دابووە یەخەی یەك لەگەڵ شەوکەت ئاغاو کڵاوو جامانەی خستبووە قوڕەوە لەسەر پارەی قەرزی گۆشت کەلەسەری کۆمەڵ بووبووو نەیبوو بیداتەوەو هەر ئیمڕۆ بەسبەی‌و ئەم هەفتە بەو هەفتەی پێکردبوو.

نەورۆز بەزەردەخەنەوە سەیرێکی عەلی کردو گوتی:

– وادیارە جەماعەت تاوەکو یەك دوو مانگی تر ئەم قسەو باسانە نابڕنەوەو هەر ئەیلێن‌و ئەیلێنەوەو هەر بیر ئەکەنەوە کەئەو ماڵە بەچی وایان لێهاتووە، دە راستی یەکەیان پێ بڵێ با ئەوەندە لەسەری نەڕۆن.

تۆفە رووی کردە عەلیو گوتی:

– ئەها تۆ قەبری ئەو کاکە ئەحمەدی شێخە ئەگەر پێمان نەڵێت؟!ِِ

عەلی پێکەنیو گوتی:

– ئاخر کاکە تۆفە گیان، ئەبێ لێم نەگری کە بڵێم ئەگەر پێم گوتی، ئیتر ئەیگری بەدەمتەوو هەر باسیان ئەکەیت لەملاو ئەولاو کەوەختی خۆی وا بوون وا نەبوون. ئیتر ئەوەیە خۆ خەڵك گا نییە لە پێستێکا بمێنێتەوە، ئێمە هەقمان چییە هەر کەسە رێگای خۆی ئەگرێت.

ئەم جارە حەپسەخان کێچ کەوتە کەوڵیو سەیرێکی کوڕەکەی کردو گوتی:

– تۆ سەری ئەو باوكو مامەت، ئەگەر پێمان نەڵێیت، بەخوا تۆفەش هەقی نییە بەسەریانەوە تەنیا ئەمانەوێت بزانین ئەمە ئەم لێشاوو سەڵتەنەتە چییە بەسەر ئەمماڵەدا دارژاوە؟

عەلی دەستی هەڵبڕیو گوتی:

– کوڕە باوکم پیاوەکە بووە بەپیاوی (شاە)و (ساواك)و تەواو، دەئیتر وازی لێ بێنن.

مامی گوتی:

– بۆچی شاە پیاوی کەمە لێرە؟ ئەمە چۆن ئەمی دۆزییەوە؟

عەلی بەزەردەخەوە گوتی:

– دیارە ئێوە واز لەخەڵك ناهێنن تاوەکو لەئەلف و بێیەوە بۆتان نەگێڕێتەوە.

بۆیە عەلی دەستی كرد بەگێڕانەوەی باسیان وەكو لەئاشنایەكی زۆر جێی باوەڕی بیستبوو كەوا وەختی خۆیو دوای روخانی رژێمی مەلیكی لەعیراق، شاهی ئێران زۆر سڵەمیبووەوە ترسا بوو لەوەی لای ئەوانیش خەڵك ئەم چاو لێكەرییە بكەن، لەبەرئەوە هەركەسە لەدیوی عێراقەوە رای كردایە ئەم دیوو ناڕەزایی خۆی دەربڕیایە و پیشانی بدایە بەرامبەر بەرژێمی تازەو شۆڕشی تەمووز (ساواك) هەر زوو ئەیگرتنە خۆیو، ئینجا ئەمیش كە وەختی مەسەلەكەی كابرای لێقەوما بوو لەگەڵ براو ماڵو خێزانیان رایانكردبووە دیوی ئێرانو گوتبووی كەوا لەدەست رژێم رای كردووە چونكە لەم رژێمی تازەیە ناڕەزایە. چونكە ناو بانگیشیان هەبوو، كەوەختی ئاغاو ماغا بوون ئیتر ئەمان وایانزانیبوو كەهەنگیان لەدارا دۆزیوەتەوە.

سەبری سەری راوەشاندو گوتی:

– ئەمگوت ئەمە ئیشی كاسبیو ماسبی نییە ئەمە پێچو پەنایەكی گەورەی هەیە.

بێستون پێكەنیو گوتی:

– كاسبی چی؟ كاسبی وا هەیە ساڵ دوانزە مانگە ئارەق ئەرێژیت، لەگەڵ ئەوەشا بەحاڵ ئەتوانی خۆیو ماڵو منالی بەكولە مەرگی بژین، هی واش هەیە هەر چییەكی بووە ئەیكات بەسەرمایەو قەرزی دونیاشی بۆ ئەكاتو دەست ئەكات بەكاسبی كەچی لەپڕ ئەبینێ ئەوەندە زەرەر ئەكا كەسەر و ماڵیشی تیائەچێ.

***

ڕۆژی دوایــی عــەلیو کوڕەکــانی تــر کەوتبوونــە خۆیــان، لەلایــەك جانتــاو کەلوپــەلیان کۆئــەکردەووە چونکــە ســبەینێ بــەیانی زوو ئــەبوو بگەڕێنــەوە، لەلایەکی کەشەوە خــەریکی مشــتو مڕبــوون لەگــەڵ خــەڵکی ماڵەکــە، چونکــە زۆریان ئەیان گوت کە ئێوارە نایانەوێت بچن بۆ سەر دەعوەتی ماڵێ (شەوکەت ئاغا).

هەردوو حاجی هەر زوو گوتیان:

– کاکە گیان ئێمەی تێمەخەن، ئەوێ جێی ئێمە نییە، دەستمان بەدامێنتان، بەڵام حاجی مەجید بەزەردە خەنەیەکی زۆر ئاغرانەو لەسەر خۆوە گوتی:

– تازە ئێوە بەڵێنتان داوە، هەندێکتان هەر ئەبێ بڕۆن.

بێستون گوتی:

– بەخوا من هەر ناچم، تاقەتی فیشاڵو نمایشگەری ئەوانم نییە.

لەدڵی خۆشیا ئەیگوت:

– سبەینێ ئەگەڕێمەوە شوێنی خۆمـان، هـەمووی چـەند سـەعاتێکم مـاوە بۆچی لەگەڵ روناك گیانی خۆم دانەنیشمو تێر دەست بکەمە ملیو ئەو چەند سەعاتە لەکیسی خۆم بدەم بەگوێ گرتن لەقسەی قۆڕی ئەو کابرا خۆفرۆشەو ژنە بوکە سەماکەراکانی.

دیار بوو بێستوونو روناك هەر زوو بڕیاری خۆیـان دابـوو کـە نـەچن بـۆ ئـەو دەعوەتـە، هەریەکەیان بەبیانوویــەكو ئــەو چــەند ســەعاتەی مابویــان لەکیســی خۆیانی نەدەنو هەردووکیان خوا خوایان بوو کەرۆژگارەکان لەبرانەوە نەیێنو

شەوگاریش یەکی بەقەد سالێك درێژبن بۆ ئەوەی هەمیشە دەست لەملان و پێکەوە بن، ئەوەندەیان یەکتر خۆش ئەویست.

سەبریش پێش هەموویان گوتبووی کەناچێت، ئاخری هاتە سەر حەپسەخان و ئامەخانی خوشکی و نەوبەهارو نەسرین و عەلی و نەورۆز هەروەها سمەی پوورزاشیان کە بۆ دەعوەتی نانخواردن هەمیشە لەسەر پێبوو سەری پێوە نەبوو.

تۆفە پێشی رۆیشتن پەشیمان بووەوە کەبچێت لەگەڵیان و بەشپرزەیی یەکەوە گوتی:

ئەرێ وەڵلا بەس نەبوو بیرم کەوتەوە، ئەبێ ئەم ئێوارەیە لەگەڵ کاك عەبدوڵلا بچین ناوی خۆمان بنوسین لەمەکتەب.

هەموو بەجارێك دایانە قاقای پێکەنین و بەسەر سوڕمانەوە گوتیان:

– مەکتەب؟! مەکتەبی چی؟

تۆفە نەرمە کۆکەیەکی بۆ کردو گوتی:

– بەڵێ مەکتەب، نابێ پیاو بچێت بۆ مەکتەب؟

ژن و پیاوەکان کردیان بەهەراو گاڵتەو خۆشی، سەبری لەناویان هەڵیدایەو بەزەردەخەنەیەکی خۆشەوە گوتی:

– ئینجا بۆچی لەمەکتەب باشتر هەیە؟ بەلام چۆن و لەکوێ و مەکتەبی چی؟

تۆفە خۆی قیت کردەوەو گوتی:

- روخساری) كچی سەید محەمەد لەمەكتەب پێیان گوتووە كەهەر تەلەبەیەك ئەبێ زەلامێكی نەخوێندەوار لەخزمو ئاشنای بێنێت بۆ مەكتەب، تاوەكو فێری خوێندەواری بكرێ، تەنانەت ئەگەر لەكۆڵانەوە خەڵكی هێناوە، ئەگینا ئەو تەلەبەیە سزا ئەدرێت ئینجا وا منو كاك عەبدوڵڵا ئەبات كە ناومان بنووسن، (جەماعەت) هەریەكەیان لەلای خۆیەوە قسەیەكی كرد، ئەو گوتی:

- بەخوا ئەمە شتێكی زۆر باشە.

ئەوی كە گوتی:

- ئەشهەدو بیللا ئەمە بڕیارێكی چاكە، هەی ئافەرین بۆ ئەو كەسەی وای گوتوە.

ئەمیان گوتی:

- ئینجا ئەوە چۆن بە تۆ ئەكرێت، فارسی نازانی تاوەكو فێری خوێندنو نووسین ببی، ئامە خان لەژێر لێوەوە گوتی:

- ئای قور بەسەر باوكمان، بەنەخوێندەورای قسەزانو رێبەرو گەورەی گەرەكی، ئینجا وەرە فێری خوێندنیش ببی، وەڵڵا هەر ئەوەمان كەم بوو.

حەپسەخان بەدزییەوە ئەكولاً لەبەر پێكەنینو نەیەوێرا لەبەر تۆفە هیچ بڵێت جەماعەت ساز بوون، كە بڕۆن بۆ ماڵەكە، تۆفەش خەریكی سەرو سەكوتو جامانە بەستن بوو، ئەویش كەوتە رێ بەرەو لای عەبدوڵڵای ئاشنای.

***

عـەلی‌و دایکـی‌و ئـەوان گەیشـتنە بـەردەرکی مـاڵی شـەوکەت ئاغـا، لـەدوای ئەوەی بەینێکی باش لەناو ئۆتۆمبیلا بوون چونکە ماڵی ئەمان لەم سەری تاران بووو ماڵی ئەوان لەوسەر، ئەوەندە دوور بوون لەیەك کەئامـەخان شپرزە بووبو لەوەی دڵی تێکچێت‌و هـەر بـەبێ دەنگـی گیرفانـەکانی ئەگـەڕا بـۆ پـەرۆو پیتـاڵ، بـاش بـوو ئـاخری پێـش ئـەوەی بیقـەومێنێ گەیشـتنە جـێ، بـەڵام هێشـتا دانەبەزیبوون خەمی گەڕانەوەیان لێهات، دەرگاوان دەرکی خستە سەر پشت بۆ هەردوو ئۆتۆمبیلەکان، ئەوانیش شوێنی یەك کەوتن‌و چوون لەبـەردەمی تارمـە هەیوانێکی گەورەو بەرین‌و خۆشا راوەستان کەئەیڕوانیە سەر باخێکی گەورەی خۆشی پڕ درەختی گەورە گەورە.

وادیار بوو کەخاوەن ماڵ لەپەنجەرەکەوە چاویان لێیـان بـوو، چونکـە گـورج دەرپەڕینەوە دەرەوو گەوتنە بەخێرهاتن‌و فەرموو فەرموو.

لـەدوای دابەشـکردنی سـڵاوو چـاك‌و چۆنـی‌و زەردەخەنـە بـۆ یـەکتر میـوان کردیان بەماڵا.

ماڵچی، جەماعـەت سـەریان سوڕما لەگـەڵ ئەوەشـا کەویسـتیان خۆیـان وا پیشان بدەن کەسـەد مـاڵی وا ببینـن (هـەر ئاوڕیشـی لێ نادەنـەوە) کـەچی لەگـەڵ ئەوەشــا بــەدەم چوونــە ژوورو وەڵامدانــەوەی بەخێرهاتنــەوە بەحەپەســاوی لەژێرەوە چاویان ئەگێڕاو سەیری ناو ماڵەکەیان ئەکرد.

هــەر لــەدەرکی دەرەوە تــاوەکو داڵان‌و هــۆڵ‌و ژووری دانیشــتن، هــەمووی فەرشی کاشانی نایابی تیـا داخرابـوو، هـەر لالـەو چل چرایـەك بەسـەر سـەریانا

هـاتبووە خـوارێ ملـی خـەڵکی خـوار ئـەکردەوەوە، قەنەفـە مۆبـلو کورسـی، پـەردەی ژوور ئـەوە هـەر بـاس نەئـەکرا، ئیشـکەرو خزمـەتکار هـاتوو چۆیـان ئـەکرد، ئـەم شـەربەتی ئـەهێناو ئـەومێزی چـەرخداری ویسـکیو بـەفرو خواردنەوەی رائەکێشا، ئەوەندەی پێنەچوو دوای حەسانەوە، شەوکەت ئاغا بەپێکەنینکی دەسکردو نمایشگەرییەوە رووی کردە عەلیو نەورۆزو ژنەکانو گوتی:

– چی ئەفەرموون؟ هەمو شتێك لەسایەی خواو سەری ئێوەوە هەیەو رووی کردە عەلیو گوتی:

– (ئارەقی (مستەکیش) هەیە ئەگەر بیری وڵات ئەکەیت.

ئامە خان هەندێ جوڵایەوەو لەدڵی خۆیا گوتی:

– ئەیەڕۆ، ئینشائەڵڵا دەست ئەکەن بەئارەق خواردنەوەش لەبەرچاوی ئێمە.

حەپسەخان چاوی بڕییە عەلی کوڕی کەبزانێت ئەو چی ئەڵێت.

کـابرای خـاوەن مـاڵیش هـەر نـەوعی ویسـکیو خواردنـەوەکانی بـۆ عـەلیو نەورۆزو کوڕەکانی تر ئەژمارد کەزۆری ئەو ناوانەیان هەر نەبیستبوو.

عەلی هاتە جوابو بەزەردەخەنەیەکی خۆشەوە دەستی هەڵبڕیو گوتی:

– زۆر سوپاس، بەخوا نیازی هیچ نەوعە خواردنەوەیەکمان نییە، چونکە بەیانی زوو ئەبێ هەستینو بکەوینە رێ.

شەوکەت ئاغا خۆی گورج کردەوەو گوتی:

– یەعنی چی؟ من چۆن ئەمە قوبوڵ ئەکەم، ئینجا شەرتە بەیانی زوو بڕۆن؟ با نیوەڕۆ بێت.

عەلی وەرامی دایەوە گوتی:

– چۆن خۆ بەدەست ئێمە نی‌یە، هەر ئەوەندە ئیجازە دراوین ، بەیانی زوو جیبەکە دێت بە دووامانا .

شەوکەت ئاغا یەك قاقای بەرزی لێدا که ئامەخانی راچڵەکاند گوتی:

- ئەوە لەسەر من.هەر ئێستا تەلەفۆن بۆ (تیمسار جەعفەری )ئەکەم کە لێ پرسراوی ئێوەیە ولە براشم زیاترە. حەز ئەکەن سەفەرەکەتان بخرێتە دووسبەی.کابرا رانەوەستا گوی لە وەرامی عەلی و ئەوان بگری.رووی کردە دەرکی ژوورەکەو بەدەنگی بەرز بانگی کردو گوتی:

–ئاغای مەشهەدی– ئاغای (مەشهەدی ).

بەفارسییەکی تێك شکاو ئەتگوت بەکوردی قسە ئەکات.

ئاغای (مشهەدی) کردی بەژوواو لەبەر دەرگاکە رەق راوەستاو سەلامێکی لەمیوانەکان کردو رووی کردە (شەوکەت ئاغا)و بەفارسی گوتی:

– بەڵێ قوربان ئەمر بفەرموون.

ئاغاش کەزەردەخە لەسەر لێوانی نەئەبڕا، وەك فەرماندەرکردن گوتی:

– ئا ئەو تەلەفۆنە بێنە!!

عەلی راپەڕیو گوتی:

نە.. نە..بەخوا حەز ناکەم نابێ بەسەری تۆ ئیشمان زۆر هەیەو ئەبێ بەپەلە برۆینەوە سبەینێو لەوەختی خۆمانا،

بەینێك بوو بەمشتو مڕیان، ئەو ئەیگوت بڕۆ تەلەفۆن بێنەو ئەم شڵەژا بوو ئەیگوت نەء تکات لێئەکەم تەلەفۆن بۆ کەس مەکە، ئاخری عەلی نەیهێشتو لەدوای ئەوە خاوەن ماڵزانی کەخەریکە زۆر ناڕەحەت ئەبێت، ئیتر ئەویش وازی هێنا لەتەلەفۆنو تەلەفۆنکاری بەتایبەتی کە عەلیو نەورۆزو ئەوان بەڵێنیاندا کە ئامادەن هەموو شتێك بخۆنەوە تەنیا ئەو واز بێنێت.

***

قەدریخان لینگی خستبووە سەر لینگ زوو زوو دەستێکیشی ئەبرد بۆ پرچە زەردکراوەکەیو زەردەخەنەی دابەش ئەکردو کە عەلیو مێردەکەی لەمشتو مڕەکەیان بوونەوە تەکانی دا بەخۆیو هەستایە سەر پێو گوتی:

– کەواتە بسم الله با بۆتان تێکەم.

مێردەکەی ئافەرینێکی کردو گوتی:

– ئەرێ وەڵڵا ئەگەر زەحمەت نەبێ بەو دەستە جوانانەت بۆ مان تێکەیت چ لەوە خۆشتر هەیە.

حەپسەخان دەستێکی برد بۆ سەرو سەرپۆشەکەی خۆیو سەیرێکی خوشکی کردو گوتی (کە هەی هاوار خۆ خەریکن دەست پێ ئەکەنو ساقیش قەدری خانە) قەدری خان بۆ پیاوەکانی تێکردو رووی کردە ژنەکانو گوتی:

– ئێوە چی ئەفەرموون؟

حەپسەخان وەرامی دایەوەو گوتی:

– زۆر سوپاس خۆ ئێستا ئێمە شەربەتمان خواردەوە.

قەدری خان بایەكی پیاداو بەناسكی پێكەنیو گوتی:

– چۆن هیچ ناخۆنەوە؟ رووی كردە نەوبەهارو نەسرینو گوتی:

– ئەوا حەپسەخانو ئامەخان قەی ناكا وەكو خەسووم نوێژكەرو سۆفێن، ئەی ئێوە؟.

ئامەخان چاوی چووە پشتی سەریو چاوی زەق بوو و بەحەپەساوی سەیری نەوبەهارو نەسرینی كرد بزانی ئەڵێن چی، نەوبەهار گوتی:

– ئەیەڕۆ دایكم ئێمەش نوێژكەرو سۆفین. بۆ تۆ باسی چی ئەكەیت كە بخوینەوە؟

ئەم جارە ئاسكۆڵ خان بەزەردەخەنەوە رووی كردە نەسرینو نەوبەهارو گوتی:

– كچێ لەكوێ ئێستا زەمانی ئەوەماوە، دونیا پێشكەوتووەو ئێوە جاهێڵن قومێك شتێك بخۆنەوە.

حەپسەخان شڵەژاو خەریك بوو قسە بكات بەڵام نەوبەهارو نەسرین ماوەیان نەداو بەجووتە جەوابی قەدری خانو ئاسكۆڵ خانیان دایەوە، نەسرین پێشكەوتو گوتی:

– وەڵڵا دونیا هەزار ئەوەندە پێشكەوتوو بێت، ئێمە لەو رووەوە لادێییو خەڵكی دەوری بەردین.

نەوبەهاریش گوتی:

– ئێمە كوردینو رەوشتو خووی تایبەتیمان هەیەو، دەستی درێژكرد بۆ مێزەكەو بەپێكەنینێكی بێ دەنگەوە گوتی:

– ئەیەڕۆ ئەم شتانە بخۆینەوە؟

قەدری خان قاقایەكی بەرزی ناسكی لێداو شانێكی هەڵتەكاندو گوتی:

– ئینجا خۆ ئێمەش كوردین، بۆچی كورد تا دونیا دونیایە ئەبێ هەروا دواكەوتوو بێت.

نەسرین كەسەر تاپای حەیاو حورمەتی لێ ئەباری بەزەردەخەنەیەكی خۆشەوە گوتی:

– ئەگەر خواردنەوە ئارەقو ویسكی نیشانەی پێشكەوتنو دواكەوتن بێت كەواتە ئێمە بەدواكەوتوو دانێن.

حەپسەخان لەدڵی خۆیا گوتی:

– ئۆە یاخوا رۆڵە بەقوربانی ناوی دەمت بم،ئامەخان خەریك بوو چاوی پڕ بێت لەفرمێسك لەخۆشی قسەكانی نەسرینو نەوبەهار.

قەدری خان وادیار بوو كەتاقەتی چوو لەم قسەو باسو مەحكەمەیە، بۆیە دەستی دایە پەرداخێكو رووی تێكردنو گوتی:

– وەڵڵا خوشكم ئێوە كەیفی خۆتانە، بەڵام ئێمە شتێكی بچوك هەر ئەخۆینەوە.

ئامەخان بەپەلە هەڵی دایەو گوتی:

– ئێـوە یـارەبی نۆشـی گیانتـان بێـت، بەروویـەکی خۆشـەوە قسـەکەی تەواوکردو گوتی:

– بەڵام بەقوربان ئەوە بەکچەکانی ئێمە مەڵێ.

ئاسکۆڵ خان بەپێکەنینەوە گوتی:

– وەڵـلا ئێمـەش ناچـاری فـێری کردیـن، چونکـە لـێرە عەیبـە کەبچیتـە دانیشتن و دەعوەتی پیاوی گەورەو ماقووڵ و نەخۆیتەوە، قەدری خان خەریکی (پێك) تێکردن بوو بۆخۆیو هەویێ، ئاوڕی لێدانەوەو گوتی:

– بەتایبەتی دەعوەتەکانی (دەرباری ئالا حەزرەت)

ئامەخان هەر ئەوەندەی نەما بوو ببورێتەوە کەدی ئاسکۆڵ خان پێکەکەی خۆی لەدەست قەدری وەرگرت و چەند جارێك سوپاسیشی کرد.

حەپسەو خوشکی ئەو دانیشتنەیان زۆر پێ ناخۆش بووو هەر سەیری یەکتریان ئەکردو لەژێرەوە دەستی خۆیان هەڵەگلۆفی، لەپڕ ئامەخان وەك دەرکی بەهشتی بۆ بکرێتەوە، بیری کەوتەوە کەئەو جارە لەماڵی خۆیان قەدری باسی خەسووی کردو هەروەها ئێستاش گوتی:

– ئەبێ وەکو خەسوم سۆفی بن.

کەواتە خەجیج خان ئەبێ لێرە بێت!!

ئامە خان لەدڵی خۆیا دوعایەکی کـردو رووی کـردە هـەردوو ژنـە خـاوەن ماڵەکەو گوتی:

– ئەرێ بەراست خەجیج خان چۆنە؟ ئەوە لەکوێیە بۆ دیار نییە؟

قەدری قومێکی لە پێکەکەیداو لچی سووراو کراوی لەیەك هەڵسوو گوتی:

– خەسووم ئەفەرمووی؟ وەڵڵا شکور چاکەو ئەوەتە لەژووری خۆیەتیو کە پێمان گوت ئێوە تەشریف ئەهێنن، زۆر دڵی خۆش بوو و دەستی کرد بە گریان، بەڵام ئەو ئەوەندە نایەتە دەرێ، حەز ئەکات هەر لەژووری خۆی بێت.

حەپسەخان وەك لەخوای ویستبێ راپەڕیو گوتی:

– وەی گیان ، ئەوە خەجە خان شکور لێرەیە، ئۆخەی ئەوە لەکوێیە با ئێمە بچین بۆ لای، بێ ئەوەی کەسیان قسە بکەن، هەستایە سەر پێو خوشکیشی گورج لەگەڵیو گوتی:

– توخوا لەکوێیە بابچین بۆلای؟

ئاسکۆڵ خان هەستایە سەر پێو گوتی:

– ئەگەر حەز ئەکەن بچن بۆ لای ، فەرموون.

هەردوو خوشك شوێنی کەوتن، هۆڵو دالانێکی بڕیو چوونە بەردەرکی ژوورێك ئاسکۆڵ خان پاڵێکی پێوەناو گوتی:

– فەرموون ئەمەتا.

بێ ئەوەی هیچ قسەیەك لەگەڵ خەسووەکەی بکات ئەوانی لەوێ بەجێهێشتو خۆی لێیداو گەڕایەوە لای میوانەکانی تر، خەجیج خان بەجلی کوردییەوە بوو، ئەتگوت هەر ئێستا لەگەڕەکی سابوون کەرانی سلێمانییەوە هاتووە، لەسەرو ژوورەکە لەسەر دۆشەکێك بەکزی دانیشتبوو و تەسبیحەکەی گرتبوو بەدەستییەوەو خەیکی لا الە الا اللە بوو، ژوورەکەش خنجیلەو پاكو جوان بووو فەرشو قاڵی جوانیشی تیا راخرابوو.

خەجە خان هەر چاوی بەمیوانەکانی کەوت بەگوورِ هەستایە سەر پێ‌و باوەشی بۆ کردنەوەو بەدەم فرمێسکەوە پەلاماری دان‌و دەستی کردە ملیان‌و ئەمی گرت‌و ئەوی بەرداو بەکوڵ گریاو حاڵەتێکی سەیری بەسەرهات.

حەپسەخان‌و خوشکی ترسان لەوە نەوەکو شتێکی لێ بێت وە یا ببورێتەوە بۆیە بەهەردووکیان قۆڵیان گرت‌و بردیان دایان نیشاندەوەو چوون لەتەنیشتییەوە دانیشتن، هەرسێکیان دەستیان کرد بەگریان‌و وا بەکوڵ‌و دڵ هەنسکیان هەڵئەداو بەران‌و سنکی خۆیانا ئەکێشاو لەجیاتی قسە بەلاواندنەوەو باسی غەریبی‌و حاڵی خۆیان ئەکرد بۆ یەکتر، یەکێك گوێی لێیان بوایە هەر روحی ئەچوو، وای ئەزانی کەلەگردی سەیوان دانیشتوون.

دوای بەینێك شیوەن‌و گریان‌و هەندێ هێمن بوونەوە.

ئینجا خەجیج خان بەپەرۆشەوە رووی‌تێکردن‌و وەك پاڕانەوە گوتی:

– وەی بەقوربانتان بم، یاخوا بەخێربێن‌و سەر هەردوو چاوم، دونیام لێ روون بووەوە، وا ئەزانم هەموو کەسەکانم چاو پێکەوتووە.

خەجەخان وەك بیری کەوتبێتەوە کەئەوە بۆ ئەو فەقیرانەی هەر لەرێوە بەلاوانەوە شین‌و شەپۆر داگرت‌و نەی هێشت هەناسەیەك بکێشن‌و قسەیەك بکەن‌و دڵی وا پڕ بوو، لەگوزەران‌و ژیانی ئەم چەد ساڵەی شوێن ئەم کوڕەی کەوتبوو کەوەختی خۆی دڵی نەهاتبوو لەشارو ماڵ‌و لای کچ‌و کەس‌وکاری بمێنێت لەتاو ئەم کوڕەی کەلەهەموویان زیاتر دڵی دابوویی هۆگری بووبوو، لەبەرئەوەی وەختێ مێردەکەی مردبوو ئەم کوڕە هێشتا ساوا بوو بەهەتیوی

بەخێوی کردبوو، نەی ئەزانی کەئەو کوڕەی کەئەم هەموو کەسێکی لەبەر ئەو بەجێهێشتبوو لەئاخریا تووشی ئەم ریسواییە ئەبێتو خۆی ئەفرۆشێتو ئەبیت بەپیاوی (ساواك).

خەجەخان هەروەك دەرکی بەهەشتی لێ کرابێتەوە کەچاوی بەهاوشارو ناسیاوی کۆنی خۆی کەوتو هەموو برینەکانی بەجارێك کولانەوەو ئەوە بوو وا پەلاماری دان کەئەتگوت لەناو دەریاییێکی بێ بنو سنوورا نقوم بووبوو ئێستا چاوی بەبنکە دارێکی زۆر گەورەی پڕ لقو پۆپ کەوتەوە وا خۆی بۆ هەڵدانو خۆی پیا هەڵواسینو بەو چاو تروکاندنەش خەریکە داخو خەمی ئەم چەند ساڵەیان بۆ هەڵرێژێت، لەبەر ئەوە (خەجە) خان هاتەوە سەرخۆو دەستی کردەوە ملیانو چەند جارێك ئەم لاو ئەولایانی ماچ کردەوەو لەگەڵ هەر ماچێك ئەیگوت:

– ئۆخەی یاخوا بەقوربانتان بم هەر خەریکم شێت ئەبمو ئەکەومە کێو ئەوەندەی بیری (شار) ئەکەم.

(مەبەستی لەسلێمانی بوو)

(خەجە خان) چنگی برد بۆ دەمو چاوی خۆیو چەند چەمۆڵەیەکی لەخۆی ناو هەناسەیەکی بەقوڵی هەڵکێشاو گوتی:

– ئۆە نەمامایە، ئۆە لەرێگا ملم بشکایەو نەگەیشتمایەتە ئەم رۆژە، خۆزگەم بەو وەختەی کراسو کەوام بەقەرز ئەکردو مانگێ دەپەنجاییم ئەدا بەکوتاڵ فرۆشەکە، وەی ئەوسا چەند خۆش بو، ئێستا وام لەم خانووە گەورە پڕ

فەرش و قاڵییەدا وا ئەزانم دیل و حەپسم و هەر ڕۆژێکم بەمردنێکە، نەخزمێك، نە کەسێك نەناسیاوێك دێتە لام.

ئیتر خەجەخان وا کرایەوەو حەزی کرد کەهەرچی زووترو هەر چەند پێی بکرێت داخ و نارەحەتی دڵ و دەروونی خۆیانی بۆ هەڵڕێژێت.

هەرچەندە حەپسەخان و خوشکیشی دڵیان پڕ بوو، ئەوانیش حەزیان ئەکرد کە هەندێ باسی ئەم دەربەدەری و لێقەوماوییەی خۆیان و ئەو ڕێگاو بانە سەختەو ژیانی لادێی و ئەو ئەشکەوت و کونە تەیارانەی بۆ بکەن، بەڵام فایدەی نەبوو خەجیج خان بەهیچ جۆرێ ماوەی نەئەدان و ئەتگوت بەڕووی لەدەما هەڵتۆقیوە، وەك دەست ڕێژو بێ هەناسەدان باسی خۆی بۆ ئەکردن ئەوەندەی داخ لەدڵا بو.

بەبێ هیچ بیرکردنەوەو لێکدانەوەیەك هەرچی ئەهات بەدەمیا بۆی باس ئەکردن و ناڕەزایی و ناڕەحەتی خۆی بۆ دەرئەبڕین، کەهەندێ قسەو نهێنی ناوماڵ هەبوو هەر چەندە خەڵك ناڕەحەت و تووڕە بن ئەو نەوعە نهێنیانە لەدڵی خۆیانا ئەهێڵنەوە.

چونکە ئەو کەسەی باسە نهێنییەکانی ناوماڵی خۆی بەو چەشنە بگێڕێتەوە بێگومان خۆشی پێی ئەشکێت وەکو مەسەلەکە وایە کەئەڵێت (تف هەڵدەیت رووی خۆت ئەگرێتەوە!).

بەڵام (خەجە)خان گوێی نەدابووە هیچ ریسوایی و شکاندنێك و کەوتبووە هەمانە خاڵیکردن و کەباسی بوکەکانیش ئەهاتە پێشەوە بە (روسیاکانی) ناو ئەبردن.

حەپسەخان‌و خوشكى سەريان سورمابوو، وەكو لەبانێكيان بەردەيتە خوارەوە وا بوو لەلايان‌و بەزەييان بەو پيرێژنە فەقيرەدا ئەهاتەوە كەلەلايان وابوو ئێستا ئەويش لەكەيفايەو بۆ خۆى (لرفى لێدەدات) لەخۆشى ئەو قەسرو ماڵ‌و گوزەرانە پڕ لەهەلاو هاى‌و هوەو جىٚ بەخۆى ناگرێت لەخۆشيانا، وايان بير ئەكردەوەو كەرەنگە شارو خەڵكى شارو باپيرى شاريشى لەبير نەمابێ، كەچى بەسەر چى‌داهاتن‌و چييان ديت‌و بيست!!

تەقەى دەرگا لەخەياڵى دان هێنانيە سەرخۆ بەتايبەتى كەسەرى قەدرى خان دەركەوت لەسوچى دەرگاكەوە.

راوەستا بوو دەستێكى گرتبوو بەكەلەكەيەوەو دەستەكەى تريشى گرتبوو بە دەرگاكەوەو گوتى:

– ئۆخەى شكور تێرتان خوارد لەقسەى قەديمى، دەئيتر فەرموون بۆنان خواردن.

حەپسەخان هەڵى دايەو گوتى:

– ساحێب فەرموو بيت، بەلاّم بەخوا نەخۆم نەخوشكم ئێواران نان ناخۆين، دوور لەئێوە مەعيدەمان باش نييە، ئەگەر بەشەو شت بخۆين ئەبێ تاوەكو بەيانى لەسەر تەوقى سەر بخولێينەوە.

قەدرى خان بەزەردەخەنەى سەر لێوانەوە گوتى:

– دەبلێن روومان نايەت بێين لەبەر چاوى پياوەكان نان بخۆين.

خەجە خانى خەسووى دەستى كرد بەتەسبيحاتو بەدەنگێكى هەندێ بەرز گوتى:

– لا اله الا الله، يارەبى تۆبە ئەستغفرەڵلا، ئەستەغفرەڵلا.

ئامەخانيش راپەڕى هەروەك غيرەت گرتىو لەدڵێ خۆيا گوتى:

– ئەم هەموو بيانوو گرتنو شەرمە چييە كە ئێمە لەم ژنە لەخۆ گۆڕاو قرنييەى ئەكەين، ئەوە بۆ نالێين ئەرێ وەڵلا حەز ناكەينو پێمان خۆش نييە لەگەڵ ئارەق خورادنى ئێوە دانيشينو سەيرتان كەين.

ئەگەر چى كوڕەكانيشمان ئەخۆنەوە جاروبار بەلام ئەوانيش كاتو شوێنى خۆيان هەيەو ئەزانن پێمان ناخۆشە قەت لەبەرچاوى ئێمە ناخۆنەوەو سەغڵەتمان ناكەن، لەبەر ئەوە ئامەخان گوڕى دايە خۆىو گوتى:

– وەڵلا خۆ ئەمە چەند ساڵە ئێمە هەر لەناوپێشمەرگەدا ژياوينو هەميشە شانمان بەشانى ئەوانەوە بوو، بەلام راستييەكەى حەز لەو چەشنە دانيشتنە ناكەين، كەخواردنەوەو شتى واى تيا بێت.

حەپسەخان بۆ ئەوەى قسەكانى خوشكى پينە بكات، پێكەنىو گوتى:

– دايكم ئێمە نوێژكەرو قەديمين، گوێ مەدەنە ئێمە خۆتان چۆن حەز ئەكەنوا بكەن قەدرى خان سەرى راوەشاندو بەپێكەنييەوە گوتى:

– باشە چيكە سەغڵەتتان ناكەم، پێيان ئەڵێم سينيتان بۆ بێننە ئێرە لەگەڵ خەجيج خان بۆ خۆتان پێكەوە بخۆنو لێيداو چووە دەرەوە.

خەسووی لەدڵی خۆیا گوتی:

– خوا لەدەستت بەزیاد نەکات‌و خەجاڵەتی لای خوا بی.

***

بەیانی شەوەکەی حاجی مەجید حەپسەخانی خەبەر کردەوە کەهەستێت‌و عەلی‌و کوڕەکانی هەڵسێنێ چونکە ئەبێ بڕۆن، حەپسەخان ڕاپەڕی‌و بەپەلە خۆی کۆکردەوەو بەسەر ژوورەکانەوە گەڕاو یەکە یەکە لەدەرگاوە بانگی کردن.

هەموو هەستان‌و بوو بەدەنگ‌و گرمەی دەرکی حەمام‌و شوێن دەست‌و دەم‌و چاو شتن تەپەتەپی پێی ئەهلی ماڵەکەو ئەوانەی خواریشەوە هەستان لەو ماوەیەدا (جێبیش) گەیشتە بەردەرگا.

عەلی، نەورۆز، بێستون بەپەلە نان‌و چایەکیان خواردەوەو کەوتنە دەست لە ملان‌و دوعا خوازی کردن لەدایک‌و باوك‌و کەس‌و کاریان.

حەپسەخان بەدەستی فرمێسکەکانی سڕییەوەو بەدەستێکیش جامە ئاوەکەی بەدوایانا ڕشت.

ئامەخانیش کەوتبووە (ئایەتە لکورسی) خوێندن‌و فوکردن بەسەریانا‌و تاوەکو ئۆتۆمبیلەکەشیان لەچاو گوم بوو ئەو هەر دەمی ئەگیرا بەدوعاوەو بەدەوری خۆیا ئەخولایەوەو خەریکی فوکردن بوو.

روناك پێش هەموویان رای کردە سەری‌و یەکسەر چووە ژوورەکەی خۆی‌و خۆی بەردایە سەر ئەو جێگایەی کەچەند شەو لەگەڵ بێستون پێکەوە لەسەری

ئەنوستن، دەمی چەقاندە سەرینەکەی ژێر سەری بێستونو بەکوڵ دەستی کرد بەگریان.

نەوبەهاریش کوردۆی کوڕی گرتە باوەش بیهێنێتە سەرێ لەسەر پیپلکەکان هەندێ خۆی لەگەڵ خافلاند تاوەکو کوڵی گریانەکەی دامردەوە ئینجا رووی هات بێتەوە لای خەڵکی ماڵەکە.

***

حەپسەخانو ئەوان لای نیوەڕۆ هەندێ هاتنەوە سەرخۆ، ئەگەرچی زۆر بەمەلولی سەیری دەوروپشتی خۆیان ئەکردو لەلایان وابوو شار بەجارێ باری کردووەو ئەوەندە جێی کوڕەکان دیاربوو، لەگەڵ ئەوەشا هەر ئەوەندەیان زانی کەوا کەوتنە باسی دەعوەتەکەی شەوێو گێڕانەوەی بۆ ئەوانەی نەهاتبوون.

حەپسەخان بەگەرمییەوە قسەکانی قەدری خانو ئاسکۆڵخانو وەرامەکانی نەسرینو نەوبەهاری بۆ هەردوو حاجی گێڕایەوەو باسی مشتو مڕی تەلەفۆنو تەلەفۆن کاری شەوکەت ئاغاو عەلی بۆ کردن.

ئامەخانیش باسی شێوەنو گریانو قسەکانی خەجیج خانی بۆ گێڕانەوە.

لەدوای هەموو قسەو باسو عەیبو عار لێ دەرهێنانو گێڕانەوەی باسی ناوماڵو خانوو فەرشو قاڵی، ئامەخان دەستی خستە سەر دەمیو دایە پرمەی پێکەنینو گوتی:

– لەهەمووی سەیرتر ئەوەبوو کەمن نەمەوێرا بەچاکی سەیری ئاسکۆڵ خان بکەم، چونکە ئەو پرچە زەردکراوەی کەوا لەسەرسەری کۆمەڵ کردبوو، هەر بە

قاڵبەکێکم ئەهاتە بەرچاو، ئەورۆژەی هاتبوونە لامان باشتربوو بەسەر شانیا هاتبووە خوارێ.

ئیمشەو پرچەکەی هەر ئەتگوت قاڵبە کێکە بەسەر سەریەوە.

نەسرین دەستی راوەشاندو سەیرێکی ئامەخانی دایکی کردو گوتی:

– حەی حەی بۆچی تۆ ئەزانی رەنگە چەندی پارە دابێ تاوەکو وایان لەو پرچەی کردبێ؟

نەسرین پێکەنیو گوتی:

– ئەمە پێی ئەلێن (شنیون) دەتوخوا وەرە ئەویش ئەڵێت قاڵبەکێك.

ئامەخان بەزەردەخەنەوە گوتی:

– کچێ دایکم ئەو پرچەی بەچی وا پڕ بووە، بەخوا لەسلێمانی بەتایبەتی کە ئەهات بۆ حەمامی (مفتی) زۆر جار تووشی یەك ئەبووین، پرچی هەردوو تیتك بوو پێستی سەری هەمووی دیار بوو.

ئامەخان بەدڵ پێکەنیو گوتی:

– وادیارە پارە پرچی خەڵکیش زۆر ئەکات.

سەبری هاتە قسەو گوتی:

– ئێوە بەباشی سەرەنجتان نەداوەتێ، ئێستاش هەروا دووتیتك بوو، بەلاّم کە ئەچنە لای ئەو دەلاكو پرچ رێکخەرانە بۆیان وا پڕ ئەکەنو رێکی ئەخەنو چەند جۆر درمانو شتی وایان بۆ لێدەدەن تاوەکو وادیار بێت.

***

تۆفە ئەو رۆژە زۆر دڵی تەنگ بوو بۆ کوڕەکان کەوا رۆیشتن و بەیانی دووای رۆیشتنی ئەوان ویستی بچێتە دەرەوەو ناو بازاڕ، ئیتر ملی کۆڵان و جادەی گرت و تاوەکو دوای نیوەڕۆ نەگەڕایەوە ماڵێ:

کەهاتیشەوە یەکسەر چووە سەرێ بۆ لای خێزانەکە، کەلەژووری دانیشتن لە دەوری یەك کۆبوونەوە.

تۆفە کردی بەژووراو بەماتی و بێ قسە چوو لەسەر کورسییەك دانیشت و خەریکی جگەرەکەی بوو.

سەبری کەئەیزانی حاڵی چییەو چۆنەو ئێستا پەلە پیتکەیەکی لێ بدەیت ئەتەقێت، بۆیە ویستی هەندێ قسەی خۆشی لەگەڵ بکات و بیدوێنێت کە بەشکەم دڵی بکرێتەوە، بۆیە رووی تێکردو گوتی:

– تۆفە گیان دوێنێ چوویت چیت کرد لەگەڵ مەکتەب، خۆ تۆ باست بۆ نەکردین؟ ئاخری چووی نەچووی قەید بووی؟

تۆفە دووای ئیستێك بەمەلولێکەوە گوتی:

– ئاچوم

حەپسەخان بەزەیی پیاهاتەوەو دڵی بۆی پڕ بوو کەزانی تۆفە چەند ناڕەحەتە بۆیە ئەویشی تێکەڵی قسەکە بووو گوتی:

– بەوخوایە تۆفە گیان سەرمان وا قاڵ بوو هەر بیرم نەبوو لێت بپرسم بەراست چۆن بوو؟ و چیتان کرد؟

تۆفە بەسەری داخراوەوەو بێ ئەوەی سەیری کەسیان بکات مژێکی لە جگەرەکەی داو گوتی:

– چووم ناویان نووسیم، ئەبێ لەشەممەی داهاتووەوە ئیتر هەموو ئێوارەیەك سەعات شەش لەوێ بم تاوەکو سەعات نۆ، سەبری گوتی:

– ئۆخەی وەڵڵا ماوەکەی درێژە، شتێك فێر ئەبن، ئەی شوێنەکەی لەکوێیە؟ نزیکە لێرەوە؟ تۆفە کەئەتگوت بێزارانە جواب ئەداتەوە گوتی:

– بەپێ دوورە بەڵام بەپاس هەر دەدەقیقەیە.

سەبری بەخۆشییەوە گوتی:

– دەدەقیقە هەر هیچ نییە کەواتە نزیکیشە.

تۆفە ئاخێکی هەڵڕشت و گوتی:

– کوڕە مەکتەبی چی، منیش ئەمەوێت هەر بۆ سەرقاڵی و گاڵتە بچم، جاری وا هەیە ناوی خۆمم بیر نییە لەداخی ئەم دونیایە، ئێستا هیچ ناکەم بەم ئاخرو ئۆخری عومرەوە خوێندن و مەشقم لەبیر ئەمێنێت و فێری نووسینی فارسی ئەبم؟

حاجی مەجید بەدەم تەسبیحاتەوەو بەکزییەکەوە گوتی:

– کار نییە خوا ئاسانی نەکات، هەندێ سەبرتان هەبێت ئینشائەڵڵا ئەم ناخۆشیانەتان هەمووی لەبیر ئەچێتەوەو دڵی خۆتان ئەوەندە سەغڵەت مەکەن و هەرچی خوا نەیکا نابێت، ئامەخان بەمەلولی و دەنگێکی نزمەوە گوتی:

– بەقوربانی خوا بم ئەوەندەمان بانگ كردو هاوارمان بۆ برد دەممان شل بوو ئەڵێیت ئەستغفروڵلا پشتی تێكردووین و گوێی لەدەنگمان نییە، حەپسەخانی خوشكی بەترسێكەوە گوتی:

– وەی بەقوربانە وا مەڵێ، خوا خراپتر نەدات و منالەكانمان سەلامەت بن توخوا وا ناشكوری مەكەن كوڕەكان بەڕێوەن.

***

شەوێك كەهەوری ڕەشی چڵكن سەریان نابوو بەیەكەوە، نمەنمە بارانیش ئەباری بەدەم كزە بایەكی ساردەوە، تۆفە بەسەرو سەكوتی پێچراوەو قەمسەڵەیەكی تەڕەوە هاتە ماڵێ، دەفتەرو قەڵەمەكانی خستبووە كیسەیەكی نایلۆنەوەو ئاخنی بووە باخەڵی لەترسی باران، هەر كەكردی بەماڵا یەكسەرچووە ژووری خۆی و سمایل و كوڕەكانی تر، كوڕەكان هەستان بەپیریەوە، سمە كەبووبوو بەمامۆستای بەزەردەخەنەیەكی خۆشەوە ڕاپەڕیو گوتی:

– یاخوا بەخێربێیتەوە، بزانم ئیمڕۆ چەندت وەرگرتووە؟ دیسان ئافەرینیان دایتێ؟

تۆفە كیسەی دەفتەرەكانی هەڵ دایە سەرجێگای نووستنەكەی و بەدەم قەمسەڵە داكەندنەوە گوتی:

– وەڵڵا ئیمڕۆ شەڕێكی چاكم كرد.

كوڕەكان وروژان و بە پەرۆشەوە بەجارێك گوتیان:

– شەڕ!؟ لەگەڵ كێو لەكوێ تووشى بوويت؟

تۆفە دووسێ جار كۆكىو كەكۆكەكە بەريدا، جامانەكەى داگرتو لەسەر جێگاكەى دانيشتو رووى كردە سمايلو گوتى:

– ئا بەخێرى خۆت چاييێكم بۆ تێكە.

كوڕەكانيش پەلەيان بوو كەبزانن شەڕى چى كردووە بەختيار پێشيان كەوتو گوتى:

– كاكە تۆفە لەكوێ تووشى شەڕ بوويت؟

تۆفە لەسەر خۆ چايەكەى لەدەست سمايل وەرگرتو بەگەرمييەوە گوتى:

– كوڕە لەمەكتەب تووشى بووم، لەگەڵ موعەليمە سەگ بابەكە.

كوڕەكان ديسان وروژان هەندێ لەترسى تۆفە پێكەنينەكەى شاردەوەو ئەوانى كەش هەريەكەيان شتێكى گوتو پرسيارێكى لێكرد.

تۆفە بەدەم چا تێكدانەوە گوتى:

– كوڕە باوكم شتى ئەپرسى، منيش هەر دەستم هەڵەبڕى هەموويانى هەڵساندو هەر چاويشى لەمن نەبوو، ئەمە يەك مانگە من ئەچم بۆ ئەو مەكتەبە تا ئێستا يەك جار هەڵى ساندووم.

بەختيار خۆى پێ نەگيراو دايە قاقاى پێكەنينو گوتى:

– كاكە ئاخر تۆ فارسى باش نازانى بۆيە، ئەو ئەيەوێت چاك فێرى بى ئەوسا هەڵت ئەسێنێ.

تۆفە بەخێسەييێكەوە سەيرى بەختيارى كردو گوتى:

– نەوەڵڵا لەبەر ئەوە نییە، پیاوێکی تورکمانمان لەگەڵە هەر یەك کەلیمە فارسی نازانێت، من لەچاو ئەوا بلیمەتی فارسیم کەچی هەر هەڵی ئەسێنێت.

بەختیار گوتی:

– باشە ئەی وەکو بزانی لەبەرچی هەڵت ناسێنێ؟

تۆفە فرێکی لەچایەکەیداو دیسانەوە وەکو هەموو چا خواردنەوەکانی چایەکەی بۆ چاوتروکاندنێك لەدەمیا هێشتەوە.

ئینجا بەلەزەت قووتیداو گوتی:

– زۆر چاك ئەزانم بۆ گوێ ناداتە منو بۆ گوێ ئەداتە ئەوانیتر، چونکە ئەوانی تر بەرتیلی ئەدەنێ، ئەوەی لەهەموو کەس زیاتر هەڵی ئەسێنێتو گوێی ئەداتێ سەر چەورێکی خۆێڕییە بەڵام چێشتخانەی چلەو کەبابی هەیە، کاك عەبدوڵڵا ئەیگوت کەهەموو ئێوارەیەك موعەلیمەکە ئەباتەوە لەگەڵ خۆی بۆ چێشتخانەکەیو چلەو کەبابی دەرخوارد ئەدات بەبەلاش، سمایل خەریك بوو ببورێتەوە لەبەر پێکەنینو نەشی ئەوێرا بەئاشکرا دەریخات، زۆری لەخۆی کرد کەبتوانێت قسە بکاتو رووی کردە تۆفەو گوتی:

– باشە کاکە تۆفە گیان ئەی ئەوانی تر چییان هەیە کە ئەڵێیت هەمیشە ئەوان هەڵەسێنێت؟

تۆفە خێسەیەکەی ئاگرینیشی لەو کرد نەختێ راوەستا وەکو بۆ جوابێك بگەڕێت دووایی گوتی:

– ئـەوانی کـەش هەریەکـەیان شـتێکیان هەیــە، یــەکێکیان میــوە فرۆشــە، ئەویکەیان لەنانەواخانە ئیش ئەکات. تۆفە بەبێزارییەوە دەستی راوەشـاندو گوتی:

– ئیـتر چـووزانم سـەگ بابـەکانی تریـش چـی بـۆ ئـەهێنن، کوڕەکـان ئیـتر بەجارێك دایانە قاقـای پێکـەنین و خۆیـان پـیٚ ڕانـەگیراو سـەریان بـۆ لـەقاندو گوتیان:

– قسەی تۆیە، قسەی تۆیە کاکە گیان.

***

دونیا بەتەواوی ساردی کردبوو، زستان بەگرمو هۆڕو سەرو چاوی مۆنیەوە باڵی شۆڕکردبوو بەسەر هەموو شوێنێکا.

ماڵیحەپسەخان ئێوارەی هەورو باران هـەر زوو چراکانیـان دائەگیرسـاندو دەوری سۆپا و ئاگردانیان ئەدا، زۆری کات دڵتەنگو بێ حەوسەلەو بێ تاقەت بوو، هـەر کەسـەیان ئەیویسـت خـۆی بەشـتێکەوە خـەریك بکات کەبەشکەم ئەم تەنیایی و دەربەدەریو دوورە ولاتییە لەبیر خۆی بەرێتەوە.

بەینێك حەپسەخان خۆی بەدوورمانو خەیاتییەوە خەریك کرد، دائەنیشت و ئەیگوت:

– کچینە وەرن کراسی کوردیتان بۆ بدوورم، ئەها کراسەکەی خۆمم چەند وردو جوان درووە.

روناك پێگەییبووو ئەوەندەی تر جوان بووبوو، خەیاڵی دابووە سەرو پرچی هەر بەوەدا ئەگەیشت خەنە بگرێتەوەو سەرو پرچی تێبنێت، ئەوسەرو پرچە خەناوییەی زۆر لێهاتبوو.

ئامەخانیش فێری بەزمێك بووبوو، وەکو ئەڵێن ئەگەر تیریش بباریایە ئەو هەر فرسەتێکی ئەدۆزییەوە بەگورجی خۆی ئەپێچایەوەو بەو سەرمایە ئەچووە تارمەکەی سەری سەرەوەو لەسووچێکیەوە رائەوەستا کەئەیڕوانییە سەر دەشتێکی هەندێ بەرینو پانی شوورەدارو کەچەند بیناو خانووی لێکرا بووو لەئاشی ئەلەکتریكو ئەو چەشنە شوێنانە ئەچووو لەحەوشەکەشیا چەند قەلابەو ئۆتۆمبیلی ئیش راوەستا بوو و یا لەگەڕدا ئەبوون.

هەروەها رێبازێکی باریکەلەش لەبەردەم ئەو دەشتە شۆرە کراوەیەدا تێپەڕیو کە هەمیشە خەڵکی رەشو رووتو ماڵە عەمەلەو لەو چەشنە کەسانە پیایا تێئەپەرینو ئەچوون بۆ دوکانو بازاڕو لەوسەرەوە بەکیسەو توورەکەوە ئەگەڕانەوە ماڵەکانیان.

ئامەخان بەدیمەنی ئەو دەشتاییو ئەو هاتوچۆکەرە دڵی ئەکرایەوەو ئەگەر چییان لێبکردایە پاش نیوەڕوان هەر خۆی ئەدزییەوەو ئەچوو سەرێکی ئەکێشاو گوێی نەئەدایە شەڕی کاکە حاجیو مێردیو بۆڵەی حەپسەی خوشکیو ئەوانی تریش کەلەگەڵیان ئەکردو پێیان ئەگوت:

– سەرمات ئەبێت، نەخۆش ئەکەویت.

ئاخری چاریان نەما كەلێی گەڕێن كەزانی یان ئەوەندە خـۆی حـەزی پـێ ئـەكرد، لەبـەر ئـەوە كەئەگەڕایـەوە ژووریَ بـۆ لای ئـەهلی ماڵەكـە، هـەر كەسـە بەگاڵتـە شـتێكی لێ ئەپرسیو خۆشـی ئەكەوتـە گێڕانـەوەی كـەچی دیـوەو چـی نـەدیوەو كـێ خلیسـكاوەو كـێ كـەوتووە بـەدەماو كیسـەی كـام ژن پچـڕاوەو لەدەسـتی بەربووەتـەوەو شـتەكانی لـەو نـاوەدا بڵاوبوونەتـەوەو چـۆن مـاتۆر سایكلێك بەویدا تێپەڕیوەو كابرا ژنێكی چادر بەسـەری لەپشـت خۆیـەوە سـوار كردووەو لەم جۆرە قسانە.

ئێوارەیەكیان ئامەخان گەڕایەوە لەگەشتو سەیرانەكەی دەمو چاوی سوور هەڵگەڕابوو لەوە ئەچوو كەگریا بێ.

خوشكی بەپەرۆشەوە لێی پرسیو گوتی:

– چاوت لەخۆتە چیت بەسەرهاتووە ئاخری خۆت نەخۆش ئەخەیت.

ئامەخان بەكزییەكەوە گوتی:

– نەبەخوا هیچ سـەرمام نـەبووە ئـەوە تـۆزێ گریـاوم، چونكـە چـەند رۆژێكـە ژنێـك ئـەبینم كەبـەوێدا تێئەپـەڕێت هـەر ئـەڵێیت بـاجی پـیرۆزی نانكـەرە، هـەر عەینی ئەو خۆی هەڵ ئەكات كەئەچێت بۆ بازاڕو ئەگەڕێتـەوە، نـاو شانەكەشـی وەك ئەوكۆمە هەر ئەڵێی ئەوە دڵم روون ئەبێتەوە كەچاوم پێی ئەكەوێت.

حەپسەخان بەزەیی بەخوشكیا هاتەوەو لەدڵا زۆر ناڕەحەت بوو بۆیو زانـی كـە تـاچ ئەندازەیـەك ئـەو خوشـكە فـەقیرە سـاویلكەیەی بـیری وڵاتو هاوشـارو

کەس‌وکاری ئەکات، تەنانەت بەوەش دڵی روون ئەبێتەوە کە لەدوورەوە چاوی بەژنێك بکەوێت کەلەباجی پیرۆزی نانکەر بچێت.

حەپسەخان قورگی پڕ بوو لەگریان‌و کەهاتەوە سەر خۆ بەپێکەنینێکی دەستکردەوە گوتی:

– زۆر سەیرە ئاخر بۆیە ئەڵێن خوا بەقوربانی بم هەر چل کەسی لەشکڵێ دروستکردووە، بەخوا کەسی وا هەن کەهەر یەکەشیان خەڵکی وڵاتێك‌و میللەتێکن کەچی سوبحانەڵڵا چەند لەیەك ئەچن.

حەپسەخان درێژە بەقسەکەی‌داو گوتی:

– ئەی تۆ ئەو کوڕەت باش سەرەنجداوە کەنەوتەکەمان بۆ ئەهێنێت؟

ئەو رۆژە لەحەوشەکە راوەستابوو لەگەڵ ئاغای رەزائی حسابی پارەی ئەکرد کە بیداتێ، هەر کەچاوم پێی کەوت داچڵەکیم، بەناوی خوا هەر کوت‌و مت ئەتگوت حەسەنی بانگوشە، هەر ئەوەندە نەمابوو کەبڵێم:

– ئەیەڕۆ حەسەن ئەوە تۆش هاتی؟

هەردوو خوشك دەستیان کرد بەپێکەنین دواییش کەوتنە باسی حەسەنی بانگوش کەئاخۆ ئێستا چی لێهاتبێ؟ چی بکات؟ ئێستا مەعلوم دیسان وەك قەلەباجکە بەسەر گوێسەوانەکانیانەوەیەو هەر خەریکی کا ڕشتنەو باگردێن سەربان گێڕانەو لەژێریشەوە جنێو بەحکومەت ئەدات.

ئامەخان هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی:

– ئۆه خۆزگەم بەوسا كەزستانان بەیانیان زوو لەژووریٚ لەبەر سەماوەرەكە دائەنیشتمو خەریكی چاو بەرچایی ئەبووم بۆ حاجیو منالٌەكان كەلەپڕ گرمەی بان گێڕانو باگردێنی حەسەنی ئەهاتو ئەكەوتمە بەرچایی حازركردن بۆ ئەویش چونكە ئەمزانی كەلیٚ بووەوە دێتە خواریٚ ئەلٌێت برسیمە.

حەپسەخانیش ئاخێكی بەكوٌڵو دڵی هەڵڕشتو لەبەر خوشكی ویستی بەسەر ئەو باسەدا باز بداتو هەندیٚ فێڵ لەخۆی بكات، گوایە مێشكی دوور خاتەوە لەو یادە شیرینانە، بۆیە قسەكەی گۆڕیو كەوتە باسی كراس دوورینو سوخمەو ئاوەڵ كراس بڕین.

***

نەسرین بەچاوی سووری پڕ فرمێسكو دڵێكی گوشراوەوە لەژووری سەری بەدیار (نازیٚ)ی كچییەوە دانیشتبووو پەڕۆی تەڕی ئەخستە سەر نەوچەوانی.

چونكە تایێكی گەرم گەرمی لێهاتبووو دەمو چاوە قوڵپنە ناسكەكەی سوور هەڵگەڕابووو رووومەتەكانی وەك سێوە لاسوورەی لێهاتبووو زۆر بیٚ تاقەت دیار بوو، ئەوەندەش نەبوو كەلەلای دكتۆر هاتبوونەوە، خێزانەكە هەمووی بیٚ ئارامیو داماوی یان لیٚ ئەباری بەتایبەتی لەبەرنەخۆشی منالٌەكە كەزۆریان خۆش ئەویستو قسەكانی زۆر خۆشو خەم رەوێن بوونو گیانێكیشیان بەو دوو سیٚ منالٌە بوو، لەبەر ئەوە كەیەكێكیان نەخۆش ئەكەوت هەموویان بەجارێك ئەو داخو خەفەتو هەستی غەریبییان ئەوروژاو سەریان لیٚ ئەشێوا

جاری وا هەبوو لەداخانا ئەهاتن بەیەکاو لەسەر شتێکی بچووکو قسەیەکی سادە ئەچوون بەگژ یەکترا، یەکێکیان ئەیگوت:

– پەڕۆی تەڕ بخەنە سەر نەوچەوانی منالەکە باتۆزێ لەشی فێنك بێتەوە.

ئەوی کەیان لەوێوە هاواری ئەکرد:

– ئۆە دختۆر حەواڵە بەخوا بن، کورە وازی لێ بێنن ئارەق بکاتەوە باشترە لەو پەرۆ تەڕە، بەو پەرۆیە تووشی هەلامەت ئەبێت، یەکێکی کەلەولاوە ئەیقراند.

– بۆ خاتری خوا واز بێننو بەقسەی دکتۆر بکەن ئەو هەموو شتێك ئەزانێت، ئێوەی فێری داو دەرمانی زەمانی بەردن، ئەم قسانە چییە، دکتۆرەکان ئەم هەموو ساڵە خوێندوویانە خۆ بەخۆڕایی نەبووەو بەخۆڕایی نەبوون بەدکتۆر لەپڕ حەپسەخانو یا خوشکی چارەیەکی قەدیمیان باس ئەکردو بەدڵی کچەکان نە ئەبووو ئیتر ئەبووە مشتو مڕیان ، نەسرین فرمێسکەکانی ئەسڕییەوەو بە تووڕەیی لەدڵی خۆیا ئەیگوت:

– تو بزانە ئەو حسێنە ئەمە چەند مانگە هەر نەهات بەلامانەوە ئەوەتا من خەریکم شێت ئەبم بۆ کچەکەمو ئەمە سێ شەوو سێ رۆژە نانو ئاوو خەوم لێ حەرام بووە، کەچی ئەویش ئێستا بۆ خۆی بێ خەبەر تێر ئەنوێتو تێر ئەخوات بێ خەم ، نەسرین تووڕە ئەبووو لەبەر خۆیەوە ئەیگوت:

– بەڕاستی ئەجری دایك زۆرەو هەموو خەفەتو هیلاکی یەك هەر بۆ دایکی بەسەزمانە، باوکیش لەسەر حازر سنگ دەرئەپەڕێنێ.

***

مناڵە نەخۆشەکە چاك بووەوە، خێزان دڵیان خۆش بووو کەوتنە گێڕانەوەی قسەکانیان کەلەو وەختە کێ چی گوتووەو کێ تووڕە بووە، زوو زووش ئەیاندایە قاقای پێکەنین بەقسەکەی نەسرین، کەبۆی گێڕابوونەوە، گوایە ئەو رۆژەی ئەو بەختیارو تۆفە مناڵەکەیان بردووە بۆ لای دکتۆرو بەتاکسی گەڕابوونەوە ماڵێ لەنزیك کۆڵانەکەیان تۆفە سنگی دەرپەڕاندووەو ویستوویەتی بەفارسی قسە بکات بەلێخوری تاکسییەکەی گوتووە (ئاغا ئین کۆلان).

***

ئەگەرچی رۆژگار بەپەلە تێپەڕی بەڵام لەبەر بێ ئومێدیو بێ ئیشی رۆژگاری خێزانی حەپسەخانو ئەوان زۆر بەسستیو بێزارانە بەسەر یانا تێپەڕین، شەویان هەر لەبڕانەوە نەئەهاتو بەرۆژیش هەمیشە گوێیان هەڵخستبوو بۆ هەواڵێكو بۆ رووداوێکی دڵخۆشکەرو نامەو جەوابێکی کوڕەکانیان کەبەشکم هیوایەك بخاتە دڵیانەوە بەتایبەتی کە کوڕەکان دەستیان کردبوو بەنامە نارن بۆیانو ئەمانیش وەرامیان ئەناردەوە.

ئەو رۆژەی نامەی یەکێکیان بهاتایە ئیتر دڵیان ئەکرایەوە بۆ هەر کەسەیان بهاتایە بەتایبەتی سەبریو نەوبەهارو نەسرینو رووناك، بێجگە لە قسەی تایبەتی خۆیان کەئەیان کرد بەژێر لێوەوە، ئەوی کەیان هەموو بەدەنگێکی هەندێ بەرز بۆ خێزانەکەیان ئەخوێندەوە کەهەموویان دائەنیشتن بێ دەنگو نقەیان لەخۆیان ئەبڕی تاوەکو بەباشی بزانن چی لەو نامەیەدا نووسراوەو

هەندێ جاریش ئەگەر یەكێ لەكوڕەكان قسەیەكی بنووسیایەو ئەمان بۆیان نەخوێنرایەوەو یا قسەكەیان لێ روون نەبووایە كەباسی چییە ئیتر بەجارێك هەموو ئەكەوتنە گێژاوەوە تاوەكو دوو سێ رۆژ بیریان لێ ئەكردەوەو لێیان ئەكۆڵییەوەو ئەمیان دەنگی نزم ئەكردەوەو ئەیگوت:

– بەخوا ئەوە مەبەستیان شتێكە بەڵام لەبەر ئەوەی كاغەزەكانیان ئەخوێنرێتەوە لەلایەن دەوڵەتەوە، نەیان وێراوە بەئاشكرا بینووسن بەخوا رەنگە شكور باسێكی خۆش بێت.

لەوی كەشیان قسەیەكی تری ئەكرد ئیتر تاوەكو چەند رۆژێكو یا تاوەكو نامەیەكی تر ئەمان سەری خۆیان قاڵ ئەكرد بەو قسەیەوە، ئاخریش دەرئەچوو كە هیچ نییەو نەبووەو ئەو كەلیمەیەی بۆیان نەخوێنراوەتەوەو بەخەیاڵ كۆشكو تەلاریان لەسەر دروست كردبوو، حەرفێكیو یا نوقتەی پەڕیوە لەوەختی نووسینا.

***

بەیانییەكیان نامەیەكی شێروان هات بۆ سەبری كەباسی هاتنی خۆیو حسێنی بۆ نووسی بوو و كەوا هەفتەیەكی تر دێن بۆ لایانو بۆیە تاوەكو ئێستا دواكەوتن چونكە ماڵی باوكی بێستون پەڕیونەتە ئەم دیوو ئەوانیش بەڕێوەنو گەیشتوونەتە (بانە) لەبەرئەوە حسێنو بێستون هەفتەیەكە رۆیشتوون بەپیریانەوە، خێزان بەم نامەیە بەجارێك وروژانو كەوتە مەراقەوە.

کەئەمە چۆن ئەو خێزانە گەورەیەی ماڵی باوکی بێستوون بەو هەموو مناڵو گەورەوە هاتوونو بۆ هاتوون بەم سەرماو سۆڵەیە، ئاخۆ ئێستا چییان بەسەر هاتبیو ئەبێ چی قەوما بێت، ئەمان لەکن خۆیان خوا خوایانە قسەیەکی خۆشیان گوێ لێ بێتو مژدەیەکی ئاشتبوونەوە بێتە بەرگوێیان کەچی تازە ئەڵێن خێڵی ماڵی بێستون رایانکردووەو پەڕیونەتەوە، هەروەها باوکی بێستون ئەگەرچی کوڕەکەی پێشمەرگەیەو خەریکی سیاسەتە بەڵام ئەو پیاوێکی بێ دەنگو لەهیچدا نییە، هەروەها پیاوێکی ناسراوو بەحورمەتە لەناوچەکەیا، تەنانەت وەختی شەڕی دووبەرەکیو هەراکەش ئەو لەگەڵ خەڵکی تر ئەچوو بۆ هەردوو لا بۆ ناوبژیو ئاو بەئاگر کردنا لەگەڵ ئەوەشا کەلایەکەی تر ئەیانناسیو ئەیانزانی کە کوڕی دژایەتییان ئەکات لەم شەڕەدا.

بەڵام هەر حورمەتیان ئەگرتو ئەوەبوو کەئەمان پەڕینەوە، ئەو بەپشت ئەستووری لەشوێنی خۆی مایەوە چونکە ئەیزانی کەکەس هەقی نییە بەسەرییەوە لەبەر ئەوەی هەردوولا حورمەتیان ئەگرتو پەیوەندییان پێوە هەبوو،

هەردوو حاجیو کوڕەکانو ژنەکان بەتایبەتی روناك کەماڵی خەزووری بوون هەموو کەوتنە مەراقەوەو بێ ئومێدی ئارامی لێ هەڵگرتن، ئەو ئەیگوت:

– ئەبێ ئەو هەموو مەڕو ماڵاتەیان ئاخۆ چی لێ کردبێ؟

ئەوی کەیان ئەهاتە قسەو ئەیگوت:

– ئەی ئەو ماڵو حاڵو خێرو بەرەكەتەیان دراوەتە دەست كێ؟

ئیتر ئەم ئەیگوتو ئەو ئەیگوتەوە.

***

دوای دەرۆژێك لەگەیشتنی نامەكەی شێروان، ئێوارەیەك شێروانو حسێن گەیشتنە تارانو ماڵەكەیان گەرمو گوڕ كردەوەو بێ ئارامییەكەیان هەندێ رەواندەووە، شێروانو حسێن بەوردی باسی باوكی بێستونیان كردو گێڕایەوە كەوا هەموویان گەیشتوونەتە (هەمەدان) بۆ لای پێشمەرگەكانو واخەریكی دامەزراندنیانن، هەروەها بۆشیان روونكردنەوە كەلەبەرچی هەڵهاتوون هەر زووش حسێن باوكیو مامی تێگەیاند كە (هەمزە ئاغای) باوكی بێستون زۆر نەخۆشو بێ حاڵەو چەند رۆژێكیش خوێنی لەبەر رۆییوە، دیارە حسێن ئەم قسەیەی لەژنەكان شاردەوە چونكە ئەیزانی كەئێستا ئەیكەن بەشیوەنو هەرا بەڵام باسەكەی تری بۆ كردن كەوەختی خۆی سەرەتای شۆڕش كەپێشمەرگە ناحیەو مەخفەرەكانی حكومەتی ئەگرت، پۆلیس هەموو تەسلیم ئەبوون، بۆ ئەوەی ئەو خەڵكانەی سەر بەحكومەت بڕوا بكەن كەهیچیان لێ ناكەنو تاوەكو ئەو جۆرە شوێنانە تەسلیمی پێشمەرگە بېن بەبێ شەڕ لەبەر ئەوە سەركردەكانی شۆڕش وایان بڕیاردا كەئەوانەی تەسلمیان ئەبن بیان هێننە پێشەوەو تێكەڵی پێشمەرگەیان كەنو قازانج لەتەجروبەو زانینیان وەرگرن بۆ ئەوەی مەئمووری تریش نەترسنو پەیوەندی بەشۆڕشەكەوە بكەن.

ئینجا ئەو نەوعە کەسانە بەشی هەرە زۆریان کوڕی چاکو دڵسۆزی شۆڕش دەرچوون یەك دوانێکیان نەبێت کەوا خوێڕیو دزو بەدخوو بوون، یەکێك لەو بەدخوانە کەمعاونی پۆلیس بوو جارێك فرسەتی دیبوو چووبووە سەر ژنە پێشمەرگەیەکی شەهید بەبیانووی یارمەتیدانیو خەریك بوبوو تەعەدای لێ بکات، ژنەکەش بەهەڵەداوانو گریانەوە چووبوو بۆ بنکەو شکاتی لەو معاونە کردبوو، ئیتر بێستوونو چەند پێشمەرگەیەکی تر وەك شێتیان لێ هاتبوو چووبوون تێر تێریان تێهەڵدابوو.

ئینجا کەشەڕی برا کوژی دەستی پێکرد ئەم معاونە گوێزرابووەوە ناوچەکانی نزیك ماوەت، یەکەم ئیشی ئەوە بوو کەخۆی بگەیەنێتە ماڵی ئەو پیاوە باشە بەحورمەتەو داخی کۆنی پێیان برژێنێتو دەست بکات بەبیانوو گرتن لێیان. ئەوانیش لەترسی کوڕو مناڵی تریان سەری خۆیان هەڵگرتبووو بەو سەرماو سۆڵەیە کەوتبوونە ڕێ بەرەو شاخو کێوو لەدواییشا هاتبوون بۆ ئێران.

چەند ڕۆژێکی تریش خێزانی ماڵی حەپسەخانو ئەوان بەداخی ڕووداوەکەی ماڵی بێستوون تلانەوە، بەڵام دوایی ناچاربەو خەبەرو دەنگو باسەش ڕاهاتن، وەکو هەموو دەنگو باسو ڕووداوە ناخۆشو دڵتەزێنەی بەسەریان هاتبووو ناچار ئەبوون کەملی بۆ کەچ بکەن.

حسێن لەگاڵتەو قسە خۆشەکانی نەکەوتبووو هەر گەیشتە جێو دوای هەندێ پشوودانو گێڕانەوەی دەنگو باسی خۆیانو ماڵی بێستون کەوتە جوڵە

جوڵو بزێوی‌و گاڵتەو قسەی پێکەنین‌و هەر لەدەرس‌و دەورو مەکتەبی تۆفەوە پیاهات تاوەکو چاکەت‌و پانتۆڵی سمایلی پوورزای کەلە دوکانی (فەردە) کڕی بووی‌و کەئەچووە دەرێ ئەیکردە بەری‌و کەئەشیان ناردە ئەو دوکانە نزیکانە کەشتێکی بچووك بکڕێت‌و ئەو ئەیگوت جارێ راوەستن تاکو خۆم ئەگۆڕم.

***

تۆفە شێروان‌و حسێنی پێشی خۆی دابوو وبەماڵەکەدا ئەیگەڕاندن‌و سەربان‌و هەیوانی پێشان ئەدان‌و سەرو خواری پێئەکردن‌و خۆی وەك لێزان‌و شارستانی‌و مەدەنی‌و خاوەن ماڵ پیشان ئەداو ئەوانیش وەك لادێی کەتازە هاتبنە شارو یەکەم جار شیاریان دیبێ.

ئەوانیش خۆیان گێل ئەکرد بۆ ئەوەی تۆفە دڵی خۆش بوایە پێی‌و ئەوەندەی تر خۆی گیڤ کردایە بەسەریانەوە.

لەکاتێکا کە لە(تارمەکەی) چینی یەکەم راوەستابوون‌و تۆفە بەگەرمی دەستی رائەوەشاندو باسی گەرەك‌و ناوچەکەی بۆ ئەکردن (ئاغای رەزائی) لەژوورەکەی هاتە دەرەوە بەچاکەت‌و پانتۆڵی رێك‌و پێك‌و بارانیی‌و شەفقەو دەستکێشەوە، جانتایەکی رەشی بچوکیشی بەدەستەوە.

(ئاغای رەزائی) کەگوێی لەتۆفە بوو کەوا قسەی بۆ حسێن‌و شێروان ئەکرد، لەحەوشەکە راوەستاو سەری هەڵبڕی‌و سەیری کردن‌و سەلامێکی لە کوڕەکان کردو بەفارسی بە تۆفەی گوت:

– ئاگات لەدەرکی حەوشەو ماڵەکە بێت تاوەکو دێمەوە لێیدا چووە دەرەوە،

شيَروان و حسيَنيش بەسەر سورِمانەوە روويان كردە تۆفەو گوتيان:

– ئەمە كێ بوو؟

تۆفە بەزەردەخەنەيەكەوە گوتی:

– ئەمە كورِە چێشت كەرەكە بوو كەتۆزێ لەمەو پێش هاتە سەرێ و سەلامی لێكردن و قاپە ميوەكەی دايە دەستم.

حسێن بەسەر سورِمانەوە گوتی:

– ئەمە ئەو بوو، بەكوردستان وەم زانی مەئمورێكی گەورەی دەوڵەت هاتووە بۆ ئێرە ئاخۆ بە چ ئيشێك.

شيروان پێكەنیو گوتی:

– باشە ئەوە چوو بۆ كوێ؟

تۆفە بەگەرمیو تەوسەوە گوتی:

– چوو بۆ حەمامی دەرەوە.

حسێن ديسان پێكەنیو گوتی:

– وەڵلا ئەتگوت ئاخۆ چ كار بەدەستێكەو ئەچێت بەرەو فرۆكەخانە سواری تەيارە ببێت، تۆفە هەندێ كۆكیو بەدەم كۆكەوە گوتی:

– ئەی چۆن؟ دەبرِۆن سەيری ژوورەكەی كەن و سەيری نان خواردنەكەی كەن كە چۆن سفرە بۆ خۆی ئەرازێنێتەوەو هەرچی سەر گوڵ و بەرگوڵی چێشتەكانە جارێ بۆ خۆی تێئەكات و كەوچك و چەتاڵ و چەقۆ ريز ئەكات و دەست و دەم و چاويشی ئەشوات و جلی چێشتخانەكەشی دائەكەنێت و

دستەسرێك ئەكات بەملییەوە ئینجا بەخێری دەست ئەكات بەنان خواردن، حسێن یەك قاقای لێداو گوتی:

– مەگەر من وانان بخۆم! بەخوا جاری وا هەیە ئەوەندە وەرامی ئەمو ئەو ئەدەمەوەو ئەوەندە لەسەر نانەكە هەڵەستم هەر نازانم چیم خواردو چووە كوێمەوە، لەو كاتەدا سەبری سەرێكی كێشایە لایانو گوتی:

– ئەوە چی ئەكەن، دەوەرنە ژووریّ خۆ خەڵك زیڕە ئەكات لەسەرمانا، ئەوە سەرماتان نییە؟

***

سەبری رووی كرابووەوە لەخۆشی هاتنی شێروانو حسێن بەڵام كە هەمووشیان پێكەوە دائەنیشتنو باسی حاڵو ئەحواڵو وەزعیان ئەكرد، ئەچوو بەگژ دەمی حسێنو شێروانا و پێی ئەگوتن:

– هەموو خەتاكە مەخەنە سەر لایەكی تر، خەتای ئێوەش زۆرە، ئێوەش هەر یەكەتان لەقەی لەئەستێرە ئەداو لەقسەی خۆتان نەئەهاتنە خوارەوە، دەبا هەندێ ئێوە برای مەسلەحەت بوونایە چی ئەوقەما، وەڵلا بە هەردوولاتان سەرتان لەم خەڵكە شێواند، میللەتی داماو نازانێت بەقسەی كامتان هەڵپەڕن.

جارێك لەو دانیشتنو دەمە قاڵیانەی بەینی سەبریو شێروانو حسێندا.

سەبری دیسان سەر زەنشتی كردنو لەداخی ئەو وەزعە نالەبارەی خۆیان گوتی:

- بۆچی نەگەیشتنە ئەنجامێك و بیرتان لەم خەڵکە نەکردەوە کە وائێستاش لە شارەکانا براو ئامۆزاو دەرو دراوسێ چەند ساڵە یەکتر ئەدەنە بەر گوللەو تێلاو دارو بەردو خوێنی یەکتر ئەڕێژن بەبێ هیچ لێکدانەوەیەك.

شێروان بەنەختێ تووڕەییەوە گوتی:

- کچێ تۆ چووزانی، توە ئاگات لەهەموو شت نییە، جارێ لەپێشەوەو لە پێش هەموو شتێکدا ئێمە نەمان ویست شەڕی چەکدارانە لەگەڵ حکومەت بکەین چونکە جارێ وەختی نەهاتبوو، کەئەوان ویستیان، گوتیان حکومەت بەپارانەوەو مقالە نووسین هەقی کورد نادات و ئەبێ بەچەك هەقی خۆمان بستێنین، ئێمەش لەترسی ئەوەی نەبێ بەدووبەرەکی و پارچە پارچەیی و خەڵکەکە بەسەبەب کاری ژێر کەوتنی شۆڕشمان دانەنێین بەناچاری تێکەڵ بووین و بەچەند تفەنگە کونێکی خەڵکەکە خۆیەوە کەوتینە ئەو شاخ و داخەو بەدڵ و بەگیانیش هەر چییەکمان لەدەست هات کردمان.

کەچی لەپاش ئەو هەموو بۆردومان و ماڵ کاولی و خەڵك گرتن و کوشتن و زیندە بەچاڵکردنی چەندەها لاوو گەنجی خەباتکەرو کورد پەروەر لەپڕ گوتیان بالەگەڵ حکومەت ڕێ بکەوین بەبێ ئەوەی هیچ یەکێ لەو هەقانەی داوامان کردبوو دەستمان بکەوێت و لەدوای ئەوەی کە خۆشمان گرت و بووین بەهێزێکی پتەو و ڕێکخراوو پڕ چەك کەهەمووی هەر چەك و کلاشینکۆفی عەسکەرەکانی حکومەت بوو کەپەیتا پەیتا پێشمەرگە دەستی ئەکەوت لەکاتی هێرش و شکاندنەکانیان، بووین بەهێزێکی ڕێکخراو کەترس و لەرزی ئەخستە

دڵی هێزو سوپای حكومەتەوەو لەبەرچاوی ئێوە بەقافڵەو دەبابە نەبووایە حكومەت نەیەوێرا زەخیرەش بەرێت بۆ بنكە عەسكەرییەكانی، پێشمەرگە توانی شەمەندەفەری بەینی بەغداو كەركوكیش چەند جارێك بگرێت، هەمووشی بە خوێنی گەشیو فیداكاری پێشمەرگەی كوردستان كەچی، لەم كاتەدا ئەڵێن وەرن باریێ بكەوین لەگەڵ حكومەتو هەركەسە بچێتەوە سەر ئیشوكاری خۆیو ماڵو حاڵی خۆی.

شێروان سوور هەڵگەڕابوو بەتووڕەییەوە دەستی راوەشاندو سەیرێكی سەبری كردو گوتی:

– كەواتە شۆڕشەكەمان بۆچی كرد؟ خەڵكو بەتایبەتی ئەوانەی كوڕیانو كەسوكاریان كوژرابوونو ماڵیان كاول بووبووو ئەو كاتەش هەر ئامادەبوون بۆ فیداكاری چییان پێ ئەگوتین هەر هیچ نەبێ ئەبوو بەدرۆش بووایە نەختێ هەقمان بدەنێ بۆ پاكانە كردن بۆ رێككەوتنەكەمان، ئینجا كەئەمانە هیچی نەبێت لەسەر چی رێكەوتینایەو چیمان بەخەڵك بگوتایە، رێككەوتنەكە هەر ئەوە بوایە كەچەند كەسێك سنگیان دەرپەڕاندایەو بووبوونایە بە مودیر عامو وەزیر؟

ئامەخان سەیرێكی سەبری خوشكەزای كردو بەكزییەكەوە گوتی:

– دە تازەی مەكەنەوەو دڵی خۆتان سەغڵەت مەكەن، خوا گەورەیە ئینشائەڵڵا ئاخری خێر ئەبێت.

حەپسەخان هەڵی دایێو گوتی:

– قوربەسەرمان نەبێت، ئەم قسەو باسانە بوونەتە بنێشتە خۆشەی ژێر دانیان، دە سەڵەواتی لێ بدەن راوەستن بزانین خوا چی ئەکات.

حەپسەخان ویستی هەندێ دانیشتنەکە خۆش کاتو ئەو قسەو باسانەیان هیچ نەبێت بۆ چەند سەعاتێك لەبیر خۆیو ئەوان بەرێتەوە بۆیە بەپێکەنێکی دەست کردەوە رووی کردە شێروانو حسێنو گوتی:

– کورە ئێوە جارێ راوەستن، بزانم عەلیو کورەکان باسی شەوکەت ئاغاوماڵو منداڵو دەعوەتەکەیانیان بۆ کردون؟

حسێن قاقایەکی لێ دا گوتی:

– وەڵڵا هەر بەسەر پێوە شتێکیان بۆ گێراینەوە، توخوا ئەگەر ئێوەش باسمان بۆ نەکەن بەراستی حەز ئەکەم بزانم کەچی بووەو چۆن بووە.

(خێڵ) دانیشتنەکەیان گەرم بووو هەندێ خۆیانیان لەبیر چووەوەو دەنگی پێکەنین بەین بەین بەرز دەبووەوە و دیار بوو کە کەوتبوونە گیانی یەکەیەکەی ماڵی شەوکەت ئاغاو خانوو قەسرو جلو بەرگیان، نەوبەهار پێکەنیو گوتی:

– کوا خۆ گوتیان ئیتر سەرتان لێ نابڕینو ئەبێ هەمیشە هاتوچۆی یەکتر بکەین، کەچی ئەوەتەی عەلیو کورەکان گەڕاونەتەوە ئەمە مانگێ زیاترە هەر تەلەفۆنێکیشیان لەگەڵ نەکردین.

سەبری لەسەر خۆ هاتە قسەو گوتی:

– تەلەفۆن چاك ئەکەن، ئێوەش چەند دڵ پاكو فەقیرو خۆش باوەڕن، ئەوە ئەم نەوعە کەسانە هەموو ئیشێك بەحیساب ئەکەن ئەوە بۆیە کەعەلیو ئەوان

هاتبوون وابەگەرمی هاتن‌و خۆیان لێ نزیك كردنەوە تاوەكو ئاغا لای ساواك خۆی بەرێتە پێشەوەو قسەو باسیش لەمان دەربێنێت.

دە بزانن ئێستاش چونكە شێروان‌و حسێن هاتوون، ئەگەر پەیانەبوونەوە من هیچ نەبم.

حسێن پێكەنی‌و گوتی:

كوڕە بابە ئێمەی فەقیر چیمان هەیە تاوەكو قسەمان لێ دەربێنێت‌و بۆچی لەسەر ئێمە پەكی كەوتووە.

سەبری گوتی:

– ئێوە وا ئەزانن كەهیچتان نییە، بەلاّم بۆ ئەو نەوعە خۆفرۆشانە هەر دانیشتنێكی سادە لەگەڵتان بۆ ئەوان شتەو هەر زوو ئەو دانیشتنە ئەكەن بە (راپۆرت)و ئەیدەن بەئاغاكانیان بۆئەوەی جێی خۆیان خۆشتر كەن‌و دەست كەوتیان زیاتر كەن.

سەبری چاوی گێڕا بۆ تۆفەو گوتی:

– ئەوە كوا تۆفە بابێت بۆتان باس بكات، تۆفە ئەیگوت كە عەبدوڵلاّ مەهابادی یەكەی ئاشنای پێی گوتووە كەشەوكەت ئاغا ئەوەندە لای (ساواك) لەپێشە شاهنشاە دێیەكی تەواوی داوەتێ‌و بەخۆی‌و براكەی، ئەیگوت كەعەبدوڵلاّ گوتویەتی كە حاسیلات‌و خێرو بەرەكەتی دونیایان دەست ئەكەوێت لەو دێیە، بێجگە لە مانگانەو خەلاّت‌و وبەراتی‌تر كە لەساواكی وەرئەگرن.

حسێن لەدڵی خۆیا گوتی:

- بەڕاستی ئەم سەبرییەی خوشکم زۆر تێگەیشتووەو زۆرزانە، سەرو سەکوتیشی لەوەناچێت، ئەوەی بیبینی وا ئەزانێ کە هەر خەریکی ماڵداریو چێشتلێنانەو هیچی کە.

چەند رۆژێک بوو حسێنو شیروان هاتبوونەوە کەچێشتەنگاوێك ئاغای (رەزائی) هاتە سەرەوە بۆ لایان گوتی:

- (گاگا) حسێن بەفارسی قسەکەی تەواو کردو گوتی:

- تەلەفۆن لەدائیرەوەو کراوە کەوا پێشمەرگەیەکی نەخۆشیان هێناوە بۆ تاران دایکیشی لەگەڵەو ئەبێ دایکی بێتە ئێرە بێ زەحمەت یەکێکتان وەرن لەگەڵم تاوەکو بچین بەلایانەوەو ناوی پێشمەرگەکەشی پێ گوتن.

شێروانو حسێن گوتیان:

- باشە ئێمە حازرین.

کە ئاغای رەزائی گەڕایەوە خوارێ، شێروان دەنگی نزم کردەوەو سەری بردە نزیك حسێنەوەو گوتی:

- چاوت لێیە ئەو کەڵەك چییە خۆی گەیاندە تاران.

حسێنیش بەئەسپایی وەرامی دایەوەو گوتی:

- تۆ بزانە هەر یەك سەریش بردوویانە بۆ خەستەخانە.

شیروان سەری باداو گوتی:

- زمانێکی پێوەیە مار لەکون دێنێتە دەرەوە.

هەردوو حاجی بێ سەبرانە سەیری یەكتریان كرد كەئەمە چییە؟ ئەمە باسی كێ ئەكەن؟

حسێن رووی كردە باوكیو مامی كەزانی بەپەرۆشەوە حەز ئەكەن بزانن كە مەسەلەكە چییەو باسی كام كەڵەكچی ئەكەن بۆیە لەسەر خۆ گوتی:

– هیچ نییە دڵتان هیچ نەكات، ئەوە هەندێ برادەرمان كەڵكەڵەی هاتنە شارانیان كەوتۆتە سەرەوەو حەز ئەكەن بێن بۆ تاران، دەوڵەتیش ناهێڵێتو ئەڵێن ئەبێ عوزرێكی زۆر بەجێیان هەبێت ئینجا ئیزنیان ئەدەن كەبێنو ئەوەتە ئەمە یەكێكە لەوانەو بەناوی پێشمەرگەشەوە هاتووەو لەسەر پێشمەرگەو ئێمە حیسابەو خۆشی نەپێشمەرگەیەو نەهیچ.

شیروان دەستی هەڵگلۆفیو هەندێ ناڕەحەت هاتە بەرچاوو گوتی:

– ئەوەتە بەهۆی چەند كەسێكی واوە ناوبانگی پێشمەرگەش خراپ ئەبێت، ئێستا یەكێكی وەكو ئەم كابرایە كەبەماڵو مناڵەوە لەگەڵمان هاتووەو پەڕیوەتەوە ئەم دیوو شوێنەكەی خۆی بەجێ هێشتووە ئێمەش ئەبێ دڵی راگرینو هەرچی یەكی گوت بۆی جێبەجێ كەینو هەر خراپییەكیش بكات لەسەر ئێمە حیسابەو روو ئەكاتە ئێمە كەچی هێشتا ئەویش گلەیی ئەكاتو نارازییە، وەڵڵا چییە وەختی خۆی كەشۆڕش دەستی پێكردووەو ئێمە هاتووین بۆ ناوچەكەی ئەوان ئەو یارمەتی داوینو جێوڕێی پیشان داوین ئیتر ئەمە بووە بەتەوقو چووتە گەردنمان.

باشە ئێمەش ئەوەمان لەبەر چاوە بەسەرچاو هەرچییەك بڵێن بەپێی توانای خۆمان درێغییان لێ ناکەین.

بەڵام قسەی خۆمان بێت هەندێ لەو کەسانە بەهیچ پڕ نابنەوەو هەمیشە داواکارو بەگلەیین.

حسێن بەپێکەنینەوە گوتی:

– وەکو مەسەلەی کابراکەمان لێهاتووە کەئەڵێن جارێك ئاگر لەشوێنێك بەر ئەبێت لەیەکێ لەدێهاتەکان‌و کابرایەك لەو ناوە ئەکەوێتە ناوی، لەپڕ یەکێکی تر بەوێدا تێئەپەڕێت‌و بەگورجی پەلاماری زەلامەکە ئەدات‌و پڕی پیا ئەکات‌و لەناو ئاگرەکە دەری ئەهێنێ‌و لەبەر ئەوەی زەلامەکە هەندێ دەست‌و قاچی ئەسووتێت، کابرای پەلاماردەر کابرای زامار ئەکاتە کۆڵی‌و خەریك ئەبێت بیباتە ماڵی خزمێکی لەدێیەکی تر، کابرای رزگارکەر بەدەم رۆیشتنەوە لە زامارەکە ئەپرسێت:

– چۆن بووم بۆت؟

زاماریش زۆر مەتح‌و سەنای ئەکات‌و ئەڵێت:

– تۆ؟ خوا لەئاسمانەوە تۆی بۆ ناردم، تۆ هەر قارەمانێکی تەواوی، چەند هەنگاوێکی‌تر ئەڕۆن دیسان کابرا لەزامارەکە ئەپرسێت:

– ئەگەر من نەبوومایە ئێستا چیت لێهاتبوو؟

ئەویش بەگەڵێ دوعاوە ئەڵێت:

– ئەپرسی چیم لێهاتبوو؟ ئێستا بووبووم بەخەڵوزو سووتابووم.

بەینێکیتر دیسان لەکابرای زامار ئەپرسێت:

– باشە بەشکەم من لەو کاتە بەوێدا تێنەپەڕیمایە تۆ ئەوسا چیت بەسەر ئەهات؟

زاماری نەگبەتیش دیسانەوە بەدەم ڕێزو مەتحەوە ئەڵێت:

– کوڕە باوکم تۆ هەر باسی خۆت مەکە هەرچی پاڵەوانیش هەیە بەرامبەر بەم کردەوەیەی تۆ هەر ئەبن بەپووشکە، تۆ نەبوویتایە ئێستا برژابوومو کولابووم.

بەینێکی تریش ئەڕۆن دیسانەوە کابرا ئاوڕ ئەداتە کابرای سەر کۆڵیو ئەڵێت:

– تۆخوا چۆن بووم بۆت؟

کابرای زامار خۆی هەڵ ئەداتە خوارێ لەسەر پشتیو ئەڵێت:

– هەی هاوار لەڕێی خوا بم بەرەوەو فڕێم دەرەوە ناو ئاگرەکە شێت بووم، دڵم پچڕا، ئەوەندەم مەتح کردی بەسەبەسە بەقوربانت بم بمبەرەوە ناو ئاگرەکە.

هەموویان بەم قسە گێڕانەوەیەی حسێن دایانە قاقای پێکەنین.

حاجی مەجید بەدەم تەسبیحاتەوە گوتی:

– ئاخر ئێوە ئەڵێن ئەوەیش لەبەر ئێوەو بەهۆی ئێوەوە پەڕیوەتە ئەمدیوو هاتووە لەگەڵتان، ئەبێ ئێوەش ئەوەتان لەبیر نەچێت.

شیروان روی کردە حاجیو گوتی:

– بەخوا راست ئەفەرمووێت، بەخوا هەندێ جار لەدەمی پێشمەرگەكانو خۆمان ئەگرینەوە بۆ ئەو نەوعە كەسانە، بەلاّم ئەو دووبەرەكییە رەوشتو خوی خەڵكی تێكداوە، ئەڵێن لەو دیو پارە دابەش كردنو لرف لێدانێكە نەبێتەوە لەبەرئەوە هەندێكی وا گێلو كەم بیرو باوەڕو حول حولی بیانوومان پێ ئەگرنو هەر خەمی دەست كەوتو قازانجی خۆیانە.

ئەم جارە كاكە حاجی هەڵی دایی‌و گوتی:

– باشە ئێستا ئەم كابرایەی ئێوە باسی ئەكەن، ماڵو دێی خۆی بەجێ نەهێشتووەو شوێنتان كەوتووەو بەماڵو منالّەوە قازانجی لەوەدا چییە؟

حسێن بەزەردەخەوە روی كردە مامی‌و گوتی:

– ئەفەرموون قازانجی چییە؟ جارێ ئەمە خۆی نەخۆش خستووەو هاتووە بۆ ئێرە كەوا ئێستاش ئەبێ بڕۆین بۆ لای.

ئەم دوژمنایەتی هەبوو لەگەڵ هەندێ خەڵكی ناوچەكەیان لەسەر ژن بەژنو ژنهێنانو لەبەرئەوەی ئێمە بەپشتیوانی خۆی ئەزانێ لەژێرەوە هەندێ دەست بڕینو بلۆفیشی لەخەڵك ئەكرد بێئەوەی ئێمە پێی بزانین، زۆریش چاو لەدەرە.

تاكو ئێستا چوار ژنی هێناوە تەمەنیشی نەبووە، بەپەنجا ، حاڵی حازر دوو ژنی هەیەو لەگەڵی ئەژین لە(هەمەدان) لەگەڵ دایكەكەی‌و كۆشێ كوڕو كچ ، راستە خۆی هەندێ نەخۆشە بەلاّم لەوێش دكتۆری چاكی لێیە، بەلاّم ئەویش كەڵكەڵەی هاتنە تارانی كەوتبوەسەر چونكە زۆر باسی جێی رابواردنو كەیفی تارانیان بۆ گێڕابووەوە.

حاجی بەسەر سوڕمانەوە گوتی:

– ئێوە ئەڵێن لادێییە، لەکوێ کەیفو رابواردنی تاران ئەزانێت.

شێروان گوتی:

– نەخێر خوێندەوارەو لەقەڵادزەو رانیە ژیاوە بەغداو موسڵی زۆر کردووە بەهۆی فەحسی توتنەوە، هەمیشە حاڵێ باش بووە.

حاجی پرسی:

– ئەی دایکی چییەتی؟

شێروان گوتی:

– دایکی لەگەڵ دوو ژنەکەی هەڵ ناکات شەوو رۆژ شەڕو قرەیانە، دایکی تا ئێستا چەند جارێك تۆراوەو چۆتە ماڵی پێشمەرگەکان هەرچەندە چاوی بە یەکێکمان ئەکەوێت ئەگرییێتو ئەڵێت خێریان ئەگاتێ بمنێرنەوە بۆ وڵات، من لێرە هەڵناکەم.

شێروان لەسەر قسەکەی رۆیشتو گوتی:

– کاکە عەلیش پێی گوت کە ئەم جارە چوومەوە تاران لەگەڵ خۆم ئەت بەم بۆ لای دایكو پوورمو ئەوان تاوەکو لەگەڵیان بچیت بۆ زیارەتی شەخسو ئیمامو پیر.

ئیتر ئەوەیە رەنگە بەرۆکی بەرنەدابێ بۆیە وا لەگەڵ کوڕەکەی ناردوویانە.

ئامەخان لەو كاتە هاتە ژووریۆ گوێی لەباسی ژنە میوانەكەبوو، گورج گەڕایەوە دەرێو بەهەڵەداوان رای كرد بۆ لای خوشكیو كچەكانو بەخۆشییەوە خەبەری دانێ كەوا (شكور) ژنێك دێت بەمیوانیانو لاشیان ئەنوێت.

حەپسەخان دڵی خۆش بوو وەكو خوشكیو گوتی:

– ئۆخەی یاخوا بەخێربێت،ئاخۆ كێ بێت، تۆ بڵێی خەڵكی لای خۆمان بێت. بەشكەم بۆ خۆمان دوو قسە بكەین، وەختە شێت بین بۆ میوانێك.

سەبری هەڵی دایەو گوتی:

– پێش هەموو شتێك لەكوێ ئەینوێنین؟

روناك راپەڕیو بەگەرمییەوە گوتی:

– كەس باسی ژووری من نەكات، تاقەتی پرخە پرخی كەسم نییە، من تاوەكو دەرنگ گوێ لەرادیۆ ئەگرمو شت ئەخوێنمەوەو چراكەم ئەسووتێت.

حەپسەخان دایە قاقای پێكەنینو بەدەم پێكەنینەوە گوتی:

– ئەیەڕۆ خرپنی مەیمون ئینجا كێ باسی ژووری تۆی كردووە.

روناك پێكەنیو گوتی:

– چووزانم.

حەپسەخانو خوشكی سەیری یەكتریان كرد هەروەك بەیەكتر بڵێن:

– ئەرێ بەڕاست لەكوێ بنوێت؟ ژوورەكانیان هەموو خاوەنو هەر یەكەشیان دووسێ كەسی تیایە.

نەسرین هاتە قسەو گوتی:

– ئێوە جارێ راوەستن بزانین ژنەکە کێیە؟ پیرە یا گەنجە؟ چەند لێرە ئەمێنێتەوە؟ بەو پێیە مشوری رێو شوێنی بۆ بخۆن، کێ نالێت هەر شەوێك لێرە ئەمێنێتەوەو یاهەر رێبوارە بێرەدا تێئەپەرێت؟

ئامە خان بەخۆشییەوە گوتی:

– رێبواری چی، خۆم بەگوێی خۆم گوێم لەحسێن گیان بوو، خوا حافیزی بێت کەگوتی:

– دایکی پێشمەرگەیەو هاتووە بەینێك لەماڵی ئێمە ئەبێت.

خوشکی بەشەوقەوە گوتی:

– ئەڵێی چی بەئاغای رەزائی بڵێین ئەم ژوورە بچوکەی تەنیشت ژووری دەست شۆرەکەی بۆ چۆڵ کات، زۆر جار چاوم لێیەتی کەئەیکاتەوە هەر کتێبە شرو دووسێ کارتۆن و هەندێ نوێن و پەتوی تیایە.

تۆفەیان بانگ کردو خەبەرەکەیان دایە، تۆفە دوو سێ جار هاتە سەرێو چووە خوارێ، ئەوەندەی پێنەچوو ئاغای رەزائی و سمایل و کاوەو کامەرانی خزمیان هاتن و کەوتنە شت بردنە خوارێو ژوورەکەیان هەندی چۆڵکرد.

حەپسەخان و خوشکیشی کەوتنە پاککردنەوەو رێکخستنی.

***

حسێن و تۆفەو ئاغای رەزائی گەیشتنە خەستەخانەکە، خەستەخانەیەکی خنجیلەی پاك و تەمیزو تازە بوو، دەرگایەکی شووشەی زۆر تۆکمەی قایمی هەبوو، هەرسێکیان چوونە ژوورێ دیوارو ئەرزی خەستەخانەکە شەوقی

ئەدایەوە، لەملاو ئەولایەوە بەئینجانەی گوڵو گەڵای سەوزو جوان تەنرا بووو هۆڵەکە ئەتگوت باخێکی بچکۆلەیە.

ئاغای رەزائی لەرێ پیشاندەری پرسیو ناوی نەخۆشەکەی پێگوت ئەویش پێی گوتن کەوا لەچینی سێهەم ژووری ٢٩ یە.

ئەمانیش شوێن یەك کەوتنو چوونە سەرێ، نێرسو کاربەدەستو ئیشکەری نەخۆشخانەکە لەهاتوچۆکردنا بوون.

عەرەبانەی نان خواردنو دەرمانیان ئەهێناو ئەبرد.

حسێن سەری سورما لەم خەستەخانە رێكو پێکەو لەدڵی خۆیا گوتی:

– تۆبڵێی دوای هاتنی ئێمە، ئەم کابرایە تووشی شتێك نەبووبێ؟ بەشەر چییە دەردی ئەڵێن لەگوڵ ناسکترەو جاری وا هەیە ژانێکی بچووکی تیژ زەلامێکی پتەوی وەك پاڵەوان ئەدات بەئەرزاو نیوە مردووی ئەکات.

حسێن گەیشتە بەردەمی ژووری ٢٩ بەدەم ئەم خەیاڵانەوە سەرزەنشتی خۆی ئەکرد کەوا لەبەیانییەوە لەگەڵ شیروان قسە بەم کابرایە ئەڵێنو ئێستا ئەترسێت بەراستی نەخۆش بوو بێت.

چوونە ژوورێ، ژووری تایبەتی بوو، کابرا بیجامەی لەبەردابوو و لەسەر جێگاکەی پاڵ کەوتبوو، نێرسێکی جوان کەلەش لای سەریەوە راوەستا بوو خوێنی ئەپێوا، کوڕیکێش نانی بۆ ئەخستە سەر مێزەکەی.

هەروەها سەیریان کرد پیرێژنێکی جل کوردی رەش پۆشی هەندێ لاوازیش لەسەر کورسییەکی نەرم دانیشتووە تەسبیحات ئەکات سەر بەستێکیشی بەستووە بەسەریەوە بەقەد قوڵینەیەك ئەبێت.

دایك‌و کور کەچاویان بەمان کەوت، زۆر دڵیان خۆشبوو و بەگەرمی کەوتنە چاك‌و چۆنی لەگەڵ هەموویان.

نێرسەکە لەئیشەکەی بووەوەو رووی کردە میوانەکان‌و پرسی کەسێك هەیە فارسی بزانێت؟

تۆفە پێش ئاغای رەزائی کەوت‌و گوتی:

– ئەی چۆن؟

ئاغای رەزائی لێی چووە پێشەوەو گوتی:

– چیت ئەوێت بڵێ ئێمەش تێی ئەگەیەنین.

نێرسەکە گوتی:

– بێ زەحمەت پێی بڵێین بەیانی سەعات نۆ دێین ئەیبەین بۆ رونتکەن‌و هەندێ تاقیکردنەوەی ترو هەر کارێکیشی بوو لە ئەم زەنگەی ژێر سەری بدا، یەکێ دێت بەدەنگییەوەو خوا حافیزی کردو رۆیشت.

کابرای نەخۆش کەناوی عوسمان بوو بەڕوویەکی خۆشەوە رووی کردە حسێن‌و گوتی:

– دوای ئێوە نەخۆش کەوتم، برادەران زۆریان هەوڵدا بۆم، دکتۆرەکەش ماڵی ئاوا بێت کاغەزێکی جوانی بۆ نووسیم کەپێویستم بەخەستەخانەی تاران هەیە لەبەر بەردی زراوەکەم خۆشم زۆر تێکچوو بوومو گوتیان بەینێك لە تەگەرەو قڕەی ماڵ دوور بکەوەرەوە.

خاتوو زبێدەی دایكی دەستو تەسبیحەكەی راوەشاندو رووی كردە حسێنو ئەوانی تر و گوتی:

– قوربان ئەم وەزعو حاڵە هەموومانی تێكداوە، نەخوازەڵا عوسمانی من دایكی بمرێ، ئەو كۆشە خێزانەشی كەوتووە بەسەرا، لەماڵی ئێمە مناڵە وردكە چاوی خەڵك دەرئەهێنێت ئەوەندە نامە خوا هارو بزێون خۆ دایكە كانیشیان قەت پێیان ناڵێن وامەكەن هەریەكەیان لەرقی ئەویتر، وەكو ئەڵێن هەوێ سارییە.

ئەم جارە خاتوو زبێدە ئاخێكی هەڵ رشتو گوتی:

– ئاخ كوڕم ئاخ چیت بەخۆت كرد. چەند جار پێم گوتیو بەقسەت نەكردم.

كوڕەكەی پێكەنیو گوتی:

– دایە ئەم قسانە چییە، جارێ واز بێنە با كاكە حسێنو ئەوان دانیشن خۆ هێشتا هەر بەپێوەن.

حسێن لە دڵا ناڕەحەت بوو و شڵەژاو ترسا لەوەی ئەمانە دەست بكەن بەقسەی وا كەنابێ لەبەرچاوی ئاغای رەزائی بكرێت، هەر چۆنێك بوو دانیشتنو حسێن بەسڵەمینەوەوە كەوتە پرسو باسی نەخۆشییەكەیو هەواڵی برادەرانیو هەواڵی پێشمەرگەكانو ماڵو مناڵیان، لەوە ئەچوو كەئاغای رەزائی هەر زوو تاقەتی چوو بێت، بۆیە هەستایە سەر پێو گوتی:

– من لەهۆڵەكەی خوارەوە چاوەڕێتان ئەكەم؟

حســێن ئــاهێکی هاتەوەبــەر کــەدی کوڕەکــە چــووە دەرێ ســەیرێکی نەخۆشەکەی کردو بەچرپەوە گوتی:

– ئاگاتان لەدەمی خۆتان بێت، قسەی بەنەوعێك مەکەن لای ئەم کابرایەی لەگەڵ ئێمەیە چونکە پیاوی (ساواکە) هەروەها ئەم خەستەخانەیەش هی (ئەوانە) کە ئێستا هاتینە ژوورێو گوتم ئێرە چەند خۆشو پاكو ڕێکوپێکە ئەو پێی گوتم کەهی دائیرەکەی ساواکەو تازە دروست کراوە.

نەخۆشەکە بەم قسانە سلەمییەوەو دەنگی نزم کردەوەو گوتی:

– کوڕە وامەڵێ؟

حسێن گوتی:

– ئــەڕی وەڵــلا،بــاش بــوو باســی نەخۆشــییەکەت زوو بڕییــەوەو نــاوی دکتۆرەکەت نەگوت، ئەگەرچی هەر ئەیزانی کێیە، کاك عوسمانی نەخۆش بە پەرۆشەوە رووی کردە دایکیو گوتی:

– دایە گوێت لێ بوو کاکە حسێن چی گوت: ئەبێ زۆر ئاگات لەقسەکانت بێ.

ئینجا قسەکەی تەواو کردو گوتی:

– ئەمە چییە لەم وڵاتە هەموو شتێك هەر (ساواکە) ئەڵێیت دەوڵەت هەر خۆیانن.

حسێن وەرامی دایەوەو گوتی:

– ئەی چۆن، وەکو بیستم ئەڵێن هەموو دەسگاکانی تری دەوڵەت بەقەد شەیتان رقیان لێیانەو ئەم ئیشانەی ئێمەش هەر خۆیان ئاگایان لێیەو جێبەجێی ئەکەنو حەز ناکەن دەسگاکانی تری دەوڵەت پێی بزانن، ئاگات لێ نییە چۆن شوێنو ئوتێلو خەستەخانەی تایبەتی هەیەو لەوشوێنانەی خۆیان نەبێت نایەڵن دابەزین.

حسێن بەزەردەخەنەوە دەستی دا بەیەکاو گوتی:

– ئیتر بڵێین چی چارمان نییە ئەوەتە قسەشمان بیر چۆتەوە لەبەر ئەم سەگ بابە، لەترسی ئەو ئەبێ قسەکانمان هەموو بەکێشو تەرازوو بێت.

تۆفە ئاخێکی هەڵرشتو دەستی درێژکرد بۆ دەرکی ژوورەکەو هەروەکو ئاغای رەزائی لەوێ راوەستا بێتو گوتی:

– وەرە ئا ئەمە شەوو رۆژ بەسەر سەرتەوە بێتو ئاغایەتیت بەسەرەوە بکات، دە توخوا ئەمە ژیانە ئێمەی تێکەوتووین؟

خاتوو زبێدە وەك لەخوای ویستبێ کەئەویش داخی دڵی خۆی هەڵرێژێت بۆیە بەدەستو تەسبیحەکەیەوە کەوتە شڵپەشڵپو کێشان بەسنگی خۆیاو دەستی کرد بە گریانو گوتی:

– یاخوا کافرەکانیش لەوڵاتو ماڵی خۆیان دوور نەکەونەوەو دەربەدەر نەبن.

حسێن شڵەژاو کەوتە پاڕانەوەو گوتی:

- بۆ خاتری خوا ئێرە نەخۆشخانەیە، ئێستا هەموویان دائەبارن بە سەرمانا وا ئەزانن کەشتیّ قەوماوە.

تۆفە کەدیار بوو گریانو سنگ کوتانی خاتوو زبێدە زۆر کاری تێکردبوو برینی کولاّندبووەوەو بۆیە بەماتییەکەوە گوتی:

- ئینجا لەمە زیاتر چی تر بقەومێت.

نەخۆشەکە لەسەر جێگاکەی هەستاو چووە لای دایکییەوە دەستی خستە سەر شانیو بەپاڕانەوەوە گوتی:

- بۆ خاتری خوا عەیبە، خۆ ئێرەش ماڵی خۆمان نییە.

دە هەستە خۆت کۆکەرەوە تاوەکو لەگەڵ کاکە حسێن بڕۆیت بۆ ماڵی ئەوان.

خاتوو زبێدە چاوەکانی خۆی سڕییەوەو هەندێ هاتەوە سەر خۆو بە مەلولێکەوە گوتی:

- ئەی تۆ بەتەنیا ئەمێنێت؟

کوڕەکەی بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی:

- من بەتەنیای چیم، ئەوەتە ئەبینی کە لەم شوێنە خۆشە دامو یەکێك دێتو یەکێك ئەڕوات ئیتر چی.

خۆ ئینشائەڵلا گورگ نامخوات

حسێن رووی کردە کاك عوسمانو گوتی:

- کەواتە ئیتر با ئێمە بڕۆینەوە، سبەینێ سەر ئەدەینەوەو هەر چییەکەت ویست تەلەفۆن بکە کوڕەکە ئەڵێت:

خاتوو زبێدە پەلاماری کوڕەکەی داو چەند جارێك ماچی کردو ئەوانی کەش خواحافیزییەکی گەرمیان لەیەك کردو رۆیشتن.

***

خاتوو زبێدە لەسەر دۆشەکێك دانیشتبوو لەژووره بچکۆلەکەی بۆیان رێك خستبوو، ئامەخان لەم تەنیشتو حەپسەخان لەوتەنیشتیەوە، لەخۆشیانا جێیان بەخۆیان نەئەگرت، وا دڵیان کرابووەوەو گوێیان لەقسەی میوانەکەیان ئەگرت کەهەر لەبوکەکانییەوە پیاهاتبووە خواریێ تاوەکو کوڕەزاکانی، بەتایبەتی باسی کوڕە گەورەکەیانی ئەکرد کەچییان پێ ئەکاتو چییان بەسەر ئەهێنێتو ئەگەر یەك شتی بچووك لەشتەکانی کەم بێت چۆن ئەو هەموو منالأنە ئەداتە بەر شەقو دارو بەردوماڵەکە ئەدات بەسەر یەکا.

هەروەها باسی (مەنع التجولەکەی) ئەو ساڵەی بۆ ئەکردنو بۆ ئەگێڕانەوە کەشەوو رۆژێك نەئەبوو بچنە دەرەوەو چۆن ئەو کوڕە رقی گرتووەو گوتوویەتی هەر ئێستا هێلکەو رونم ئەوێتو هەر چەند لێی پاڕاونەتەوە کەکوڕە رۆڵە چاوت لێیە شارەکە بۆنی خوێنی لێدێت، ئیمشەو لەتەمەنی پانزە ساڵییەوە تا پیرەمێردی نەوەد ساڵیان نەهێشتووە لەشارو هەموو گیراونو براونو کەس نازانێت چییان بەسەر دێنن، باوکەکەشتیان لەگەڵە، خاتوو زبێدە دەستو تەسبیحەکەی کێشا بەسنگی خۆیاو گوتی:

- ئای رۆڵە ئەو كورە چی پێكردین، ئەیقیڕاندو ئەیگوت من ئەوانە نازانم، هەر ئێستا هێلكەو رۆنم ئەوێتو چۆن دایكەكەی بەناچاریو بەدزییەوە سەربانەو سەربان چۆتە ماڵی دراوسێیو هێلكەی بۆ پەیا كردووە.

ئامە خان گوتی:

- وای خوا فرسەتتان بداتو خوا رەحمیش بەو مناڵە بكاتو بیهێنیتە سەر رێگای راستو هێمنی كاتەوە.

بۆچی لەلادێو لای ئێوەش (منع التجول) هەبوو؟

خاتوو زبێدە گوتی:

- قوربان ئەوسا لەلادێ نەبووین، لەقەڵادزە بووین چونكە زۆربەی زستانان ئەهاتینە ئەوێ لەبەر مەكتەبی مناڵەكانو هاوینان ئەچووینەوە دێیەكەی خۆمان لەبەر تووتنو حاسلات.

حەپسەخانو خوشكیشی زوو زوو دەستیان ئەدا بەسنگی خۆیاناو هەر ئاخ‌وئۆفیان بوو، ئەوانیش ئەكەوتنە باسی خۆیانو ماوەتو پەڕینەوەو ژیانی ئێستایانو كەلەشار چییان بەجێهێشتووەو لەوێ چۆن ئەژیان.

سەبریو كچەكانی تر هەر كەئەگەیشتنە یەك، ئەیان كرد بەچرپە چرپو پێكەنین بەمیوانەكەیانو بەدایكو پووریان كەچۆن دڵیان خۆش بووەو دونیایان لەبیر چۆتەوە لەبەرئەو میوانەیان.

نەسرین ئەیدایە پرمەی پێكەنینو ئەیگوت:

– کچێ دایکم سەیران‌و گەشتی سەربانیشی بیر چۆتەوە لەخۆشی خاتوو زبێدە.

کەحەپسەخان‌و خوشکی تاقەتیان ئەچووو هیلاك ئەبوون‌و ئەهاتنە دەرەوە.

ئینجا تۆفەو کوڕەکان ئەچوون بەدیار خاتوو زبێدەوە دائەنیشتن ئیتر ئەبوو بە نۆرەی ئەوان.

سەبری لەبەر خۆیەوە ئەیبۆڵاندو ئەیگوت:

– وای قوڕ بەسەرم نەبێت، ئەمە ئەم پیرێژنە چۆن هیلاك نابێت، وا چینێکی بێزارو گێژ کرد، وا چینی دووهەمیش چوون‌و ئەو هەرقسە ئەکات ئەمە دەمی شل نەبوو قوڕگی وشك نەبوو.

تۆفەو خاتوو زبێدە ئەتگوت بەربەرەکانی لەگەڵ یەك ئەکەن، ئەم لە قسەیەکی ئەبووەوە، ئەوی کەیان گوڕی ئەدایە خۆی سەری رازو حەکایەتی دائەکوتا.

تۆفە هەموو حەکایەتە کۆنەکانی بۆ ئەگێڕایەوە، لەباسی چوونە عەسکەری‌و ناردنی بۆ (ئەردەن)و ئەو ناوەو باسی ژنە گۆرانی بێژەکەی کە عاشقی بووبوو چۆن گۆرانی بەسەرا هەڵدابوو هەروەها باسی ون بوون‌و رێگا لێتێکچوونی تورکیای‌و دووخوشکەکەی کە لەئەستانبوڵ حەزیان لێکردبووو چۆن شەڕیان لەسەر ئەکرد، هەموو ئەمانەی بۆ ئەگێڕانەوە.

خاتوو زبێدە بەدڵو بەگیان گوێی لێ ئەگرتو هەندێ جاریش خەریك ئەبوو بۆی بگری کەئەگەر بەسەر هاتەکانی تۆفە بگەیشتایەتە باسو شوێنی دڵ تەنگکەرەوە.

خاتوو زبێدە یەکەم کەس بوو کەبەهەمەوو هۆشو هەستی گوێی لەفیشاڵەکانی تۆفە گرتبێو بێ ئەوەی هەر هیچ نەبێت بەرەو رووش ئەو کەسەی پێ بگیرایە کەنەداتە پرمەی پێکەنین، بەڵام لەدڵا هەر بڵێت یاخوا بەدرۆ درێیت فشەکەری فیشاڵ کەر، لەبەر ئەوە تۆفە زۆر خاتری خاتوو زبێدەی ئەویستو زۆر قەدرو حورمەتی ئەگرتو ئیتر هەر بەدەوریا ئەهاتو داخوازییەکانی بۆ جێبەجێ ئەکرد.

بەوەی کەدایکی پێشمەرگەیەو ئەویش لێ قەوماوە، ئینجا وەرە ئەویشی بچێتەوە سەر کەحەز لەقسەکانیشی بکاتو بەدڵ گوێی لێ بگرێو بڕواشی پێ بکات.

تۆفە هەر ئەوەی مابوو کەخاتوو زبێدە بکاتە کۆڵیو بەماڵەکەدا بیگێرێت.

سێ ژەمە وەختی نان خواردن سینی بۆ ئەبردە ژوورەکەو ئەیخستە بەردەمیو پێی ئەگوت:

– پەلە مەکەو لەسەرخۆو بەئارەزوو نانەکەت بخۆو بەخەڵکی ماڵەکەشی ئەگوت:

– ئەو بەسەزمانە لەبەردەمو دانی زۆر لەسەرخۆ نان ئەخوات بۆیە کەس نەچێتە سەری با شەرم نەکات.

***

دوای هاتنی خاتوو زبێدە بۆ ماڵی حەپسەخان‌و ئەوان دوو هەفتە شێروان‌و حسێن لەگەڵ کوڕی خاتوو زبێدە گەڕانەوە بۆ (هەمەدان) بۆ ناو پێشمەرگەکان لەدوای ئەوەی عوسمان عەمەلیات کراو ئەوەندەی کانی بەردینەیەك بەردیان لە زراوی دەرهێناو لەو ماوەیەشا حسێن‌و شێروان زۆریان خزمەتکردو هەر لە دڵیان دەرنەئەچوو کەلەدڵی خۆیانا سەر زەنشتیان کردبوو لەبەر ئەوەی داوای هاتنی تارانی کردبوو کەچی تارانەکەش وای لێهات‌و لەخەستەخانەو دوو راستە جادەکەی ماڵی ئەوان زیاتر چاوی پێنەکەوتبوو، بەڵام خاتوو زبێدەی دایکی لەلای حەپسەخان‌و ئەوان مایەوەو گوتی:

– لێرە دڵم ئەکرێتەوە.

ئەوانیش زۆریان پێ خۆشبوو.

***

دوای ماوەیەك خاتوو زبێدە داوای چوونە سەر مەرقەدو زیارەتی ئیمامەکانی کرد. ئەمەش زۆر ئاسان بوو، چونکە هەریەك قسەی بدایە بەر گوێی تۆفە ئیتر تەواو و مۆرکراو بۆی جێبەجێ ئەکرا.

لەبەر ئەوە تۆفە کەوتە هەڵپە هەڵپ‌و لەگەڵ ئاغای رەزائی رێکی خست کەفێریان کات چۆن برۆن بۆ شاری (قوم)و لەوێ بچنە سەر قەبری حەزرەتی (مەعسومە) چونکە ئەوێ نزیکترین شوێنە بۆ تاران.

(ئاغای رەزائی) لەبەر ئەوەی شارەزای ماڵو خێزانی حەپسەخانو ئەوان بوو بوو کەچەند ماڵێکی بەحورمەتو بێ فرتو درۆو دەلەسەن لەبەر ئەوە ئیتر ئەویش چاوی لەوە پۆشی بۆ کوێ ئەچن یا ناچن.

(ئاغای رەزائی) تۆفەی فێرکرد کەسواری چ پاسێك بىن تاوەکو ئەگاتە ئێستگەی پاسەکانی (تی بی تی) و لەوێشەوە یەکسەر سوار ئەبن بۆ (قوم).

حەپسەخانو خوشکیو خاتوو زبێدە خۆیان سازدا لەشەویشەوە کەوتبوونە خۆیان ئەتگوت ئەچن بۆ سەفەری قەندەهار.

بەیانی زوو چایەکیان خواردەوەو بەچاکی خۆیان وەك یاپراخ پێچایەوە و لولداو شوێن تۆفە کەوتن، کچەکانیش بەدوایانەوە بوون تا بەردەرکی حەوشەو هەر یەکەیان نەسیحەتێکی ئەکردن، کەلەچکی باش بکەنو وریا بن سەرمایان نەبێت.

ئامەخان لەبەر ئەوەی دڵی تێك ئەچوو، لەناوئۆتۆمبیل، دووسێ کیسەو پەڕۆو شتی وایان دایە دەستیو خوا حافیزی یان لەیەك کرد، ئەوان رۆیشتنو ئەمانیش گەڕانەوە ماڵێ.

سواری پاس بوون گەیشتنە ئێستگەی (تیبیتی)، تۆفە دابەزیو ئەوانیش بەدوایەوە.

تۆفە سنگی دەرپەڕاندبوو، زوو زوو نەسیحەتی ژنەکانی ئەکرد ئەیگوت:

– وەرنە لای یەکەوە، لەیەك جیامەبنەوە، تاوەکو ئەچمە ریزەوەو بلیت ئەبڕم، تۆفە لەریزەکەشا هەر ئاوڕی لێ ئەدانەوەو ئیشارەتی بۆ ئەکردنو

ئەتگوت سێ منالّی بچووكی بەجێهێشتووەو تاوەكو ئەو بلیتەكان ئەبڕێت یەكێك دێت ئەیانفڕێنێت.

ئاخری بلیت بڕا، تۆفە پێش خەڵكەكە كەوتو گوێی نەدایە پرتەو بۆڵەیانو بەپەلە چوو لەپێشی پێشەوە چوار جێگای گرتو لەوێ راوەستاو لەپەنجەرەی پاسەكەوە بەپەلە پروزی دەستی راوەشاند بۆ حەپسەخانو ئەوانو گوتی:

– خێراكەن وەرن خێرا

ئەوانیش هاتن لەگەڵ وروژمی خەڵكو هەر زوو لەو جێگا باشانەی تۆفە دەست نیشانی كردبوون دانیشتن، خەڵكەكەش دامەزران، ئۆتۆمبیلچی یەكە شریتێكی خستەناو ریكۆردەری ئۆتۆمبیلەكەو خستیە كارو دەنگە خۆشەكەی (مەهەستی) لێ بەرزبووەوەو ئۆتۆمبیلیش كەوتە گەڕ، خاتوو زێبدیش لەبەر خۆیەوە كەوتە هاواری شاهی نەقشبەندو غەوسی گەیلانیو حاجی كاكە ئەحمەدی شێخو شێخ عیساو شێخ موسا.

ئامەخانیش كەوتە (ئایەتە لكورسی) خوێندنو فوكردن بەسەر هەر چواریانا، ئۆتۆمبیل كەوتە ناو شەقامە قەڵەباڵغەكانی تاران، جار ئەڕۆیشتو جار لەبەرچرا سوورەكان رائەوەستا.

خەریك بوون لەشار دەرئەچوون كەئامەخان سەری هێنایە نزیك خوشكیو گوتی:

– یا رسول الله هاوار، بەخوا زۆر لەلێخوڕی ئەم پاسە ترساوم.

حەپسەخان بەسەر سوڕمانێكەوە گوتی:

- بۆ؟؟

ئامە خان عەباکەی بەچاکی لەخۆی پێچایەوەو لایەکی دەمو چاویشی داپۆشیو بەچرپەوە گوتی:

- ئەوەتەی سوار بووین چاوم لێیەتی لەتاو ئەو ژنەی دەستە راستمان ئاگای لەلێخوڕینەکەی نییەو هەر ئاوڕی لێ ئەداتەوەو خەریکی چاو بڕکێیە لەگەڵی.

تۆفە بەپەرۆشەوە سەری هێنایە نزیکیانەوەو گوتی:

- ئەوە چیتانە؟

ئامەخان بۆ ئەویشی گێڕایەوە، تۆفە گوتی:

- وەڵلا راست ئەکەیت، خۆشم ئاگام لێیانە، ژنەکە تەواو نییەو لە بەدخووەکان ئەچێت، من پێش ئێوە هاتم هەر زوو کابرا ئەو جێگایەی دایێو ئیتر هەر خەریکی چرپە چرپ بوون.

ئامەخان بەژێر لێوەوە گوتی:

- ئۆە ژنەکە بەپەنگ بی، چاوت لێیەتی هەر بەئاشکرا شەڕ بەپیاوەکە ئەفرۆشێتو خەریکی چاو بڕکێیە لەگەڵی لەژێر چادرەکەیەوە، سەیری کەن چەند جوانو تەڕو تۆڵیشە، دەبڵی بەپەنگ بێ بۆچی شوو ناکەی بۆ خۆت وەڵلا هەزار کەس مننەت ئەبات مارەت کات، ئەوە باشتر نەبوو ئێستا خانمی ماڵی خۆت بویتایە.

حەپسەخان بەگەرمییەوە گوتی:

- كچێ خوشكم ئێمە هەقمان چییە، بەسەریانەوە، چاویان دەرئەهات، خۆ ئینشائەڵڵا نابین بەپاسەوانی خەڵك، خوا ئەیكرد ئێستا ئەچووە كۆشییەوەو لەژێر عەباكەیەوە بەئەسپایی پێكەنیو گوتی:

- دەتوخوا بزانە مێشكی خۆی بەچییەوە خەریك ئەكات ئەوە گوتمان هەندێ لەمەراق و خەفەت رائەكەین.

ئامەخان هەڵی دایێو بەترسەوە گوتی:

كچێ ئاخر ئەترسم لێ خورەكە هۆشی لای لێ خورینەكەی نەمێنێت لەتاو ئەم (بەیتە شەیە)و بەڵایەكمان بەسەر بێنێت.

تۆفە گوتی:

- گوێی مەدەرێ ئەجەل بەدەست خوایە، ئەم لێ خوری پاس و ماسانە فێرن و لەهەموو چیزەییێكن، هەندێكیان لەهەر شارە ژنێكی هەیە بەزۆری وا بەدخوون.

ئامەخان بەكەساسییەكەوە گوتی:

- ئیتر بڵێین چی پەنا بەخوا.

باش بوو خاتوو زبێدە لەتاو دوعا خوێندنی خۆیو هاواری شێخ و مەشایخ ئاگای لەم مشت و مرەی ئەمان نەبوو ئەگینا ئەویش ئەیكرد بەهەرا، چونكە ئەوەندە ترسا بوو ئەتگوت سواری باڵی (سیمرخ) بووەو ئەیبات بەرەو ئاسمانی حەوتەم وەكو ئەڵێن.

***

ئۆتۆمبیل شەقامو بیابانی هەڵ ئەپێچا لەژێر چەرخو رەورەوەکانی خۆیا، ئەمانیش گوێیان شلکردبوو بۆ زانیاریو عیلمو مەعریفەتی تۆفە، کەئەم باخە گەورەیە هی کێیەو ئەمەیان هی چ خزمێکی شایەو چۆن رۆژانی جومعە شاە بەماڵو منداڵیەوە دێنە ماڵی ئەم خزمەیو ئەو کۆمەڵە لەوحو تەختانەی لەدەرەوە دیارن ئەو شوورەی حەوشەی مەیدانێکی زۆر گەورەی سەوزی فرۆشییە کەهەموو شتێك بەسندووقو کارتۆنو فەردە ئەفرۆشن.

تۆفە گوتی:

– ئای چەند خەیاری وردو جوانی لێیەو ترۆزی بەپولە کەهەر ماڵی ترشیاتن، دەلوبیبەری وەهای لێیەکە خەڵك هەر بەڕووتی حەز ئەکات بیخوات، ترێ، هەنار هەر باسی ناکرێت پیازی وای لێیە کەبەفەردە ئەیفرۆشن سەلکی بەقەد کالەکێك ئەبن شیرین شیرین ئەلێی خەیارن، بێجگە لەپیازی مۆرو سۆرو هەموو نەوعە شتی تر.

ئامەخان هەندێ تێکچوو بوو، لەبەر بۆنی بەنزینی پاسەکە هەروەها وەکو تۆزێ لەوەو پێشیش لووتی خۆی گرتبووو گوتبووی :

– وەی باوکە رۆ، بۆگەنی قاچی ئەم پیاوانەی نزیکمان ئەوەندەی تر کاسو گێژی کردم، لەبەرئەوە کەگوێی لەباسی ترشیاتو ئەو هەموو میوەو سەوزییە جوانانە بوو، وەکو شتێك دەمی ئاوی کردو ئارەزووی قومێ ئاوی ترشیاتی بەسرکەی ترێی رەشکە گیراوی پڕ لەفەریکە قەزوانی کرد، بۆیە رووی کردە تۆفەو گوتی:

– ئەوە ناكرێت كەگەڕاینەوە راوەستین و هەندێك لەو شتانە بكرێن بەشكەم بۆ خۆمان هەندێ ترشیات دروست كەین؟

تۆفە مژێكی لەجگەرەكەیداو یەك دوو جاریش كۆكیو بەدەم كۆكەو فرمێسك سڕینەوەو لەبەر دووكەڵی جگەرەو كۆكەكەی ئینجا گوتی:

– نەوەڵڵا ناتوانین، ئەم پاسانە وەكو شەمەندەفەر وان لەئێستگەو چایخانەی تایبەتی خۆیان نەبێ راوناوەستن، هەروەها كەگەڕاشینەوە شەو ئەبێت و دوكان و بازاڕ تا ئەووەختە نامینێت، بەڵام خەمت نەبێت، كەگەڕاینەوە رۆژێك لەگەڵ كاك عەبدوڵڵا دێین و چیتان ویست پێم بڵێن ئەوسا بۆتان ئەكڕم.

حەپسەخان سەری سوڕما لەم گۆڕین و قسە لەسەرخۆ كردنەی تۆفە، چونكە ئەیناسێ كەئەگەر ئەوان هەر قسەیەكیان بكردایەو باسی هەر شتێكیش بكەن تۆفە بەبێ مەحكەمەو بەبێ پیا هەڵشاخین وازی لێ نەئەهێنان و ئەوە بوو بوو بە بەشێك لەرەوشت و خووی تۆفەو ئەمانیش بەهەموو رەزامەندییەوە ئەو قڕە بەسەركردن و پیاهەڵشاخینەیان قەبووڵ ئەكردو نازیان ئەكێشا.

تۆفە خۆشی زۆر چاك ئەوەی ئەزانی كەئەویش چەند خۆشی ئەوێن و هەموو دونیاو خۆشی ئەوهەر ئەمانن بۆیە ئەویش بەئارەزووی خۆی و بەپشت ئەستووری رەفتاری لەگەڵ ئەكردن.

ئەو رۆژە تۆفە وەكو شتێك دڵی بەحەپسەخان و خوشكی و میوانەكەیان سووتاو هەوڵی ئەدا كەتاپێی بكرێت دڵیان راگرێت بەتایبەتی كەپیاوو لێپرسراوو چاو ساغیان بوو لەسەفەرەكەدا.

***

نزيك شارى (قوم) بوو، لەدوورەوە گومەزو مەنارە دەركەوت، خاتوو زبێدە هەر چاوى بەمەنارەو گومەز كەوت بەيەك شريخە گوتى:

– (الهم صلى على سيدنا و حبيبنا محمد)و كەوتە زكرو لا اله الا الله.

هەروەكو شتێ حاڵى لێهاتو سەرى گەرم بوو، سەرەسەبەتە قوڵبنەكەى لەسەر داماڵراو كەوتە حەى ئەڵڵاو پەل كوتانو سەر راوەشاندن، خەڵكى پاسەكە زۆريان سەريان گەرم بوو و بەچاوێكى پڕ لەخۆشەويستييەوە ئاوڕيان لێ ئەدايەوەو ئەوانيش كەوتنە سەلاٌوات لێدانو يا عەلىو يا كەربەلا، ناوپاسەكە بەجارێك شێوا.

ئامە خان زەندەقى چوو ترسا لەوەى خاتوو زبێدە شتێكى لێ بێت حەپسەخانو تۆفە هەر بەوا ئەگەيشتن كەئاگايان لێ بێتو عەباكەى لەسەر لا نەچێتو سەرى بەركورسىو قەراغە ئاسنى پاسەكە نەكەوێت.

ئاخرى هەر چۆنێك بوو گەيشتنو پاسەكە راوەستا، خاتوو زێبديش هاتەوە سەر خۆى.

خەڵكى پاسەكە بەپەرداخە ئاوو پەرداخە شەربەتەوە هەموو بەسەريان داڕژان، يەكێ عەباكەى ماچ ئەكرد، ئەوى كەدەستى ماچ ئەكرد، ئيتر خاتوو زبێدەو تۆفەو حەپسەخانو خوشكى نەكەوتنە سەر ئەرز.

هەموويان دابەزينو سەيرێكى دەورو بەرى مەرقەدەكەيان كرد كەهەمووى دوكانى جۆراو جۆرى بەئەلەكتريكو گڵۆپى سەوزو سور رازاوەى خۆش خۆش بوون كەزۆريان دوكانى شەربەو گۆزەى نەقشكراو لەگەڵ سەدەها گوڵدانو

ئاوێنەو شتی رازاندنەوەی ماڵو سەرتاقو سەرمێز بوو کەزیارەت کەرەکان ئەیان کرێ بۆ موفەرکو بەدیاری.

زۆری ئەو شتانەش کاری دەستی بوونو زۆریش جوان بوون.

بێجگە لەو دوکانانە چەندەها دوکانی کوتاڵو شیرینی فرۆشی لێ بوو، شاری قوم ناوبانگی دەرکردبوو بە نەوعە شیرینی یەك کەپێیان ئەگوت (سوهان) بەرۆنی راستی حەیوانی دروست ئەکرا.

هەروەها لەدەوروپشتی مەرقەدەکە چەند چێشتخانەو کەباب خانەی گەورە گەورەشی لێ بوو، بۆ زیارەت کەرەکان.

لەدوای چاو گێران بەودەوروبەرو قەڵەباڵغییەدا، تۆفە ژنەکانی پێشخۆیداو چوونە حەوشەی مەرقەدەکە.

حەوشێکی گەورەی فراوانی خۆش بوو، حەوزێکی ئاوی زۆر گەورە لەناوەڕاستیا بوو و لەهەموو لایەکەوە بۆری ئاوی لێ ئەهاتە خوارەوە.

خەڵك لەدەوری حەوزەکە خەریکی دەست نوێژ گرتنو خۆ ئامادەکردن بوون بۆ نوێژ، دەوری حەوشەکەش هەیوانو تارمەی زۆری لێ بوو کەخەڵك بتوانن لەو شوێنانە نوێژ بکەنو پشوو بدەن.

حەپسەخانو ئەوان هەندێ بەدەوری حەوشەکەدا سوڕانەوەو سەیری ئەو هەموو قەڵەبالغییەیان کرد، تۆفە رای گرتنو گوتی:

– ئەڵێن چی، جارێ بچین لەیەکێ لەو چێشتخانانەی ئەم ناوەنانێك بخۆینو پشوویەك بدەین، یاخود ئەتانەوێت جارێ بچن زیارەت بکەن.

حەپسەخان ترسا لەوەی كە بەچوونە ناو مەرقەدەكە، دیسانەو خاتوو زبێدە حاڵی لیٚ بێت و تووشی هەلاّ و بەزم ببن و تاوەكو بێتەوە سەر خۆ زۆریان پیٚ بچێت و ئێستاش نیوە رۆیەو نزیك سەعات یەكە خەریكن برسییان ئەبێت بۆیە رووی كردە تۆفەو گوتی:

– وەڵلا من ئەڵێم جاریٚ با بڕۆین پشوویەك بدەین و شتێك بخۆین و چایەك بخۆینەوە، بۆ ئەوەی كەچووینە ژووری مەرقەدەكە پەلە نەكەین و بەكەیفی خۆمان بێینە دەرەوە.

لەوە ئەچوو كەئەوانی كەش هەر ئەو بیرەیان كردبێتەوە بۆیە هەر گورج تۆفە گوتی:

– زۆر باشە كەواتە پێش كەون با بڕۆین.

***

لەچلەو كەباب خانەیەك بەو قەڵەباڵغییە تۆفە توانی مێزێكی چوار نەفەری پەیا كات كەزۆری خەڵك ریزیان بۆ گرتبوو، ژنەكانی دانیشتاندو خۆی بە پێوە راوەستا لەبەردەم كورسییەكەیەوەو كەوتە (ئاغا .. ئاغا)و ئیشارەت و بانگكردنی شاگردەكان، یەكێكیان هات بەكاغەزو قەڵەمەوە.

تۆفە وامشەوەش بو بوو ئەتگوت خەریكی كڕین و هەڵبژاردنی ئاخۆ چییە، بەدەست و بەئیشارەت و بەفارسی و بەكوردی تێكەڵ كردن كابرای تێگەیاند كەچی و چییان بۆ بێنێت دوای ئەوەی لەژنەكانی پرسی كەچی ئەخۆن.

شاگرد داواكانیانی نووسیو رۆیشتو ئەوەندەی پێنەچوو، دۆڵكە ماستاوو كۆلێرەو قاپە سەوزیو ترشیاتیان خرایە بەردەم تاوەكو خواردنەكانیان بۆ بێت.

تۆفە كەوتە پاروو دروست كردن بۆ خۆی لەكولێرەو سەوزەو پیاز وترشی سماقیشی پێوەكردو كردی بە باڵولەو پەرداخی ماستاویشی بۆ خۆی تێكردو كەوتە قەپاڵ لەپاروو گرتنو خواردن.

ئامەخان گوتی:

– ئا تۆزێ لەو ترشیاتەم بدەرێ تاوەكو هەندێ دڵم بێتەوە سەرخۆ، ئەویش كەوتە پاروو دروستكردنو مڵچە مڵچ لەژێر عەباوە.

خاتوو زبێدە حەزی لەتەرە تیزەو كەوەر كرد ئەویش كەوتە پاروو دروستكردن، حەپسەخان لایەكی دەمو چاوی خۆی بەعەباكەی داپۆشیو پێكەنیو گوتی:

– ئەیەرۆ خو وا بڕوات خۆتان تێر ئەكەن كەواتە ئەو شتانەی ترتان بۆ چ بوو؟

تۆفە بە گوپی پڕەوە گوتی:

بڵێم چی وەڵلا زۆرم برسییە، بەیانی لەماڵەوە هەردووچای رووتم خواردەوە.

ئامەخانیش هەرچاوی ئەگێڕا بەدوای كوڕە شاگردەكانا.

دوایيش گوتی:

– ئەوە چييان كرد خۆ هەر قاپيان بەدەستەوەيە بۆ ئەمو ئەوى ئەبەن، كەچى هەر نەهاتن بەلاى ئيَمەوە.

تۆفە گوتى:

– ئاخر بەنۆرەيە ئەوان پيَش ئيَمە هاتوون بۆيە.

تۆفە خۆشى پەلەى بوو، ئەويش چاوى ئەگيَرا كەكەى بۆ ئەوانيش ديَنن، بە تايبەتى كەبۆنى كەبابى خەلْكى دەورو بەرى كاس كردبووو هەموويان بە گەرمى خەريكى پاروو گلاندن بوون، ئەوەندەى پىَ نەچوو كورِيَكى شاگرد بەسينييەكەوە هاتە لايانو يەكى قاپيَكى پرِ لەبرنجو دوو كەبابى گەورەى لەسەر لەگەلْ يەك شيش تەماتەى برژاوى خستە بەر دەميان لەگەلْ قاپيَك لە كەرەى پاكەتى بچووكيش، خاتوو زبيَدە پيش هەموويان هەلْى دايىو گوتى:

– ئينجا ئەمە چۆن بەئيَمە ئەخوريَت، هەر قاپە بەشى دوو كەسە.

تۆفە قۆلْى لىَ هەلْ مالْىو پەلامارى قاپەكەى دا ويەك دوو پاكەت كەرەشى كردەوەو خستىيە سەر برنجەكەىو بەپەلە گوتى:

– جارىَ بخۆن، وەختى قسە نييە.

هەموو سەر قالْى نان خواردن بوونو لەدواى تۆزيَك هەر ئەوەندەيان زانى كە يەكى هەندىَ برنجى رووت بەو لاوە هيچ لەبنى قاپەكەيان نەماوەتەوە بەتايبەتى ئەوانەى ئەيانگوت:

– ئەيەرِۆ ئەمە بەكىَ ئەخوريَت ئەوەندە زۆرە.

(جەماعەت) لەدوای ئەوەی ماستاوو چای گەرمیشیان کرد بەسەرا ئیتر مڕ بوونو تاقەتیان نەبوو هەستنە سەرپێ.

تۆفە جگەرەیەکیشی خستە بەینی لێویو لەدوای دوو سێ مژی چاك هەستایە سەر پێو گوتی:

– دەی ناوی خوای لێ بێنین ئیتر هەستن درەنگە.

***

ژنەکان لەدوای ئەوەی لەحەوشەی مەرقەدەکە چوونە شوێنی ژنان بۆ دەست نوێژگرتن، هاتنەوە لای تۆفە کەلەسوچێکی زۆر نزیکی شوێنەکە چاوەڕێی ئەکردن هەموویان چوونە بەردەمی ئەوەی پێڵاوەکانیان بۆ هەڵگرێتو پێڵاوەکانیان دایە دەست کابرا، ئەویش ژمارەیەکی دایە دەست تۆفەو هەموو چوونە ژوورێ.

ژوورەکە ئەتگوت چراخانە، مەرقەدەکە لەناوەڕاستی ژوورەکە دابووو شورایێکیزیوی بەچوار دەوریا گیرا بوو و وەکو ژوورێکی بچکۆڵە، بەڵام پەنجەرەکە وەکو پەنجەرەخان خان بوو بۆ ئەوەی خەڵك بتوانێ قەبرەکە ببینێ. قەبرەکەش بەچەندەها پارچەی سورمەو قەدیفەی نایابی گران بەها داپۆشرا بوو، بۆنی گوڵاوو بخوور ئەوناوەی پڕکردبوو، ئەو ژوورە پانو بەرینەی کەلە هۆڵێکی گەورەی سەدەها نەفەری ئەچوو ئەرزەکەی بەفەرشو قاڵی هەرە گرانەکانی ئێرانیداپۆشرابوو.

حەپسەخانو ئەوان بەپێی نەسیحەتی  تۆفە هەولیان دا کەبتوانن بەیەکەوە بنو نەهێڵن کەس بکەوێتە بەینیان تاوەکو لەیەك جیانەبنەوە، هەر  چۆنێك بوو و بەپاڵەپەستۆ خۆیان گەیاندە شورای مەرقەدەکە، ئامەخان توند پەنجەرەو شوورەکەی گرتو رایوەشاندو سەری پێوەناو بەدەم فرمێسکەوە پاڕایەوەو گوتی:

– یا ساحێبی ئەم مەرقەدە، تکامان بۆ بکە لەخوای گەورە کەرەحممان پێ بکاتو دەرووێیکی رەحمەتمان لێ بکاتەوە کەبگەڕێینەوە وڵاتی خۆمانو  ئاوێك بکات بەم ئاگرەداو ئاگای لەمناڵەکانمان بێت.

ئامەخان دڵی گەرم بوو ئیتر پیاهاتو کەوتە دوعاکردن بۆ پێشمەرگەی کوردستانو بۆخزمو کەسو ئاشنایو هەموو خەڵکی سلێمانیو هەرچی  کورد هەیە.

ئامەخان هەر ئەوەندەی زانی وەك لافاو وروژمی خەڵکی بەسەراهاتو خەریك بوو ببێت بەژێر دەستو قاچەوە.

کەئاوڕی دایەوە نەتۆفەو نەخوشکیو نەخاتوو زبێدە دیار بوون، ئامەخان دوعاکانی لەگەروویدا گیری خواردو سڕ بوو لەترساو لەدڵی خۆیا گوتی:

– ئای قوڕ بەسەرم نەبێت، ئەرێ وەڵلا لەیەکتر گوم بووین.

ئینجا لەناو ئەم قیامەتو حشرەدا چۆنم بۆ ئەدۆزرینەوە هەی هاوار هەی.

بەهەرچی چونێك بوو گوڕی دایە  خۆیو خۆی لەناو دەستو پاڵەپەستۆی خەڵکەکە رزگار کردو چوو خۆی گەیاندە  پەنایێکی هەندێ چۆڵ کەزۆر کەس

لەم لاو ئەولای بڵاوبووبوونەوە، هەندێ نوێژیان ئەکرد، هەندێ خەریکی دوعا بوون‌و هەندێ بەدیار کەسی نەخۆشیانەوە دانیشتبوون، کەهێنا بوویانە سەر مەرقەدەکە، ئامەخانیش چووە لایان‌و پشتی نا بەکولەکەیەکەوەو بەدڵێکی داخورپاوەوە، چاوی گێڕا بەناو خەڵکەکەدا.

تۆفەو ئەوانیش لەلایەکی ترەوە سەری دونیایان لێ هاتبووە یەك‌و بۆ ئامە خان ئەگەڕان‌و زۆر شڵەژاوو ترسا بوون، کەلەپڕ خاتوو زبێدە بەپەرۆشەوە دەستی درێژکردو بەخۆشییەکەوە گوتی:

– ئەرێ وەڵڵا ئەوەتا ئامەخان لەپەنا ئەو کولەکەیەدا راوەستاوە بەکراس‌و سەرپۆشەکەیا دیارە کەئەوە.

هەموو بەهەڵەداوان چوون کەسەیر ئەکەن راست ئامە خان خۆیەتی.

تۆفە بووبوو بەفیشەکە شێتە ئەوەندە شڵەژاوو دەستە پاچە بووبوو.

بەتوورەییەکەوە گوتی:

– ئەی من نەمگوت لێمان دوور نەکەویتەوە، ئەوە تۆ بۆ کوێ چووی؟

نوێژ و دوعاکانت حەوت شەوو حەوت رۆژن قەت لەبڕانەوە نایێن.

ئامەخان فرمێسکەکانی سڕییەوەو گوتی:

– بڵێم چی چووزانم، سەرم نابوو بەپەنجەرەکەوەو خەریکی دوعا بووم، کە سەرم بەرزکردەوە ئێوە لەجێی خۆتان نەمابوون.

حەپسەخان رەنگی هەڵبزرکابووو شپرزە بوو بوو لەبەر خوشکی بەپەرۆشەوە گوتی:

– هەر ئەوەت ئاقڵی کرد لەو پەنایە راوەستاوی، خەڵك کە گوم بوون لەیەك هەق وایە کە لەشوێنێك راوەستیٚ، ئەگینا ئەگەر بڕوات بۆ ئەوانەی تر بگەڕێت و ئەوانی تریش بەلایەکی ترا بڕۆن قەت یەکتر نادۆزنەوە.

تۆفە هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:

– ئەگەر چی هەر زوو ئەدۆزرایتەوە بەڵام ترسام و گوتم زمان نازانێت نەوەکا کەسێك فێڵێکی لیٚ بکات، لەم شوێنە قەڵەباڵغانە دزو گیرفان بڕو ساختەچی زۆر زۆرن ئەبیٚ خەڵك وریا بێت، شەو داهاتبوو کەوەختی حەپسەخان و ئەوان گەڕانەوە و گەیشتنە ماڵیٚ.

حاجی مەجید گوتی:

– خەریك بووم بکەومە مەراقەوە.

براکەی گوتی:

کەتارێکی داهات و دەرنەکەوتن شەیتان خەیاڵێکی خراپی خستە دڵمەوە، بە تایبەتی کە رۆژنیە غەزەتەکان باسی وەرگەڕانی چەند پاسێك ئەنووسن.

ئامەخان لەنزیك سۆپاکەوە دانیشت و دەستی خستە سەر کەلەکەی و گوتی:

– وەی باوکەڕۆ کەلەکەم هاتە ژان وابزانم سەرمام بووە، یەکیٚ لەکچەکان رایکردو گوتی:

– هەر ئێستا ئەچم کیسەی ئاوی گەرمت بۆ ئەهێنم.

ئەوی کەشیان چایەکی گەرم و گوڕی خستە بەردەم، ئەتگوت ئامەخان و ئەوان مانگێك بوو چوو بوون بۆ سەفەر ئەوەندە ئەهلی ماڵەکە دڵیان خۆش بوو

بە گەڕانەوەیان، لەو سەفەرە بچکۆلەیە کەهەمووی چەند سەعاتێکیان پێچوو بوو، ئامەخان قومێکی لەچایەکەی داو سەیرێکی مێردو شوبرای کردو گوتی:

– وەڵڵا ئێمەش رۆحمان لە مستمانا بوو بەتایبەتی لەم سەر کەچووین.

ئیتر کەوتە باسی لێخوڕینی پاسەکەو چاو بڕکێی لەگەڵ ئەو ژنە بەدخووە هەروەها باسی ون بوونی خۆشی بۆ کردن، حەپسەخان گوڵدانو دووسێ شتی سەرمێزی کڕیبووو بەیارمەتی سەبری لەکارتۆنەکە دەریهێنا، سەری بەرزکردەوە بۆ ئاسمانو بەکوڵو دڵ گوتی:

– ئۆە خوایە ئەمانە لەسەرمێزی ماڵی خۆمان لەسلێمانی دانێم.

حەپسەخان بە خۆشییەوە گوتی:

– هەر کەدەستم دانێ بیان کڕم ئەم ئاهەم کردو نەزرێکیشم گرت بۆ ئەو حەزرەتی مەعسومەیە.

خاتوو زبێدەیش چووبووە ژوورەکەی خۆی، کوڕەکان لێی کۆمەڵ بووبوون یەکێ چای بۆ ئەبردو یەکێ سینی چێشتی ئەخستە بەردەمو لەدەوری دانیشتن، ئەویش کەوتبووە باسی سەفەرەکەی.

***

رۆژگار بەم چەشنە تێئەپەڕی بەسەر خێزانی ماڵی حەپسەخانا تاوەکو خۆیاندا لەساڵو نیوێكو زیاتر، لەماوەی ئەم ساڵو چەند مانگەدا، کوڕەکانیان بۆ چەند جارێك بەئیجازەو بەنۆرە هاتن بۆ سەردانیان، روناكو دایكو پووری چوون بۆ هەمەدان بۆ سەردانی باوکی بێستوون، روناك لەماڵی خەزووری

مایەوەو بەین بەینیش سەری ماڵی باوکی ئەدایەوە، لەو ماوەیەدا دوو جار باوکی بێستوون بەنەخۆشی هێنرایە تاران‌و دوایی گەڕایەوە شوێنی خۆی لەهەمەدان‌و سیحەتی بەرەبەرە باش بووبوو، بەختیارو تۆفەو سمایل‌و کاوەو کامەران، ئەوانیش یەك دووجار سەری پێشمەرگەکانیاندا لە (هەمەدان)و ئەگەڕانەوە تاران بۆ لای حەپسەخان‌و ئەوان.

***

سالٌ وەرگەڕابوو دیسانەوە سەرەتای پایز بوو، ئێوارەیە هەردوو حاجی‌و چەند کەسی خێزانەکەیان بەبێ تاقەتی‌و بێزاری لەدەوری یەك کۆبووبوونەوەو لە تارمەکەی بەردەمی ژووری میوان دانیشتبوون لەگەڵ ئەوەشا کەدونیا لێڵ‌و رەشەباو هەندێ ساردبوو، ئەیانویست خۆیان بەمناڵە وردەکانەوە بخافڵێنن بە تایبەتی (کوردۆی) نەوبەهار کەلەوانی تر گەورەتر بوو و فێری قسەی زل بوو بووو هەروەها گۆرانیشی بۆ ئەگوتن‌و لاسایی گۆرانی بێژە فارسییەکانیشی بۆ ئەکردنەوەو لەگەڵ مناڵەکانی تر خەریکی هارهاری‌و بزێوی بوون، زەنگی دەرگا لێدراو یەکێ لەکوڕەکانی خوارەوە رای کردو کردیەوە.

شێروان‌و نەورۆز کردیان بە ماڵا.

ئەوانەی لەتارمەو هەیوانەکە دانیشتبوون راپەرین‌و قریشك‌و هۆریان تێکەوت لەخۆشی هاتنی کوڕەکان‌و ماچ‌و موچ‌و دەست لەملان دەستی پێکرد.

کوڕەکانیش بەگەرمییەوە بەڕوویەکی خۆشەوە هەواڵی هەموو لایەکیان پرسی‌و پێکەوە هەموو چوونە ژووریٚ‌و دانیشتن.

حاجی مەجید بەهەندێ سەرسوڕمانەوە گوتی:

– یاخوا كوڕم بەخێر بێنەوە، بەڵام بۆ وا لەپڕ، خێرە ئینشائەڵلا، خۆ هەمووی دوو هەفتەیە عەلیو بێستوون گەڕاونەتەوە.

شێروان بەزەردەخەنەیەكی خۆشەوە گوتی:

– هاتووین دڵتان خۆش كەین!!

جەماعەت بەجارێك دڵیان خۆش بوو كەئەبێ چی قەوما بێت؟

زۆر بێ سەبرانە هەریەكەیان لەلایەكەوە شتێكی ئەگوتو پەلەی لەشێروانو نەورۆز ئەكرد كەقسە بكەنو تێیان گەیەنن بزانن چی بووەو؟ ئەو خەبەرە خۆشە چییە كەهاتوون پێیان بڵێن.

نەورۆز گوتی:

– ماڵتان ئاوا بێت ئێمە لەبەیانییەوە بەڕێوەین جارێ لێمان گەڕێنو ماوەمان بدەن هەناسەیەك وەرگرین.

كاكە حاجی باوكی بەپەرۆشەوە گوتی:

– یاخوا لەشتان ساغ بێت ئینشائەڵلا ئیستا تێر پشوو ئەدەنو ئیسراحەت ئەكەن، بەڵام بەخوا دڵمان بەبەریەوە نەماوە هەر بەكەلیمەیەكیش بێ پێمان بڵێن چی بووە.

سەبری لەخۆشی ئەوەی شێروانو نەورۆزی پوورزاو ئامۆزای بەو ڕووە خۆشەوە هاتوون جێی بەخۆی نەئەگرتو زۆری قسەكانی لەورێنە ئەچوون.

شێروان و نەورۆز بەرامبەر بەهێرشی (جەماعەت) ناچاربوون هەروا بەپێوە قسەکەیان بۆ بگێڕنەوە.

شێروان گوتی:

– وەڵڵا مژدەتان بدەمێ کە لەگەڵ برادەرانی ئەو دیومان دەستمان کردووە بە گفتوگۆکردن و لەم ڕۆژانەدا چەند کەسێکیان دێنە لامان تاوەکو بگەینە بڕیارێك.

جەماعەت دایان لەچەپڵەو هەندێکیان هەڵبەزین، کوڕەکانی خواریش هەموو بەهەڵەداوان هاتنە سەریێو بەهەموویان دەوری شێروان و نەورۆزیان داو هەرکەسە کەوتە پرسیار لێ کردنێك و کردیان بەهەلاّ.

تۆفە زەردەخەنەکەی گەیشتە لای گوێچەکەکانی ئەوەندە دەمی پان بووەوەو سوورسوور هەڵگەڕابوو، لەخۆشی ئەم قسەیە.

رووی کردە حەپسەخان و خوشکی و سەری راوەشاندو گوتی:

– پێم نەگوتن خۆتان ئەوەندە ناڕەحەت مەکەن دڵم خەبەری داوە کەبەم زوانە مژدەیەکی خۆش دەبیستن.

ئامەخان کەوەك مەستی لێهاتبوو لەخۆشی ئەو مژدەیە لەگەڵ ئەوەشا سەری سوڕما لەقسەی دڵ خەبەردانەکەی تۆفەولەدڵی خۆیا گوتی:

– پەنا بەخوا لەدەمی ئەم تۆفەیە، بۆ هەر قسەو باسێك کە بگوترێت ئەو وەرام دانەوەکەی ئەڵێی لەقولی مستایەتی.

دەتوخوا ئەوەکەی‌و چ ڕۆژێك ئەو وای بەئێمە گوتووە کە خەفەت نەخۆین چونکە دڵی خەبەری داوە کەشتێکی خۆش ئەقەومێت.

ئامەخان لەژێر لێوەوە گوتی:

– ئامان سەدەق لەکاری خوا لەدەم‌و فیشاڵەکانی.

***

خێزانەکە لەدوای ئەو وروژان‌و هەرایە، هەندێ هاتنەوە سەرخۆ، کوڕەکان پشوویەکیاندا، ئەوانیش هەر لەدەوریان بوون هەندێکیان دائەنیشتن‌و هەندێ هەر ژوورو هەیوان‌و حەوشەی ئەکردو جێی بەخۆی نەئەگرت لەخۆشیانا.

حاجی مەجید بەخۆشییەوە رووی کردە شێروان‌و نەورۆزو گوتی:

– بەخوا ئەمە مژدەیەکی خۆش بوو، بەڵام ئەمە چۆن بووەو کامتان دەست پێشکەری کرد لەمەسەلەکەدا؟

شێروان خۆی گورج کردەوەو سەیرێکی حاجی کردو گوتی:

– بەینێکە بیستوومانە کەوا حکومەت دیسان خۆی کۆکردۆتەوەو خۆی ئامادە ئەکات کەپەلاماریان بدات‌و چەند هێرشێکیشی بردۆتە سەریان لەچەند ناوچەیەکدا.

شێروان دەستی دا بەیەکاو گوتی:

- ئیتر ئێمەش بیانومان نەما چونکە ئێمە وەختی خۆی وەکو ئەزانن بۆیە تێکچووین لەگەڵیان کەشەڕەکەیان راوەستاند لەگەڵ حکومەتو دوای درۆکانی حکومەت کەوتنو بەپێشمەرگەو خەڵکەکەیان گوت:

- هەموو شتێك تەواوو برایەوە هەرکەسە بچێتەوە سەر ئیشو کارو ماڵی خۆی.

هەروا بەئاسانیو بەبێ بیرکردنەوەیەك لەحاڵو هەستی ئەو هەموو خەڵکەی ماڵی وێران بوو بوو کوڕی شەهید بوو بوو، وایان کرد کەکردیانو ئاخریش قسەی ئێمە دەرچوو، حکومەت دەستی بڕین، تاوەکو خۆی قایم کردو کوردیشی بێهێزو دووپارچە کرد ئینجا کەوتە پەلاماردانیان، ئێمەش ئەمە چۆن قبوڵ ئەکەین، بۆیە بێ سێو دوو ئەگەڕێینەوە بۆ یارمەتی دانیانو تێکەڵ بوونەوە وەکو جاران، حەپسەخان ئەگەرچی دڵی زۆر خۆش بوو بەم قسانەو هەر ئەوەی مابوو کەهەڵپەڕێت، بەڵام لەپڕ وەك هۆشی بێتەوە بەرخۆی هەندێ مات بوو و گوتی:

- ئەیەڕۆ ناشێ بەم زووانە برۆنەوە؟ ئەی عەلیو حسێنو ئەوان نەبینن؟ ئەی نایینەوە بۆ لامان؟ ئەی ئێمە چی لێئەکەن، خۆ ئینشائەڵڵا لێرە بەجێمان ناهێڵن، نەورۆز هەڵی دایی و گوتی:

- ئینجا پووریێ گیان چۆن بەبێ ئێوە ئەرۆینەوەو کاکە عەلیو ئەوانیش چۆن هەر وا بێ ئەوەی چاویان پێتان بکەوێت ئەگەڕێنەوە؟ حاجی مەجید بەدڵ پێوە بوونێکەوە سەیرێکی حەپسەخانی ژنی کردو گوتی:

– ماڵت ئاوا بێ دە تۆ جارێ تۆزێ دڵیخۆت خۆش کە، سەیری کەن جارێ بیر لەچی ئەکاتەوە، بەزاتی خوا هەر راست ئەڵێیت (مامە خەمەیت) هەر ئەبێ شتێك بدۆزیتەوە تاوەکو خۆتی پێ ناڕەحەت کەیت، حەپسەخان پێکەنیو گوتی:

– ئەی ئەڵێم چی؟ گوتم کوڕەکان لەپڕ نەرۆنەوە ئێمە لێرە بەجێ بهێڵنو بڵێن ئێوە دوایی وەرن.

سەبری لەوێوە هەڵی دایی و گوتی:

– ئەشهەدو بیلا هەر ئەوەمان کەمە.

تۆفە جامانەکەی کردەوەو جارێکیتر خەریکی بەستنی بووەوەو گوتی:

– لەئێستاوە پێتان بڵێم، بەدیار کەسەوە دانانیشم، بەمەرقەدی پێغەمبەر (ص) لەپێش هەمووتاناو لەپێش پێشمەرگەکانا من ئەگەرێمەوە، ئیتر من لەحیسابی مانەوەو نەمانەوە دەرکەن ئەوە پێم گوتن:

ئامەخان بەپێکەنینەوە رووی کردە تۆفەو گوتی:

– باشە قوربان، گەورەی گەرەك بەدیارمانەوە مەمێنە.

ئامەخان دایە پێکەنینو سەیری دانیشتوانی کردو گوتی:

– ئەمە قسەیە سەر لەشکر پێش نەکەوێت؟ هێزی پێشمەرگە چۆن ئەزانێت بگەڕێتەوە ئەگەر کاکە تۆفە سەر لەشکر وەك ئاسك پێشیان نەکەوێت خوا نەیبڕێت شارەزای هەموو رێگاو بانێکە، ئەگەرچی وەختی خۆشی ون بووبوو و

گەیشتبووە شاخەکانی کوردستانی تورکیا، تۆفە دڵ خۆش‌و بەکەیف بوو بۆیە ئەویش بەقسەکانی ئامەخان پێکەنی‌و گوتی:

– قسەت وەك نەقشی بەرد وایە (ئامیر مەخفەر) هەموویان بەجارێك دایانە قاقای پێکەنین بەم وت‌و وێژەی بەینی ئامەخان‌و تۆفە.

***

شێروان‌و نەورۆز هەر چوار رۆژێك مانەوە لەتاران لای دایك‌و کەس‌وکاریان، تاوەکو ئاگاداری وەزعەکەیان بکەن‌و هەندێ ئامۆژگارییان بکەن لەو رووەوە.

هەردوای گەڕانەوەی کوڕەکان، حەپسەخان‌و خوشکی‌و ئەوان کەوتنە خۆ کۆکردنەوەو خۆ پێچانەوە، ئەتگوت ها ئەوەتە ئۆتۆمبیلیان لەسەر راوەستاوە.

بەو حاڵە ئامادە لەسەر کوڵ‌و بارەکانیان دانیشتن، جاری وا هەبوو یەکێکیان ئەچوو بۆ حەمام سەری بشوات، دائەنیشت جارێکی تر جانتاو باوەڵی تێك ئەدا تاوەکو جل بۆخۆی دەربێنێت، ئەوی کەیان لەولاوە هەڵی ئەدایەو پێی ئەگوت:

– کچێ دایکم جلی پێویست بۆ قایم ئەکەن، خۆ هێشتا کەس دیارنییەو نەبووە کەبڵێت وەرن بڕۆن، خوا ئەزانێت بەمانگێکی‌تریش پێمان ئەڵێن وەرن یان نەء

ئەوەی تریان ئەیگوت:

– توخوا باسەرێکی بازاڕ بدەینەوە، وەی دایە وەڵڵا رەنگە زۆر بیری تاران بکەی، هەر چۆنێك بێت بەخۆشی بێت‌و بەناخۆشی ساڵ‌و نیوێك زیاترە

لـێرەین، نـانو نمـەكمان كـردوون ماڵیـان ئـاوابێت داڵـەیان دایـنو خزمــەتیان كردیـن، ئیـتر بەهـەر نیـازێك بووبێـت من هــەقم نییــە بەسـەرەوەو مـن ئـەڵێم كـە (ئینسان لەكانی یەك ئاوی خواردەوە نابێ بەردی تێ فرێ بدات).

ئاغای رەزائی هەندێ جار چاوی خۆی ئەسڕییەوەو ئەیگوت:

– گریـانم دێـت كـەئێوە ئـەڵێن ئەڕۆینـەوە، بەڕاسـتی لەگــەڵتان راهـاتووم كـە برۆنـەوە زۆرتـان بیر ئەكـەم، توخـوا بـا منیـش بێـم لەگـەڵتان، كـەئاغای رەزائـی ئـەچووە خـوارەوە ئـەمان سـەریان ئـەنا بەیەكـەوەو ئەكەوتنـە چرپـە چـرپ، ئـەو ئەیگوت:

– وەیش بەڕاستی خەفەتمان بۆ ئەخوات چاوت لێیە چۆن چاوی پڕ بـوو لـە فرمێسك.

سەبری دیسان زۆر زانانە ئەهاتە قسەو ئەیگوت:

– كچێ درۆ ئـەكات، فرمێسـكی چـیو حـاڵی چـی، ئـەوە پێیـان گوتـووە وا بكاتو وابڵێت كە بەشكەم لەگەڵ خۆمانی بـەرینو دوایـی لـەوێ جاسوسـی بـۆ دائیرەكەیان بكات، ئێوە چووزانن ئەمانە هەزار فرتو فێڵی وایان لەژێر سەرایە.

ئەوی كەیان ئەیگوت:

– خۆ وەڵـڵا رەنگـە راسـت بكاتو بـەدڵ بڵێـت كـە رۆیشـتین بیرمـان ئـەكاتو بۆمـان ناڕەحـەت ببێـت، راهـاتن زۆر كـار ئەكاتـە سـەر ژیـانی ئینسـانو هـەروا ئاسان نییە، تۆ با ئینشائەڵڵا ئێمەش بڕۆینەوە ئەوسا چۆنی بیر ئەكەینو چەند زوو زوو دێتە یادمان.

***

تۆفە بەم دەنگو باسەی ڕێککەوتنو گەڕانەوە بۆ وڵاتو خۆ کۆکردنەوەیە زۆر سەر قاڵو مشەوەش بووبوو، جاری وا هەبوو ئەچووە سەر ژنەکانو پێی ئەگوتن:

– کوا هێشتا هیچتان نەکردووە دەی زوو کەن خۆتان کۆکەنەوە.

جارێکی کەدیسان چووە سەریانو دەستی کرد بەبۆڵە بۆڵو گوتی:

– کوا هێشتا هەر هیچتان نەکردووە.

– کوڕە باوکم بەرۆکمان بەردە خۆمان چ کۆکەینەوە چیمان هەیە( دوکانی بەکرەو دوو قاڵب سابوون) وەکو مەسەلەکە گوتەنی، لەم دوو سێ جانتاو پەڕۆو پیتاڵە زیاتر چیمان هەیە.

تۆفە هەروەك شێتی لێ هاتبوو ڕۆژی وا هەبوو لەژەمێك زیاتر نانی پێ نەئەخورا لەپەلە پەلی ئەوەی کەکەی ئەڕۆنەوە.

هەروەهاش کەوتبووە ناو ئەو خرتو پرتەی کەوەختی خۆی هاتبوون بۆ تاران پێیان وابوو، وەك چراێیکی ئینگلیزیو لۆکسێکی نێوداشتو هەندێ قاپو ماپ کە ئەوسا لەدێیەکەی فاتمەخانم کڕیبوویانو ئەوەبوو کە لەبانە (ئاغای حەسەنی) ڕێبەریان هەموو چاکەکانی بۆ خۆی بردبوو، خراپەکانیشی بۆ بەجێهێشتبوون لەگەڵ یەك دوو سینی خیچو خوارو دۆڵکەی ئاوو چەند پەرداخێكو چێشت لێ نەرێکی بچوکی یەك چاوی نەوتیو یەك دوو بەڕەی کۆن.

تۆفە ئەمانەی هەموو کۆکردنەوە گوتی:

– كۆنە كڕ بێرەدا تێدەپەڕێت، ئەمشتانەی پیٚ ئەفرۆشم دوایی بەپارەكەیان حاجەتێكی باش ئەكڕمو ئەیبەینەوە لەگەڵ خۆمان.

هەموو خێزانەكە بەدزییەوە بەقسەكەی پیٚ ئەكەنینو نەیان ئەوێرا پێی بڵێن:

– كوڕە باوكم ئەوانە ئەوە ناهێنن بیدە بەفەقیرێك بەكەسێك بۆیە وازیان لێی هێناو گوتیان:

– كەیفی خۆتە چی ئەكەیت بیكە.

***

ڕۆژێك دوای چێشتەنگاوێك خەڵكی گوێیان لەدەنگی قڕەیەك بوو لەبەردەركی حەوشە، كوڕەكان كەلەحەوشەكەوە نزیك بوون زووتر رایان كرد بزانن چییە؟

دەنگی تۆفەیان ئەهاتە بەر گویٚ كەئەیقراندو هەر سەگ باب سەگ بابی بوو، بەختیار بەهەڵەداوان رای كرد. سمایل بەپەلە (ئاغای رەزائی) بانگ كرد كەلە چێشتخانەكە خەریكی خواردن دروست كردن بوو، هەموو بەجارێك چوون حەپسەخانو سەبریو نەسرینیش بەهەناسە بڕكیٚ گەیشتنە لایان كەسەیر ئەكەن تۆفە ئەوەندە تووڕە بووە كەهەردوو چاوی چۆتە پشتی سەریو دەمی گۆناكات لەتووڕەییداو هەر دەست رائەوەشێنیٚو ئەڵێت:

– نامەردی سەگباب خۆت (ئیختیار)و خەڵەفاوی بۆمن چیم بەتۆ گوتوە تاوەکو وام پێ بڵێیتو، خەریکە پەلاماری بەرامبەرەکەی ئەدات کەلە تەمەندا هەروەك خۆیەتی:

کابرایەکی شرۆڵەی فەقیری داماو، دوو گونیەی بەتاڵی لەبەردەمی خۆیا داناوە، تۆفە خرتو پرتە شڕەکانی لەبەردەمی خۆی کۆمەڵ کردووەو هەر ئەقیرێنێو هەر لەگەڵ کابرای شرۆڵ شالاو بۆ یەکتر ئەبەنو دەستیان بەیەخەی یەکەوەیە، ئاغای رەزائیو بەختیارو کوڕەکانی تر بەپەلە کەوتنە بەینیانو لەیەکیان کردنەوە.

(ئاغای رەزائی) لەکابرای شرۆڵ تووڕە بووو چوو بەگژیاو بەفارسی پێی گوت:

– ئەوە چییە.. ئەوە چییە! تۆ نابێ ئاگات لەخۆت بێ کەشەڕ لەگەڵ کێ ئەکەیت؟ ئەمانە میوانی دەوڵەتن، دوایی دەوڵەت پێی بزانێ (باوکت لەقەبر دەرئەهێنێ).

کابرای شڕوڵ بەتووڕەبوونو هەناسە بڕکێیەوە رووی کردە ئاغای رەزائیو گوتی:

– کوڕە برام.. بێرەدا تێپەڕیم بانگم ئەکرد کەسێك کۆنەی هەبێت ئەم کابرایە بەراکردن هاتو گوتی:

– وەرە وەرە من شتم هەیە.

منیش هاتم، ئەویش چووە ژوورێ ئەم زبڵو شتەکۆنو شکاوانەی بۆ هێنام، دوای ئەوەی سەیرم کردن وتم ئاغا ئەم فافۆنو سینیو شتانەم بەکەڵك نایێت، بەڵام بەرەکانو چرا نەوتییەکان لێت ئەکڕم، ئەویش گوتی باشەبە چەند منیش گوتم هەمووی بە سی تمەن ئەیدەی باشە نایدەی (اختیار دارید)، (اختیار دارید) بەفارسی مانای (کەیفی خۆتە) یا هەوەسی خۆتە.

ئاغای رەزائیو بەختیار چوون بەگژ تۆفەداو پێیان گوت:

– باشە ئەم کابرایە چیکردووە کە تۆ ئەم هەموو جنێوەی پێ ئەدەیو ئەم شەڕە زلەت ناوەتەوە؟

تۆفە کە وەك فیشەکە شێتەی لێهاتبوو هەندێ کۆکیو بەخیسەیەکی ئاگرینەوە سەیری کردنو گوتی:

– چۆن چی کردووە؟ من پێی ئەڵێم ئەمە سەواو معامەلەتە، من ئەڵێم بەسەد تمەن تۆ ئەڵێیت بەسی، کەچی نامەردە خوێڕییە پێم ئەڵێت وەڵلا تۆ ئیختیاریو خەڵەفاوی.

ئاغای رەزائی بەتووڕەییەوەو بەنیوە فارسیو کوردی گوتی:

– (گاگا) ئەوەکەی گوتوویەتی پیرو خەڵەفاوی، پیاوەکە ئەڵێت (اختیار دارید) یەعنی هەوەسی خۆتە بەوەندەی نادەی مەی دە.

هەرچۆنێك بێت هەموو کوڕەکان دڵی کابرایان دایەوەو گوتیان کەئێوە لەیەك نەگەییوونو قەیناکە عاجز مەبەو پەلی تۆفەشیان راکێشاو بردیانە ژوورێ.

هەردوو حاجی هاتبوونە هەیوانەکەو بەحەپەساوی سەیری یەکتریان ئەکرد کە ئەمەچی قەوماوە، کوڕەکان خەریك بوون ئەبوورانەوە لەبەر پێکەنین و هەر یەکەیان دایە پڕمەی پێکەنین و لەترسی تۆفە رایان کردە شوێنێك.

سەبری کە لەهەموویان زیاتر بەتۆفە ئەوێرا دەستی دا بەیەکاو گوتی:

– ئەیەڕۆ چۆن بووین بەسینەمای گەڕەکەکە هەموو دراوسێییەکان هاتبوونە بەر دەرگاکانیان و ئەوانی کەش لەپەنجەرەکانەوە سەیریان ئەکردین، لەبەر ئەودوو سێ فافۆنە شکاوو بەڕە شڕە کەهەر بۆ تەنەکەی زبڵ و سەرەنوێلك باشن.

تۆفە سەیرێکی کردو بەتەوسەوە گوتی:

– بۆچی بۆ سەرەنوێلك باشن ( موفەتیش)

سەبری جوابی دایەوەو گوتی:

– ئۆە لەبەر فارسییەکەت بمرم ئەوە بەخێری سالێکیشە ئەچێیت بۆ مەکتەب کەچی لەکابرا نەگەیشتی ئەڵێت چی و کردت بەم بەزمە.

کاکە حاجی لەهەیوانەکەوە گوتی:

– کوڕە کاکە گیان هەمووی چەند رۆژێکمان ماوە لێرە لەسەر رۆیشتنین باخۆمان بەدناو نەکەین، هەموو دراوسێییەکان حورمەتمان ئەگرن و ئەڵێن ماڵێکی بێ دەنگن.

تۆفە لەبەر خۆیەوە گوتی:

– ئینجا بامەتحمان نەکەن وەڵڵا لەسەر مەتحی ئەوان پەکمان کەوتووە، و لەژێر لێوەوە گوتی:

– لەقەبری باوکی گەورەیان بەم.

حاجی مەجید سیخورمەیەکی لەبراکەی داو بەئەسپایی گوتی:

– لەڕێی خوادا لەگەڵی مەڵێو دەمی مەکەرەوە.

***

بۆ دوومانگ ئەچوو کەشێروان و نەورۆز گەڕابوونەوە هەمەدان بۆلای پێشمەرگەکان، ئەمانیش ئەتگوت لەسەر ئاگر دانیشابوون کەکەی جەوابێکیان بۆ ئەنێرن و کەی دێن بەدووایانا.

ڕۆژیان لێ بوو بوو بەساڵ، شەویان هەر لە بڕانەوە نەئەهات، جاری وا هەبوو حەپسەخان ئەیگوت:

– وەڵڵا ئەڵێی بەختیار بنێرین بۆ لایان ، ئەوە بۆ کەسیان دیار نەبوو خۆ دڵمان توایەوە.

حاجی مەجید ئەهاتە قسەو ئەیگوت:

– کوڕە باوکم سەبر کەن و دان بەخۆتانا بگرن، هەڵبەت هێشتا بۆیان نەکراوە، ئێستا ئەوانیش خۆیان کۆئەکەنەوەو ڕەنگە هەزارو یەك تەگەرەیان هاتبێتە ڕێ.

براکەی لەو لاوە سەری بائەداو بەکزییەوە ئەیگوت:

– بەخوا زۆر ترساوم کەگفتوگۆیەکە تێك چووبێت، ئێوە نازانن کەرەنگە ئێستا چەندین کەسی گیرە شێوین لەبەر دەسکەوتی تایبەتی خۆیان ئەم رێك کەوتنەیان پێ ناخۆش بێتو بیانەوێت تێکی بدەن، چونکە ئەترسن بەرێکەوتنو نەمانی دوو بەرەکی جێ بەوان لێژببێت بۆیە زۆر لەمەراقام.

خوا رەحممان پێ بکات، بەم ساڵو نیوە هەمووومان سوێمان بووە.

نەوبەهار ئەیگوت:

– دەبڵێ ناتوانن دوو دێر کاغەز بنووسن خۆ پیش ئەم باسە هەفتەی دووسێ نامەیان ئەهات.

نەسرین وەرامی ئەدایەوە ئەیگوت:

– ئۆە کاشکی ئەم قسەیەیان هەر نەکردایەو ئیمەیان نەخستایەتە سەر هەلەکەسەما.

تۆفە بەتووڕە بوونەوە ئەهاتە لایانو ئەیگوت:

– بەخوا.. بەخوا لەسبەینێ زووتر نییە ئیزن وەرئەگرمو سواری پاس ئەبمو هەمەدان لەکوێیت ئەوا هاتم.

تۆفە دەستی ئەدا بەیەکاو ئەیگوت:

– باوکم شەو خەوم نەماوە، هەموو شەوێك ئەڵێم دەی خوایە بەیانی خەبەرێکمان بۆ بێت، ئیتر بەڕاستی ئەوانیش ناخۆشیان کرد.

***

ئەو بەیانییە تۆفە بەتووڕەیی و بێزارییەوە خۆی کۆکردەوەو بە کوڕەکانی گوت:

- شەرت بێ‌سەری خۆم هەڵگرم و هەروا لەخۆمەوە وەکو شێت بکەومە ئەو شەقام و جادەو بیابانانەو تاوەکو شەو نەییمەوە لەداخی عەلی و ئەوان کەوا هیچ لێمان ناپرسنەوەو نایێن بەلامانەوە.

بەختیار زەردەخەنەو پێکەنینەکەی بەزۆر شاردەوە لەترسی تۆفەو گوتی:

- کاکە گیان من ئەڵێم ئێمـرۆش دان بـەخۆتا بگـرەو مـەرۆ بـۆ هیـچ کـوێ ئەترسم تووڕە بێ‌و تووشی شەڕێك شتێك ببی.

تۆفـە بـێ گـوێ دانـە نەسـیحەتەکانی بـەختیار، خـۆی ئامـادەکردو جگەرەیەکیشی خستە بەینی لێویەوەو دایگیرساندو بەدەمی گـیراوەوە و بـێ ئەوەی سەیری کەسیان بکات گوتی:

- بەدوعا خوا حافیزو چووە دەرەوە.

هەندێ لەبەردەرکی حەوشە راوەستا وەك بیر بکاتەوە کەبەچ لایەکا بکەوێتە رێ‌و، لەدوای ئێستێك تۆفە دیاربوو بڕیاری خۆی دابوو کە بۆ چ لایەك بڕوات بۆیە یەك دووجار کۆکی و گەرووی خۆی پاك کردەوەو کەوتەڕێ بەرەو خوار بۆ لای ئیستگەی پاسەکەی ئەچووە ناوشارو بازاڕی گەورە.

***

ئێـوارە نزیـك سـەعات هەشـت تۆفـە مـاندوو و هیـلاك گەڕایـەوە مـاڵێ‌و بـە ماتێکەوە لـەزەنگی دەرگای حەوشـەی داو بیری کردەوە کە چۆن ئیمـرۆش وا

بەفێرۆ رۆیشت و لەهیلاکی بەو لاوە هیچی کەی دەست نەکەوت و ئەو چەند پارەو پولەشی کەهەیبوو و لەگیرفانیا هەڵیگرتبوو و پشتی پێی گەرم بوو و زۆرجار کەئەیویست شتێك بكرێت ئەیگوت:

– دەی با ئەم جارەش واز بێنم باپارەکەم هەڵگرم و خەرجی نەکەم با بۆشتێکی پێویست تر بێت.

هەموو ئەو پارەیەش کە دڵی پێی بوو و گیرفانی گەرم کردبوو نەئەگەیشتە (٨٠ دینار) کەچی ئیمڕۆش چونکە بێ ئیش و بێ کار ئەسووڕایەوە لەناو بازاڕ، نیوەی پارەکەی بەخۆڕایی خەرجکردو هەر گوتی:

– ئەم بلوزە زۆر هەرزانەو ئەم گۆرەوییانە ئەستوورو باشن، ئەم دوو کاشییە لەوانەن کە حەپسەخان حەزیان لێ ئەکات و ئێستا دڵی پێی خۆش ئەبێت، ئا توخوا ئەم دوو شەقشەقەو یاریانە بۆ ئەو دووسێ منالە بکڕم، کەچی پارەکەی نیوەی نەما هەمووشی بەشتی نەزۆر پێویست، کەئەیتوانی شەش مانگی تریش هەر باسی بلوز کڕین و گۆرەوی نەکات، چونکە هەر چەندە ئەچووە بازاڕ، گۆرەوییەکی کڕیوەو ئێستا یەك توورەگە گۆرەویی هەیە لەگەڵ دوو بلوزی لەبەر نەکراویش.

شەقشەقەو یاری منالانیش ئەوهەموو پارەیەشی پێ دا ئێستا هەردوای رۆژێك هەڵ ئەدرێنە ناو سەبەتەی یارییەکانی تریانەوەو یا لەو ناوەدا پەرشوبلاو ئەبنەوەو لەکن خۆیان لەسەر سەفەرن و شتی زیادیان بۆ چییە؟

تۆفە هاتەوە سەرخۆو گوتی:

– ئەوەچییە ئەڵێی نووستوون، ئەمە چەند جار من لەزەنگەکە بدەم، ئەم جار پەنجەی نا بەزەنگەکەوەو چەند جارێك لەسەریەك لێیدا تا گوێی لە دەنگی راکردنێك بوو.

سمایل دەرگاکەی کردەوە، تۆفە بەروویەکی زۆر گرژەوە گوتی:

– چییە ئەمە چەندجار لەزەنگی دەرگاکەمداو کەس نەهات بیکاتەوە، دیارە دیسان چایخانەکەی (حەمە رەق) گەرمەو لەبەر دەنگی رادیۆو گۆرانیو چەقەچەقی دۆمینە ئاگاتان لەهیچ نەماوە.

سمایل بەروویەکی خۆشەوە گوتی:

– تۆ جارێ راکەرە ژوورێ، کاکە عەلیو ئەوان هاتوون، نەمان گوت ئیمڕۆش سەبرکەو مەڕۆ خۆت ئەوەندە تووڕە مەکە!!

تۆفە گوڕی دایە خۆیو بەپەلە خۆی هاویشتە ناو حەوشەکەو بەدەم چوونە ژوورەوە گوتی:

– کەی ئەرۆینەوە؟ نەیان گوت کەی؟

سمە بەخۆشییەوە گوتی:

– وەڵڵا نازانم هەمووی نیو سەعاتە گەیشتوون، هێشتا ئەوەیان باس نەکردووە، تۆفە بە تووڕەگە شتەکانییەوە بەپەلە سەرکەوتە سەرێو لەخۆشیانا تووڕە بوونو پارەخەرجکردنو هەموو شتێکی لەبیر چووەوە بەتایبەتی کەئەوکەسەی هاتووشە عەلیی خۆشەویستییەتی، بەپەرۆشەوە کردی بەژوورا،

عەلی لەدوورەوە بۆی راپەڕیو باوەشی پیاکردو، بێستوونو روناکیش بە هەڵەداوان هاتن باوەشیان پیاکرد.

تۆفە توورەگەکەی خستە کۆشی حەپسەخانەوەو گوتی:

– دوو کاشی جوانم بۆ کڕیوی، لەوانەی حەزیان لێئەکەیت، ئەوانەی تریش یاری منداڵەکانن.

تۆفە رووی کردە عەلیو گوتی:

– ئەوە چیتان کردو چیتان بەسەر هێناین، وەڵلا وەبیلاهی ئەو مەراقەی ئەمەدوو مانگە خواردومە ئەوەتەی هەم ئەوەندە نارەحەتو سەغڵەتیم نەچێشتووە.

عەلی یەك قاقای خۆشی لێداو گوتی:

– بۆ؟ بۆ؟ خوا نەکا کاکە (تەوفیق) گیان، دوژمنت نارەحەتو سەغڵەت بن، ئەوەتا هاتینو شکور هەموو شتێك بڕایەوەو نیوەی برادەرانو هێزیان کەوتنە رێ بەرەو ولاتو هەندێکمان جارێ ماوین لەبەر مەسەلەی چەکەکانمان کە هەمووی وەرگرینەوە لەدەوڵەت.

عەلی سەری بردە نزیك باوکیو مامیو گوتی:

– ئێستگەکەشمان بۆ ناردن وا بەڕێوەیە لەگەڵ برادەران، باش بوو شکور تاوەکو ئێستا کە سیش پێی نەزانیبوو کە باوڵەکانمان لەکوێیە.

باوکیشی بەچرپەوە پێی گوتەوە:

– خەریك بووم ئەو قسەیەت لێ بپرسمو ئەوە هەر لەدڵما بوو.

حاجی سەری بەرزکردەوەو بەئەسپایی دوعایەکی کرد دوایی دەنگی هەندێ بەرزکردەوەو گوتی:

- یارەبی هەزار جار شوکر،- بەخوا ئەمە زۆر مژدەیەکی خۆشبوو دەی خوایە لەسەرتۆ.

حەپسەخان هێشتا توورەگەکەی لەکۆشا بوو پێشانی خوشکیو کچەکانی ئەدا سوورە سووری روومەتی بوو لەخۆشی هاتنی عەلیی کوڕیو روناكو بێستوونی خۆشەویستەکانی کەزۆر بیری ئەکردن، وازی لە سەیرکردنی شتەکانی هێناو بەچاوێکی پڕ پەرۆشو خۆشەویستی دایکانە سەیرێکی کوڕەکەی کردو گوتی:

- باشە بەساقەت بم، ئەی ئێمە چی لێ ئەکەن؟

سەبری لەوێوە پێکەنیو گوتی:

- پێیان بڵێ بەقوربانە، ئەمە دوومانگە لەسەر کوڵو بارەکانیان ئەنوون لە تاوانا.

عەلی پێکەنیو گوتی:

- دە تۆ جارێ دایکە گیان، با ئێمە برۆینەوە، ئێوە لێرە شوێنەکەتان باشە، رەنگە شەڕ دەستی پێ کردبێتەوە ئەم منالە فەقیرانە بێنەوە ناو شەڕو هەموو رۆژێك لە کونە تەیارەدا چی ئەکەن، با هیچ نەبێت ئێمە برۆینەوە بزانین حاڵەکەو حاڵی خەڵك چۆنە؟ ئەوسا یەکێکمان دیینەوە بەدواتانا، جارێ وا زستانەکەش هات، بەقسەی من ئەکەن وا بەپەلە بیر لەگەڕانەوە ناکەنەوە.

بێستون کەتا ئەوسا هەر لەگەڵ روناك ئەم ژوورو ئەو ژووریان ئەکرد کردی بە ژووراو هەڵی دایێ وەك قسەکەی عەلی تەواو کاتو بەزەردەخەیەکەوە گوتی:

– چییە خەسوو گیان بۆچی ئەوەندە پەلەتانە؟ کونە تەیارەکانت لەبیر چووەوە یان بیری ئەکەیت؟

ئەم قسەیەی کە عەلیو بێستون کردیان هەموویانی بەجارێك راپەڕاند، حەپسەخان بەگەرمییەوە گوتی:

– ئەیەڕۆ ئەوە ئێوە چی ئەڵێن، ئیمە دڵمان سویێ بووەوە ئەم چەند هەفتەیە، شەوو رۆژ گوێمان هەڵخستووە کەکەی پێمان بڵێن دەی وەرن ئێستا وامان پێ ئەڵێن؟

رووی کردە بێستوون گوتی:

– کونە تەیارە ئەڵێیت؟ ئەری وەڵڵا بیری ئەکەم، وەڵڵا ئەوەمان کەمە ئێمە لێرە دانیشینو پڵاوگۆشت بخۆینو ئیسراحەت بکەینو ئێوەش بچنە ناوئاگرو شەڕو گوللەو ئەوەندەش دووربین لەیەك.

حەپسەخان دەستی هەڵبڕیو بەپەرۆشەوە گوتی:

– وەڵڵا بەسەری پێغەمبەر (ص) من لەپێش هەموویانا زیرە ئەکەمو ئەمرم، ئامەخان خۆی گورج کردەوەو گوتی:

– کەواتە بڵێن وا ئێمە ئەرۆینەوەو ئێوەش لێرە دیق مەرگ بنو بمرن بۆ خۆتان.

تۆفە جگەرەکەی خستە ناو تەپڵەکی جگەرەوەو زۆر بەتوندی پەنجەی پیانا هەروەك کەداخی خۆی بەوە دەرکات، ئینجا سەیرێکی کردن و بەدەمێکی تێکەڵ و پێکەل لەتووڕەییا گوتی:

– چیچی ئەکەن؟ بەجێمان ئەهێڵن لێرە؟ وەڵڵا بەمەرقەدی ئەو حاجی کاك ئەحمەدی شێخە پێم لەگەڵ پێتان ئەبێت لێرە نامێنم، بۆچی باوکم ئەتانەوێت بچمە شێت خانە؟

روناك بەنازێکەوە گوتی:

– وەڵڵا دەسا خەسووم ئەیگوت جارێ لێرە ئەمێنینەوە تاوەکو بەهار بەم پایزە درەنگە ئەم منالانەو ئەو پیاوە نەخۆشە بۆ کوێ بەرم بەو رێگاو بانە سەختەدا.

بێستون بۆی سەندەوەو گوتی:

– باوکیشم گوتی کەچوویتەوە بنێرە دەستێك بەخانووەکەمانا بهێنن چونکە وەکو ئەزانن ئێستا خانووەکەمان چۆڵکراوەو ئەو معاونە نامەردەش یەك دوو دیوای روخاندووە.

لەبەر ئەوە هەر ئەوەیان باشە کەئەم زستانە نەڕۆنەوە.

نەسرین گوتی:

– خۆ وەڵڵا لەسەرێکیشەوە راست ئەکەن بەم سەرماو سۆڵەیە ئەم منالّو خێزانە بەرینە کوێ بەو رێگا سەختەداو ناو گوللە باران، ئەگەرچی روحم دەرچێت هەزاران نازداری ئەوخەڵکەش لەودێهات و شێوانەن خۆ ئێمە لەوان عەزیزترنین بەلام چونکە لێرەین هەقە بیرێکی لێ بکەینەوە.

نەوبەهار لەخۆشی هاتنی عەلی مێردی بیری داخرا بووو گوێی لەجەماعەت نەبوو کەچی ئەلێن و چی نالێن لەپڕ وەك هاتبێتە هۆش خۆی و ئەو ڕێگاو بانە سەختەی بیر کەوتبێتەوە کەچەند ڕۆژ بەڕێوە بوون و سەرو سەکوت و داوێنی هەڵکراوی هاتەوە بیرو منالٚ بەکۆڵ و بەشانی هاتەوە بەر چاو بۆیە ئەویش رووی کردە عەلی و گوتی:

– باشە ئەگەر بڕۆینەوە هەر ئەبێ بەو ڕێگایەدا بڕۆین کەپیایا هاتین؟ هیچ ڕێگایەکی تر نییە؟

عەلی بەزەردەخەنەیەکەوە سەیری کرد و لەبەر باوك و مامی و ئەوان رووی بهاتایە لەپێش وەرام دانەوەی پرسیارەکەی دا جارێ تێر تێر ئەو گەردن و لامل و روومەتەی ماچ ئەکرد.

عەلی وەرامی دایەوەو گوتی:

– ئەرێ وەڵڵا هەر ئەو ڕێگایە هەیە، چونکە ئێمە ئەبێ بەرێگای قاچاخدا بڕۆین، ئەگینا خۆ تەیارە هەیە بەکەمتر لەسەعاتێك ئەتباتە بەغدا، هەروەها ئۆتۆمبیلیش هەیە بەدووسەعات ڕێگا ئەتباتە ولات بەلام ئەوە بۆ ئێمە نییە.

ئێمە هەر ئەبێ تاوەکو بانە یا سەردەشت بەئۆتۆمبیل بڕۆین لەوێشەوە هەر ئەبی بەپێ و ولاخ ئیتر ئێوەش کەیفی خۆتانە من ئەڵێم بیرێکی لێ بکەنەوە.

حەپسەخان بەمەلولێکەوە گوتی:

– ئەی ئەو مالانەی لای ئێوەن چی ئەکەن؟

عەلی گوتی:

– منالّدارەکـان ئـەلّێن جـاریّ ناڕۆینـەوە تـاوەکو بـەهارو ئەوانـەی منـالّی وردیشیان نییەو کوڕەکانیان ماشائەڵلا زەلامو پێشمەرگەن ئەوانە ئەگەڕێنـەوەو بەشی زۆریشیان لەگەلّ پێشمەرگەکان گەڕانەوە.

ئامەخان بەپەرۆشەوە گوتی:

– توخوا ئەی خاتوو زبێدەو بووکەکانی چییان کرد؟

بێستون هەر بەهاتنی ناوی خاتوو زبێدە دایە پڕمەی پێکەنینو گوتی:

– خاتوو زبێدە ئەفەرموون؟ ئۆه خۆیو سەرو سەربەستە قوڵینەکەی ئاوا بێت، ئـەوە هـەر زوو لـەگەلّ یەکـەم دەسـتەی پێشـمەرگە کەوتـە ریّو گەڕایـەوە، رانەوەستاو گوێی لەقسەی کەس نەگرت ئەوەندە تاقەتی چووبوو.

تۆفە بەگرژو مۆنی یەکەوە بەتوندی گوتی:

– بۆچی ناهەقی بوو؟ یارەبی دەستی خۆش بێت.

***

ئەو شەوە هەموو خێزانەکە تاوەکو درەنگ هەر لەدەوری یەك دانیشتبوونو بیریـان لیّ ئـەکردەوەو هـەر کەسـەیان لـەلای خۆیـەوە بیرێکی ئـەکردەوەو بـەوانی تـری ئـەگوت کـەچی بکـەن باشـە، جـار ئـەبوو بـەقڕەو دەمـە قـالّیّو جـار خـاو ئەبوونەوە.

ئەوئـەیگوت هـەر ئـەبێ بڕۆینـەوەو ئەوی کـەبیری ئـەکردەوە کـەوەڵلا راسـت ئەکەن بەم زستانو سەرماو رەشە بایە ئەم منالانە بۆ کویّ بەرن.

حەپسەخانو خوشكی لەترسی ئەوەی كوڕەكانیان ئەڕۆنەوەو ئەچنەوە ناو شەڕو گوللە بارانو هەروەها زۆریش دوور ئەكەونەوە لێیان لەبەر ئەوە وەك شێتیان لیٚ هاتبوو ناوبەناو رائەپەڕین كە گوێیان لەم جۆرە قسانە ئەبوو بە شپرزەیی ئەیان گوت:

– كەس قسەی وا نەكات ئێمە هەر ئەرۆینەوە، چونكە نەڕۆینەوە دڵمان ئەپچڕێت.

عەلیو بێستون ئەبوو زوو بگەڕێنەوە، چونكە پێشمەرگەو برادەرانی تریان لەسەریان راوەستابوونو چاوەڕێیان ئەكردن.

بەدرێژایی ئەو هەفتەیە كەعەلیو بێستوون لەناو خێزانەكەدا بوون خەوو ئیسراحەت لەبەر هەموویان هەڵگیرابوو ئەوەندەیان بیر لەوەزعەكەیان كردبووەوەو سەری دونیا لەخێزانەكە هاتبووە یەك.

ئاخری هەر چۆنێك بوو عەلی توانی دایكیو ئەوان رازی كاتو پێیان بسەلمێنی كەلەویٚ بمێننەوە هیچ نەبێت تاوەكو ئەمان ئەرۆنەوەو لەوەزعەكە ئەگەنو ئەنێرن بەدوویانا.

***

دیسانەوە چاو ئاوسا لەبەرگریانو سەر بەسترا لەبەر ژانە سەر هەر زوو ئامە خان پشتێنی ناوك كەوتنەكەی بەستەوە پشتیو بانگی خوشكی كرد كە بێت ناوكی بۆ بگرێتەوە.

كاتی خوا حافیزیو لەیەك جیابوونەوە هات.

حەپسەخان بەدڵێکی گوشراوەوە دەستە تەزیوە لەرزۆکەکانی لەملی کوڕی ئالآندەوەو سنگ و بەرۆك کراسی خاکی رەنگی بەفرمێسك، تەرو پەڵە پەلاوی کردو بەدەم هەنسکەوە باوەشیشی بۆ بێستون و روناك و کامەران و کاوەی خزمیان کردەوە، کەئەبوو ئەو دوو کوڕە خزمەشیان بڕۆنەوە لەگەڵ عەلی و ئەوان، حەپسەخان دوای ئەو باوەش پیا کردن و ماچ و موچە دڵ تەزینە، هەر لە شوێنەکەی خۆی لەهەیوانەکەی سەرێ دانیشت و خۆی گرمۆڵە کرد هەروەك ئیتر پێی هێزی نەمابێت کەبڕوات و بەرێیان کات تاوەکو بەردەرکی حەوشە.

ئەوانەی تریش کەوتبوونە ناویەك، ئەم عەلیی ئەگرت و بێستوونی بەرئەداو ئەوی تریان روناك و بێستونی ئەگرت و باوەشی ئەکرد بەکاوەو کامەراندا.

بەختیار لەبەرگریان و شیوەنی ئامەخانی دایکی و پاڕانەوەی باوك و مام و پووری کەپێیان گوتبوو:

– ئەگەر بێت و تۆش بەجێمان بهێڵی هەر بەتەواوی هەموومان پەریشان ئەبین بێجگە لەوەش عەلی توانی بووی ئەویش رازی کات و تێی بگەیەنێت کە خەبات کردن و پێشمەرگایەتی هەر ئەوە نییە تفەنگ هەڵگرێت و بچێتە جەبهە، بەڵکو ئەوەش هەر بەشێکە لەخەبات و پێشمەرگایەتی کەکەسێك بتوانێت ئەرکی ژن و منداڵ و نەخۆشی بێ دەسەلآت هەڵگرێت و بیانپارێزێت لە کاتی تەنگانەداو دڵیان بداتەوەو یارمەتی یان بدات کە ورە بەر نەدەن و نەروخێن لەکاتێکا کە رۆڵەکانیان بەهۆی خەباتەوە لێیان دابڕاوون.

***

عـەلیو بێسـتوونو رونـاكو ئـەوان بـەماتی لـەناو جێبـە لاندرۆڤەرەکـە دانیشـتبوونو تـاوەکو دەوروبـەری کـەرەجیش، هێشـتا دڵگـیری دیمـەنی فرمێسکەکانی دایكو کەسیان هەر لەبەرچاو بووو بەبێ قسە هەریەکەیان لە لایەکەوە سەیری شەقامو رێگاوبانی ئەکرد بەتایبەتی عەلی کە هەروەك کاسی لێ هاتبوو ئەوەندە هیلاكو ماندوو ئەهاتە بەرچاو چونکە ئەوەندەی لەگەڵ گوتبوونو ئەوەندە دڵی ئەمو ئەوی دابووەوە، قورگی وشك بووبوو.

عەلی ئۆفێکی درێژی هەڵڕشتو دەستی برد بۆ سەرو لاملی خۆیو گوتی:

– بەڕاستی ئەم دڵدانەوەو پێ سەلماندنو دیمەنی فرمێسکەکانی دایکمو پوورمو ئەوانی تر لای من لەچوونە جەبهەو چوونە ناو شەڕە گوللە سەخت ترە.

بێستون بەزەردەخەنەوە سەری باداو لەژێرەوە سەیرێکی روناکی کرد کەلە تەنیشتییەو دانیشتبوو، ئەمجا سەیرێکی عەلیشی کردو گوتی:

– خۆزگەم بەخۆت.. رزگارت بوو، هێشتا بەزمی فرمێسکی دایکمو ماڵی ئێمە ماوە.

عەلی بەزەردەخەنەیێکی بێ تینەوە گوتی:

– ئەرێ وەڵڵا لەئێستاوە خۆت حازرکە.

روناك قورگی پڕ بوو لەگریانو سوور هەڵگەڕا، لەبەر ئەوە هەردوو لای عەباکەی هێنایەوە یەكو دەمو چاوی خۆی داپۆشی تاوەکو نەبینرێت کە خەریکە بگرێیت.

بێستون گوتی:

– تۆ بڵێی کاك شێروان‌و ئەوان فریاکەون بێن سەر بدەن‌و بگەڕێنەوە؟

عەلی گوتی:

– ئەی چی، هەر ئێمە گەیشتین ئەوان ئەنێرینەوە، هەردوو ڕۆژی لێ بن بەسە، ئەوەش لەبەر ئەوەی دایکم‌و ئەوان دڵیان تۆزێ ئارام ببێتەوە.

بێستون سەری هێنایە نزیك عەلییەوەو لەسەر خۆ گوتی:

– وەڵڵا مامە حاجیم ڕاستی ئەکرد، کاشکی یا ماڵی ئێمە لەتاران بوونایە یا ماڵی ئەوان لەهەمەدان بوونایە، هیچ نەبێت وەك دەربەدەرن لەشارێکا بوونایە بۆ خۆیان سەبووریيان بەیەك ئەهات‌و هەمیشە پێکەوە ئەبوون هەمەدان‌و تاران زۆر دوورن لەیەك.

عەلی گوتی:

– ئیتر بزانین چۆن ئەبێت، من ئەلێم هەقە بەم سەرماو ڕەشەباو زستانە لەجێی خۆیان نەجوڵێنەوە بەتایبەتی کەدەوڵەتیش ڕازییە ئەڵێن چەند لێرە بمێنێتەوە قەی ناکا، ماوەیەکی باش تێپەڕی بەسەر گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگەدا بۆ وڵات، حەپسەخان‌و ئەوان ئەگەرچی لەسەرێکەوە دڵیان خۆش بوو و بووژابوونەوەو هیواو ئومێدێکیان پەیداکربووو ورەیان بەرز بووبووەوە کەوا (شکور) ئیتر ئەو دووبەرەکییە دوا براوە نەما و وا هەموویان دڵیان نا بەدڵی یەکەوەو وەك جاران وەکو برا چوونەوە پشت یەك لەدژی دوژمن، ئەمانەو گەلێ قسەی خۆشتریشیان ئەکرد، بەڵام مەراق‌و بێ خەبەری کوڕەکانیان هەندێ

بیٚ تاقەتی کردبوونو هەمیشە چاویان لەرێگا بووو گوێیان هەڵ خستبوو بۆ خەبەرێك.

***

زستانەکەی زۆر ساردبوو خێزانەکە لەدەوری سۆپاو ئاگردانەوە کۆبوونەوە هەریەکەیان خەیاڵێکی ئەکردەوەو هەریەکەیان نوقمی گۆماوێکی خەیاڵ ئەبوون هەروەها هەندێکیان لەبیٚ ئیشی وبیٚ تاقەتی (تەنگە تێکەڵەو بیٚ حەوسەلە بووبوو) زوو زوو هەڵئەچووو ئەچوو بەگژ ئەوەی کەدا هەندیٚ رۆژیش دڵی خۆیان خۆش ئەکردەوە بەوەی کەدونیا ساردەو هەورو بارانەو ئێستا رەنگە کوڕەکانیان سەریان قاڵ بێتو خەریکی ئیشوکاری خۆیان بن، پاش ئەوە کەسێك ئەنێرن خۆ هەروا ئاسان نییەو ئێستا هەر دەرئەکەون.

لەپڕ سبەینیٚ دڵتەنگ ئەبوونەوەو ( کەئەمە چ بوو) ئەمە چەندە رۆیشتوون تۆ بڵێی کەسێکیان دەست نەکەوێت کەهەر هیچ نەبێت نامەیەکی پیا بنێرنو هەواڵێکی سەلامەتی خۆیانیان بۆ بنووسن.

جارێکی تر خێزان ئەکەوتنە مەراقو سەرگەردانییەوەو وایان لێهاتبوو بەیانیان کەهەڵەستان لەخەو دائەنیشتن بەرێزو بەنۆرە خەوەکانیان بۆ یەکتر ئەگێڕایەوە هەروەهاش بەپێی ئارەزووو کەیفی خۆشیان بۆ یەکتر لێکیان ئەدایەوە، زۆر جاریش حەپسەخان دەستی ئەکرد بەگریانو مەراقی کوڕەکانی ئەکردو ئامەخانی خوشکی دڵی ئەدایەوەو خاوی ئەکردەوەو ئەیهێنایە پێکەنین، کەچی چەند رۆژێکی تر ئەم جارە ئامەخان پشتێنیناوك کەوتنەکەی

ئەبەستەوەو ژانە سەر ئەیگرت و قوورگی پڕ ئەبوو لەگریان ئینجا ئەم خوشکی و کچەکان ئەکەوتنە دڵ دانەوەی کەوا سەبر بگرێ و هەموو تەنگانەیەك (فەرحانەییێکی) لەدوایەو لەم قسانە، هەردوو حاجی خەیاڵ و مەراقی خۆیان لەدڵی خۆیاندا کۆکردەوەو بەدزی ژن و کچەکانیانەوە بۆ چوونە خراپەکانیان بەورتە ورت بۆ یەکتر ئەگێڕایەوەو کەچاویشیان بەوان ئەکەوت خۆیان دڵ خۆش پیشان ئەداو دەستیان ئەکرد بەقسەی دڵخۆشکەرو زەردە خەنەی دەستکردیان ئەخستە سەر لێوانیان.

***

لای نیوەڕۆیەك تۆفە بەگوڕ هاتە سەرەوەو یەك سەر وەك ڕەشەبا خۆی کرد بەژووری دانیشتنەکەدا کەخێزان لەوێ گردبووبوونەوەو دیسان بێزاری و ناڕەحەتی خۆیان بۆ یەکتر دەرئەبڕی، تۆفە گوڕی دایە خۆی و بەشپرزەییەکەوە رووی تێکردن و گوتی:

– راستیتان ئەوێت؟ ئیتر چی کەدڵم قبوڵ ناکات و بەرگە ناگرێت، چەند رۆژە داویەتە سەرم کەئەمە ئەم بێ دەنگییەی کوڕەکان هەروا بەخۆڕایی نییە شتێك هەر رووی داوە!!

تۆفە لەپی دەستی پان کردەوەو بەدەم هەناسە بڕکێ و تووڕەیی و ناڕەحەتییەوە پەنجەکانی یەکەیەکە نووشتاندەوەو گوتی:

– باشە عەلی پێی ناکرێ یاخود خوا نەکردە گوێی شەیتان کەڕ بێت نەخۆشە، ئەی حسێن چی؟ حسێن سەری قاڵە ئەی شێروان بۆ؟

شـێروان نوقمـی ئیش‌وكـارە و لەجەبهەیـە، ئـەی بێسـتوون؟ ئـەی نـەورۆز؟ قابیلـە لـەم هـەموو كەسـە یـەكێكیان هەسـت‌و شـعوری نـەبێت‌و ئـەقڵی بـەوە نەشكێت كە بڵێت ئێستا دایك‌و باوكو كەسمان شێت بوونەو غەریب‌و بێ كەس ئێستا چاویان لە رێگایە باخەبەرێكیان بۆ بنێرین.

تۆفە دەستی دابەیەكاو سەری راوەشاندو گوتی:

– ئەمە هەروا بەخۆڕایی نییە هەر ئەبێت شتێك قەوما بێت.

ئامە خـان چاوی زەق بـوو لەترسـاناو لەبـەر خۆیـەوە ورتـە ورتێكـی كـردو هەردوو دەستی خستە باوەشییەوەو خۆی گرمۆڵە كرد.

حەپسەخانیش گورج دەستی كرد بەگریان.

نەوبەهار هەستا لەژوورەكە رای كردە دەرێ.

سەبری بەتووڕە بوونێكەوە رووی كردە تۆفەو گوتی:

– ماشائەڵڵا لەپیاوی ماڵ‌و دەم راستی خێزانەكە، ئەوە لەجیاتی دڵ خۆشی یان بدەیتەوە، خۆ تۆ زەیڕەت پێ كردن حەواڵە بەخوا.

تۆفە بەخیسەیەكی ئاگرینەوە سەیرێكی سەبری كردو گوتی:

– ئەرەسـتۆی تـەكبیر كـەر ئـەوە لـەباتی ئـەم قسـانەت بۆچـی عیلـم‌و خوێندنەكەت ناخەیتە كـارو چارەییـەك نادۆزێتـەوە، بەشـكەم هـەواڵێكی ئـەو كورانە بزانن.

سەبری وەك داخی دڵی خۆی دەركات بەڕقێكەوە گوتی:

– من لەم دوورییەوە تەکبیری چییان بۆ بکەم، خۆ منداڵ نین، کورە دە قیروسیا و چش هەرچییێکیان لێ هاتبێ خۆ روحمان دەرچووو لەبەشەرییەت کەوتین و زوخاوە سکیان کردین.

بەختیار لەنهۆمی سێهەم لەژوورەکەی دایك و باوکی پاڵ کەوتبووو خۆی بە خوێندنەوەی کتێبێکەوە خەریك کردبوو، کەگوێی لەدەنگی سەبری و تۆفە بوو، هەستاو بەهەڵەداوان هاتە خوارێ و چووە لایان کەسەبری و تۆفە هێشتا هەروا قڕەیان ئەهات.

بەختیار ویستی قسەیەك بکات بەڵام هەرچەندە کردی لەبەردەمی تۆفە نەیوێرا. هەندێ راوەستاو دوایی دەستی بەرزکردەوە هەروەك بڵێت بێ دەنگ بن من شتێك هاتووە بەبیرما.

خێزان چاویان بڕییە دەم و دەستی بەختیار هەروەك بڵێن کارت راست بێت رۆڵە باش بوو هاتی، وەرە فریاکەوە بەشکەم قسەییەکی خێر بکەیت.

بەختیار بەزەردەخەنەیەکی بێ تینەوە سەیری کردن و گوتی:

– ئەزانن من چیم هاتووە بەخەیاڵا؟ ئەڵێن چی تەلەفۆنێك بۆ شەوکەت ئاغا بکەین و حاڵ و وەزعەکەی تێ بگەیەنین وابزانم ئەو ئەتوانێت هەواڵێکمان بۆ بزانێت، ناسیاوی زۆرەو قاچاخچی و ئەو نەوعە کەسانە هەمیشە هاتووچۆی ئەکەن. بەتایبەتی هەموو جارێك پێمان ئەڵێت هەر ئیشێکتان بوو پێم بڵێن.

حەپسەخانی پووری چاوی خۆی سڕییەوە لەفرمێسك و بەپەرۆش وگەرمییەوە گوتی:

- ئەریٚ وەڵڵا راست ئەکات، ئەمە هەر بەو ئەکرێت.

سەیرێکی بەختیاری کردو بەزەردەخەنەیەکی مەلولەوە گوتی:

- ئۆە یاخوا لەدەوری سەرت گەریٚم بەخوا ئەمە تەکبیرێکی باش بوو.

ئامە خان منگە منگێکی کردو جولاّیەوەو لەبەر خۆیەوە گوتی:

- ئەریٚ وەڵڵا ئەو هەموو خەبەرێك ئەزانێت.

حاجی مەجید لەسەرخۆ بەدڵێکی نائارامەوە گوتی:

- ئەگەرچی حەز ناکەم خەڵك گرفتاری ئیش‌وکاری خۆمان بکەم بەلاّم بەخوا چارمان نییە، ئەبیٚ هەواڵێکی ئەو کورو خەڵکە بزانین کەبیٚ سەرو شوێن رۆیشتوون بزانین خوا نەکردە چییان بەسەر هاتووە.

حاجی هەندیٚ راوەستا وەك بیر بکاتەوە دوایی قسەکەی تەواو کردو گوتی:

- وا بۆ دوومانگ ئەچێت نەهەواڵیان هەیەو نەدەنگ

کاکە حاجی کەبەپەرۆشەوە گوێی لەقسەی براکەی ئەگرت‌و کەساسی لەدەم‌و چاوی ئەباریٚ رووی کردە ژنەکان‌و گوتی:

- بەلای منەوە ئەمە زۆر قسەیەکی بەجێیە، کەواتە هەستن زوو یەکێکتان تەلەفۆنێکی بۆ بکەن.

ژنەکان سەیری یەکتریان کرد هەروەك بەیەکتر بڵێن ئەم تەلەفۆنە هەقە یەکیٚ لە پیاوەکان بیکات کەچی روو ئەکەنە ئەوان!!

حەپسەخان خۆی پیٚ نەگیراو هەڵی دایی‌و گوتی:

- وەڵڵا من ئەڵێم کەیەکێك لەئێوە قسەی لەگەڵ بکات باشترە.

حاجی مێردی وەرامی دایەوەو گوتی:

– نەوەڵڵا کەس لەتۆ باشتر نییە بۆ ئەم ئیشە، تۆ دایکیو هەموو کەس ئەزانێت کەدایك حاڵی چییە لەوەختی وادا.

کاکە حاجی ڕووی کردە حەپسەخانو گوتی:

– براژن.. کاکم ڕاست ئەکات قسەی تۆ لەهەموومان زیاتر کار ئەکات، ئێمە هەر دوو کمان تاقەتی پاڕانەوەو کرۆزە کرۆزمان نییە بەڵام بۆ تۆ قەی ناکا.

نەسرین سەیرێکی پووری کردو گوتی:

– ئەرێ وەڵڵا پوورێ گیان مامو باوکم ڕاست ئەکەن، دە هەستە توخوا بەشکەم خەبەرێکی لە لا بێت.

حەپسەخان هەستایە سەر پێ نەسرینو ئامەخانو بەختیار شوێنی کەوتن بۆ ژووری تەلەفرنەکە.

بەختیار ژمارەکەی ماڵی شەوکەت ئاغای بۆ لێداو حەپسەخان بەدەستێکی لەرۆزك تەلەفۆنەکەی گرت بەدەستەوە.

دڵی وا پەلە پەلی ئەکرد ئەتگوت بانگ کراوە بۆ بەردەم دادگاهی عورفیو ئاخۆ ئێستا چی لێ ئەکەن ئەوەندە شڵەژاو ترسا بوو لەوەی نەوەکا شەوکەت ئاغا قسەی خراپی بیستبێ لەبابەت کوڕەکانەوەو ئێستا بەمی بڵێ.

شەوکەت ئاغا هاتە سەر تەلەفۆنو بەگەرمی چاكو چۆنی لەگەڵ حەپسەخان کردو گوتی:

– لێم ببورە بەینێك بوو لەتاران نەبووم، چووبووم بۆ ئەوروپاو ئەو ناوەو سەر قاڵ بووم بۆیە دەنگم نەبوو.

حەپسەخان لەدوای وەرام دانەوەی خۆشی و چاکی قسەکانی ئەم جارە خۆی گورج کردەوە، باسی بێ خەبەری کوڕەکانی بۆ کردو کەوا لەوەتی رۆیشتوون تەنیا یەك جار نامەیەکیان هاتووە ئەویش کە هێشتا بەڕێوە بووبوون و تازە گەیشتبوونە دەوروبەری قەڵادزەو ئەو ناوەو ئێستا ئەمان زۆر شپرزەو نارەحەتن و بەشکم هەواڵێکیان بۆ بپرسێت بێ زەحمەت.

حەپسەخان کەوتە وەرام دانەوەی قسەکانی شەوکەت ئاغاو هەر بەوا ئەگەیشت کەبڵێت سوپاس، زۆر سوپاس عەمرت درێژبێت، چاوت خۆش بێت.

خەڵکی ماڵەکە لەدەوری حەپسەخان کۆبوونەوە، هەموویان دەست لەسەر دڵ ورتەیان لەخۆیان بڕیبووو سەیری دەم و دەست و تەلەفۆنەکەیان ئەکرد وا چاویان تێ بڕیبوو ئەتگوت کابرا لەتەلەفۆنەکەوە دیارەو وا بەرامبەریان راوەستاوە قسەیان بۆ ئەکات.

***

بۆ رۆژی دوایی شەوکەت ئاغا گەیشتە لایان و کەوتبووە قسە، هەردوو حاجی گوێیان بۆ شل کردبوو، وە بەحەپەساوی سەیری دەمیان ئەکرد کەئەمە چی ئەڵێت؟؟

حەپسەخان و خوشکی کە لەژوورەوە لەلایان بوون، یەك لەدوای یەك چوونە دەرێ و بەشپرزەییەوە خۆیان گەیاندە کچەکان، بەختیار چاوی زەق بووبوو و

لەگەڵ تۆفەو سمایل بەو سەرمایە لەحەوشەکە کەوتبوونە پیاسە کردنو ورتە ورت.

– توخوا ئەمە قسەیەکی سەیر نییە؟ نەورۆزو بێستون لەبەغدا بینراون؟

بەختیار دەستی دا بەیەکاو سەری راوەشاندو بەدەم پیاسەوە گوتی:

– هیچ ناچێتە ئەقڵمەوە، هەر ئەبێ درۆ بێت.

تۆفە بەبزەییێکەوە گوتی:

– بۆ؟ هەموو شتێك رێی تێئەچێت بەشکەم حکومەت دیسان خەریکی گفتوگۆ بێت لەگەڵ کوردو ئەوانیش بۆ یە رۆیشتوون.

تۆفە مژێکی چاکی لەجگەرەکەیدا و گوتی:

– گیانە تۆ گوێت لێنەبوو کابرا گوتی چی؟ گوتی کاغەزی بەکری ئامۆزامم بۆ هاتووە لەبەغداوە کەئەڵێت نەورۆزو بێستونی دیوە لەیەکێ لە شەقامەکانی بەغداو قسەشی لەگەڵ کردوون، هەروەها گوتووشیتی کەوا لێرە قاو بڵاوە کەکاك عەلیو برادەرانی تریشیان هاتوون بۆ بەغدا بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت.

تۆفە کۆکە گرتیو بەدەم کۆکەو هەناسە بڕکێوە گوتی:

– ئەگەر گفتوگۆیەکەش درۆ بێت هەر قسە بێت قابیلە (بەکرە زلە) درۆ بکات لەگەڵ ئامۆزاکەیو یا نەورۆزو یا بێستوون نەناسێتەوە؟

سمایل بەخۆشییەوە دەستی هەڵگلۆفیو بەشەوقەوە گوتی:

– دەی خوایە گیان.. ئینشائەڵلا مەسەلەکە راست دەرئەچێتو بەزوویی ئەگەڕێنەوە وڵاتو ماڵی خۆمان.

تۆفە بەدلێکی خۆشەوە گوتی:

– هەر ئەبێت شتێك بوو بێت کەوا کورەکان لەوساوە بێ دەنگن، تۆفە بەزەردەخەنەیەکی خۆشەوە دەستی دابەیەکاو گوتی:

– من هەر ئەم گوت شتێك هەیە لە کایەدا.

بەختیار بەسەرسامییەوە گوتی:

– ئینجا کە وەزع وا خۆشە، لەگەڵ حکومەت گفتوگۆ دەست پێکراوە! ئەی بۆچی خەبەرێکیان بۆ ئێمە نەئەناردو ئەو هەموو ماوەیە دەنگیان نەبووە؟

بەختیار هەناسەیێکی قوڵی هەڵکیشاو گوتی:

– هەر چۆنێك بێت شتێك هەر هەیە.

بەختیار وەك بیری کەوتەوە، کە ئای لەوساوە میوانەکەیان لەلای ئەو دوو پیرە مێردە بەجێ هێشتووەو هەر کەسەیان چووە شوێنێك.

بەپەلە بەرەو پێپلکەکە رۆیشتو لەبەر خۆیەوە گوتی:

– خۆ میوانەکەمان لەبیر چوو.

***

دوای رۆیشتنی میوانەکەیان خەڵکی ماڵەکە هەریەکەیان لەژوورێكو لە کونێك هاتە دەرەوەو هەموو چوونە ژووری دانیشتنو لەدەوری یەك کۆبوونەوەو کەوتنە گێژاوی ئەم قسانەی میوانەکەیانەوە ئەمیان دڵی خۆش ئەکرد کەئەبێ رێك کەوتنێکی راست هەبێت ئەگینا چۆن ئەوانە ئەگەنە بەغدا؟ ئەوی کەیان ئەیگوت:

– تۆ بلێیت ئەمە راست بێت؟و بەخۆشییەوە سەری هەڵئەبڕی بۆ ئاسمانو ئەیگوت:

– ئۆە خوایە بە قوربانت بم هەموو ئیشێك کەچەند سەختیش بێت لای تۆ چەند ئاسانە!

حاجی مەجید بەماتییەکەوە بەئەسپایی بەبراکەی ئەگوت:

– بەخوا کابرا زۆری شت ئەزانی، بەڵام من بزانم هەندێ قسەی کرد بە ژێر لێوەوەو، وەکو هەیە بۆی نەگێراینەوە، چونکە جاریێ گوتی:

– ئەلێن هەر کاکە عەلیو برادەرانی خەریکی گفتوگۆن لەگەڵ حکومەتو لایەکەی تری تیا نییە.

جاریش گوتی:

– ئەڵێن هەموویانن.

***

خێزانی ماڵەکە بەم هەواڵو قسەیە ئەوەندەی تر کەوتنە مەراقەوەو هەراسانو بێ ئارام بوون.

بەختیار خۆی گورج ئەکردەوەو ئەیگوت:

– ئێستا ئەچمە پۆستە خانە گەورەکە تەلەفۆن لەگەڵ سلێمانی ئەکەم

حەپسەخانی پووری بەپەرۆشەوە ئەیگوت:

– نە.. نە بەقوربانت بم، ئەترسم ئەم قسانە وانەبێتو ئەو کەسەی تەلەفۆنی بۆ ئەکەیت تووشی بەڵایەك ببێت.

نەوبەهار لەوێوە هەڵی دایێ و گوتی:

– وەڵڵا لەوە باشتر نییە، هەر ئێستا یەكێك بێت لەگەڵم بۆ پۆستە خانەكە تەلەفۆن بۆ ماڵی باوكم ئەكەم.

سەبری لەوێیەوە رائەپەڕیو ئەیگوت:

– ئەیەڕۆ، وەڵڵا ماڵی باوكتی بەسەزمان هەر ئەوەیان كەمە، وەڵڵا هەر گوێیان لەدەنگت بێ رەنگە زیڕە بكەن، خانوو تەلەفۆن و هەموو شتێكیان لەژێر چاودێری حكومەتدایەو هەمووی دەستی بەسەرا گیراوە.

سەبری سەیرێكی نەوبەهاری ئەكردو بەتەوسەوە ئەیگوت:

– ئەشهەدو بیلا خوا هەڵناگرێ تەكبیرێكی چاكت كردووە.

چێشت هەنگاوێك تۆفە هەستایە سەرپێو سەرو جامانەی بەست و قۆپچەو زریزەی قەمسەڵەكەی توندو تۆڵ داخست و پەلاماری چەترەكەی دا تاوەكو بچێت كولێرە بكرێت بۆ نیوەڕۆ.

بارانێكی باش ئەبارێ، ئاسمان بەهەورێكی چڵكن داپۆشرابووو تاریكی كردبوو ئەتگوت ئێوارەیە، لەشەقامی بەر ماڵەكەیان ئۆتۆمبیل فركان فركانیان بوو ئەرزی تەری بارانیان ئەشێلاو بەسەریا تێئەپەڕین، دەنگی باران و گڤەی باو گڤەگڤی ئۆتۆمبیل هەمووی تێكەڵاوی یەك ئەبووو ئەچوونە ناو مێشك و دەروونی رێبوارەوەو هەستێكی تێكەڵاو لەخۆشی و لەچەوساندنەوەو تێگووشین بۆ بەردەوامی ژیانیان پێ ئەبەخشی.

تۆفـە بەبۆڵـە بۆڵـەوە گەیشــتە لای دەرگــا پایســکیلێك لەبــەر دەرگاکــەیان راوەستا کابرایەکی مشەما لەبەر سەر بەکڵاوی لێ دابەزیو لەزەنگەکەیدا، تۆفە گورج دەرگای کردەوە، کابرای پایسکیل سوار لەترس بارانەکە کاغەزێکی لە ژێر مشەماکەیا دەرهێناو بەفارسی بەتۆفەی گوت:

– ئاغا ئەم کاغەزە ئیمزاکە!

تۆفە دەستە پاچە بوو دەمی تێکەڵو پێکەڵ بوو و گوتی:

– ئاغا ئەمە چییە کەبۆت ئیمزا کەم؟

کابرا گوتی:

– ئەمە تەلەگرافە لەبەغداوە بۆتان هاتووە.

تۆفە حەپەساو سەیرێکی کابرای کردو قەڵەمەکەی لێ وەرگرتو لەشپرزەییا قەڵەمەکەی سەروخوار گرت بەدەستەوە، بەپەلە راستی کردەوەو گوتی:

– کامەتا؟ ئاغا گیان، کۆی ئیمزا کەم؟

کابرا پیشانیداو تۆفە دوو سێ خەتی خێچو خواری لەسەر ئیمزا کرد کە زیاتر لەگوێچکەی مشـك ئـەچوون وەك لـەئیمزاو پـەلاماری تەلەگرافەکـەیدا و رایکردەوە ژووریو هەر لەحەوشەکەوە قیڕاندیو گوتی:

– بەختیار، سمایل راکەن تەلەگراف لەبەغداوە هاتووەو بەپەلە سـەر کەوتـە سـەرێ بـۆ لای حـاجیۆ ئـەوانو بـەختیارو سمـایلو ئاغـای رەزائـی بـەدواوە، ســـەبری پـــەلاماری دەســـتیداو تەلەگرافەکـــەی گـــرت بەدەســـتەوەو کەوتـــە خوێندنەوەی کە تیایا نووسرابوو.

– ئێمە باشین، خۆتان کۆکنەوەو ٢٥ی مانگ برادەرێك دێت بە دواتانا، خەبەر بەماڵەکانی تریش بدەن، ئیمزا حسێن.

خێزان قریشك‌و هوری خۆشی یان تێکەوتوە، ئامەخان پەلاماری تەلەگرافەکەی داو دووسێ جار ماچی کردو نایە سەر چاوی، حاجی مەجید لێی وەرگرتەوەو بۆ جاری سێهەم خوێندیەوە، دوایش قەدی‌کردو خستیە گیرفانی بەرباخەڵییەوەو دەستێکی پیا هێنا.

ئەوەندەی پێ‌نەچوو ئەم جارە نەسرین‌و نەوبەهار هاتن‌و گوتیان.

– ئاتوخوا مامە گیان بێ زەحمەت تەلەگرافەکەمان بدەرێ بزانین بەرواری ناردنەکەی کەیە؟ حاجی دەستی برد بۆ گیرفانی‌و دەری‌هێناو پێش ئەوەی بیداتە دەستیان عەینەکەکەی کردە چاو لەگەڵ براکەی سەریان نابەسەری یەکەوەو بەرواری تەلەگرافەکەیان خوێندەوەو پیشانی یەکتریان دا کەئەوەی نووسراوە (ژمارە دووە نەك سێیە) دوایی تەلەگرافەکەیان دایە دەست کچەکان ئینجا حاجی مەجید کەوتە ژماردنی رۆژەکان کەچەندی ئەمێنێت تاوەکو (برادەرەکە دێت بەدوایانا) حاجی ئەتگوت تازە فێری یەك، دوو، سێ ئەبێت‌و ئەو پیاوەی کە خاوەنی دووسێ دوکان بوو چەندەها جار هەروا بەسەر پێیەوە حیسابی پارەی تۆپە کوتاڵ‌و سندووقە چاو کارتۆتە سابوونی کردووەو لێی داشکاندووە لێیی زیاد کردووە بەبێ کاغەزو بەبێ قەڵەم ئەوەندە شارەزاو حیساب زان بوو، کەچی ئێستا لەخۆشی ئەم پارچە کاغەزەی کەبۆیان هاتووە

سەری لێتێکچووو هەموو شتێکی لەبیرچووەوە ئەوەندە شپرزەو پەریشانی دەنگ‌و باسێك بوو و ئەوەندە ئەم دەربەدەری‌و ئەو زروفە ناڵەبارە کاری تێکردبوو.

***

هەر چۆنێك بوو رۆژی ٢٥ی مانگ نزیك بووەوە جەماعەتیش حازرو ئامادەو لەسەر پێ بوون‌و هەر خوا خۆشی ئەیزانی کەئەو چەند رۆژەیان چۆن لێ تێپەری بوو، هەندێکیان لەرو لاوازبووبوون لەبێ خەوی‌و بێ خواردنی دا. هەندێکیشیان بۆ خۆیان قەڵەو بووبوون چونکە لەبەر بێ ئیشی‌و چاوەروانی هەر خەریکی خواردن بوون‌و هەرچی شیرینی چەورو پر قەیماغ بوو هەمیشە بە دەستیانەوە بوو و هەمیشە دەمیان وەك ئاش خواردنی ئەهاری.

ئێوارەی ٢٥ی مانگ تۆفەو بەختیارو ئاغای رەزائی، چوونە فرۆکەخانەکە تۆفە بەشپرزەییەوە سەیری خەڵکەکانی ئەکرد کەئەهاتنە دەرەوە بەجانتاو باوڵەکانیانەوەو چەند جارێك بەشەوقەوە رای کردو گوتی:

– ئەرێ وەڵڵا ئەوەتا هات، اە دوورەوە کەوتە ئیشارەت‌و دەست هەڵبرین، کەچی دوایی دەرچوو کەئەمە ئەم خەڵکانەی دێنە دەرێ رێبواری تەیارەیێکی ترن کەلەئیتاڵیاوە یا لەپاکستان‌و یا لەشوێنێکی ترەوە هاتوون.

یەك دووجار بەختیار پێی لەدڵی خۆی ناو خۆی پێنەگیراو رووی کردە تۆفەو گوتی:

– كوڕە كاكە گیان، تۆ ئەوەندە خۆت شپرزە مەكە ئێمە هەر چوو زانین كە (برادەرەكە) كێیە تاوەكو راكەی بەپیریەوە، جارێ سەبر كە لەسەرخۆبە، بێگومان ئێستا ئەو ناو نیشانەیەك شتێكی پێیە.

تۆفە ئەیویست خۆی تەریق پیشان نەدات، دوو سێ جار كۆكی و بەدەم دەست بردن بۆ گیرفانی خۆی كەدەسرەكەی دەربێنێت گوتی:

– چووزانم وەڵڵا ئەم كابرایە ئەتگوت خەڵكی كەركوكەو ئەوەی پێشووش هەر راست ئەتگوت خەڵكی سلێمانییە.

بەختیار رووی كردە لایێكی تر وەك پێكەنینەكەی بشارێتەوە لەترس تۆفەو لەدڵی خۆیا گوتی:

– باشە ئەگەر شكڵو رەنگی ئەو كەسانەش لەیەكێ لەناسیاوەكانمان بچێت، ئەی ئەم كابرایەی بەم جلە سەیرانەی كەلەبەریایەتی سەرتاپێ سپیو كۆلۆنجەی پاكستانی ئەی ئەمیش هی سلێمانیو كەركوك بوو.

هەر چۆنێك بوو تاوەكو تەیارەكەی بەغدا گەیشتو دابەزی تۆفە چەند جارێكی تریش وای كردەوە، یەك دوو وردە شەڕیشی لەگەڵ بەختیارو ئاغای رەزائی كرد.

***

ئاخری برادەرەكە گەیشتو خێزانی ماڵ تاوەكو شەو درەنگ بەدیارییەوە دانیشتن (برادەرەكە) یەكێ بوو لەهاوڕێیەكانی عەلیو ئەوانو ئاشنایەكی زۆر نزیكیشیان بوو، ناوی سەعدوڵڵا بوو، سەعدوڵڵا بۆی گێڕانەوە كەوا وەختی

عەلى‌و برادەرانى‌و هێزى پێشمەرگە گەڕابوونەوە ولاّت‌و تێکەڵى لایەکەى ترى پارتى بووبوون هەر دواى ماوەیەکى کەم برادەرێکى کورد پەروەرى بەناوبانگ خەڵکى ئەو دەوروبەرەى کەلێى بوو، بەدزییەوە چووبوو بەعەلى گوتبوو کەوا ئاگاتان لەخۆتان بێت، چونکە هەندێ سەرکردەى لایەکى تر نیازیان خراپە لەگەڵتان‌و خەریکن چەند برادەرێکى ناسراوتان لەناو بەرن بۆیە تا زووە بکەونە خۆتان.

ئەوانیش هەر بەهۆى هەمان برادەرەکەى خەبەرەکەى پێ گەیاندبوون خۆیان لەبەر چاوگوم کردبووو خۆیان گەیاندبووە شوێنێکى ئەمین تر.

حکومەت ئەمەى بەهەل زانیبووو ناردبووى گوتبووى کە وەرن گفتوگۆ بکەین‌و چیتان ئەوێت ئەتان دەینێ.

خێزانەکە هەموویان بەرامبەر ئەم خەبەرو دەنگ‌و باسە سەیرە حەپەسابوون‌و واقیان ورمابوو!!چوون پاش ئەوەى کوڕەکانیان‌و سەرکردەو هێزى پێشمەرگە بەهەموو شانازى‌و فیداکارى‌و دڵسۆزى‌و دڵ پاکییەوە، کەوتنە خۆیان کەل‌و پەلیان پێچایەوەو گەڕانەوە ولاّت‌و هەموو شتێکیان لەبیر خۆیان بردەوەو لاپەڕە ڕەشەکەى رابردوویان هەڵدایەوەو لاپەڕەیەکى سپى پاکیان خستەرووو پاراستنى ولاّت‌و قازانجى میللەتەیشیان خستە پێش هەموو شتێك کە ئەم شەرى برا گوژییە نەمێنێ‌و هەموو لایەکیان بەدڵ‌و بەگیان دەست بدەنە دەست یەك‌و لەسەر خاك‌و شەرەف‌و ناموسى خۆیان‌و

هاوولاتیـان بکەنــەوە، کــەچی کەئەچنــەوە وایــان بەســەر بــهێنرێت و تــەگبیر لەکوشتیان بکرێت.

درۆ نیـە کەئـەڵێن هـەندێ کـەس ئـەوەندە داخ لـەدڵن و لەبـەر رقـی شەخسـی خۆیان هەموو شتێك ئەخەنە ژێر پێ؟

***

ئامەخان وەك چۆلەکەی زریباری لێهاتبوو، هـەر ئـەهات و ئـەچووو ئـەیکێشا بەسنگی خۆیا و ئەیگوت:

– ئەیەڕۆ قور بەسەرمان نەبێت، بەس نەبوو ئەو پیاوە فریایـان کـەوتووەو ئـەو خەبـەرەی داونـێ، ئـۆە رەبـی عـەمری درێـژ بێـت و مـاڵی ئـاوا بێـت، بزانـە چەند پیاوێکی نەجیب و کورد پەروەر بووە، لەکن خۆشی سەر بەوانی تــرەو لەگــەڵ ئەوانــە، کــەچی غــیرەت و پیــاوەتی قبوڵــی نــەکردووەوو هــەر کەزانیویەتی گورج خەبەرەکەی بۆ بردوون.

ئامە خان ئیتر هەر نەی ئەبڕیەوە هەر ئەیگوت و ئەیگوتەوە.

هـەردوو حـاجی لەگـەڵ ئـەوانی تریـش بـەرۆکی کاکـە سـەعەدوڵڵا یـان بـەر نەئەداو بە پرس و پرسیاردایان گرتبوو، ئەم لێ ئەبووەوە ئەوی کەدەستی پـێ ئەکرد.

***

هـەر زوو ئاغـای رەزائـی خەبـەری دا بەدائیرەکـەی کـەوا خێزانەکـە حـازرن هەروەها دەوڵەتیش پێشەکی ئەیزانی کەئەیانەوێت برۆنەوە.

دوای دوو سێ رۆژ دوو لاندرۆڤەری گەورە بۆ خۆیانو لۆرییەکی زلیشی نارد بۆ کەلوپەلەکەیان.

لەوەختی ماڵ بارکردنا تۆفە خۆی گەیاندە حەپسەخانو بەچرپەوە گوتی:

– لۆری زلیان بۆ ناردووینو وا ئەزانن فەرشو قاڵیوبارو بارخانەمان پێیە.

نەسرین لەولاوە هەڵی دایی و گوتی:

– خوا ئەکات ئەگەڕێینەوە وڵاتی خۆمان، ئەم چەند شتەی هەشمانە هەر زیادەو هیچمان ناوێت. حەپسەخان خۆی گورج کردبوو بۆ رۆیشتن عەباکەی دابوو بەسەر قۆڵیا، خۆیو سەروسەرپۆشو جلو بەرگی شەوقی ئەدایەوە ئەوەندە پاكو جوانو لێ وەشاوەبوو، سەیرێکی تۆفەو نەسرینی کردو گوتی:

– ئیتر خوا رەحممان پێ بکات، بەخوا ئێستاش باوەڕ ناکەم هەروا ئەزانم خەو ئەبینم.

***

لۆری بارکرا خێزان بەپەلە سواری جێبەکان بوونو دامەزران لەدوای دوعا خوازییەکی زۆر گەرمو گوڕ لەگەڵ ئاغای رەزائی، هەندێ لەژنەکان چاویان پڕ بوو لەفرمێسكو دەستیان کرد بە گریانو بەدەم هەنسکەوە سوپاسی ئەو هەموو خزمەتو ئەزیەتەیان کرد، هەروەها یەك دوو مەئموری ساواکیش بە ئۆتۆمبیلەکانیان لەگەڵیان رۆیشتنو بەرێیان کردن تاوەکو سەرو (کەرەج)و لەوێ دابەزینو دوعاخوازی یان لەیەك کردو ئیتر ئەمان گەڕانەوە بەرەو تاران.

خێزانیش کەوتنە رێ بەرەو (کرمنشاه)و (قەسری شیرین).

حەپسەخان رووی کردە حاجی مێردیو بەچرپەوە گوتی:

– تۆ بزانە چەند بەمەعریفەتن، چۆن هاتن بەرپێیان کردین، ئەشهەدوبیلا زۆر بەخزمەتو سەلیقەن.

سەبری کە لەتەنیشتیانەوە دانیشتبوو سەری بردە نزیکیانو ئەویش بەچرپەوە گوتی:

– ئەمانە مەعریفەت ئەزانن، ئەوە ئێوە ئەمانە ناناسن کەچۆن بیر ئەکەنەوە، ئەمە لەبەر ناوبانگی خۆیان وایان بۆ کردینو لایان وایە کە رەنگە رۆژێك لەرۆژان قازانج لەو ناسینەمان بکەن بەتایبەتی کەوا ئەگەرێینەوە، ولاتو ئیتر ئیشمان بەوان نییە، بەلام قوربەسەر ئەو کەسەی ئەکەوێتە بەردەستیانو هەر ئەوەندە شکی لێ بکەن کەبەدڵیان ناجولێتەوە، بزانە چۆن هەر زوو سەر نوگمی ئەکەنو لەناوی ئەبەن ئەڵێن حەپسخانەکانیان بۆنی خوێنی لێ دێتو ئەمەی بۆیان کردین لەبەرخاتری چاوی کاڵی ئێمە نییە.

حاجی باوکی نقەی لەخۆی بڕیبووو ئەم قسانەی سەبری زۆر پێ ناخۆش بوو ئەگەرچیش کە زۆر بەئەسپایی قسەی بۆ ئەکردن بەلام هەر خواخوای بوو کە قسەکەی زوو تەواو بێتو چی کەلەسەری نەڕوات لەبەر ئەوەی کەتۆفە پێی گوتبوو کەئاگاتان لەقسەتان بێت لەبەر لێخورەکان چونکە هەموو پیاوی ساواکن هەروەها ئۆتۆمبیلەکانیش لەوانەیە رێکۆردەریان تیا بێت کەهەموو قسەکانتان بگرێت کەبزانن چی ئەڵێنو باسی چی ئەکەن.

***

لەبەر ئەوەی رێگای بەینی تاران‌وقەسری شیرین زۆر دوورو درێژ بوو بە تایبەتی کە خێزانەکە منداڵی بچووکیان پێ بوو بۆیە تێکرا لەزۆر شوێنی پشوودان‌و نان خواردن دائەبەزین.

لەیەکێ لەو شوێنانەی لێی دابەزین، چایخانەیەکی خنجیلەی بچووکی سەر رێگای (کرمانشاه) بوو کە هەر لەخانووو ژووری لادێ ئەچوو نزیك بەدێی یەکیش بوو، خانووەکە لەخشتی کاڵ دروست کرابوو، بەردەمی هەیوانێکی فراوان‌و خۆش بوو، لەوەئەچوو کەئەو پایزە دەستێکیان پیا هێنا بێ چونکە کوڵەکەی هەیوانەکە داری سپینداری تازە بوو.

حەوشەکەشی هەروا زەمینێکی بەردو خۆڵ بووو حەوزێکی چوار گۆشەی شینی بۆیە کراویشی لەناوەراستا بوو و دەوری چایخانەکەش هەمووی دارو درەختی روتەڵەبوون کەلەبەر سەرماو زستان گەڵایان پێوەنەمابو و بەکەساسی سەریان نابوو بەیەکەوە لەدەست شەکان شەکانی رەشەبا.

دیاربوو کەبۆ بەهاران‌و هاوینان شوێنێکی زۆر خۆش ئەبووو هەروەك لێخوڕی ئۆتۆمبیلەکانیش باسیان کرد کەئێرە ئەگەرچی شوێنێکی سادەو فەقیرانەیە دیارە لەچاو ئەو چێشتخانەو جێی پشوودان‌و ئوتێلانەی چەند چینی‌و رازاوە بەچراو گڵۆپی سەوزو سوورەوە کەتووشیان ئەهات لەرێگا بەڵام ئەیانگوت کەئێرە بەپێچەوانەی ئەو شوێنانەی تر خواردنی زۆر تازەو بەلەزەتی تیا دەست ئەکەوێت، بەتایبەتی (ئاو گوشتی) ناو دیزەی بچووك‌و مریشکی بەکەرە سوورەوە کراوی تازەی دەم‌و دەست بەئەلقە پیازەوە بەو جۆرە

خواردنانە زۆر بەناوبانگەو هەمیشە ئەو کەسانە سەری ئیرە ئەدەن کەشوێنی خواردەنی فەریك‌و تازەو بەلەزەت ئەکەون.

***

خێزانەکە لەدوای چەند جار دابەزین‌و پشوودان لەورێگاو بانە خۆشانەی ئێران کەبەو زستان‌و سەرمایەش هەر دڵگیر بوون.

بەناو شارۆچکەو شاری گەورەو سەیرکردنی‌دیمەنی شاخ‌و داخی دڵ فڕێن‌و بینینی خەڵکی سەر جادەو قەراغە رێگا بەجل‌و بەرگی جۆراوجۆرەوە، هەر لەجلی کوردی جوانەوە تاوەکو جلی ئەفەندی‌و عەجەمی‌و مۆدەو چادر بەسەر، تاوەکو پانتۆڵ لەپێی‌و مینی جۆب لەبەر.

هەر چۆنێك بوو ئاخری خێل گەیشتنە قەسری شیرین، کەماڵی باوکی بێستون‌و هەموو ماڵەکانی تریش لەهەمەدانەوە گەیشتبوونەوە ئەوێ.

هەموویان لەئوتێلێکی قەراغ شار دایان بەزاندبوون، ئەمانیشیان بردە لایان، ئۆتێلەکەیان بۆ ئەو خەڵك‌و خێزانانە چۆڵکردبوو لەخەڵکی‌تر، ئوتێلەکەو ئیشکەرەکان‌و ئەوی سەرپەرشتیشی ئەکرد هەموویان ساواکی‌و سەر بەساواك بوون.

خێڵی حەپسەخان‌و خوشکی‌و خێزانیان برانە چینی سەرەوە دوو ژووری گەورەیان دانێ، ماڵەکانی تریش یەکی ژوورێکیان دابوونێ چینی خواریشەوە ئۆتۆمبیلچییەکان‌و مەئموری خۆیان‌و قاچاخچی سەر بەوان‌و ئەو جۆرە

كەسانەی تیابوو كەلەسەر سنوور هەمیشە لەگەڕدابوون‌و خەریكی راو رووتی خۆیان بوون.

دووژوورەكەی خێڵی حەپسەخان دیسان دابەشكران، هەرە گەورەكە بۆ ژن‌و منالّەكان‌و ئەوی تریشیان بۆ پیاوەكانیان.

(جەماعەت) بووژانەوەو دڵیان خۆش بووو، لەگەڵ ماڵەكانی تر بەگەرمی دەستیان كردە ملی‌یەك بەتایبەتی لەگەڵ ماڵی بێستون‌و ئیتر هەر پێكەوە بوون‌و لەیەك جیانەئەبوونەوە كاتی نووستن نەبوایە، هەر خێزانە ئەچووە ژووری خۆی، روناك قریوەی ئەهات لەخۆشی ئەم گۆڕینی وەزعەو لە خۆشی هاتنی دایك‌و باوكی، چونكە تێكڕا ئەو لەماڵی خەزووری بوو لە هەمەدان.

***

پاش رۆژێك پشوودان، نەوبەهارو روناك‌و نەسرین كەوتنە ورتە ورت‌و باسی جل‌و بەرگ‌و سەرشتن‌و حەمام‌و ئەیانگوت:

– وەی ماشائەڵڵا لەم خەڵكە، ئۆتێلەكە چەند حەمامی گەرم‌و خۆشی تیایە كەچی قەت بەرئەمان ناكەوێت‌و هەمیشە خەڵكی تیایەو خۆیان ئەشۆن ئەڵێی هەنگیان لەدارا دۆزیوەتەوە.

سەبری بەسەریانا هەڵشاخی گوتی:

– خەڵكیش وەكو ئێوە منالّیان هەیەو حەز ئەكەن خۆیان بشۆن، بۆچی ئەوەندە بۆڵەتان دێت‌و بەهیچ رازی نابن؟!

تۆفــە کــڵاوو جامانەکــەی لار کردبــووەو قیتــەی سمێڵــی ئــەهات و وەکــو سـەرکردەو سـەر لەشـکر بەسـەر هـەموو مـاڵ و خێزانـەکانا ئەگـەڕاو عیلـم و مەعریفەتی بەسەردا دابەش ئەکردن، بەڵام لەدڵا یەك شت زۆر دلگیری کردبوو، ئەویش ئەوەبوو کەکاربەدەستانی (ساواك) لەئۆتێلەکـە نـەیان ئەهێشـت هیـچ کەس لەئۆتێلەکە بچێتە دەرەوە بۆ بازاڕو ئەملاو ئەولاو هەموویان وەك دەست بەسەر وا بوون لە ئۆتێلەکەدا، بەڵام سێ ژەمەنانی باشیان ئەخرایە بەردەم و هەر خێزانەسینی خۆی بۆ ئەبرایە ژوورەکەی.

***

پاش دوو رۆژ پرتــەو بۆڵـە دەسـتی پێکـرد خێزانـەکان جوڵـە جوڵیـان پـێ کەوت و خەریك بوو تاقەتیان ئەچوو.

حەپســەخان و خوشــکی دوو ســێ جــار بــەختیاریان نــاردە لای کــاك (سەعدوڵڵای برادەرو رێبەریان) کەپێی بڵێت کـەی ئـەڕۆن؟ ئەیانـەوێت بزانـن کەچۆن لەسنوور تێئەپەڕن؟

کاك سەعدوڵڵاش بەختیاری تێگەیاند کەبچێت پێیان بڵێت کەهەندێ سەبر گرن، زۆریان بڕیوەو کەمیان ماوە.

ئێستا خەڵکی لای خۆمان ئەگەنە سەر سنووروو وەرتان ئەگرنەوە و ئەتان بەن بۆ بەغداو لەوێش هەر کەسە ئەنێررێتەوە بۆ شارو ماڵی خۆی.

ئامە خان بەشەوقەوە ئەیگوت:

– ئۆە خۆزگەم بەو سەعاتە، ئەترسم بمرم لەخۆشیانا.

دايكى بێستون ئەيگوت:

– ئەيەڕۆ ئينجا ئێمە لەبەغدا چى بكەين؟ ئێمە ئەم هەموو خێزانە لەكوێ جێمان ئەبێتەوە.

حەپسەخان بەخۆشييەوە وەرامى ئەدايەوەو ئەيگوت:

– ئينجا خۆ ناچينە چۆڵى قوڵفە، ئەى ماڵى باوكى نەوبەهار چييە؟ ئەويش نەبێت هەزار خزمو ناسياوىتر هەيە، ئەمە چ قسەيەكە، ئێستا رەنگە كە بگەينە جىٚ، خزمو كەسمان دوور لەگيانيان هەموو شامەرگ بن لەخۆشيانا.

تۆفە ئەهاتو ئەچووو ئەيگوت:

– بەزاتى خوا خەريكم ئەدەمە ئەو دەشتو كێوانە، هەر بەتەواوى تاقەتم چووە.

سەرى هەڵبڕى بۆ ئاسمانو ئەيگوت:

– خوايە ئەمە كەى لەم حەپسخانەيە نەجاتمان ئەبێت؟ ئەوا بۆ شەش رۆژ ئەچێت كەلێرە چاوەڕێ ئەكەين، ئەوەندە نانمان خوارد هەمووريم لەبەركرد، بەيانيان نانو كەرەو چامان ئەدەنێ، سەعات دە لەبالكۆنى ژوورى پياوەكانەوە كەزۆرى كات بەو سەرمايە دائەنيشم ئەبينم وا دوو شاگرد لەحەوشەكە فروجەكان سەر ئەبڕنو ئەيانبەنە چێشتخانەكە، سەعات يەكو نيو پلاّوو جوجە كەبابمان ئەدەنێو ئێوارە پلاّوو خورشت.

حەپسەخان سەيرى دەمى ئەكردو كە تۆفە لىٚ بووەو دايە پرمەى پێكەنينو گوتى:

– وەڵڵا دیسان وەکو ئەوسای بانەمان لێهاتووە، دیسان بووینەوە بەدابەستە هەر ئەخۆین و ئەنووین.

روناك دەمی خۆی گرت و دایە قاقای پێکەنین و گوتی:

– بووین بەجوجە کەباب و مریشك، خەریکین باڵ ئەگرین و هەر قوقە قوقمان کەمە.

ئامەخانیش گوتی:

– ئۆف لەچاوەڕوانی ناخۆشتر نییە.

سەبری دیسان لێیان تووڕە بوو گوتی:

– ئیوە بەهیچ شتێك رازی نابن، وەختی خۆی ئەتان گوت ئەم شاخ و کێوو رێگاوبانە سەختە ناخۆشە کوشتینی، لەسەر پشتی کەرو وڵاخ کووڕو شەل بووین مناڵەکانمان مردن لەبرساناو هەر هاوارتان بوو.

ئێستا لەئۆتێلێکی خۆشا دانیشتوون سێ ژەمە سینی دێتە بەردەمتان کەچی هەر بۆڵەتان دێت.

***

ئێوارەیەك زەلامێك بەهەڵەداوان هاتە ئوتێلەکەو گوتی:

– خەڵك هاتوون بەشوێنیماڵەکاناو گەیشتوونەتە سەر سنوورو ئەڵێن، با ماڵەکان بێن.

هەروەها يەكێ لەبرادەرانى كاك سەعدوڵڵاش نامەيەكى بۆ نووسى بوو، كابرا ئەويشى دايە دەست، ماڵەكان كرديان بەگرمو هۆرو هەرا لەخۆشياناو هەموويان بەپەلە كەوتنە خۆيانو مناڵيانو كەلوپەليان پێچايەوەو ئامادەكرد.

ئێوارە كەتاريك داهات خێزانو ماڵەكانيان سوارى ئۆتۆمبێلو لاندرۆڤەرى ساواك كردو كەلو پەليشيان لەلۆرى باركرا.

ئۆتۆمبێلو لۆرييەكان شوێن يەك كەوتنو كەوتنە رێو بەشەقامەكانا تێ پەرينو لەدواى ماوەيەكى باش رۆيشتن يەك لەدواى يەك خێراييان كەم كردەوەو بەريز بەشوێن يەكەوە راوەستانو چراو لايتەكانيان كوژاندەوەو بانگى كاك سەعدوڵلايان كردو گوتيان:

– ئێمە لەمە زياتر ناڕۆينو ئێوە چۆن ئەگەنە لاى ئەوانەى تر هاتوون بەشوێنتانا ئەوە خۆتان ئەزانن.

كاك سەعدوڵلا وەرامى دانەوەو گوتى:

– باشە ماوەكە كەمە زۆرە بۆ لاى ئەوان؟ چونكە ئەم هەموو ماڵو مناڵە وردانە بەخۆيانو كەلوپەليانو بەتاريكى لەم دەشتو بيابانە چۆن ئەتوانن بڕۆن؟

– ئۆتۆمبيلچييەكان گوتيان:

– وەڵڵا كەيفى خۆتانە، ئێمە لەمە زياتر ناتوانين بتان بەينو فەرمانى هەر ئەوەندەمان پێيە.

ناچار یەكێ بەپەلە نامەیەكی كاك سەعدوڵڵای برد بۆ ئەو كەسانەی هاتبوونو چاوەڕوانیان ئەكردنو كەپێیان بڵێت مەسەلەكە وایەو ئێوە چی ئەڵێن؟

چونكە ئێرانییەكان ئەیان گوت كەنابێ ئەوانیش بێنە ناو خاكەكەمانو هەرئەبێ لەشوێنی خۆیان بمێنن.

هەر چۆنێك بوو ئەو زەلامە یەك دوو جار هاتو چوو وەڵامی هێناو بردو بەم هاتووچۆو خەبەر لەیەك گێڕانە كات گەیشتە دووی شەو.

ماڵو مناڵەكان هەموو بێ تاقەت بووبوونو هەر لەناو ئۆتۆمبیلەكانا خۆیان كزۆڵە كردبوو لەبەر سەرما بەوشەوە زەنگە كەچاوچاوی نەئەبینی چونكە هەر دوو لایان لایتو چراكانیان كوژاندبووەوە.

بۆجاری سێهەم ئەم جارە كاك سەعدوڵڵا خۆی چوو لەگەڵ یەكێ لەپیاوەكانی ماڵەكانی لەگەڵیانو گەیشتنە ئەوێ.

ئەوانیش بەینێكی باشیان پێچوو، كەنیوەی ژنو مناڵەكان بەدانیشتنەوە لە ناو ئۆتۆمبیلەكان خەویان لێ كەوتبوو، كەهەر ئەوەندەیان زانی لەدوورەوە ئەو دەشتو دەرەبوو بەچراخانو بەدەیان لایتی ئۆتۆمبیل داگیرسانو كەوتنە ڕێ بەرەو لای ئەوان، هەموو لایەكیان شڵەژان، ئێرانییەكان شپرزە بوونو كەوتنەخۆیانو بوو بەمقومقۆیان لەگەڵ یەك، چەند كەسێكیان هانای بردە بەر ژنو ماڵەكان كە (توخوا بێ زەحمەت ئەگەر سەردۆشەكو خاولیو پەرۆتان پێیە بمان دەنێ).

تۆفە سەری گەرم بووو دەستە پاچە بوو و نەیەزانی لەخۆشیانا چی بكات. لە ئۆتۆمبیلچییە ئێرانییەكان چووە پێشەوەو گوتی:

– پەڕۆو خاولیو سەردۆشەكتان بۆچییە؟

هەندێكیان بەشپرزەییەوە گوتیان:

– ئەمانەویێت ژمارەی ئۆتۆمبیلەكانمانی پێی داپۆشینو پێی بشارینەوە. ژنەكان چاویان بەحەوت ئاو شووراییەوەو خەوبەری دان لەخۆشیانا، بەلآم دیمەنی ئەو هەموو لایتی ئۆتۆمبیلە زۆرە كە ئەودەشتو دەرەی روناك، روناك كردبووەوە، هەر هەندێكیان بەتەواوی شڵەژلندبوو.

ئامەخان گوتی:

– وەی باوكە گیان ئەمە چییە؟ خۆ لەرزم لێهات لەترسانا خوشكی وەرامی دایەوەو گوتی:

– ئەیەڕۆ!! لەجیاتی دڵمان خۆش بێتو لەخۆشیانا هەڵپەڕین كەوا ئەو هەموو ئۆتۆمبیلە زۆرە هاتووە بەشوێنماناو وا بەقەدرو حورمەت ئەگەڕێنەوە، كەچی ئەڵێیت لەرزم لێهاتووە؟

ئامەخان بەكەساسی یێكەوە گوتی:

– چوزانم وەڵلا ئەترسم ئێستا ئەمان بیكەن بەشەڕو بڵێن چۆن ئەتوانن بێنە خاكی ئێمەوە.

بەختیار زوو زوو ئەهاتو ئەچوو بەلای دایكیو پووریییەوە دڵی خۆشبووو جاریش ئەچووە لای باوكو مامو خەریكی بەدەورهاتنی ئەوانیش بوو.

ماڵــەكان بــەژن‌و پیــاوەوە هەســتێكی تیكــەڵاو لــەترس‌و خۆشـــی‌و ورە بەرزبوون‌و حەپەسان‌و شپرزەیی مێشك‌و دەروونی وروژاندبوون.

هەندێكیان ئەو دیمەنە سەیرەیان، بەو نیوە شەوە لەو دەشت‌و بیابانە كپ‌و ساردەو ئەو هەموو لایتەی ئەهات بەرەو پیریان، وەك خەوێكی سەیریان ئەهاتە پێش چاو، ئـەتگوت كـەوا رەوە گورگ‌و رەوە ئەژدیـها شـایی‌و زەماوەندیانـەو ئێستا دێن ئـەمانیش رائەماڵن لەگـەڵ خۆیـان كـەبچن تێكـەڵاوی ئـەو زەمـاوەندە سامناكە بن.

***

ئۆتۆمبیلەكان گەیشتن زەلامەكان هەموویان خۆیان هەڵدایە خواریێ‌و بەپەلە پرۆزێ پشتی لۆرییەكانی خۆیان نا بەپشتی لۆرییەكانی ئێرانییەكانەوە، بوو بەغەڵبە غەڵب‌و بەیـەكاهاتن، دەنگە دەنگێك كە وەكـو ئـەڵێن (سـەگ سـاحێبی خۆی نەناسێتەوە).

ئـەوەندە ئۆتۆمبیل هـاتبوون كەهـەردوو زەلام یـەكێكی بـەر ئەكـەوت، زمـانی عەرەبی، فارسی، كوردی تێكەڵ بەك بوون‌و بەیەكا ئەهاتن.

ئێرانییەكان بانگی یەكتریان ئەكردو گوێت لەم قسانەیان ئەبوو:

- ئاغا حەسەن كوجای.

ئەوی كەیان ئەیقیڕاند:

- (آغا جون تو اینو بگیر واین قد حرف نزن)

(آغا كیسەچی، زود باش كوجا رفتی)و لەم جۆرە قسانە.

عەرەبەکانیش بەپەلەو خێرایی خەڵکەکانیان سوار ئەکرد ئەوانیش قڕە قڕیان بوو هاواری یەکیان ئەکردو ئەو ئەیگوت)

- (وینك أبو جاسم تعال من هنا)

ئەویتریان ئەیقیڕاند:

(الزم.. الزم. شد الحبل زين)

ئەوی کەیان لەو سەرەوە ئەیشیراند:

- (عريف عبد.. عريف عبد، تعال تعال انفك الباب)

کوردەکانیش کردبوویان بەقڕە قڕ و بەیەکا هاتن هەندێ پیاویان بەسەر ژنو مناڵەکانیانا هەڵەشاخێن، ئەو ئەیگوت:

- کچی دە بچۆ لێرەوە خێراکە ئێستا وەختی مەحکەمە نییە وای ماڵت بەقور نەگیرێ.

ئەویتریان ئەیگوت:

- کچی توورەکەی چی باش ئەکەیت؟ ئەمەتان هەموو شتەکانت، دەئیتر بیبرەوە، ئێستا وەختی ئەوە نییە.

تۆفە دەنگی ئەهات کەبە توورە بوونەوە ئەیگوت:

- ئاغا بێ قەزا بی لەسەرخۆ، خۆ تۆ کەلەکەت کون کردم قەیدی نیس، قەیدی نیسی چی ماڵت کاول بێ.

روناك سەری نا بەسنگی دایکییەوەو بەچرپەوە گوتی:

– وەی دایکە گیان، خۆ ئەمانەی هاتوون بەدوومانا، هەموو عەسکەرن‌و ئەوەش هەموو لۆری عەسکەرین.

ئامە خان کە وەخت بوو لەدیمەنی ئەو هەموو عەسکەرو لایت‌و ئۆتۆمبیل‌و غەڵبەغەڵبە ببورێتەوە لەترسانا، سەیرێکی خوشکی کردو گوتی:

– باوکە رۆ ئەمەچییە، خۆ ئەڵێیت قیامەت هەستاوە، وە بەترسێکەوە دەستێکی برد بۆ قۆڵی خوشکی‌و گوتی:

– چییە هەرسێکمان بەتەنیا لەناو ئەم ئۆتۆمبیلەدا ئەبین؟ توخوا باتۆفە یا یەکێ لەکورەکان بێن لەگەڵمان سوار بن، بەخوا دایکم من لەم عەسکەرو مەسکەرانە ئەترسم.

حەپسەخان بەخۆشییەوە گوتی:

– کچێ خوشکم ئەمە هەموو ئۆترمبیل‌و عەسکەرو برادەرانی خۆمان هاتوون بەپیر ئێمەوەو ئەوە لەبەر ئێمە وائەکەن، ترسی چی‌و حاڵی چی؟

حەپسەخان سەیرێکی ئاسمانی کردو گوتی:

– ئۆە خوایە بەقوربانت بم و بەقوربانی چەرخت بم، بە چ حاڵێك هاتین‌و بە چ حاڵێك ئەگەڕێینەوە.

تۆفە گیشتە لایان‌و بەشەوق‌و خۆشییەوە گوتی:

– چاوتان لێیەتی بەچ هەرایەك ئەمان بەنەوە؟ نەك هەر ئۆتۆمبیل‌و لۆری هاتوون چەند ئۆتۆمبیلی رەشاش لەسەرو موسەلەحەشیان لەگەڵە، ئەوەتا سەیرکەن ئێرانییەکان روحیان چووە لەترسانا.

حەپسەخان گورج گوتی:

- توخوا تۆفە گیان وا مەڵێ، ئێرانییەکان زۆربان خزمەت کردووین، توخوا بە گەرمی و سوپاسەوە خواحافیزییان لەگەڵ بکەن، خەڵك کە (لەکانییەك ئاوی خواردەوە نابێ بەردی تێ فرێ بدات).

- تۆفە بەبزەیێیکەوە گوتی:

– بۆچی گوتوومە چی؟ هەر ئەوەیە ئەڵێم کەترسنۆکن و بزانە ئەوانەی لای خۆمان چۆن گوێیان نەدانێ و هاتن و.. تۆفە خەریك بوو لەسەری بڕوات کەحەپسەخان گوتی:

– باشە باشە بەقوربانت بم قسەی تۆیە.. قسەی تۆیە بەلام تۆ یا یەکێ لە کوڕەکان وەرن لەگەڵ ئێمە سوار بن.

تۆفە بەگەرمییەوە گوتی:

– نە .. نە.. نە من لەگەڵ سەبری و نەوبەهارو نەسرین سوار ئەبم، سەبری حەز ئەکات لەگەڵ ئەوان سوار بم، ئێستا بەختیار ئەنێرم لەگەڵ ئێوە سوار بێت.

دوای ئەوەی تۆفە ڕۆیشت، حەپسەخان بەئەسپایی پێکەنی و گوتی:

– بەخوا ئەوە سەبری لەدەمی ترساوە، بۆیە حەزی کردووە لەگەڵیان بێت، تاوەکو نەهێڵێت قسە بکات.

روناك بەئەسپایی پێکەنی و گوتی:

– ئینجا نۆرەی ئەمانە قسەی لێ دەربێنن و باسی تورکیا و ئوردن و لوبنانیان بۆ بگێرێتەوە.

دایکی لەژێر عەباکەیەوە واپێکەنی و کەخیزەی سنگی هات و فرمێسک لە چاوی دەرپەڕی و بەدەم هەناسە بڕکێی و پێکەنینەوە گوتی:

– قورمان بەسەر نەبێت، وا ئێران و تۆرانیشی هاتە سەر ئیتر کێ لەدەمی تۆفە نەجاتمان ئەدات.

***

هەردوو حاجی لەتەنیشت یەکەوە سواری شۆفەرێکی ستێشنی تازە بووبوون کەئەتگوت رەخشە، بەحەپەساوی سەیری قەڵەباڵغییەکەیان ئەکردو سەریان سور مابوو، حاجی مەجید سەری بردە نزیك براکەیەوەو بەچرپەوە گوتی:

– ئەم مەسەلەیە چییە، ئەبێ چی قەوما بێت؟

براکەی بەشەوق و خۆشییەوە گوتی:

– پەنا بەخوا، یاخوا ئەمە تاسەر بێت، دیارە شکور ئەم جارە رێککەوتنەکە راستەو لەوەش ئەچێت کەکوڕەکان و برادەرانیان دەستیان باش بڕوات.

حاجی مەجیدی برای بەمەلولییەکەوە گوتی:

– بڵێم چی، چەند جاری تریش هەراو هۆریای وامان دیوە، کەچی لەئاخریا چییان پێ نەکردین، ئەوساکە دووبەرەکی و شەڕی برا کوژییەکە دەستی پێکرد چاوت لێبوو بۆ لایەکەی تر چییان ئەکرد خۆ هەر لۆرییە پرتەقاڵ و سێوو

جگەرەی رۆسمان بوو بەرێوە بوو بۆیان، ئەوەندەیان پارە دابەش كرد بە سەریانا كە زۆر كەسیان هەر لەكەڵك كەوت و كە (جەماعەت) پەلاماریان داین لەماوەت، ئەوەندە نازدار بوون حكومەت تەنانەت لۆری عەسكەریشی دانێ كە پێی بێنە سەرمان و دەرمان پەڕێنن.

كاكە حاجی برای، دەستی بەریشی خۆیا هێناو گوتی:

– ئەی چی بكەین؟ هەر ئەوەمان دەسەڵاتە كەبڵێین لەسەر خوا، خوا ئاوێكی بەرەحمەت بكا بەو ئاگرەداو هەرچی چاكە بیهێنێتە رێی ئەم كوردە هەژارە بەد بەختە ، چ سەگ بابێ حەزی لەشەڕە كێ پێی خۆشە ئەو هەموو لاو و گەنجە بكوژرێن، بەڵام كەناچاری زۆری بۆ هێناین و خەڵك بەسەر شۆڕی ژیاو لە ژێر چەپۆك بوو ناچار ئەبێت كەسنگ بنێت بەگوللەوە، چونكە مردن گەلێ خۆشترە لەژێر دەستی و ژیان بەسوكی.

بەیانی دونیای تاریك و روون ئۆتۆمبیلەكان گەیشتنە بەغدا، هەموو لەخۆشیانا گەشانەوە، زۆریان بەژێر لێوەوە شایەتیمانیان ئەهێناو هاواری غەوسی گەیلانی یان ئەكرد لەخۆشی ئەوەی كە (خۆ ئەمە راستەو ئەوە ئەوانن خەریكن ئەگەنە بەغدا)و ئەمەتا دارەخورما و باغ وبێستان و تابلۆو ئیعلان دەركەوتن، ئەمەتا هی (دهن الراعی)و ئەوەی تریان هی (سابون جەمال)و (دهن نێرگز)و شیری نەستەلەو (پەنیرو قەیماغی الالبان).

دونیاش روناك بووەوە، خانوو مەنارەش دەركەوتن واپیاوی دشداشە لەبەر و ژنی عەبا بەسەرو (ابو نفط)و دوكانی نانەواخانەو سەموونیش دیار بوو.

ئۆتۆمبیلەکان هەموو بەشوێن یەکەوە لەقەراغ شەقامێك راوەستان.

کاك سەعدوڵلاو دوو برادەری دابەزین‌و کەوتنە قسە لەگەڵ هەموو ماڵەکان. کە کێ لەکوێ دائەبەزێت‌و کێ ئاشناو خزمی هەیە کێش کەسی وای لێرە نییە، بێن لەگەڵ ئەوان تاوەکو دایان مەزرێنن لە (بارەگای حزب)و لە ئوتێل‌و شوێنی وا لەوێشەوە هەرکەسە رەوانەی شار و ماڵەکانیان ئەکرین.

هەرکەسەیان شتێکی گوت‌و داوای کرد کەببرێن بۆ فلان شوێن‌و فلان گەڕەك‌و ماڵی خزم‌و ئاشنا.

خێلی حەپسەخان‌و خوشکی‌و ماڵی باوکی بێستونی زاوایان روویانکردە ماڵێ میرزا عەبدوڵلای باوکی نەوبەهارو ئەشیاکانیشیان هەر وا بەبەستراوی لە شوێنێك دانرا تاوەکو ئەچنەوە سلێمانی.

ماڵەکان لەدوای دوعا خوازییەکی زۆر گەرم‌و گوڕ لەیەکتر جیابوونەوە هەر ماڵیان چوو بەڕێی خۆیدا.

***

هۆڵە گەورە خۆشەکەی ماڵی باوکی نەوبەهار جمەی ئەهات.

سەرایی میوانەکانیان کەئەو بەیانییە گەیشتبوونە جێ، پەیتا پەیتا خزم‌و کەس‌و ئاشناش یەك لەدوای یەك ئەگەیشتنە لایان‌و زەنگی دەرگا ئەو بەیانییە هەمیشە لەکار دابوو، هەر سەرپۆش لەسەرو کوڵوانە لەشان‌و سەرو سەربەستی جوان بوون ئەگەیشتنە حەپسەخان‌و خوشکی‌و کچەکان‌و ئەکەوتنە

پـەلاماردانو دەسـت لـەملانو مـاچو مـوچو گريــانو پێكــەنينو بــە قوربــانو بەسەدەقەو بەخێرهاتن هەمووى تێكەڵ يەك ئەبوون.

هـەندێ لـەخزمو كـەسو ئاشـناو بـەپير هاتووەكـان ئەكەوتنـە چرپـە چرپ لـە بەينى خۆياناو بەيەكتريان ئەگوت:

– بەقوربانـە جارێ كـەس بەحەپسـەخانو ئامـەخان نــەڵێت كـەپوورە فاتمـە خانيان ئەمرى خواى كردووە.

ئەمى كەيان دەمى ئەبردە نزيك ئەوى تريانەوەو بەچرپە پێى ئەگوت:

– باجارێ ئێمە باسى هيچ نەكەين، دوايى كەچوونە سلێمانى باڵەوێ پێيان بڵێين كە مامى بێستون ئەمرى خواى كردووە.

ئەميان بەگوێى ئەوى كەدا ئەيچرپاندو ئەيگوت:

– كچەكە حەپسـەخان ئەڵێى رۆژێك لەعەمرى كـەم نەبۆتـەوە، بزانـە چيشـيان بەسەرهاتووە، كەچى نامە خوا هەر سوورە سوورى رومەتييـەتى، هەمووشـيان سەرو دڵيان خۆشە.

سەبرىو نەسرينو نەوبەهارو روناك، ئەوانيش لەگەڵ كچى هـاورێىو هـاو عومرو كەسى خۆيان سەر گەرم ببوون، كەهەندێكيان دووسێ رۆژ بوو هاتبوون بۆ بەغداو چاوەڕێيان ئەكردن هەر كەزانيبوويان كەوا لەم رۆژانە ئەگەنە جێ.

عەلىو شێروان بەڕوويەكى خۆشو دڵو دەرونێكى روونەوە دانيشـتبوون بۆ هــەردوو حــاجىو بــاوكى بێســتونو ئــەو پياوانــەى تــر باســى وەزعو رێــك كەوتنەكــەيان ئــەكرد لەگــەڵ حكومــەتو باســـى (مەقــەرو بارەگــا)و هــێزى

پیشمەرگەی حزب کەلە کوێن چەند شوێنیان بەدەستەوەیەو لەکام شارو کام ناوچە چییان هەیەو خەریکی چین‌و ئەم جۆرە قسانەیان بۆ ئەکردن.

هەروەها ئەوەشیان ئەگێرایەوە کەوەختی گەرابوونەوە چۆن لایەکەی تریان پیلان‌و شتیان بۆ دروست ئەکردن‌و چۆن زانییان کە خەریك بوون چەند سەرکردەیەکی ناسراویان لەناوبەرن.

ئیتر ئەمانیش ناچار هاتن‌و لەگەڵ حکومەت رێککەوتن‌و بەڵێنی زۆریشیان وەرگرتووە کەگەلی شتمان بەقسە ئەکەن.

حاجی مەجیدو براکەی بەدڵ گوێیان لێ ئەگرتن لەگەڵ ئەوەشا کاکە حاجی بە ماتییەکەوە گوتی:

– یاخوا ئەم جارە رێککەوتنەکەتان راست بێت‌و دیسان پیلان‌و دەستگەرم کردنەوە نەبێت وەکو جاری پێشوو، بەلای منەوە حکومەت هەر چییەکتان بۆ بکات‌و چەندیش بەقسەتان بکات‌و چەندیش وەزع خۆش بێت بۆ کورد، هێشتا ئارامی‌و خۆشی ناخاتە دڵەوە، ئەویش چونکە خۆتان لەناو خۆتانا بوون، بەدووبەشەوەو دووبەرەکی‌و شەڕی برا کوژییەکە هەر ماوە، بەلای منەوە، هیچ خۆشی‌و دەست کەوتێك ناگاتە ئەو خۆشی‌و دڵنیاییەی کەئێوە یەك بن‌و وەك برا لەپشت یەك بن.

ئەوەتا تا وابن حکومەت ئەم بەرەتان لەدژی بەرەکەی تر بەکار ئەهێنێت‌و پێتان رائەبوێرێت، هەروەك پێش ئێوە لەگەڵ ئەوانی تر رێککەوتن‌و بەپارەو

چەك و لۆری ئەوان هاتن بەگژتاناو ئەو هەموو قارەمان و لاوو گەنجە لەهەردوو لاتان کوژراو لەناوچوو.

عەلی گوتی:

– بە خوا راست ئەفەرمووی مامە گیان، خۆشمان ئەوە ئەزانین، بەڵام چارمان نییە، لەبەرچاوی خۆتان چۆن پێمان لەدڵی خۆمان ناو هەموو شتێکمان لەبیر خۆمان بردەوەو بەڕاکردن چوینە لایان کەزانیمان خەریکن ئەکەونە تەنگانەو گوتمان فەرمون ئەوە هاتینەوە برا بچووکیشین، کەچی ئەوان لەجیاتی ئەم کردەوەیەمان قەدر بگرن، خەریك بوون لەناومان بەرن و وەك گولێش سەیری پێشمەرگەکانمان بکەن، ئەو پێشمەرگانەی سەرو روح و ماڵیان لەپێناوی کوردو کوردستان دانابووو خەریکیش یوون سەرکردەکانمان بکوژن و لەناو بەرن.

عەلی هەناسەیێیکی قووڵی هەڵکێشاو گوتی:

– ئیتر بڵێین چی؟ ئێستاش هیچ بەسەر شۆڕی نەهاتووین رێك بکەوین لەگەڵ حکومەت، بەپێچەوانە ئەوان ئەیانەوێت بێ دڵی ئێمە نەکەن و زۆریش حورمەتمان ئەگرن چونکە دەنگمان دلێرەو پیاوو نۆکەری کەس نین لەهی میللەتەکەمان زیاتر.

باوکی پرسی:

– ئەی حسێن و نەورۆز کوان لەکوێن؟

عەلی بەخۆشییەوە گوتی:

– ئەوان لەناوچەی سلێمانین، لەناو پێشمەرگەدان، منو کاک شێروانو بێستون لەبەر ئێوە هاتووین.

لەو کاتەدا شێروان کردی بەژوورا کەلەکاتی قسەکردنا هەستابوو و چووبووە دەرێ کوڕەکەشی بەباوەشەوە بوو، قسەکەی عەلی تەواوکردو گوتی:

– لەبەر خاتری ئێوە هاتووین، هاتووین بەپیرتانەوە ئەگینا هەزار ئیشمان هەیە، تۆزێ پشوو بدەن دوو سبەی پێکەوە ئەگەڕێینەوە سلێمانی.

***

ڕۆژ ڕۆژی کەس نەبوو هی تۆفە نەبێت، تۆفە وەك دەرمانێکی نایابی لێ هاتبوو هەر دەستکەس نەئەکەوت، ئەم ئەیگرتو ئەو بەری نەئەدا، ئەم دەستی ئەکردە ملیو ئەو جگەرەو چایی ئەخستەبەر دەست، ئەم قۆڵی ئەگرتو ئەو ئەیگوت:

– هەستە باتۆزێك بت بەین بۆ پیاسە، دەمێکە بەغدات نەدیوە.

کوڕە لاوو هەرزەکاری خزمیانو ئەو پێشمەرگانە لەبارەگای بەغدا بوونو ئەهاتن بۆ سەردانیان لێی ئەپاڕانەوەو بەقوربانو حەیرانی ئەبوون کەدانیشێتو باسی تارانیان بۆ بکات.

ئیتر تۆفە ئەتگوت بووە بە (پاشای سەرتەخت) هەر خەریکی فەرمان دەرکردن بوو و نەئەکەوتە سەر ئەرز.

بۆ ڕۆژی دوایی حەپسەخانو خوشکیو دایکی بێستون خۆیان کۆکردەوە کەلەپێش چوونە سلێمانی بچنە سەر مەرقەدی (غەوسی گەیلانی)و ناردبوویان

نوقڵو مۆمو بەیداخی سەوزیان بۆ کڕیبوو، کەوتنە ڕێ بەرەو (باب الشیخ). ئۆتۆمبیلەکەی حەپسەخانو ئەوان شەقامە قەڵەباڵغەکانی بەغدای ئەبڕی، ئەویش چاوی پڕبوو لەفرمێسكو ڕۆژەکانی چوونە سەر مەرقەدی (حەزرەتی مەعسومەی) بیر کەوتەوە کەلەتاران لەگەڵ خوشکیو خاتوو زبێدەو تۆفە چوون بۆ زیارەتی.

ئای ئەوساو ئێستایان چەند فەرقی زۆرە ئەوسا چەند مەلولو کەساسو غەریبو دڵتەنگ بوونو ئێستا چەند بەورەو پشت ئەستوورن.

***

دوای دوو ڕۆژ پشوودانو چونە سەر شەخسو پیر، خێڵی حەپسەخانو خوشکی بەخاوخێزانەوە کەوتنە ڕێ بەرەو سلێمانی، دەشتو بیابانو چۆڵی قوڵفەیان بڕی، واسەیری ئەو دەشتو دەرەیان ئەکرد، ئەتگوت کەقەت بەو ڕێگاوبانەدا تێنەپەڕیبون، تەپو تۆزەکەشیان لێبوو بوو بەسەیران، خۆ کە نزیك دەورو بەری شارە شیرینەکەی کەرکوك بوونەوە لەدوورەوە دیمەنی ئاگرە گەشە جوانەکەی بابەگوڕگوڕیان لێ دەرکەوت، چاوی هەندێکیان پڕ بوو لە فرمێسكو مووچڕکەیەکی خۆش سەرتاپای داگرتنو هەندێکی تریان کەوتنە سەڵەوات لێدان، لای ئێوارە درەنگو لەدوای پشوودانێك لەکەرکوك کەوتنە ڕێ، گەیشتنە گردو چاڵو چۆڵی نزیکی سلێمانیو کەلەپڕ ئۆتۆمبیلەکان سەر بەرزاییەك کەوتنو دیمەنی شارە دڵگێرەکەی سلێمانی دەرکەوتو لەدوورەوە

چـراو گڵۆپـەکانی چـاوی رون کردنـەوە. حەپسـەخان خـۆیّ پێنـەگیراو بـەدەم هەنسکەوە گوتی:

– ئۆە بەقوربانی ئەم دیمەنە جوانە بم، خوایـە پێمـان رەوا ببینـیو کـەس لـە ولاّتەکەی خۆی دوور نەخەیتەوەو لەو بەهرەیە بیّ بەشی نەکەیت.

ئامەخانی خوشکیشی لەو لاوە فرمێسکەکانی سڕییەوە و گوتی:

– ئۆە بـەقوربانی رەشـە بایەکەشـی بم، شـەرت بـیّ ئیـتر ئەگـەر چـوار فەسـڵە رەشەبا بێتو لەتۆزو خولاّ بخنکێم بۆڵەم لەدەمەوە نەیێت.

ئامەخان هەناسەییێکی هەڵکێشاو گوتی:

– ئۆف.. تەپو تۆزو خۆڵەکەشی هەر خۆشە.